خاڵ

گۆڤارێکی هزری ڕۆشنبیریی وەرزییە، ژمارە (٤٦)، پاییزی ٢٠٢٤

بە سپۆنسەری سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکری

خاوەنی ئیمتیاز و سەرنووسەر

تۆفیق کەریم

٠٧٥٠٩٠٠٢٤٤٥ - ٠٧٥١١٤١٢٥٤٣

tofeqkarem@yahoo.com

بەڕێوەبەری نووسین: **پ.ی.د. عادل صدیق عەلی**

بەڕێوەبەری هونەری: **ڕەوشت محەمەد**

ڕاوێژکاری یاسایی: **بەکر حەمەسدیق**

دەستەی نووسەران

پ. د. ئیسماعیل بەرزنجی

پ.د. حسێن محەمەد ئیبراهیم

د. مەریوان حەمەدەروێش

ڕێدار ئەحمەد

دەستەی ڕاوێژکاران

پ. د.موحسین عەبدولحەمید

پ. د. سەباح بەرزنجی

پ.د. عوسمان هەڵەبجەیی

پ.ی. د. عوسمان عەلی

م.ی. ئیدریس سیوەیلی

سایتی گۆڤاری خاڵ

www.xallkurd.com

تیراژ: ١٥٠٠

نرخ: ١٥٠٠ دینار

ناوەرۆك

تەوەری ژمارە:

کاریگەریی توێژینەوەی زانستیی و کۆنگرە زانستییەکانی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان لە پێشخستنی کۆمەڵگەدا

.... ■ پ.ی.د. شازاد جەمال 5

چاکسازیی عەقڵەکان و بونیادنانەوەی داهاتوو (فەلسەفە و چاکسازیی خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان) ..

.... ■ د. کامەران محەمەد 22

مەرگی زانستە مرۆڤایەتییەکان و ژیانەوەیان لە بواری ئەکادیمیدا .... ■ حەیدەر لەشکری 37

ئامانجە ئەخلاقییەکانی فەلسەفەی خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان .... ■ پ.ی. د.ماجد خەلیل 48

بابەتی گشتی:

نالی و چەند بەڵگەنامە و دەستنووسێکی بڵاونەکراوە .... ■ د. سامان مستەفا ڕەشید ئینجاغا 60

حەپسخانە و خشتەی تاوانەکانی قەزای گوڵعەنبەر (١٩١٢-١٩١٣) لە ئەرشیفی عوسمانیدا ■ هێمن عومەر خۆشناو 70

ئافرەتی کورد لە تێڕوانینی گەڕیدە ئەوروپییەکاندا .... ■ لە ئینگلیزییەوە: ڕەوەند سەباح 84

دکتۆر مستەفا زەڵمی بایۆگرافیای زانایەک .... ■ د. بێستوون حەسەن ئەحمەد 113

بەڕێوەبردنی ئەوقاف لە سەردەمی عوسمانیدا .... ■ وەرگێڕانی: وریا عەلی 127

دەستیاوی ژن لە مێژووی ژیانی ڕۆژانەدا (توێژینەوەیەک لە مێژووی زارەکی) .... ■ ڕازئە سعەد 146

کورتەیەك دەربارەی مێژووی کتێبخانە و کتێب و پۆلێنکردن .... ■ ئارام مجید شەمێرانی 157

بیبلیۆگرافیای مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی ئامادەکردن.. ■ بوار نوورەدین 174

تەوەری داهاتوو

زیرەکی دەستکرد

داهاتوو و کاریگەری لەسەرزانست و ڕۆشنبیری

زیرەکی دەستکرد: داهاتوو و کاریگەری لەسەر زانست و ڕۆشنبیری تەکنەلۆجیا لە هەموو کایەکانی ژیانی مرۆڤدا بە خێراییەک بەرەو پێش دەڕوات کە زۆرجار مرۆڤەکان فریای ناکەون و ئاشنا نابن لەگەڵ هەندێک لە داهێنانەکانی، لەکایە مەعریفییەکەشدا هاوتەریب لەگەڵ کایەکانی تر هەمیشە لە داهێنان و پێشکەوتندایە، تازەترین داهێنانیش لە بواری توێژینەوە و گەڕان بەدوای زانیاریی و چۆنیەتی نووسین و داڕشتن و دیزاین و وێنەکێشان و تەنانەت نووسینی دەقی ئەدەبی و زمانەوانی ... هتد بریتییە لە داهێنانی ئەو پێگە ئەلکیترۆنییانەی کە بەخێرایی وەڵامی پرسیارەکان دەدەنەوە و هاوشێوەی مرۆڤێکی پڕ زانیاری زانیارییەکان لەو پێگە و سەرچاوانەی کە لە تۆڕە جاڵجاڵۆکییەکاندا دانراون کۆدەکەنەوە و بەوشێوەیە یان نزیک لەوەی کە پرسیارکەرەکە پێویستییەتی وەڵام دەدەنەوە. لەگەڵ ئەوەی ئەم داهێنانە پێشکەوتنێکی یەکجار گەورە و بەسودە بۆ زانایان و لێکۆڵەران تەنانەت بۆ مرۆڤی ئاسایش، بەڵام لە هەمانکاتدا لێکۆڵەران ترسیان هەیە لە داهاتووی ئەم پێشکەوتنە، تەنانەت هەندێک بە مەترسییەکی ڕاستەقینەی لەسەر داهاتووی زانست و ڕۆشنبیریی و ئەدەب و فیکر و داهێنان دادەنێن، کە مرۆڤەکان تەمبەڵ دەکات و چیتر مێشکیان ناگوشن بۆ وردبوونەوە و هێنانەکایەی بیر و بیرۆکەی نوێ، هەربۆیە گۆڤاری خاڵ بەپێویستی زانی ئەم بابەتە بکاتە تەوەری داهاتوو بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارگەلانەی کە لەم بوارەدا دەورژێردرێن، لەوانە:

- زیرەکی دەستکرد چییە و دیارترین پێگەکانی کامانەن؟
- لایەنە ئەرێنییەکانی زیرەکی دەستکرد چین و چی پێشکەشی کایە مەعریفییەکان دەکات؟
- داهاتووی زیرەکی دەستکرد چۆن هەڵدەسەنگێنرێت؟
- زیانەکانی لەسەر داهێنان و بیرکردنەوەی مرۆڤ چۆن دەبن؟
- بیرۆکە خەیاڵییەکان سەبارەت بەداهاتووی زیرەکی دەستکرد چین؟
- کاریگەری زیرەکی دەستکرد لەسەر بەها و ڕەوشتەکانی نووسین چین؟
- چۆن بتوانین لە داهاتوودا زیرەکی دەستکرد لەگەڵ بەهاکانی خۆماندا بگونجێنین؟
- داوا لە نووسەران و شارەزایانی بەڕێزی ئەم بوارە دەکەین، لێکۆڵینەوەکانیان لەسەر ئەو تەوەر و بوارانەی، کە ئاماژەیان پێدراوە هەتا ڕێکەوتی (٢٠٢٤/١/١٥) بۆ گۆڤارەکەمان بنێرن.

تەوەری ژمارە

توێژینەوە ئەکادیمیی و کۆنفرانسە زانستییەکان و ڕۆڵیان لە پێشخستنی کۆمەڵگەدا

تەوەری ئەم ژمارە زۆر بایەخدار و هەستیارە، هەربۆیە چاوەڕوانمان دەکرد زۆرترین بابەتی لەسەر بڵاوکەینەوە، بەڵام بەداخەوە وەها دەرنەچوو، چونکە ئێمە دەمانویست تەنها ئەوانەی لە ناوەندەکەدان و ئاگاداری کەموکورتییەکانن بابەتمان بۆ بنووسن، بەڵام هەستمانکرد بەشێک لەو بەڕێزانە خۆیان لادەدا و بە هۆکاری جیاواز هاوکارمان نەبوون، بۆ؟ ڕەنگە لەبەر دڵنەڕانجاندنی هاوڕێ ئیدارییەکانیان بووبێت. هەرچۆنێک بێت چەند بەڕێزێک بابەتی زۆر ورد و زانستییان لەسەر تەوەرەکە بۆ ناردووین، کە دەکرێت بڵێین، تاڕادەیەک کەلێنەکەیان بۆ پڕ کردووینەتەوە. تیایاندا وەڵامی زۆر لەو پرسیارانەیان داوینەتەوە، کە لە ژمارەی پێشووی (خاڵ)دا وروژاندبوومان، سەبارەت بە پێوەری زانستی لە نووسین و هەڵسەنگاندنی توێژینەوەکان، ئاستی ئەو توێژینەوانە، نامە زانستییەکانی ماستەر و دکتۆرا تا چەند زانستییانە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت؟ هەتا چەند ڕۆڵ و کاریگەییان لە پێشخستی کۆمەڵگە و کایە جیاوازەکانیدا هەیە؟ زۆر بابەتی دیکەی پەیوەندیدار لەم کۆمەڵە توێژینەوەیەی تەوەرەکەدا تاوتوێکراون. بەو ئومێدەی خوێنەری بەڕێز سوودیان لێوەربگرێت.

گۆڤاری خاڵ

پ.ی.د. شازاد جەمال

کاریگەریی توێژینەوەی زانستیی و کۆنگرە زانستییەکانی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان لە پێشخستنی کۆمەڵگەدا

دەستپێك

کردەی توێژینەوەی زانستیی و بڵاوکردنەوەی لە گۆڤار و کۆنگرە زانستییە متمانەپێکراوەکان، لە بوارێکی وردی زانستدا، کردەیەکی ئاوەز ئامێزی ئاڵۆز و سەختە. هەروەها بە یەکێک لە گرنگترین چالاکییە زانستییە بایەخدارەکان، لە جیهاندا دادەنرێت. بەو واتایەی، ئەو گۆڤار و کۆنگرە زانستییانە، سەکۆ و پێگەی متمانەبەخشین و بڵاوکردنەوەی توێژینەوە زانستییەکانن. تاوەکو لە ڕێگەی گۆڤار و کۆنگرە زانستییەکانەوە، توێژینەوەکە بخرێتە بەردیدی زۆرترین توێژەرانی بوارە زانستییەکە، چونکە توێژینەوەی زانستیی وەڵامدەرەوەیەکی زانستییانەیە، بۆ ئەو پرسیارە گرنگ و ژیربێژییانەی، لە کایەیەکی زانستیی ورددا دەوروژێنرێت. یاخود بەشێوەیەکی فراوانتر، توێژینەوەی زانستیی چارەسەرێکی زانستییانەیە، بۆ ئەو گرفتە ئاوەزیی و هزریی و کردارییانەی، کە لە جیهانی داکەوت Real Worldدا، ڕووبەڕووی تاک یان کۆمەڵگە یان جیهان دەبێتەوە. هەر ئەمە وادەکات، توێژینەوە زانستییەکان، شانبەشانی دەقە پەڕاوە Text Bookکان، ببنە سەرچاوە بنەڕەتییەکانی بوار و لقە زانستییەکە. تەنانەت توێژینەوە زانستییەکان پشکی شێرییان بەردەکەوێت، لە دەوڵەمەندکردنی دەقە پەڕاوەکان و خستنەڕووی چاپی نوێی زیادکراو، بەو ئەنجامە نوێیە متمانەپێکراوانەی، توێژینەوە نوێکان پێیگەیشتوون. ئەوەش لە بواری دەقە پەڕاوە پزیشکییەکاندا، بەزەقی دەردەکەوێت. بەشێوەیەک، لە کردەی وانەوتنەوەی زانکۆیی، یان ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستیی نوێدا، وەک سەرچاوە پشتیان پێ ببەسترێت، کە بە نیشانەکردن Citation ناسراوە.

هەروەها ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستیی دیاردەیەکی جیهانییە، بە کەسێک یان دەستەیەک یان وڵاتێکەوە تایبەتنەکراوە، بەڵام ئەوەی وڵاتانی پێشکەوتووی تەکنۆلۆجیا، لە وڵاتانی پاشکەوتوو جیادەکاتەوە، بەکردەییکردنی زانست و توێژینەوە زانستییەکانە. تاوەکو لە بواری تەکنۆلۆجیادا، لەکاتی ئاشتیی و جەنگدا خۆی بنوێنێت. سەرەنجام ئاسانکاریی زیاتر و خێراتر لە کەرتە ئابوورییەکاندا بەرپا بکات. هەر ئەوە وایکردووە، زۆرترین دەقە پەڕاوی زانستیی نوێ و توێژینەوەی زانستیی ڕەسەن، هەر لە وڵاتە پێشکەوتووەکانەوە بەرهەم بهێنرێت. تەنانەت ساڵانە، براوەکانی نۆبڵ بە هەر شەش بەشەکەیەوە (بێجگە لە خەڵاتی ویژە و ئاشتیی): پزیشکیی و کارئەندامزانیی، فیزیک، کیمیا، ئابووری، زۆرینەی ڕەهایان

له پیتۆڵ و زانایانی وڵاتە پێشکەوتووەکانن. هاوکات لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا، بودجەی زەبەلاح بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستیی خەرجدەکرێت، لە هەردوو کەرتی گشتیی (حکومەت) و تایبەتدا بەبێ جیاوازیی. تاوەکو بتوانن، نموونەییترین Optimal کاڵا و خزمەتگوزاریی، بە کەمترین تێچوو و باشترین چووستیی، لە لایەن حکومەت و کۆمپانیاکانەوە بەرهەم بهێنرێت.

پۆلێنکردنی دۆخی گەشەسەندن لە وڵاتانی جیهاندا

پاش کۆتاییهاتنی جەنگی دووەمی جیهانی، دواتر لە سەردەمی جەنگی سارددا، بۆشایی Gap فراوان لە نێوان وڵاتە پێشکەوتووەکاندا ڕوویدا. تەنانەت وڵاتە پێشکەوتووەکانی پیشەسازیی و تەکنۆلۆجیا، پشتبەست بە زانست و توێژینەوەی زانستی، بە زاراوەکانی جیهانی باکوور North Global، چونکە زۆرینەیان، کەوتوونەتە نیوەگۆی باکووری زەوییەوە. هەروەها بە جیهانی یەکەم یان وڵاتانی گەشەسەندوو Developed Countries ناسێنران. لە بەرامبەردا وڵاتانی نیمچە پێشکەوتوو (هاوشێوەی چین و ڕووسیا و بەڕازیل و وڵاتانی خۆرهەڵاتی ئەورووپا) یان پاشکەوتوو (وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست) یان وڵاتانی هەنگاونەر بەرەو گەشەی پیشەسازیی، بە جیهانی دووەم و سێیەم، یان بەگشتی بە وڵاتانی تازە گەشەسەندوو Developing Countries ناونران. بەڵام لە ڕوانگەی گەشەسەندنی ئابوورییەوە، لە دیدی فەیلەسوف و ئابووریناسی میسریی- فەڕەنسیی د. سەمیر ئەمین (١٩٣١-٢٠١٨)ەوە، وڵاتانی جیهانی بۆ دوو بەش پولێنکردووە؛ یەکەم: وڵاتانی ناوەند (ناوک) Center (Core) Countries. دووەم: وڵاتانی چێوەPeriphery Countries و نیمچە چێوە Semi-periphery Countries.

لە وڵاتانی ناوەنددا، کەرتە ئابوورییەکانیان لە کەرتی گشتیی و تایبەتدا، هاوشێوەی ئۆکسجین، توێژینەوەی زانستیی هەڵدەمژن، تاوەکو بتوانن لە سایەی بەرهەمهێنانی زانستی نوێوە، داهێنان بۆ تەکنەلۆجیای پێشکەوتووتر بکەن. ئەوە لەپێناو بەئامانجگرتنی زیادکردنی کۆی داهاتی ساڵانە. هەروەها چەسپاندنی زیاتری هەژموونی وڵاتەکانیان، بەسەر وڵاتانی چێوەدا. هەر ئەوە وایکردووە، لە سایەی جیاوازیی ئاستی زانستییەوە، بۆشایی و دەلاقەی گەورەتر، لە شێوە ژیانی پێشکەوتووانە، لە نێوان وڵاتانی ناوەند و چێوەدا دروست بێت. بەم شێوەیە، وڵاتانی ناوەند کەرەستەی خاوی هەرزان، کورد وتەنی: بە نرخی تۆڵەکە، لە

وڵاتانی چیوە دەکڕن. لە بەرانبەردا بە نرخێکی زەبەلاح لە بازاڕەکانی جیهاندا ساخدەکەنەوە. تەنانەت بازاڕەکانیان هێندە قەبە دەکەن، هاوشێوەی نەهەنگ، بازاڕە سنوردارەکانی وڵاتانی چیوە، لەناو خۆیاندا هەڵدەلووشن. بۆ نمونە: وڵاتانی ناوەند، بەرمیلێک نەوتی برنت، بە کەمتر لە ٨٠ دولار، لە وڵاتە نەوتییەکانی چیوە دەکڕن، بەڵام لە یەکەم خستنە بازاڕی مۆبایلێکی ئایفۆنی ١٦ی پرۆدا، لە سلێمانی بە ٢،٦٠٠ دۆلار بە کڕیارەکانیان فرۆشت. ماکی جیاکەرەوەی ئابووری وڵاتە پێشکەوتووەکان ئەوەیە، کە تایبەتمەندیی ئابووریی فرەلایەن Pluralistic Economics Balanced or ی هەیە. بەو واتایەی، هاوسەنگانە گرنگی بە کەرتە ئابوورییەکان دەدەن. ئەمە بە پێچەوانەوەی وڵاتە پاشکەوتووەکانەوەیە، کە ئابووری تاک لایەن On-sided Economics یان هەیە. لە دۆخی وڵاتە نەوتییەکاندا، زۆرترین گرنگی بە کەرتی نەوت دەدرێت، چونکە زۆرترین داهاتی ساڵانەیان، لە ڕێگەی فرۆشتنی نەوەتەوەیە. بەڵام پشکی خەرجکردنی بودجە لە وڵاتە پاشکەوتووەکاندا، بۆ کەرتی زانست و خوێندنی باڵا لە زانکۆکاندا، لە ئەوپەڕی کەمیدایە.

ئەرکی زانکۆکان لە وڵاتانی گەشەسەندوودا

زانکۆکان لە وڵاتە گەشەسەندووەکاندا، کایەیەکی سەربەخۆن، خاوەن بڕیاری تایبەت بە خۆیانن، بەدەر لە دەستێوەردانی دەسەڵاتی سیاسیی. لەبەرئەوەیە کە بەردی بناغەی زانست و پێشکەوتن، لەو کۆمەڵگایانەدا دادەمەزرێنن. هاوکات بزوێنەری بەگەڕخەرستنی، کۆی کەرتە ئابوورییەکانی کشتیاریی و پیشەسازیی و گواستنەوە و گەیاندن و پەروەردە و فێرکردن و گەشتوگوزار و کۆیی وەزارەتەکانی حکومەت و کەرتی تایبەتن، لە هەر وڵات و قەوارەیەکی سیاسیدا. گرنگیی زانکۆکان لەڕووی بیردۆزییەوە، لە ئەرکەکەیدا خۆی دەبینێتەوە؛ یەکەمیان: پێگەیاندنی کادری پێشکەوتووی تەکنیکی هاوچەرخ. دووەم: ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستیی بەهادار و ڕەسەن. هاوکات زانکۆکانی وڵاتە پێشکەوتووەکان لە ڕێگەی پاشخانە زانستیی و توێژینەوەی زانستییەوە، پشتبەست بە کارلێککردن و دروستکردنی ڕایەڵەی پەیوەندی لەگەڵ سەرجەم کەرتە ئابوورییەکانی کەرتی گشتیی و تایبەتدا، بە بەردەوامی خۆیان نوێدەکەنەوە. تاوەکو بتوانن کاریگەرییە ئەرێنییە هەمیشەییەکەیان، لەسەر کۆی ژیانی ئابووریی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە بهێڵنەوە.

هەرچی پەیوەندیدارە بە خاڵی یەکەمەوە، دەربارەی پێگەیاندنی کادری تەکنیکی باڵا، کەرتە ئابوورییەکان و وەزارەتەکان بە بەردەوامی، پێویستییان بە خوێنی نوێ هەیە، تاوەکو بتوانن بە شێوازێکی سەردەمییانە، کارەکانیان ڕاپەڕێنن. ئەوەش بە ئاگابوونیانە لە زانست و تەکنۆلۆجیای سەردەم، لەپێناو زیادکردنی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان، لەڕووی چەندایەتیی و چۆنایەتییەوە. ئەم جۆری دەستەی کارە پێشکەوتووە، خاوەن ئاوەزێکی سەرکردەی کارا و داهێنەرن، لە زانکۆکانەوە پێدەگەیەنرێن، بە بڕوانامە زانکۆیی و باڵاکانیان (ماستەر و دکتۆرا)، پشت بە ماستەرنامە و تێزی دکتۆراکانییان، متمانەی زانستییان پێدەبەخشرێت. تاوەکو لە لایەک، بەشێکیان لە کەرتە ئابوورییەکاندا– بە هەردوو کەرتی گشتیی و تایبەتەوە، دەستبەکار بن. لە لایەکی ترەوە، بەشەکەی تریان ساز بکرێن، لەڕێی تەواوکردنی خوێندنی باڵای ماستەر و دکتۆراوە، کادری نوێی خاوەن خوێنی نوێ، تێکەڵ بە جەستە و کایەی کەرتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی بکرێن. بۆئەوەی هەرگیز نەهێڵرێت، کەرتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی تووشی پووکانەوە و ڕووبەڕووی لەناوچوون ببێتەوە.

بەم میکانیزمە، زانست و خوێندنی باڵا، لە پیربوون و سووڕانەوە بە دەوری بازنەیەکی بەتاڵدا، دەرباز دەکرێت. ئەمە وا دەکات، سووڕی پەرەپێدانی کۆمەڵگە پێشکەوتووەکانی پیشەسازی، هەردەم نوێ ببێتەوە. هەروەها بە دۆخێکی تەندروست و کارادا ژیان بکات. هاوکات لە شێوەی لوولپێچێکی نیوەتیرە گەورەبوودا، بە هەنگاوی گەورەتر و تینکی بەگوڕتەوە، بەرەو پێش بچێت.

خاڵی دووەمی تایبەت بە ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستیی، کە ماکێکی جیاکەرەوەی زانکۆکانە، سووڕی ژیانی سەردەمی تەکنۆلۆجیا و زیرەکیی دەستکردی پێوە بەندە، چونکە لە سایەی ئاڵۆزبوونی ژیان لە کۆمەڵگەکاندا، هەر کۆمەڵگەیەک بە ئاستی پێشکەوتنی ئابووریی تایبەت بە خۆی، گرنگیی و کارایی توێژینەوەی زانستی، بەڕێژەییانە خۆی دەسەپێنێت. هاوکات لە وڵاتانی پێشکەوتوودا، بڕی زەبەلاحی بەخشین Grant، لەلایەن کەرتی گشتیی و تایبەتەوە بۆ توێژەرانی زانکۆکان تەرخاندەکرێت. تاوەکو بتوانن توێژینەوە زانستییەکانیان لە بوارە جیازاوازاکاندا، بەشێوەیەکی نەرم و داینەمیکی، گۆڕاو لەگەڵ کاتدا بەڕێوەبچێت. هەروەها ئەستەمە بتوانرێت، خۆشگوزەرانییەکی هەمەلایەنە بۆ

کۆمەڵگەکان، دەستەبەر بکرێت، بەدەر لە بیرکردنەوەی زانستییانە و پلانسازیی درێژخایەن، پشتبەست بە توێژینەوەی زانستیی ڕاستەقینە، لە هەموو کەرتە ئابوورییەکاندا، بێ جیاوازیکردن، لە نێوان کەرتێکی ئابووری لەگەڵ ئەویتردا. بۆئەوەی بتوانرێت پەرەسەندنێکی هاوسەنگ لە نێوان کەرتە ئابوورییەکاندا، بەرجەستە بکرێت. نەوەک زاڵکردنی کەرتێکی ئابووری دیاریکراو، بەسەر کۆی کەرتە ئابوورییەکانی تردا، هاوشێوەی ئەوەی لە وڵاتە نەوتییەکاندا ڕوویداوە. بەشێوەیەک کەرتی نەوت لە کۆی ئابوورییەکەیاندا زاڵبووە، کە زیاتر لە ٩٠٪ی کۆی داهاتی ساڵانەی ئەم وڵاتانە، لە ڕێگەی هەناردەی نەوتەوە دەستەبەر دەکرێت. سەرباری ئەوە، بەرهەمهێنانی نەوتەکە لە لایەن کۆپانیا جیهانییە زەبەلاحەکانەوەیە، پشکی شێری سوود و قازانجی نەوتەکە، هەر بۆ وڵاتە پێشکەوتووەکانە. لە بەرانبەردا، پیسبوونی ژینگە و پاشکەوتوویی کۆی کەرتە ئابوورییەکان، زۆرینەی وڵاتە نەوتییەکانی داپۆشیوە. تەنانەت لەڕووی زانست و تەکنۆلۆجیا و توێژینەوەی زانستییەوە، ڕیزبەندییەکەیان، لەدواوەیە و قڕەن، چونکە توانستی بەرهەمهێنانی زانستییان لە ئەوپەڕی لاوازیدایە، تەنانەت بەئاستەم، لە زانست و توێژینەوەی نوێی سەردەمیانە تێدەگەن. ئەم دۆخە نەخوازراوە، نەرێنییانە کاریگەری لەسەر کەرتی زانست و خوێندنی باڵا، لە زۆرینەی وڵاتە نەوتییەکان و کۆی وڵاتە پاشکەوتووەکاندا جێهێشتووە. نەک هەر ئەوە، بەڵکو بەکارهێنانی تەکنۆلۆجیا ڕووکەشە، لە کاراکردنی کەرتە ئابوورییەکانی ئەم وڵاتانەدا، چونکە ئاستی زانستیی دەستەی کار تیایاندا، لە ئەوپەڕی دەستەپاچەییدایە.

بڵاوکردنەوەی توێژینەوە لە گۆڤار و کۆنگرە زانستییە متمانەپێکراوە جیهانییەکاندا

ماکێکی جیاکەرەوەی زانکۆ جیهانییەکان، لە وڵاتانی گەشەسەندوودا ئەوەیە، لە ڕیزی پێشەوەی ڕیبەندییە متمانەپێکراوەکانی زانکۆکانی جیهانن، کە ڕیزبەندیی QS بەناوبانگترینیانە. هاوکات هەمیشە ٥٠٠ زانکۆ پێشەنگەکەی جیهان، زۆرینەی ڕەهایان، لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندایە. تەنانەت ئەم زانکۆیانە، دەقە پەڕاوی متمانەپێکراو، شانبەشانی توێژینەوەی ڕەسەن و بەشە پەڕاو Book Chapter، بە بەردەوامی پێشکەشی هەموو زانکۆکانی جیهانی دەکەن، بۆ نمونە: زانکۆکانی هارڤەرد و ئۆکسفۆرد و کامبریج و تۆکیۆ. نەک هەر ئەوە، بەڵکو دەزگا جیهانییەکەی

کلاریڤەیت Clarivate (جێگرەوەی دەزگای تۆمسن ڕۆیتەرزە لە ساڵی ٢٠١٦ەوە) هاوکۆلکەی کاریگەریی Impact Factor بە زیاتر لە ٢١,٨٠٠ی گۆڤارەکانی دەزگا بڵاوکراوە Publisher جیهانییەکانی هاوشێوەی ئێلسیڤیەر Elsevier و سپرینگەر Springer و IEE بەخشیوە. ئەم گۆڤارانە بە گۆڤارەکانی تۆڕی زانست Web of Science ناسراون، کە بەرهەمی شیکردنەوەی کلاریڤەیت Clarivate Analyticsن. لە لایەکی ترەوە، قەواڵە Databaseی سکۆپەس، کە سەر بە خانەی بڵاوکردنەوەی ئێلسیڤیەرە، نمرە نیشانەکردن Cite Scoreی بە زیاتر لە ٢٥,٠٠٠ گۆڤار بەخشیوە. بەو واتایەی، متمانە بەخشین بە سەرچاوە زانستییەکانی، وەکو: دەقە پەڕاو و توێژینەوەی زانستی و بەشەپەڕاو و کۆنگرە Conference زانستییەکان، هەر لە ڕێگەی زانکۆ جیهانییەکان یان دەزگا بڵاوکردنەوە جیهانییەکانەوەیە، کە لە وڵاتە پێشکەوتووەکانەوە بەڕێوەدەبرێن. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە ئەم وڵاتانە، هەژموونی زانستیی خۆیان، بەسەر کایە زانستییەکەشدا زاڵکردووە. بەم شێوەیە، چەمکی زانست و توێژینەوەی زانستیی، لە خۆجێیەتیبوونەوە، هەر لە زووەوە، بەرەو جیهانیبوون هەنگاوی هەڵگرتووە. لەبەرئەوەیە کە هەر کارێکی زانستی، ئەگەر لەو دەزگا جیهانییانە بڵاونەبنەوە، ئەوا جێی متمانەی زانستیی پیتۆڵ و زانایانی کایە زانستییەکە نین.

نیشانەکردن پێوەری هەڵسەنگاندنی جیهانیی گۆڤار و توێژینەوە و توێژەرانە

نیشانەکردن Citationی توێژینەوەی زانستیی بریتییە لە بەکارهێنان و پشتبەستنی توێژینەوەکە، وەکو سەرچاوەیەک، لە پەڕاو و توێژینەوە زانستییە بڵاوکراوەکانی پاش خۆی. ئەوەش متمانەی زانستیی بە توێژینەوە ڕەسەنەکە دەبەخشێت. هەریەک لە کلاریڤەیت و سکۆپەس، ئاست و سەنگی گۆڤارە جیهانییەکان توێژینەوەی زانستیی و توێژەرەکان، لە ڕێگەی نیشانەکردنەوە ئەژمار دەکەن. بەشێوەیەک کلاریڤەیت، لە ڕێگەی ژمارەی نیشانەکردنی توێژینەوەکانی گۆڤارەکانی ناو تۆڕی زانستەوە Web of Science، هاوکۆلکەی کاریگەریی بۆ گۆڤارەکان ئەژمار دەکات، لە پاش نیوەی دووەمی مانگی حوزەیرانی هەموو ساڵێکدا بڵاویدەکاتەوە. هەروەها هەر لە ڕێگەی نیشانەکردنی توێژینەوە بڵاوکراوەکانی توێژەرەکانەوە، کلاریڤەیت پێوەری h-index بۆ توێژەرەکان ئەژمار دەکات.

لە لایەکی ترەوە، بە هەمان شێوە ئیلسیڤیەر، لە ڕێگەی ژمارەی نیشانەکردنی توێژینەوەکانی گۆڤارەکانی قەواڵەی سکۆپەسەوە، نمرە نیشانەکردن بۆ گۆڤارەکان ئەژمار دەکات، ساڵانە بڵاویاندەکاتەوە. کەواتە ئامانجی گۆڤارە جیهانییەکان و ئەو توێژەرانەی توێژینەوە زانستییەکانیان تیایدا بڵاودەکەنەوە، بەدەستهێنانی زۆرترین ژمارەی نیشانەکردنی توێژینەوەکانیانە. تاوەکو گۆڤارەکان بتوانن، هاوکۆلکەی کاریگەریی و نمرە نیشانەکردنەکەیان، بۆ ساڵی داهاتوو بەرزبکەنەوە. هەروەها توێژەرانیش زیادبوونی ژمارەی نیشانەکردنیان، سەنگی زانستییان لە جیهاندا زیاتر دەبێت. سەرباری ئەوە، ئەگەر زۆرە ئاماژەی h-indexیان، بە زیادبوونی ژمارەی نیشانەکردنی توێژینەوەکانیان زیاد بکات. ئەوەش متمانەی زانستی زیاتر، بە توێژەرەکە دەبەخشێت.

خانەی بڵاوکردنەوەی دڕندە و کۆنگرەی زانستیی دڕندە

هەبوونی خانەی بڵاوکردنەوەی ساختە، گۆڤاری ساختە، کۆنگرەی زانستی ساختە لە جیهاندا، بەبەربڵاویی سەریانهەڵداوە. ئەمانە بە خانەی بڵاوکردنەوەی دڕندە Predatory، یان گۆڤاری دڕندە، یان کۆنگرەی زانستیی دڕندە. یەکەم جار، کتێبخانەزانی ئەمەریکیی لە زانکۆی کۆلۆرادۆ جیفریی بیڵ (٦١ ساڵ)، ناوی دڕندەی بۆ گۆڤارە گەیشتنە کراوەکان Open Access، لە ساڵی ٢٠٠٨دا بەکارهێنا. سەرەنجام لیستێکی لە دەزگا بڵاوکراوە دڕندەکان و گۆڤارە دڕندەکان، هەر لەو ساڵەدا بڵاوکردەوە. پاشان جارێکی تر بیڵ، لیستەکەی لە ساڵی ٢٠١٢دا نوێکردەوە. هەروەها ڕێکخراوی کەیساین Kscien (زۆرینەی ئەندامە کاراکانیان لە شاری سلێمانییە) لیستێکی تریان، تایبەت بە دەزگا بڵاوکراوە دڕندەکان و گۆڤارە دڕندەکان بڵاوکردەوە، کە جۆرێک لە متمانەی جیهانی بەدەستهێناوە. مەبەستی سەرەکی ئەم دەزگا و گۆڤارە دڕندانە، کێشانەوەی پارەیە لە توێژەران. تاوەکو لە بەرانبەر ئەو بڕە پارە، کارە بەناو زانستییەکانییان، بەدەر لە هاوتا پێداچوونەوە Peer-review، لە ماوەیەکی چەند ڕۆژوێکی کورتدا، بۆ بڵاوبکەنەوە. ئەمەش زیانێکی کاریگەریی بە زانست و توێژینەوەی زانستیی گەیاندووە، چونکە ئەنجام و دەرئەنجامی نازانستی، خستۆتە بەردەم خوێنەران. لەبەرئەوەیە توێژەرانی زانکۆ جیهانییەکان، کە توێژەری ڕاستەقینەن، بە زۆرینەیەکی ڕەهاوە، لە توێژینەوەکانی خۆیاندا، نە نیشانەکردنیان بۆ ئەو توێژینەوانە کردووە، کە لە گۆڤار و کۆنگرە ساختەکاندا بڵاوکراونەتەوە، نە

هەولّیشیانداوە توێژینەوەکانیان، لەو گۆڤار و کۆنگرە ساختانەدا بڵآوبکەنەوە. لە بەرانبەردا تێبینیکراوە، زۆرترین توێژەری وڵاتە تازە گەشەسەندووەکان، بەسانایی بوون بە نێچیری ئەم گۆڤار و کۆنگرە دڕندانە. ئەمەش بەڵگەی لاوازیی ڕۆشنبیریی بڵاوکردنەوەی توێژینەوەی زانستیی، لەو وڵاتانەدا دەسەلمێنێت. جێی ئاماژەبۆکردنە، خانەی بڵاوکردنەوەی گوماناویی هەیە، وەکو: MDPI و هینداویی گەیشتنە کراوەن، کە لە بەرانبەر بڕە پارەی زۆر دەگاتە ٢،٢٠٠ دۆلار، توێژینەوەکان بە خێرایی کەمتر لە مانگێک لە هەندێک دۆخدا، لە گۆڤارەکانیاندا بڵاودەکەنەوە. ژمارەیەکی بەرچاوی خاوەن دکتۆراکانی هەرێم لە ناوەوە و دەرەوەی عێراق، توێژینەوەکانیان لە خانەی بڵاوکردنەوەی گوماناویی MDPIدا بڵاوکردۆتەوە. هەروەها ڕێژەیەکی دیاری پرۆفیسۆرەکانی زانکۆکانی هەرێم، هەر لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی توێژینەوە لە MDPIدا، پلەی زانستییان بەرزبۆتەوە. لەکاتێکدا لە زۆربەی زانکۆکانی چین و مالیزیا و نەرویج، ئەو خانەی بڵاوکردنەوە گوماناوییانە یاساغکراون.

دیاردەی هاریکاریکرنی ساختەی توێژەران و خود نیشانەکردن و کشاندنەوەی توێژینەوە

سەرباری دیاردەی ئەرێنیی بەشداریکردن و هاریکاریکردن Collaborationی دەستەیی نێوان توێژەران، لە چەند زانکۆیەک یان مەڵبەندی توێژینەوەکانی چەند وڵاتێکی جیاواز، لەپێناو بەرهەمهێنانی توێژینەوەی زانستیی قووڵتر و بەپێزتر، بەڵام نەرێنییانە، هاریکاریکردنی ساختە، لە وڵاتانی جیهانی سێیەمدا پەرەیپێدراوە. کاتێک بەبێ ماندووبوون، لە بەرانبەر بڕێک پارەدا، ناوی توێژەرەکان بە ساختەیی زیاد دەکرێن. ئەمەش وایکردووە، هەندێک لە توێژەرانی ئەم وڵاتانە، لەو ئاکارە بەدە نازانستییە تێوەبگلێن. سەرەنجام ساڵانە، ناویان لە ژمارەیەکی بێشوماری توێژینەوەدا بنوسرێت. تەنانەت هەندێک لەو بەناو توێژەرانە، هەفتانە و بەدرێژایی ساڵەکە، ناویان لە توێژینەوە بڵاوکراوەکاندا بهێنرێت، بەبێ ئەوەی هیچ بەشدارییەکی زانستییان بۆ توێژینەوەکان هەبووبێت. پاشان هەر لەم ڕێگە نادروستەوە، ژمارەی نیشانەکرنەکانیان و ئاماژەی h-indexیان، بەم ساختەکارییە زیاد کردووە.

نەک هەر ئەوە، بەڵکو خود نیشانەکردن Self-citation، کە بەکارهێنانی توێژینەوەکانی توێژەرەکە، یان دەستەی نووسەرانی توێژینەوە، لە توێژینەوەکانی خۆیاندا، ماکێکی نەرێنیی تری توێژەرانی وڵاتە تازە گەشەسەندووەکانە. کاتێک ڕێژەی خود نیشانەکردنی توێژەرەکە، لە ٢٠-٢٥٪ تێپەڕ دەکات. ئیتر یەکسەر کۆی

ژمارەی نیشانەکردنەکانی توێژەرەکە، دەکەوێتە ژێر پرسیار و گومانی لەسەر دروست دەبێت، چونکە خودی توێژەرەکە، بە ڕێژەیەکی زۆر، توێژینەوەکانی خودی خۆی یان دەستەی هاوبەشی توێژینەوەکەی بەکارهێناوەتەوە. نەک ڕەسەنەیاتی توێژینەوەکانی وایکردبێت، توێژینەوەکانی بەکاربهێنرێت. ئەوەتا لە کۆتا ئەو لیستەی کە بەناوی لیستی زانکۆی ستانفۆرد (پەیوەندیی بە زانکۆی ستانفردەوە نییە)ەوە، ساڵانە بڵاودەکرێتەوە، کە ناوی لوتکەی ٢٪ی توێژەرانی جیهانی لەخۆگرتووە. کەچی توێژەری تێدایە، ژمارەی نیشانەکردنەکانی چەند هەزارێکە، بەڵام ڕێژە خود نیشانەکردنی ٩٩٪یە. هاوکات زۆرینەی ئەوانەی خود نیشانەکردنیان بەرزە، لە زانکۆ و مەڵبەندە توێژینەوەکانی وڵاتانی جیهانی سێیەمە. هاوکات ڕێژەی کشاندنەوە Retractی توێژینەوەکانی وڵاتانی وەکو: سعودیە و چین، لە لایەن دەزگا بڵاوکردنەوە جیهانییەکانەوە لە بەرزبوونەوەدایە. ئەویش بەهۆی بەدکاریی توێژینەوە Research Misconduct، وەکو: دزیی زانستیی Plagiarism و دەستکاریکردنی دەیتا و زانیارییەکان Fabrication و بەهەڵەدابردن Falsification لە خستنەڕووی ئەنجام و دەرئەنجامەکان. هەروەها بڵاوکردنەوەی هەمان توێژینەوە، بە داڕشتنێکی جیاواز، لە دوو گۆڤاری جیاوازدا.

ڕەوشی کەرتە ئابوورییەکان و زانکۆکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان

بەڵگەنەویستە عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە، لە دۆخێکی سەدەیی پڕ لە ئاشووب و نائارامیی سیاسیی و جەنگ، لە سایەی دیکتاتۆریەتێکی تەمەن درێژدا، ژیانی کردووە. پاشان لە هەرێمی کوردستاندا پاش ڕاپەڕین و بە درێژایی ٣٣ ساڵی ڕابردوودا، دەسەڵاتی ڕەهای هەردوو حیزبی پارتیی و یەکێتیدا، لە دوو زۆنی قەڵەمڕەویاندا، حکومەتێکی بەناو یەکگرتووی دوو کەرتیان دروستکردووە. کۆی کەرتە ئابوورییەکانی نیمچە ئیفلیج بووە. هەردوو کەرتی حکومی و تایبەت لە خزمەتی دوو حیزبەکە، بەتایبەتیش دوو بنەماڵە و چەند کەسایاتییەکی ئەو بنەماڵەیەدایە. ئەم دۆخە ناهەموار و نەخوازراوە، سێبەری ڕەشی بەسەر کەرتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستەوە جێهێشتووە، چونکە هەرگیز زانست و توێژینەوەی زانستی لە سایەی دیکتاتۆریەت و دیموکراتی ساختە و دەسەڵاتی ڕەهای تاک حیزبیدا، ناتوانێت گەشە بکات و ببووژێتەوە. هاوکات دروستکردنی زانای جیهانیی، لە بوار و لقە زانستییەکاندا، ئاستەم بووە. چونکە هەر لە زووەوە، ئاوەزی پاشکەوتووی زانست لە خوێندنی باڵا،

لە سایەی دەسەڵاتێکی خۆسەپێندا، ژینگەی کاری زانستیی وڵاتەکەی بەبیابان کردووە.

قەیرانی سەرەکی فەرمانڕەوایەتیکردن لە هەرێمی کوردستاندا، هەر ئەوە نییە، کە حکومەتێکی دوو کەرتی بەناو یەکگرتووی هەیە، لە دیگەڵەوە جیادەبنەوە، بەڵکو لەوەدایە، گەندەڵیی و قەبەیی بەکارخستنەکەی، زۆر و بۆریی فەرمانبەرەکانی، لە پەل و پۆی خستووە. لەبەرئەوەیە، دەزگاکانی حکومەت بە پاشکەوتووترین شێواز بەڕێوەدەبرین. سەرباری ئەوەی هەماهەنگیکردن لە نێوان کەرتە ئابوورییەکانی حکومەتی هەرێم، کە لە وەزارەتەکان و دەزگاکاندا خۆی دەبینێتەوە، لە ئەوپەڕی پەرتەوازەییدایە. ئەم دابڕانەی نێوان کەرتە ئابوورییەکان، کەرتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی لێی بەدەر نییە. هەر ئەوە وایکردووە، ماستەر و تێزی دکتۆراکانی زانکۆکان، یان توێژینەوە بڵاوکراوەکانی توێژەرانی زانکۆکان لە گۆڤارە ناوخۆیی و نێودەوڵاتییەکان و کۆنگرە زانستییەکاندا، تەنها بریتی بێت لە ڕەشکردنەوەی پەڕەکان Paper Mills ، چونکە ئەم توێژینەوانە، لە لایەن دەزگا پەیوەندیدارەکانەوە، سوودیان لێوەرناگیرێت، تەنها ڕەفەی کتێبخانەکانیان پڕکردۆتەوە و هیچیتر.

پاڵنەری دەرکردنی گۆڤار و کۆنگرە زانستییە ناوخۆییەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان

بیرۆکەی دەرکردنی گۆڤار، بۆ بڵاوکردنەوەی توێژینەوەی زانستی لە زانکۆکانی عێراق، بە هەرێمی کوردستانیشەوە، مەبەست لێی، بەرزکردنەوەی پلەی زانستیی، ماستایانی زانکۆکان بووە. نەک پاڵنەرەکەی، بڵاوکردنەوەی زانست و بەرهەمهێنانی زانستی نوێ بێت، کە لە زانکۆ جیهانییەکاندا باو بووە، چونکە بۆ بەرزکردنەوەی پلەی زانستیی لە مامۆستای یاریدەدەرەوە، کە نزمتری پلەی زانستییە، لە خوێندنی باڵا، هەتا گەیشتن بە پلەی زانستیی پرۆفیسۆر، پێویست دەکات، مامۆستاکان توێژینەوە بڵاوبکەنەوە. تاوەکو بتوانن، لە ڕێگەی پلە بەرزە زانستییە باڵاکانی پرۆفیسۆری یاریدەدەر و پرۆفیسۆرەوە، پلە و پۆستی باڵاتر، هەروەها وانەوتنەوە و سەرپەرشتیکردنی فێرخوازانی ماستەر و دکتۆرا لە زانکۆکاندا، بۆ خۆیان دەستبخەن. ئەم ئامانجەش، لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی توێژینەوەکان لە گۆڤارە ناوخۆییەکان و کۆنگرە ناوخۆییەکانەوە هاتووەتەدی، هەتا ئێستاش هەر بەردەوامە. کەواتە توێژەران و مامۆستایانی زانکۆ بێباکبوون، لەوەی توێژینەوەکانیان، لە دەرەوەی زانکۆ بەسوود بێت یان نا، چونکە ئامانجەکەیان

بەرزکردنەوەی پلە زانستییەکانە، نەک بەشداریکردن لە دەوڵەمەندکردنی زانست، لە بواری پسپۆڕییەکەیاندا. هەمان ڕێسا بەسەر ماستەرنامە و تێزی دکتۆراکان چەسپیوە، چونکە ئامانجی بنەڕەتییان، دەستخستنی بڕوانامەیە، نەک چارەسەرکردنی گرفتێکی زانستیی لە بوارەکایاندا، کە پسپۆڕانی بوارەکەیان لە جیهاندا، بەدوای چارەسەرەکەیدا وێڵن.

ڕەوشی گۆڤارە ناوخۆییەکان لە هەرێمی کوردستان

بە درێژایی ماوەی ٣٢ ساڵی ڕابردووی پاش ڕاپەڕین ، لە هەرێمی کوردستاندا کە دانیشتوانەکەی بەنزیکەیی شەش ملیۆنە، ٣٠ زانکۆ (١٦ زانکۆی حکومیی و ١٤ زانکۆی ئەهلیی) کراونەتەوە. ساڵانە لە نێوان ٤٠-٥٠ هەزار فێرخوازی دەرچووی ئامادەییی، بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی پەیمانگەی تەکنیکیی و زانکۆیی ڕوویان لە خوێندنی باڵا کردووە. پاشان زۆربەی زانکۆکان بە حکومیی و ئەهلییەوە، گۆڤاری زانستیی تایبەت بە خۆیان بڵاودەکەنەوە. هەرچەندە تەنها گۆڤاری ئارۆی زانکۆی کۆیە، هاوکۆلکەی کاریگەریی هەیە و ٢ر١ی وەرگرتووە. هەروەها گۆڤاری پۆلیتەکنیکی هەولێر، لە قەواڵەی سکۆپەسدا پێڕستکراوە. سەرباری ئەوە، کۆی گۆڤارە ناوخۆییە زانستییەکان، لە هەرێمی کوردستاندا ٤٦ گۆڤارە، کە لە لایەن زانکۆ و دەستە و کۆمەڵە ئەکادیمییە باوەڕپێکراوەکانەوە بڵاودەکرێنەوە، وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی متمانەی پێبەخشیون. ئەمەش وا پێویستی کردووە، کە لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی توێژینەوەی زانستییەوە، بەشێوەیەکی خولیی و بە بەردەوامییەکی ڕێژەیی، ژمارەکانیان دەربچن، بەڵام مەرج نییە، هەموو ژمارەکانی گۆڤارەکان، لەکاتی دیاریکراودا بڵاوکرابێتنەوە. هۆکاری دواکەوتنی ژمارەکانی گۆڤارەکان، بۆ زۆری گۆڤارەکان و سنووردارییی ژمارەی توێژینەوەی زانستییەوە، لە لایەن توێژەرانی ناوخۆیی دەگەڕێتەوە، چونکە ناردنی توێژینەوە، بۆ ئەم گۆڤارە ناوخۆییانە، لە لایەن توێژەرانی نێودەوڵەتییەوە، لە ئەوپەڕی لاوازیدایە.

نیشانەکردنی توێژینەوەکان لە گۆڤارە ناوخۆییەکاندا

تەنانەت نیشانەکردنی نێودەوڵەتی، بۆ توێژینەوە بڵاوکراوەکانی گۆڤارە ناوخۆییەکانی زۆر کەمن و شایانی باسکردن نین. دوو نمونەی سەلمێنەری، لاوازیی توێژینەوە بڵاوکراوەکانی گۆڤارە ناوخۆییەکانی هەرێم؛ لە بەدواداچوونێکی

ڕێکخراوی کەیسایندا، بۆ گۆڤاری زانکۆی سلێمانی- بەشی Aدا؛ کە تایبەتە بە بڵاوکردنەوەی توێژینەوەی زانستی، لە بواری زانستە بنەڕەتیی و جێبەجێکارییەکاندا. گۆڤارەکە هەتا ساڵی ٢٠١٧، لە ٣٧ ژمارەیدا، کۆی گشتیی ١,٢٠٠ توێژینەوەی بڵاوکردۆتەوە، تەنها ١٢١ نیشانەکردنیان بۆکراوە، ١٩ نیشانەکردنیان لە گۆڤارە جیهانییەکانەوە بووە، ٤٤ نیشانەکردنیان لە گۆڤارە ساختەکانەوە، ٥٨ نیشانەکردن لە گۆڤارە ناوخۆییەکانەوە بووە. هەروەها دەربارەی گۆڤاری سلێمانی بۆ زانستە ئەندازیارییەکان، کە کۆلێجی ئەندازیاریی زانکۆی سلێمانی دەریدەکات، لە کۆڕێکدا لە ٢٠٢٣/٢/٦دا (لە کۆلێجی ئەندایاری پێشکەشم کرد)، لە کۆی ٩٠ توێژینەوەی بڵاوکراوە، لە نێوان ساڵانی ٢١٠٨-٢٠٢٢دا، ٦٢ (٦٩٪) توێژینەوەکان، هیچ نیشانەکردنیان بۆنەکراوە. بە هەمان شێوە، ڕێژەی بڵاوکردنەوەی توێژینەوە لە گۆڤارە ناوخۆییەکاندا، لە ٣٣٪ لە ساڵی ٢٠١٧دا، بۆ ٥٣٪ لە ساڵی ٢٠١٨ زیادیکردووە. کەواتە ویستی بڵاوکردنەوەی توێژینەوە لە گۆڤارە ناوخۆییەکاندا، لە لایەن توێژەرانی هەرێمەکەوە، بەشێوەیەکی نەرێنی لە زیادبووندایە. تەنانەت هەندێک لە گۆڤارە ناوخۆییەکانی کۆلێجەکان، وەکو گۆڤاری سلێمانی کۆلیجی ئەندازیاریی، بە بڵاوکردنەوەی توێژینەوەی سەرنووسەر و دەستەی نوسەران و فێرخوازەکانی ماستەریان سیخناخکراوە. ئەوەش نیشانەی پرسیاری زیاتر، دەربارەی لەقبوونی متمانەی زانستیی توێژینەوەکان دروستکردووە.

ئاستی توێژینەوەکانی خوێندنی باڵا لە زانکۆکانی هەرێم

بەدرێژایی ئەم ٣٢ ساڵە، زانکۆکانی هەرێم سەرقاڵی بەخشینەوەی بڕوانامەی زانکۆیی و بڕوانامەی باڵای ماستەر و دکتۆرای زۆر و بۆر بوون. تەنانەت لە کۆتایی ساڵانی نەوەدەکان و سەرەتاکانی ٢٠٠٠دا، کۆمەڵێک کادری حیزبییان، لە زانکۆکاندا، لە ڕێگەی پاکانە (تەزکیە)ی حیزبییەوە، بە موعید وەرگرت. پاشان ژمارەیەکی بەرچاویان، لە خوێندنی ماستەر بەوەرگرتنی تایبەت (قبول خاص) وەرگرت، کە نمرەی دەرچوونی کۆلیێیان بە کەمتر لە نمرەی خوار ٦٠، ناشایستە و نزم بوو. دوای ئەوە، هەر ئەوانە لە دکتۆرای زانکۆکانی هەرێم وەرگیران. پاش بەرزکردنەوەی پلە زانستییەکانیان، پۆستە باڵاکانی زانکۆکانی هەردوو دەڤەرەکەیان پێبەخشین. هەروەها لە زانکۆکاندا، بەزەقی جیاوازیکراوە، لە نێوان زانستە کۆمەڵایەتیی و مرۆڤایەتییەکان، لەگەڵ

زانستە بنەڕەتیی و جێبەجێکارییەکاندا، لەڕووی گرنگیدان بە زمانی زانست، کە زمانی ئینگلیزییە. ئەمە لە لایەک وایکردووە، ئاستی زانستی مامۆستایان و وانەوتنەوە، لە زانستە کۆمەڵایەتیی و مرۆڤایەتییەکاندا، لە نزمبوونەوەی بەردەوامدا خۆی ببینێتەوە، چونکە زۆرینەی دەقە پەڕاوەکانیان، لە زمانی وەرگێڕاوی عەرەبییەوە وەرگیراوە. لەکاتێکدا لە ڕووی زمانی زانستییەوە، زمانی عەرەبی زمانێکی هەژار و کۆڵەوارە. هەروەها وەرگێڕانەکانیان نوێ و هەمەلایەن نییە. هەر ئەوە وایکردووە، زۆرینەی ڕەهای مامۆستایان و توێژەرانی زانستە کۆمەڵایەتیی و مرۆڤایەتییەکان، توێژینەوەکانیان ناوخۆیی بێت، چونکە ناتوانن بە زمانی ئینگلیزی، توێژینەوەکانیان لە گۆڤارە جیهانییە متمانەپێکراوەکاندا بڵاوبکەنەوە.

لە لایەکی ترەوە، پێداویستی کارامەیی زمانی ئینگلیزیی و بڵاوکردنەوەی توێژینەوە، بۆ فێرخوازانی ماستەر و دکتۆرا لە زانستە کۆمەڵایەتیی و مرۆڤایەتییەکان، لەگەڵ زانستە بنەڕەتیی و جێبەجێکارییەکاندا، جیاوازیی تیادا کراوە. بەو واتایەی، ڕێنماییەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی ڕێگەیداوە، فێرخوازانی ماستەر و دکتۆرا لە زانستە کۆمەڵایەتیی و مرۆڤایەتییەکان، بە ئاستێکی کەمترەوە، داخوازی، بۆ خوێندنی باڵای ماستەر و دکتۆرا پێشکەش بکەن. هەروەها پەسەندکردنی بڵاوکردنەوەی توێژینەوەی هەڵهێنجراوی تێزی دکتۆرای فێرخوازانی دکتۆرا لە زانستە کۆمەڵایەتیی و مرۆڤایەتییەکان، لە گۆڤارە ناوخۆییەکاندا. بەڵام لە بەرامبەردا، بۆ فێرخوازانی فێرخوازانی دکتۆرا لە زانستە بنەڕەتیی و جێبەجێکارییەکاندا، بڵاوکردنەوەی توێژینەوەی هەڵهێنجراوی تێزی دکتۆرای فێرخوازانی دکتۆرا، بە لایەنی کەمەوە، لە گۆڤارە نێودەوڵەتییەکانی سکۆپەسدا، بەمەرج دانراوە.

ئاستی توێژینەوەی بڵاوکراوە لە لایەن توێژەران و مامۆستایانی زانکۆکانی هەرێم

هەرچەندە زانکۆکانی کوردستان بە بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرا و پرۆفیسۆر سیخناخکراوە، کە بەنزیکەیی بە ١٠ هەزار مامۆستای هەڵگری ماستەر و دکتۆرا دەخامڵێنرێن. زۆرینەی ڕەهایان، لە زانکۆکانی عێراق و هەرێمی کوردستان، لە دۆخی سیاسیی و ئابووری ناجێگیردا، بڕوانامە باڵاکەیان وەرگرتووە، کە ئاستێکی لاوازیی

زانستییان هەیە، لە ئاستی جیهاندا. هەروەها زۆرینەیان لە کۆلێجە کۆمەڵایەتیی و مرۆڤایەتییەکانن، چونکە بەسانایی ماستەرنامە و تێزی دکتۆراکانیان دەنووسن، بەدەر لە هەڵهێنجاندنی توێژینەوە لە تێزی دکتۆراکانیانەوە. تاوەکو لە گۆڤارە جیهانییەکاندا بڵاوبکرێنەوە. تاوەکو متمانەی پسپۆڕە نێودەوڵەتییەکانی بوارەکەی خۆیان بەدەستبهێنن. دەتوانرێت بەم جۆرە بێ متمانە نێودەوڵەتییەی دکتۆرا بوترێت، «دکتۆرای خشکەیی»، چونکە بەبێ ئاگاداری هاوتا پسپۆڕییەکانیان، بڕوانامەی دتۆرایان پێبەخشراوە. هەروەها مامۆستاکانیشیان، بەسانایی توێژینەوەکانیان لە گۆڤارە ناوخۆییەکان بڵاودەکەنەوە. لەبەرئەوە بەخێرایی، پلە زانستییەکانیان بۆ پرۆفیسۆر بەرزدەبێتەوە.

هاوکات زۆربەی پرۆفیسۆرەکانی زانکۆکانی هەرێم، بەتایبەتی لە کۆلێجە کۆمەڵایەتیی و مرۆڤایەتییەکاندا، کەمترین نیشانەکردنی نێودەوڵەتی متمانەپێکراویان هەیە، کەچی نازناوی پرۆفیسۆریشیان وەرگرتووە. دەتوانرێت ئەم جۆرە پرۆفیسۆرانە، بە «پرۆفیسۆرانی ئەشکەوت» ناوزەند بکرێن. تەنانەت لە زانکۆکاندا، بەسوودوەرگرتن لە پۆستە باڵاکانی سەرۆکی زانکۆ و یاریدەدەرەکانی و ڕاگر و یاریدەدەری ڕاگر و سەرۆک بەش وەرگیراوە. لەم ڕێگەیەوە، ڕێژەیەک لە خاوەنی ئەو پۆستانە، پلەی زانستییان بۆ پرۆفیسۆری یاریدەدەر و پرۆفیسۆر بەرزکراوەتەوە. ئامارەکانی زانکۆکان، باشترین گەواهیدەری ئەم ڕاستییە تاڵەیە.

لەهەمانکاتدا، گرێدانی کۆنگرە زانستییە ناوخۆییەکان لە زانکۆکانی هەرێمەکەدا دەگمەنن، هەر خزمەت بە بەرزکردنەوەی پلەی زانستیی مامۆستایانی زانکۆکان دەکات. هاوکات زانکۆکان نەتوانان، کۆنگرە زانستییەکانیان، لە لایەن دەزگا بڵاوکردنەوە جیهانییە متمانەپێکراوەکانەوە، پشتگیریی بکرێن. تاوەکو توێژینەوەکان هاوتا پێداچوونەوەیان بۆ بکەن، لە گۆڤارەکانیان بڵاویبکەنەوە. لەبەرئەوەیە کۆنگرە زانستییەکان، لەگەڵ دەگمەنییاندا، بە بەشدارییەکی لاوازی توێژەرانی نێودەوڵەتییەوە گرێدراون. هەروەها لە خستنەڕووی بابەتێکی زانستی نوێ نین، چونکە توێژەرانی زانکۆکان ڕاڕان، لەوەی توێژینەوەکانیان بۆ ئەو کۆنگرە ناوخۆییانە بنێرن، چونکە ئەگەری هەیە، لە بەرزکردنەوەی پلەی زانستیاندا، توێژینەوەکەیان بۆ ئەژمار نەکرێت. لەبەرئەوەی تەنها توێژینەوەی ئەو کۆنگرە زانستییانە ئەژمار دەکرێن، کە بەشێوەیەکی خولی گرێدەدرێن. ئەوە بە دەگمەنیی لە زانکۆکانی هەرێمەکەدا ڕوویداوە.

سوودوەرنەگرتن و فەرامۆشکردنی توێژەرە ڕاستەقینەکانی هەرێمەکە

پێویستە ئەوەش بخرێتەڕوو، کە زانکۆکانی هەرێمەکە، لە توێژەرانی ڕاستەقینەی جیهانی بەدەر نییە، بەتایبەتیی لە بواری زانستە بنەڕەتیی و جێبەجێکارییەکاندا. تەنانەت هەندێک لەو توێژەرانە لە لیستی بەناو زانکۆی ستانفۆردەوە، ناویان بڵاوکراوەتەوە، بەڵام لە لایەک لە ساڵانی ڕابردوودا، دیاردەی نەرێنیی خود نیشانەکردنیان بەرز بووە. تەنانەت ڕێژەی هەندێکیان لە نێوان ٥٠-٧٠٪ بووە. لە لایەکی ترەوە، بەشێکی ئەو توێژەرانە، پەیتا پەیتا توێژینەوەکانیان لە لایەن دەگا بڵاوکردنەوە جیهانییەکانەوە دەکشێنرێتەوە و متمانەی جیهانییان لەدەستداوە. سەرباری ئەوە، دەگمەنە توێژەرێک لە زانکۆکاندا، توانیبێتی دەرئەنجامگیریی توێژینەوەکانی بۆ کەرتی گشتیی یان کەرتی تایبەت گواستبێتەوە، چونکە ئاوەزی بەکارهێنانی توێژینەوە لە هەرێمەکەدا، لە ئاستێکی ئەوپەری نزمیدایە. هەروەها سروشتی ئەو توێژینەوانەی لە هەرێمەکەدا ئەنجامدراون، لە ئاستی پیادەکردن و جێبەجێکردندا نەبوون. یاخود لە لایەن زانکۆکانەوە، بەبازاڕکردن Marketingی پێویستییان بۆ نەکراوە. بەم شێوەیە، کاریگەرییە ئەرێنییەکانی توێژینەوەکان یان ماستەرنامە و تێزی دکتۆراکان، بەدیاریکراوی لە ژیانی ئابووریی و کۆمەڵایەتی هەرێمەکەدا، لێڵ و ناکاریگەر بووە. بەتایبەتی کە فەرمانڕەوایەتیکردنی هەردوو حیزبی پارتی و یەکێتی، بەدرێژایی ٣٢ ساڵی ڕابردوو، ، پشتبەست بەحیزبیبوون بووە نەک ڕەچاوکردنی زانست و توێژینەوەی زانستیی و ڕاوێژکردن بە زانستکارانی ناو زانکۆکان لە فەرمانڕەوایەتیکردنەکەیاندا.

پوختە

پوختەی وتەکان ئەوەیە، سەرباری ئەو ژمارە زۆرە لە زانکۆ و کۆلێج و بەشە زانستییانەی لە هەرێمی کوردستاندا هەن. هەروەها هەبوونی سوپایەکی زەبەلاح لە توێژەران، کە زۆرینەی ڕەهایان، مامۆستایانی زانکۆ حکومیی و ئەهلییەکانن. هاوکات مامۆستایانی زانکۆ، کە زۆرینەیان پارتی و یەکێتین، بێدەنگترین چینی کۆمەڵگەن، چونکە بەدرێژایی ئەو قەیرانانەی هەرێمەکە پیایدا تێپەڕیوە، بێ

هەڵوێستبوون، بۆ نموونە: نەبوونی دەستوور بۆ هەرێمەکە، ناڕوونی داهاتی نەوت و ناوخۆ، بەشدارینەکردن لە خۆپیشاندانەکانی ١٧ی شوباتی ٢٠١١ی سلێمانی (بێجگە لە چەند مامۆستایەک نەبێت، کە لە پەنجەکانی هەردوو دەست کەمتربوون، لە کۆی نزیکەی ٢ هەزار مامۆستا)، نەبوونی یاسای بودجە لە ساڵی ٢٠١٣ەوە، پاشەکەوتکردنی ١٥ مووچەی نەدراو و ٤٤ چارەکە مووچە (پاش هێرشی داعش لە ساڵی ٢٠١٤دا، ١٤ مووچە)، کڵۆمکردنی پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٥. لە دۆخێکی ئاوەها ناتەندروست و نازانستی کارگێڕیدا، لە ماوەی زیاتر لەو سێ دەیەدا، بە پاشکەوتووترین شێواز، لەسەر بنەمای پشکپشکێنەی دوو حیزبەکە، حکومەتەکەیان بە پەرتەوازەیی و لێکپچڕاو بەڕێوەبردووە. ئەم ژینگە نامۆیە، مامۆستاگەلێکی بەرهەمهێناوە- بەدەر لە گشتاندن، کە بیریان لای پێشخستنی زانست و کۆمەڵگە، لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی توێژینەوەی زانستیی ڕەسەن و بەهادار لە گۆڤارە جیهانییە متمانەپێکراوەکاندا، بەڵکو هەموو هەوڵ و تەقەلایەکیان، لە وتنەوەی وانەی بێکەڵکی بێبەهای سادە، کە لە ئاستی خوار زانکۆدا بێت. هەروەها سەرپەرشتیکردنی زۆرتری فێرخوازی ماستەر و دکتۆرا، کە لە نزمترین ئاستدا، توێژینەوە بنووسن. هاوکات نەتوانایی زانکۆکانیش لە گرێنەدانی کۆنگرەی زانستی متمانەپێراوی جیهانیدا، ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە. ئەم دۆخە ناهەموارە نازانستییەی زانکۆکان، کە لەلایەن دەستەیەکی حیزبییەوە بەڕێوەبراوە، بەدەر لە ئاستی زانستی، بێجگە لە بەخشینەوەی ساڵانەی بڕوانامە، ئاستەمە توانستی بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگەی هەبێت. بەڵگەش بۆ ئەم بانگەشەیە، پاشکەوتوویی و کۆڵەواریی سەرجەم کەرتە ئابوورییەکانە، لەگەڵ هەبوونی سوپایەک دەستەی بێکاری خاوەن بڕوانامەی زانکۆیی. ڕۆژ لە دوای ڕۆژ، ڕێژەی بێکاریی و دارمانی ئابووریی لە هەرێمەکەدا لە زیادبووندایە.

بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت، دیدگەی ڕەشبینی باڵ بکێشێت، بەسەر ژینگەی زانستیی و توێژینەوەی زانستی لە هەرێمی کوردستاندا. بەڵکو ئەو هێزە شاراوە پەراوێزخراوەی توێژەرانی ڕاستەقینە، دەتوانرێت لە بەرەوپێشبردنی فەرمانڕەوایەتیکردندا بخرێنەگەڕ، تاوەکو کۆی کەرتە ئابوورییەکانی هەرێمەکە، پێکەوە هەماهەنگ بن، پشتبەست بە توێژینەوەی زانستیی ڕاستێنراو بە دەیتای ڕاستەقینە، لە دۆخێکی گەشەکردنی بەردەوامدا بەڕێوەببرێن.

د. کامەران محەمەد

چاکسازیی عەقڵەکان و بونیادنانەوەی داهاتوو

(فەلسەفە و چاکسازیی خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان)



یەکەم: فەلسەفەی خوێندنی باڵا

چەسپاندن و پێشخستن:

فەلسەفەی خوێندنی باڵا چەمکێکی ئاڵۆز و پەرەسەندووە، ڕەنگدانەوەی ئەو ئامانج و بەها جۆراوجۆرانەیە، کە کۆمەڵگە جیاوازەکان بە ڕۆڵی زانکۆکانەوە دەیبەستنەوە. لە ناوەڕۆکیدا خوێندنی باڵا وەک پانتاییەکی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و گەڕان بەدوای زانست و پەرەپێدانی کارامەیی پێویست بۆ پێشکەوتنی تاک و کۆمەڵگە کاردەکات. لەگەڵ ئەوەدا فەلسەفەی خوێندنی باڵا (بەدەستهێنانی زانین) بەتەنها تێدەپەڕێنێت، بەڵکو (پێکهێنانی کەسێتی) و (چاندنی بەها ئاکارییەکان) و (ئامادەکردنی هاوڵاتیان بۆ بەشداریکردنێکی چالاکانە لە کۆمەڵگەدا) دەگرێتەوە.

لە هەرێمی کوردستاندا، چەسپاندن و پێشخستنی ئەم فەلسەفەیە لە زانکۆکاندا، پێویستی بە لەبەرچاوگرتنی (فرە میتۆدیی و پسپۆڕێتی) هەیە، کە سوود لە ئەزموون و شارەزاییە جیهانییەکان وەربگرێت و لەگەڵ پێداویستییە ناوخۆییەکان بیانگونجێنێت. بۆیە ئەم بابەتە هەوڵی ئاشکراکردنی تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی فەلسەفەی خوێندنی باڵا دەدات، باس لەوەش دەکات، کە چۆن دەتوانرێت لە هەرێمی کوردستاندا بەهێزبکرێت، هەروەها هەوڵدراوە نموونە گەلێکی جۆراوجۆر لە وڵاتانی دیکە پێشکەش بکرێت، کە چۆن سەرکەوتووانە توانیویانە بەسەر ئاڵنگارییە هاوشێوەکاندا زاڵ بن.

تایبەتمەندییەکانی فەلسەفەی خوێندنی باڵا

١) بیرکردنەوەی ڕەخنەیی و گەشەپێدانی هزریی:

خوێندنی باڵا بەشێوەیەکی بنەڕەتی بە گەشەپێدانی تواناکانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەوە بەستراوەتەوە. ئەمەش هاندانی فێرخوازان بۆ (گومانکردن لە گریمانەکان) و (شیکردنەوەی ئارگومێنتەکان) و (بەشداریکردن لە بیرکردنەوەی ترامانییانە) لەخۆدەگرێت. هەر لە ڕێگەی ئەم پرۆسەیەوەیە، کە زانکۆکان لەبەرەوپێشبردنی هزریی تاکەکاندا پشکداریی دەکەن و وایان لێدەکات سەربەخۆ بیربکەنەوە و بڕیاری هۆشیارانە بدەن. بەڵام ئەگەر لەم ڕوانگەوە بەشێوەیەکی گشتی (نەک ڕەها) لە هاندانی فێرخوازان (لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان) ڕابمێنین، ئەوا بەدەگمەن بوار و هەلی گومانکردن بۆ فێرخوازان دەڕەخسێنرێت

و لەسەر ئاستێکی بەرتەسک ڕێگەیان پێدەدریت، کە شیکردنەوەی ئارگۆمێنتەکان بکەن و زەمینەی دروستکردنی بیرکردنەوەی تڕامانییانە لە ئارادا نیە!

دیارە خودی مامۆستایان لەم بوارەدا ڕۆڵێکی نەرێنی دەگێرن، ئەوان لەبەرئەوەی کەمترین بایەخ بە خۆپەروەردەکردن دەدەن، پێیان خۆش نییە فێرخوازەکانیان بە گومان و ڕەخنەگرییەوە بەشداریی وانەکانیان بکەن، هەربۆیە پێیان باشە هەر بیرنەکەنەوە، چونکە پێیان باش نییە هیچ فێرخوازێک (مەلزەمە)کانیان تێپەڕێنێت. واتە لەباتی ئەوەی فێرخوازان هانبدرێن، کە سەرچاوەی جۆراوجۆر بخوێننەوە، کەچی مەلزەمەکانیان بۆ دەکەنە پێوەری (زیرەکیی) و (نمرە) و (دەرچوون).

٢) پەروەردەی ئاکاریی و بەهایی:

سەرەڕای گەشەپێدانی هزریی، خوێندنی باڵا ئامانجی بەهێزکردنی بەها ئاکارییەکانە. زانکۆکان بەرپرسیارن لە چاندنی هەستی دادپەروەریی و بەرپرسیارێتی و ڕێزگرتن لە کەسانی دیکە لە ناخی فێرخوازەکانیاندا. ئەم لایەنەی خوێندنی باڵا گرنگییەکی بەرچاوی لە دروستکردنی هاوڵاتیانی بەرپرسیاردا هەیە، کە بتوانن پشکدارییەکی ئەرێنی لە کۆمەڵگەدا بکەن، بەڵام بە بیانووی ئەوەی کە خوێندنی باڵا جیاوازە لە پەروەردە و کاری ئەوان زانیاریی (نەک زانین) بەخشینە بە فێرخوازان، ئەوا بەتەواویی ئەم لایەنە گرنگەی دروستکردنی مرۆڤ فەرامۆش کراوە. ئەمە لەکاتێکدا دەبێت زانکۆ بە پیتترین خاکی گەشەکردنی هەستی دادپەروەریی و بەرپرسیارێتی و ڕێزگرتن بێت.

٣) ئامادەکاریی بۆ هێزی کار

لەکاتێکدا نابێت خوێندنی باڵا تەنها لە ڕاهێنانی کاردا کورت بکرێتەوە، بەڵام ڕۆڵێکی گرنگ لە ئامادەکردنی فێرخوازان بۆ هێزی کار دەگێڕێت. ئەمەش تەنها هەر دابینکردنی کارامەیی تەکنیکی ناگرێتەوە، بەڵکو فێرکردنی (کارامەیی نەرم)ی وەک پەیوەندیکردن، کاری بەکۆمەڵ (تیم) و چارەسەرکردنی کێشەکان لەخۆدەگرێت، کە لە ئابووری جیهانی ئەمڕۆدا زۆر گرنگن. بەڵام لەبەر دوو هۆکار ئەم ئامادەکارییە لاوازە: یەکەم لەبەرئەوەی خودی کۆمەڵی کوردەواریی بونیادێکی نەخەملیوی هەیە و هێشتا پەیوەندییە کەسیی و خێزانیی و خزمایەتیی و ... تاد ڕۆڵی سەرەکی لە دابینکردنی هەلی کاردا دەگێڕن و گرنگییەکی ئەوتۆ بەهێزی کاری شایستە نادەن. دووەمیش لەبەرئەوەی خودی فێرخوازان و تەنانەت مامۆستاکانیشیان –

بەتایبەت لە زانستە مرۆڤایەتییەکاندا –وەک پێویست لە گرنگی کایە زانستییەکەی خۆیان تێنەگەیشتوون، واتە مەبەست ئەوەیە کە ناتوانن ڕایەڵەکانی زانستەکە و گۆڕەپانی کار پێکەوە ببەستنەوە! هەربۆیە لە تازەترین کاریشیاندا سەرقاڵی گۆڕینی ناونیشانی بەشەکانیان تا لەگەڵ بازاردا بیانگونجێن! واتە لە باتی ئەوەی گۆڕانی جەوهەری لە ناوەرۆکی سیستەمەکەدا بکەن، کەچی دێن ڕەنگی دەکەن!

٤) بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی و بەشداریکردنی مەدەنی

زانکۆکان ئەو شوێنانەن کە فێرخوازان تێیدا فێری بەرپرسیارێتی خۆیان بەرامبەر بە کۆمەڵگە دەبن. ئەمەش تێگەیشتن لە پرسە کۆمەڵایەتییەکان، بەشداریکردن لە خزمەتکردنی کۆمەڵگە و بەشداریکردن لە گوتاری گشتیدا دەگرێتەوە. ئامانج لێی دروستکردنی دەرچووانێکە، کە نەک هەر بەئاگا بن، بەڵکو پابەندیش بن، بە دروستکردنی گۆڕانکاری لە جیهاندا. ڕەنگە زیادەڕەوی نەبێت، گەر بڵێین لە هیچ گۆشەیەکی ئەم جیهانەدا هێندەی هەرێمی کوردستان دەرچووانی زانکۆ فەرامۆش نەکراون! ڕاستر بڵێین پەراوێز خراون، بۆیە کاتێک حکومەت لەسەر بنەڕەتێکی حیزبی پۆستەکان دابەش دەکات و بەلایەوە پەیوەندیدارێتی حیزبی لە پەیوەندیدارێتییە نیشتمانییەکان لە پێشترە، ئەوا زەمینەیەک بۆ بەشدارییکردنی مەدەنی نامێنێتەوە! ئەمە لەکاتێکدا زیاتر لە (١٠) ساڵە دەرچووانی زانکۆ دانەمەزراون و بچووکترین هەلی کارییان بۆ نەڕەخسێنراوە! بۆیە بەرپرسیارێتییەک بەرامبەر بە کۆمەڵگە نابینین، چونکە ئەوان لە تەواوی (ڕۆڵ) بینینەکان وەدەرنراون.

٥) توێژینەوە و داهێنان

لایەنێکی سەرەکی خوێندنی باڵا بریتییە لەو ڕۆڵەی لە پێشخستنی زانست و زانین لە ڕێگەی توێژینەوە و داهێنانەوە دەیگێڕێت. زانکۆکان ناوەندی داهێنان و ئەزموونکردنن، کە هزری نوێ تێیدا لەدایک دەبێت و پەرەی پێدەدرێت. ئەمەش بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگە بە گشتی گرنگە، چونکە دەبێتە هۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و چارەسەری ئاڵنگارییە جیهانییەکان. ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە لە دۆخی زانکۆکانی کوردستان وردببینەوە، ئەوا قەیرانی گەورەیان لەبواری (توێژینەوە)دا هەیە، سەرەڕای نەریتیبوونی توێژینەوەکان، گۆڤارەکان لە نزمترین ئاستەکانی پۆلێنکردنی گۆڤارە زانستییە جیهانییەکاندان، ئەوە سەرەڕای ئەوەی بەشی زۆری توێژینەوەکان لە کۆمەڵگەدا سوودی لێنابینریت و تەنها بۆ بەرزکردنەوەی نازناوی زانستی توێژەرەکان بەکاردەهێنرین! ئەوە بەدڵنیاییەوە

هیچ ژمارەیەکی ئەو گۆڤارانە لە کتێبخانەکانی بازاڕی شارەکانی هەرێمدا چنگ ناکەون. (داهێنان)یش نە زەمینەی بۆ دەڕەخسێنرێت و نە پشتگیریی دەکرێت و هانیش نادرێت، لەبەرئەوە نامۆ نییە کە زانکۆکانی کوردستان بچوکترین ڕۆڵیان لە بووژانەوەی ژێرخانی هەرێمەکەدا نەبێت، دەبێت ئەوەش بڵێین کە حکومەت خۆی پشتگیری داهێنان ناکات و دەیەوێت دۆخەکە بەوشێوە ڕاوەستاوە بەردەوام بێت، واتە لەمەدا حکومەت بەمەبەست زانکۆکان پەراوێز دەخەن.

پێشخستنی فەلسەفەی خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان

بۆ پێشخستن و بەهێزکردنی فەلسەفەی خوێندنی باڵا بەشێوەیەکی کاریگەر لە هەرێمی کوردستان، دەتوانرێت چەند ستراتیژێک بەکاربهێنرێت. ئەم ستراتیژانە دەبێت چێوە کەلتووریی و کۆمەڵایەتیی و سیاسییە تایبەتییەکانی هەرێمەکە لەبەرچاو بگرن و لەهەمانکاتدا سوود لە باشترین ئەزموونەکانی جیهان وەربگرن.

چاکسازیی پرۆگرامەکانی خوێندن

پرۆسەی چاکسازی پرۆگرامەکانی خوێندن لە زانکۆکاندا بابەتێکی گشتگیر و فرە ڕەهەندە، هاوکات یەکێکە لە هەنگاوە یەکەمەکان بۆ پێشخستنی فەلسەفەی خوێندنی باڵا. یەکێک لە بابەتەکانی نێو ئەو پرۆسەیە کە دەتوانرێت سوودێکی باشی لێوەربگیریت، بریتییە لە (ئەنجامدان و یەکخستنی خولی نێوان پسپۆڕییە جیاوازەکان)، کە جەخت لەسەر (بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە)، (ئاکار و بەرپرسیارێتی مەدەنی) لە تەواوی پسپۆڕییەکاندا دەکەنەوە. بۆ نموونە، ئەنجامدانی خولی نێوان پسپۆڕییە جیاوازەکان، کە چارەسەری ئاڵنگارییە جیهانییەکان دەکەن، وەک گۆڕانی کەشوهەوا یان مافەکانی مرۆڤ، ئەم جۆرە خولانە دەتوانێت یارمەتی فێرخوازان بدات، بۆ دروستکردنی تێگەیشتنێکی فراوانتر سەبارەت بە جیهان و ڕۆڵی خۆیان تێیدا. بۆ نموونە لە فینلاند سیستەمی فێرکردن بە میتۆدی (فرەپسپۆڕیی) ناسراوە، تیایدا فێرخوازەکان بۆ بینینی پەیوەندی نێوان بابەت و پسپۆڕییە جیاوازەکان هاندەدرێن. ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە فێرکردنێکی گشتگیر هەبێت و جەخت لەسەر پەرەسەندنی هزریی و کۆمەڵایەتی بکاتەوە.

وردتر ئەمە بەو واتایە دێت، لەبری ئەوەی بابەتەکان بە دابڕاو لە یەکتری بخوێندرێن، وەک بیرکاری، زانست، یان مێژوو ... تاد،-ئەوا مامۆستایان فێرخوازان هان دەدەن، هەتا پەی بەوە بەرن، کە چۆن ئەم بابەتانە بەیەکەوە

گرێدراون. بۆ نموونە، ڕەنگە پرۆژەیەک ڕەگەزەکانی (زانست، هونەر و توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکان) لەخۆبگریت، ئەمەش ڕێگە بە فێرخوازان دەدات، لە چەندین ڕوانگەی جۆراوجۆرەوە لە بابەتێک تێبگەن.

بۆیە ئەم میتۆدە چەندەها سوودی هەیە، لەوانەش (تێگەیشتنی گشتگیر) فێرخوازەکان تێگەیشتنێکی قووڵترییان بۆ چەمکەکان لا دروست دەبێت، چونکە دەتوانن ئەوە ببینن، کە چۆن بوارە جیاوازەکانی زانین هەندێکیان بە یەکترییەوە بەستراونەتەوە. بۆ نموونە لێکۆڵینەوە لە گۆڕانی کەشوهەوا لەیەک کاتدا جیوگرافیا (ژینگە)، توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکان (کاریگەرییان لەسەر کۆمەڵگەکان) و هونەر (دروستکردنی هۆشیاری لە ڕێگەی پرۆژە بینراوەکانەوە) لەخۆدەگرێت.

هاوکات (کارامەیی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە) لای فێرخوازان بەهێز دەکات، ئەویش بە دروستکردن و دۆزینەوەی پەیوەندی لە نێوان بابەتەکاندا، فێرخواز فێری بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و چارەسەرکردنی کێشەکان بەشێوەیەکی داهێنەرانە دەبێت. دواتریش لە شیکردنەوەی دۆخەکان لە گۆشەنیگای جۆراوجۆرەوە شارەزا دەبێت. زۆرجاریش پرۆژەی نێوان پسپۆڕییەکان ئەو هەستە دروست دەکات، کە پەیوەندی بە ژیانی فێرخوازانەوە هەیە، ئەمەش (پاڵنەر و بەشداریکردن)یان لە فێربووندا بەهێزتر دەکات.

پرۆژە هاوبەشەکان کە بابەتگەلێکی جۆراوجۆر لەخۆدەگرێت و هاندەری کاری بەکۆمەڵ (تیم)یی و پەیوەندی نێوان فێرخوازانن، ئەمەش (پەرەپێدان و کارامەیی کۆمەڵایەتی) بەهێز دەکات. بەگشتی ئەم میتۆدەی نێوان پسپۆڕییەکان لە خوێندنی باڵای فینلەندا، نەک تەنها دەستکەوتە ئەکادیمییەکان فەراهەم دەکات، بەڵکو فێرخوازان بۆ ئاڵۆزییەکانی ئاڵنگارییەکانی جیهانی ڕاستەقینە ئامادە دەکات، ئەویش بە پەرەپێدانی لێهاتوویی هزریی و کۆمەڵایەتییەکانیان، هەربۆیە زانکۆکانی کوردستان دەتوانن لەم میتۆدە سوودمەند ببن.

گەشەپێدانی مامۆستایان

جۆریتی (quality) خوێندنی باڵا تا ئەندازەیەکی بەرچاو بە جۆریتی دەستەی وانەووتنەوەوە پەیوەستە. وەبەرهێنان لە پرۆگرامی پەرەپێدانی دەستەی وانەووتنەوە، کە گرنگی بە فێرکردنی پەروەردە و فێرکردنی ئاکاریی و لێهاتوویی توێژینەوە دەدەن، گرنگییەکی بەرچاویان هەیە. هاندانی ئەوان بۆ بەشداریکردن

لە گەشەپێدانی پیشەیی بەردەوام دڵنیایی ئەوە دەدات، کە ئامادەیی تەواویان بۆ پێشکەشکردنی فێرکردنێکی باش بە فێرخوازان هەیە.

بۆ نموونە لە وڵاتی سەنگافورە گرنگیدان بە مامۆستایان لە پێشینەی کارەکانە، مامۆستایان بە بەردەوامی و بەشێوەیەکی ڕێکخراو ڕاهێنان و هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکرێت. ئەمەش هۆکارێکی سەرەکی بەرزبوونەوەی ئاستی فێرکردن بووە لەو وڵاتە و لە ڕیزبەندی یەکەمینەکانی پەروەردە و فێرکردنی جیهانییدا جێگیری کردووە. سەرەڕای ئەوەی چەند ساڵێکە (دڵنیایی جۆریی) لەسەر ئاستی زانکۆکانی هەرێمی کوردستاندا پیادە دەکرێت، واتە ئەنجامدان و بەشداریکردن لە سیمینار و پانێل و کۆنفرانس و ... تاد بە ڕێژەیەکی بەرچاو زیادی کردووە، بەڵام ئەم پرۆسەیە ئەوەندەی (بەڕێکردن و خاڵ کۆکردنەوە)یە لەلایەن مامۆستایانی زانکۆوە، نیو ئەوەندە بۆ گەشەپێدانی خۆیان نییە!

ناوەندبوونی فێرخواز

دوورکەوتنەوە لە وانەوتنەوەی نەریتیی، کە لەسەر بنەمای (وانەوتنەوەی مامۆستا) ڕاوەستاوە، بۆ میتۆدگەلێکی فێرکردن کە پشت بە ناوەندبوونی فێرخواز دەبەستێت، دەتوانێت ئەزموونی خوێندنی باڵا بەشێوەیەکی بەرچاو بەرەوپێش ببات. ئەمەش زامنی بەکارهێنانە ستراتیژییەکانی فێرکردنی چالاک دەکات، وەک فێربوونی ڕاوەستاو لەسەر چارەسەرکردنی کێشەکان و پرۆژە هاوبەشەکان و فێربوونی کار، بۆئەوەی فێرخوازان بتوانن بە قووڵیی بەشداری لە پرۆسەی فێرکردنەکەیاندا بکەن.

بۆ نموونە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە خوێندنی باڵا، لە پێشەنگی جێبەجێکردنی ئەم میتۆدەدا بووە. زانکۆکانی وەک هارڤارد و ستانفۆرد ئەم شێوازانەیان لە ئامێز گرتووە، ئەمەش بووەتە هۆی بەشداریکردنێکی ئاست بەرز و دەستکەوتەکانی فێرخوازان. هەرچەندە چەند ساڵێکە لەسەر ئاستی زانکۆکانی هەرێم ئەم سیستمە (بۆلۆنیا) پەیڕەو دەکرێت، بەڵام لەبەرئەوەی زەمینەکەی بۆ نەڕەخساوە و پێداویستییەکانی بۆ دابین نەکراوە و دۆخی گشتی هەرێمیش چەندەها قەیرانی قوڵی تێدایە، ئەوا نەتوانراوە ئەمە بکرێت، تەنها ئەوە جێ بەجێ کرا، کە فێرخوازان مامۆستاکانیان هەڵبسەنگێنن، ئەوانیش باشترین مامۆستا بەلایانەوە ئەوانەن کە دەریان دەچێنن و نمرەی باشیان پێدەدەن!

بەرەوپێشبردنی توێژینەوە و داهێنان

هاندانی توێژینەوە و داهێنان گرنگییەکی بەرچاوی بۆ پێشخستنی خوێندنی باڵا هەیە. ئەمەش دەتوانرێت بە دابینکردنی بودجە بۆ پرۆژەکانی توێژینەوە و دروستکردنی ناوەندی توێژینەوەی جیامەند و بەهێزکردنی هاوکاریی و هاوبەشیی نێوان زانکۆکان و پیشەسازیدا بەدیبهێنرێت. بۆ نموونە زانکۆکانی ئەڵمانیا کە پشت بە ئەنجامدانی توێژینەوەی چڕ دەبەستن، وەک زانکۆی تەکنیکی میونشن، پەیوەندییەکی بەهێزیان لەگەڵ پیشەسازیدا دروستکردووە، لە ئەنجامدا سیستەمێکی ژینگەیی زیندووی داهێنان و گواستنەوەی تەکنەلۆژیا دروست بووە. بەڵام لەبەرئەوەی لە کوردستاندا پیشەسازی لە دۆخی نەبوون یان لاوازییەکی تەواودایە و مامۆستا حیزبییەکانیش کۆنترۆڵی سەنتەرەکانی توێژینەوەی نێو زانکۆکانیان کردووە، ئەوا نامۆ نابێت، کە توێژینەوەکان بەرەوپێش نەچن و داهێنانێکیش نەبینین!

بەشداریی جیهانیی

لە جیهانێکدا کە تادێت، زیاتر بەناویەکدا دەچێت، گرنگە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کۆمەڵگەی ئەکادیمی جیهانییدا کارلێک بکەن. ئەمەش دەتوانرێت لە ڕێگەی پرۆژە هاوبەشییە نێودەوڵەتییەکان و بەرنامەی ئاڵوویری فێرخوازان و مامۆستایان و بەشداریکردن لە دەستپێشخەرییە توێژینەوە جیهانییەکانەوە ئەنجام بدرێت. بۆ نموونە (پرۆگرامی ئیراسموس) لە ئەوروپا نموونەیەکی سەرەکیی بەهێزکردنی بەشداریکردنی نێودەوڵەتی خوێندنی باڵایە. لە ڕێگەی ئەم پرۆگرامەوە، فێرخوازان و مامۆستایان دەرفەتی خوێندن و کارکردنیان لە وڵاتە جیاوازەکاندا بۆ دەرەخسێت و شارەزایی بەهاداریی نێودەوڵەتی بەدەست دەهێنن.

بەڵام لە سایەی حکومەتێکدا کە تەواو بارگرانییە بەسەر خەڵکییەوە و نزیکەی دەساڵە چاو و دەستی بڕیوەتە مووچە و قوتی هاوڵاتییەکانییەوە، ئەوا هیچ ئاسۆیەک بەدیناکرێت، کە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بتوانن ئەم خاڵە جێبەجێ بکەن، لەبەرئەوە لە ئێستادا نەک ناتوانن بەڕووی زانکۆ جیهانییەکاندا بکرێنەوە، بەڵکو ڕۆژ لەدوای ڕۆژ گۆشەگیرتر دەکرێن، لە ئەنجامیشدا ناتوانن عەقڵی کراوە دروست بکەن، لە کۆمەڵێکیشدا عەقڵی کراوە دروست نەبێت، ئەوا نابێت چاوەڕوانی کۆمەڵگەی کراوە بکەین، بۆیە مەحکومین بەوەی لەنێو کۆمەڵگە داخراوەکەدا درێژە بە ژیان بدەین.

بەهێزکردنی کولتووری فێربوونی بەردەوام (بەدرێژایی ژیان)

خوێندنی باڵا نابێت وەک ئەزموونێکی سنووردار سەیر بکرێت، بەڵکو دەبێت وەک سەرەتای گەشتێکی تەواوی ژیان بۆ فێربوون لێیبڕوانرێت. بۆیە زانکۆکان پێویستە فێربوونی بەردەوام بەرەوپێش ببەن، ئەویش بە پێشکەشکردنی (پرۆگرامی خوێندنی بەردەوام)، (خولی ئۆنلاین) و (دەرفەتی گەشەپێدانی پیشەیی) بۆ دەرچووانی زانکۆ و کۆمەڵگە بەشێوەیەکی فراوانتر.

بۆ نموونە لە دانیمارک چەمکی فێربوونی بەردەوام (بەدرێژایی ژیان)، بە قووڵیی لە سیستەمی فێرکردندا چەسپاوە. زانکۆکانی دانیمارک کۆمەڵێک بەرنامە بۆ فێرخوازانی گەورەساڵان پێشکەش دەکەن، تێیدا ئەوە زامن دەکەن، کە خوێندن بۆ هەمووان بەردەستە، بەبێ گوێدانە تەمەن یان قۆناغی ئەو پیشەیەی ئەنجامی دەدات.

بەڵام لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستاندا (پرۆگرامی خوێندنی بەردەوام)، (خولی ئۆنلاین) و (دەرفەتی گەشەپێدانی پیشەیی) بۆ دەرچووانی زانکۆ و کۆمەڵگە بەشێوەیەکی فراوانتر لە ئارادا نییە، سەرەڕای ئەوەی مەرجی تەمەن تا ئێستاش مەرجێکی سەرەکییە و چەندەها کەسی بەهرەدار و تامەزرۆی فێربوونی لە بەدیهێنانی خەونەکانیان بێبەش کرد. سەرەڕای ئەوەش تەنانەت نەتوانراوە لای بەشێکی زۆری مامۆستایانی زانکۆ ئەو بیرکردنەوەیە دروست بکرێت، چونکە بەلای ئەوانەوە، کۆتا ئامانجی فێربوون بریتییە لە بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا و نازناوی زانستی (پرۆفیسۆریی)، ئەگەر ئەمەش بەدەست هات، ئەوا واتای ئەوەیە کە گەیشتوونەتە پلەی یەقین و ئیتر پێویستیان بە کتێب و توێژینەوە و خوێندنەوە نەماوە! هەربۆیە یەکێک لەو مامۆستایانەی لە زانکۆکانی کوردستان ڕۆژی دوای بەدەستهێنانی دکتۆراکەی، کتێبەکانی کۆدەکاتەوە و دەیباتە بازاڕ دەیفرۆشێت، کاتێک کتێب کڕەکە لێی دەپرسێت بۆ دەیفرۆشیت؟ لە وەڵامدا دەڵێت: تەواو کارم پێیان نەما، چونکە دکتۆرام تەواوکرد!

ئاڵنگاریی و دەرفەتەکان لە هەرێمی کوردستان

جێبەجێکردنی ئەم ستراتیژانە لە هەرێمی کوردستان هەم ئاڵنگاریی و هەم دەرفەتەکان دەخەنەڕوو. یەکێک لە ئاستەنگە سەرەکییەکان خوێندنی باڵا بریتییە لە باڵادەستی حیزبی فەرمانڕەوا و پڕکردنەوەی تەواوی پۆست و پێگە زانستییەکان بە کەسانی سەربەخۆیان، دیارە کە بەشێکی ئەمانیش لە بنەڕەتدا بە (قبول خاص) وەرگیراون، واتە بە لێهاتوویی و مافی خۆیان بەو ئاست و پێگانە نەگەیشتوون، بۆیە

ئەمانە نە لێهاتوویی زانستییان هەیە، کە بڕیاری دروست بدەن، نە سەربەخۆیی تەواویش تابتوانن کاری گرنگ و چارەنووسساز ئەنجام بدەن. تەنانە لەبەرئەوەی نەزانی و ناتەواوییەکانیان دەرنەکەویت، دژایەتی هەر کەسێک دەکەن کە پرۆژەیەک پێسکەش بکات، یان خاوەنی سەربەخۆیی خۆی و دیدی تایبەت بەخۆی بێت، بۆیە نامۆ نیە کە چەندین تۆمەتی بدەنە پاڵ و گومانی لەسەر دروستبکەن، بۆیە بەدڵنیاییەوە هەمیشە ئەو کەسانە فەرامۆشکرا و پەراوێزخراون.

> **یەکێك لە ئاستەنگە سەرەکییەکان خوێندنی باڵا بریتییە لە باڵادەستی حیزبی فەرمانڕەوا و پڕکردنەوەی تەواوی پۆست و پێگە زانستییەکان بە کەسانی سەربەخۆیان، دیارە کە بەشێکی ئەمانیش لە بنەڕەتدا بە (قبول خاص) وەرگیراون، واتە بە لێهاتوویی و مافی خۆیان بەو ئاست و پێگانە نەگەیشتوون**

هاوکات یەکێکی دیکە لە ئاستەنگە بنەڕەتییەکان بریتییە لە تەرخان نەکردنی بودجە و سەرچاوەی گونجاو بۆ پشتگیریکردن لە چاکسازیکردنی میتۆدی توێژینەوە و گەشەپێدانی مامۆستایان و دەستپێشخەرییەکانی توێژینەوە. سەرەڕای ئەوەش، ڕەنگە بەرەنگاریی و ئاستەنگی زۆر بۆ گۆڕانکاریی لەلایەن نواندنە فێرکارییە نەریتییەکانەوە هەبێت. بەڵام دەرفەتی بەرچاویش هەیە. هەرێمی کوردستان خاوەنی میراتێکی دەوڵەمەندی کولتووریی و دانیشتووانێکی گەنج و پڕ وزەیە، کە بە تامەزرۆییەوە (خۆبەخۆ) لەگەڵ جیهاندا سەرقاڵی پەیوەندیکردنن. هەرێم بە بەکارهێنانی ئەم خاڵە بەهێزانە دەتوانێت سیستەمێکی خوێندنی باڵای ئەوتۆ دروستبکات، کە نەک تەنها پێداویستییەکانی خەڵکەکەی دابین بکات، بەڵکو شوێنی خۆیشی وەک پێشەنگێک لە کۆمەڵگەی ئەکادیمی جیهانیدا جێگیر بکات.

دووەم: چاکسازی خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان

سەربەنێکی مێژوویی

گفتوگۆکردن لەسەر (چاکسازی خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان) بەیەکێک لە گرنگترین پرسە چارەنووسسازەکانی ئەمڕۆ دادەنریت، بابەتێکە کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەو پرسیارە جەوهەرییەوە هەیە، کە ئێمە وەک کۆمەڵگە کێین و دەمانەوێت کێ بین، بەڵام ڕوونتر دەتوانین بڵێین ئەمە تەنها خەمێکی ئەکادیمی نییە. بەڵکو چاکسازیی لە خوێندنی باڵا، هیچی کەمتر نییە لە چاکسازیی خودی کۆمەڵگە، چونکە پەیوەستە بە پێکهێنانی (عەقڵ) و (دڵ)ی نەوەی داهاتوو و لە ڕێگەی ئەوانەوە، داڕشتنی چارەنووسی گەلەکەمان.

بە درێژایی مێژوو ئەو کۆمەڵگایانەی کە کاریگەرییەکی بەردەوامیان لەسەر جیهان بەجێهێشتووە، ئەو کۆمەڵگەیانە بوون، کە درکیان بە (هێزی فێرکردن) وەک ئامرازێک بۆ گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی کردووە. بۆ نموونە (سەردەمی ڕێنیسانس) قۆناغێکی بوژانەوە و گەشەسەندنی بێهاوتای هزریی و هونەریی ئەورووپا بوو، کە ڕەگ و ڕیشەی بۆ زیندووکردنەوەی فێربوونی کلاسیکی دەگەڕایەوە. زانکۆکانی ئەو سەردەمە، وەک (زانکۆی پۆلۆنیا) و (زانکۆی پاریس)، بوونە ناوەندی هزری نوێ، کە ئاڵنگاریی بیروباوەڕە کۆنەکانیان دەکرد و بناغەی زانست و سیاسەت و فەلسەفەی مۆدێرنیان داڕشت. ئەم دامەزراوانە تەنها وانەیان نەدەگوتەوە، بەڵکو خودی پەیکەری کۆمەڵگەیان گۆڕی. بە وتەی نیلسۆن ماندێلا: «پەروەردە و فێرکردن بەهێزترین چەکن، کە دەتوانیت بۆ گۆڕینی جیهان بەکاریان بهێنیت». ئەو پەی بەوە بردبوو، کە جەنگی ئازادیی و یەکسانیی لە باشووری ئەفریقا، چەندە جەنگی خەباتی سیاسی و کۆمەڵایەتییە، ئەوەندەش جەنگی هزر و بیرۆکەکانە. بەهەمان شێوە، لە زەمینەی ئێمەدا چاکسازیی لە خوێندنی باڵادا کلیلی کردنەوەی تەواوی تواناکانی گەل و دڵنیابوونە لەوەی کە کوردستان دەتوانێت جێگەی شایستەی خۆی لەسەر شانۆی جیهان بگرێتەوە.

بەدرێژایی مێژوو فێرکردن ڕۆڵێکی سەرەکی لە گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتیدا گێڕاوە. لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا ژاپۆن گۆڕانکارییەکی گەورەی بەسەردا هات، ئەویش گۆڕانی بوو، لە کۆمەڵگەیەکی فیودالییەوە بۆ هێزێکی پیشەسازی مۆدێرن. ئەمەش بە زەبری (هێز) یان (زۆرکردن) ڕوویندا، بەڵکو بەهۆی چاکسازییەکی گشتگیر لە سیستەمی فێرکردندا بوو. چاکسازییەکانی (مێیجی)

مۆدێلێکی نوێی فێرکردنی پێشکەشکرد، کە جەختی لەسەر زانست و تەکنەلۆژیا و زانیاری خۆرئاوا دەکردەوە، هاوکات لەگەڵ ڕێزگرتن لە میراتی دەوڵەمەندی کولتووری ژاپۆن. ئەم تێکەڵە لە (نەریت) و (داهێنان)، نەوەیەکی سەرکردە و بیرمەند و داهێنەری دروستکرد، کە ژاپۆنیان بەرەو جیهانی مۆدێرن برد.

بە هەمان شێوە ئەمریکا لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی، بۆ پاراستنی پێگەی خۆی وەک گەورەیەکی جیهان، درکی بە پێویست بوونی دانیشتووانێکی خوێندەوار کرد. ئەوەبوو دەرفەتی خوێندنی بۆ سەربازە گەڕاوەکان ڕەخساند، ئەوەش سیاسەتێکی گۆڕانکاریی بوو، کە مۆرکێکی دیموکراتی بە خوێندنی باڵا بەخشی و ئابووری پێشخست. هەروەک (هێزێکی کار)ی لێهاتووی دروستکرد، کە بۆ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای وڵات و هەژموونی ئابووری لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا زۆر گرنگ بوو. لەم دوو نموونەیەدا دەبینین، کە چۆن چاکسازیی لە فێرکردندا، تەنها دامەزراوەکانی باشترنەکرد، بەڵکو هەوڵی دروستکردنی کەسانێکی دا، کە توانای گۆڕانکاریی کۆمەڵگەییان هەبێت، واتە بە (دانایێتی) و (تێڕوانین)ەوە سەرکردایەتی و بەشداریی لە چاکەی گەورەتردا بکەن.

ڕەهەندەکانی چاکسازی خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان

کاتێک ئێمە بیر لە چاکسازیی خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان دەکەینەوە، دەبێت وانە لەم نموونە مێژووییانە وەربگرین و لە زەمینە جیامەندەکەی خۆماندا جێبەجێیان بکەین. هەربۆیە چاکسازییەکە دەبێت چەندین ڕەهەندی سەرەکی لەخۆبگرێت:

پاکی و جۆرێتی ئەکادیمی

زانکۆکان دەبێت ببنە پەناگەیەکی زانستیی و هزریی ورد، کە تێیدا پێوەرە ئەکادیمییەکان بەبێ سازشکردن بپارێزرێن. ئەمەش بەواتای بەهێزکردنی کولتوورێکە کە توێژینەوە بەوپەڕی تامەزرۆیی و دەستپاکییەوە ئەنجام دەدرێت، تێیدا فێرخوازان بۆ (پرسیارکردن) و (داهێنان) و (چوونە نێو سنوورەکانی زانین)ەوە هاندەدرێن. واتە دەبێت ڕێگە بە دابەزاندنی پێوەرە زانستییەکان لە پێناو بەرژەوەندی سیاسییدا نەدرێت. وەک چۆن فەیلەسوفی گەورە (جۆن دیوی) دەڵێت: «فێرکردن ئامادەکاریی نییە بۆ ژیان، بەڵکو خودی ژیانە». بۆیە گرنگە دامەزراوەکان لە میانەی چاندنی (خۆشەویستیی فێربوونی بەردەوام و بەدرێژایی ژیان) بۆ فێربوون لە ناخی فێرخوازەکاندا، ئەم بنەمایە بەرجەستە بکەن.

گرنگی میتۆدەکانی توێژینەوە و داهێنان

ئەو میتۆدانەی لە زانکۆکاندا بەکاردەهێنرێن، دەبێت (میراتی کولتووری کۆمەڵگە) و (خواستەکانی جیهانی مۆدێرن) لەبەرچاوبگرن. واتە دەبێت فێرخوازان بەو ئامرازانە توێشودار بکرێن، کە بتوانن لەگەڵ ئاڵنگارییە جیهانییەکاندا مامەڵە بکەن و لەهەمانکاتدا لە مێژوو و نەریتە دەوڵەمەندەکانی کوردەوارییدا قاڵ ببنەوە. ئەمەش فێرکردنێک دەخوازێت، کە لەیەک کاتدا ئاگاداری (جیهان) و (ڕەگ و ڕیشەی ناوخۆیی) بێت، کە (دانایتی نەریتیی) لەگەڵ (تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو) و (پەروەردەی مۆدێرن) تێکەڵ بکات. فەیلەسوفی گەورەی چینی کۆنفۆشیۆس دەڵێت:» مرۆڤەکان بە سروشت لەیەک دەچن، بەڵام لە میانەی مومارەسەکردنەوە، بەتەواوی لەیەکتر جیاواز دەبن». لە ڕێگەی فێرکردنەوەیە کە ئەم مومارەساکردنانە دروست دەبن، دڵنیایی ئەوەش دەدەن، کە فێرخوازان نەک تەنها لە بواریکدا لێهاتوو دەبن، بەڵکو بناغەیاکی کولتووریی و ئاکاریشیان بۆ دروست دەبێت.

دروستکردنی هاوڵاتی بەهادار و شارستانی

دەبێت فێرکردن (گواستنەوەی زانیارییەکان) تێپەڕێنێت. هاوکات دەبێت ئامانجی دروستکردنی تاکەکان بێت، واتە نەک هەر زانیارییان هەبێت، بەڵکو لەڕووی ئاکاریشەوە دامەزراوبن. پێویستە زانکۆکان ببنە زەوییەکی بە پیت بۆ بەرهەمهێنانی هاوڵاتیانێک کە خەونیان بەدیهێنانی خۆشگوزەرانی بێت بۆ کۆمەڵگاکەیان، هاوکات پەی بە گرنگی (دادپەروەریی و یەکسانیی و مافی مرۆڤ) ببەن و ئامادە بن بە دڵ و بەوپەڕی ئاگاییەوە خزمەتی بکەن. وەک چۆن (مەهاتما گاندی) دەڵێت: «سەختی ڕاستەقینە ئەوەیە، کە خەڵکی بەڕاستی هیچ بیرۆکەیەکیان دەربارەی فێرکردن نەبێت. ئێمە بەهای پەروەردە بە هەمان شێوەی بەهای زەوی یان پشکەکانی بازاڕی بۆرسە هەڵدەسەنگێنین!». قسەکانی گاندی ئەوەمان بیردەخەنەوە، کە فێرکردنی ڕاستەقینە بریتییە لە بونیادنانی کەسایەتی نەک بە تەنها پیشە.

سەربەخۆیی دامەزراوەیی و لێپرسینەوە

بۆئەوەی زانکۆکان بەتەواوی گەشە بکەن، پێویستە سەربەخۆیی (داهێنان) و (خۆگونجاندن)یان پێبدرێت، واتە لە دەستێوەردانی سیاسی نارەوا دووربخرێنەوە. لەهەمانکاتدا دەبێت ئەم سەربەخۆییە لەگەڵ چوارچێوەیەکی بەهێزی لێپرسینەوەدا هاوتەریب بڕوات، واتە ئەو دڵنیاییە ببەخشێت، کە دامەزراوەکان خزمەت بە چاکەی

گشتی دەکەن و وەڵامدەرەوەی پێداویستییەکانی کۆمەڵگەن. مێژوونووسی بەریتانی (لۆرد ئەکتۆن) دەڵێت: «دەسەڵات مەیلی گەندەڵی هەیە، دەسەلاتی ڕەهاش بەشێوەیەکی تەواو گەندەڵ دەبێت». ئەم گووتەیە بەسەر دامەزراوەکانی خوێندنی باڵاش جێبەجێ دەبێت. بەمپێیە زانکۆکان دەبێت لە بەڕێوەبردنی خۆیاندا ئازاد بن، بەڵام دەبێت ملکەچی پێوەرەکانی هەڵسوکەوتی ئاکاریی و لێپرسینەوەی گشتی بکرێن.

پێڕاگەیشتن و گشتیبوون

سیستەمی خوێندنی باڵا دەبێت سیستەمێک بێت، کە هەمووان دەستیان پێ بگات، بەبێ گوێدانە هەر پاشخان و پەیوەندیداریيەک. دەبێت بەربەستەکان بشکێنێت نەک دروستییان بکات. ئەمەش بەواتای چارەسەرکردنی پرسەکانی یەکسانی نێوان دوو ڕەگەز و پشتگیریکردنی فێرخوازان لە هەموو چین و توێژەکان و دڵنیابوون لەوەی کە زانکۆکان ڕەنگدانەوەی تەواویی هەمەجۆریی کۆمەڵگەیە. واتە پێویستە لەوە دڵنیا بین، کە هەموو فێرخوازان بەبێ گوێدانە بارودۆخیان دەرفەتی گەشەپێدانی زیرەکی و کەسایەتیی خۆیان هەبێت.

بەمشێوەیە دەتوانین بڵێین، هەرگیز لە باسکردنی گرنگی چاکسازیی لە خوێندنی باڵادا زیادەڕەوی ناکرێت. لە ڕێگەی فێرکردنەوە دەتوانین بناغەی کۆمەڵگەیەکی دادپەروەر و ئاوەدان و ئارام دابنێین. بەواتایەکی دیکە لە میانەی چاکسازیی لە زانکۆکانماندا، تەنها دەرئەنجامە فێرکارییەکان باشتر ناکەین، بەڵکو ئێمە بناغە بۆ داهاتوویەک دادەنێین، کە گەلەکەمان بتوانێت بینای لەسەر بکات. سیستەمێکی خوێندنی باڵای چاککراو، (سەرکردە)یەک بەرهەم دەهێنێت، کە توانای (تێگەیشتن) و (مامەڵەکردن)ی لەگەڵ ئاڵۆزییەکانی جیهانی مۆدێرندا هەبێت، (هاووڵاتییان) ێکیش پەروەدە دەکات، کە پابەندبن بە دادپەروەریی و یەکسانیی و داهێنەربن، دواتر گەشەی ئابووریی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی پێش دەخات.

لەکۆتاییدا دەتوانین بڵێین، چاکسازی خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان تەنها دروستکردنی زانکۆی زیاتر و باشتر ناگەیەنێت، بەڵکو پەیوەندی بە دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی باشترەوە هەیە. واتە پەیوەندی بە پەروەردەکردنی نەوەیەکەوە هەیە، کە بە دانایی و دەستپاکیی و میهرەبانییەوە سەرکردایەتی دەکات، نەوەیەک کە دەتوانێت کوردستان بۆ داهاتوویەک بگوازێتەوە، کە خۆشگوزەران بێت و ئاشتی و شکۆی مرۆڤەکانی تێدا پارێزراو بێت.

سەرچاوەکان

1) Alasdair MacIntyre: Three Rival Versions of Moral Enquiry: Encyclopaedia, Genealogy, and Tradition, University of Notre Dame Press, Notre Dame, 1990.

2) Felder, Richard M., and Rebecca Brent, Teaching and Learning STEM: A Practical Guide, Jossey-Bass, San Francisco, CA, 2016.

3) Henry A. Giroux: Neoliberalism›s War on Higher Education, Haymarket Books, Chicago, 2014.

4) John Dewey: Democracy and Education, Macmillan, New York.

5) Martha Nussbaum: Not for Profit: Why Democracy Needs the Humanities, Princeton University Press, Princeton, 2010.

6) Paulo Freire: Pedagogy of the Oppressed, Herder and Herder, New York, 1970.

7) Peter Scott: The Meaning of Mass Higher Education, Open University Press, Buckingham, 1995.

8) Ronald Barnett: The Idea of Higher Education, Open University Press, Buckingham, 1990.

9) Sahlberg, Pasi, Finnish Lessons 2.0: What Can the World Learn from Educational Change in Finland?, Teachers College Press, Second Edition, New York, 2015.

10) Schuetze, Hans G., and Maria Slowey: Learning for Life: The Role of Adult Education in the European Union, Peter Lang, Frankfurt, 2012.

11) Tan, Charlene: Education in Singapore: Taking Stock, Looking Forward, Springer, Singapore, 2018.

١٢- منذر الشاوي: كتابات جامعية، دارالحكمة، بغداد ، ١٩٩٠.

حەیدەر لەشکری

پرۆفیسۆر و مامۆستای زانکۆی کۆیە و پسپۆڕ لە مێژووی کورد لە سەدەکانی ناوەڕاستی ئیسلام و میتۆدەکانی نووسینەوەی مێژوویی.

مەرگی زانستە مرۆڤایەتییەکان و ژیانەوەیان لە بواری ئەکادیمیدا

پرسە سەرەکییەکانی بەردەم زانستە مرۆڤایەتییەکان

هەرکەسێک، ئەگەر ئێستا لە بواری زانستە مرۆڤایەتییەکاندا پسپۆڕە و سەرقاڵی توێژینەوە و بەشدارە لە بەرهەمهێنانی گوتاری زانستیی – ئەکادیمییانەی ئەم زانستانە، خۆی لەبەردەم چەندین پرسیاردا دەبینێتەوە، کە پەیوەستن بە چییەتی و ناسنامە و بەهاوە؛ ئەرێ ئێمە، ئەهلی ئەم زانستانە، چیمان هەیە بۆ گوتن، کە لەم ساڵی ٢٠٢٤دا، کە بۆ بیستن بشێت؟ سەرباری ئەو خۆماندووکردن و خۆهێنان و بردنەی هەمانە، کێ بەرهەمە زانستییەکانمان دەخوێنێتەوە یان بە گرنگیان دەزانێت؟ ئەسڵەن ئێمە کێین و لەکوێی پێداویستیی ئەکادیمیداین؟ لە زەمەنێکدا کە لە ئاستی جیهانی پێشکەتوودا کەمترین پاڵپشتیی دارایی زانستە مرۆڤایەتییەکان دەکرێت، چ جای جیهانی ئێمە، کە چییەتی زانست و پێداویستبوونی هێشتا نەبوونەتە پرسی بنەڕەتی ئەو سیستەمە سیاسیی – کۆمەڵایەتییەی لەچوارچێوەیداین. پرسی لەوە گرنگتر ئەوەیە ئایا لەبارین تا، وەک زانستە پەتییەکان، لە دووتوێی چەمکی ‹‹نوێبوون – innovation›› بناسرێین؟

جگە لەمانە دەشێ هەریەک لە ئێمە چەندین پرسی دی ڕیز بکەین، هەموویان بەدەوری چییەتییەکە و بەها و جێکەوتەکانی زانستەکانەوەن. بەدەوری ئەوەن، کە چیمان هەیە بۆ گوتن لە سەردەمی نەبیستندا. بێگومان ئەو پرسانە مانایان ئەوەیە زانستە مرۆڤایەتییەکان بەردەوام دەبێ لە هەوڵی ئەوەدابن بسەلمێنن، کە بوار و کایەکانیان گرنگن. ئەمەش چەشنێکە لە گەڕان بەدوای ڕەوایەتی هەبوون، لەچوارچێوەی ئەوەی دەشێت بە بینراو و نەبینراوی جێکەوتەی مەعریفەی جێبەجێکارییانە ناوبنرێت. تۆ تەماشابکە، کە جێکەوتەی داهێنانێکی پزیشکی هەموو دونیا دەیبینێت، کەچی هی زانستە مرۆڤایەتییەکان، لەبەر دوورمەودایی، هێواشی و ڕەهەندی نادیارییەوە، نەبینراون. ئەمەش گرفتێکی هەرە بنەڕەتییە، چونکە نەبینراو، لە زەمەن و شوێنێکدا کە بینین و جێکەوتەی بەرجەستە ئاڕاستەی بەها و پێگەبەخشین دەکەن، یەکسانە بە مەرگێکی هێواش.

لە زەمینەیەکی ئاوای خێرا و بێ پەروا، کێ دەڵێت ئێمە گرنگین؟ دێتە بیرم کاتی خۆی لە زانکۆی کۆیە کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتی لەبارەی حاجی قادری کۆیی سازکرا، لە زانکۆیەکی تر بەرپرسێکی هەرە باڵا، کە پسپۆڕییەکەی زانستە پەتییەکان بوو، هاتە دەنگ. ڕایگەیاند کۆنفرانسێکی ئاوا هیچ سودێک بە کۆمەڵ

ناگەیەنێت و باشتروایە ئەو پارەیەی لە کۆنفرانسێکی ئاوا خەرج دەکرێت لە بواری ئەندازیاری، کە پسپۆڕی خۆی بوو، خەرجبکرێت؛ کۆمەڵگەمان پێویستی بە شیعر نییە بە ڕێگەوبانە! قسەکانی لە ڕووکەشدا ڕاست بوون، ڕەنگدانەوەی بینینی ئەو بوون، نەک بۆ حاجی قادر، بەڵکو بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان و ئەو ڕۆڵەی کاراکانی نێوی لە زەمینەی ئێمەدا دەیگێڕن، کە ئەوەندەی سەرقاڵی بەهانەهێنانەوەن بۆ گرنگیی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەوەی دەستەبژێرانە و تێگەیشتنیان سنوردارە. ئەوەندە بەلای ناساندن نین. ئیدی نەبوونی «خودئاگایی» سەبارەت بە ئەرکی کردەکییانەی ئەم زانستانە، وایکردووە ئاوا بۆ ئەوی پسپۆڕی بواری ئەندازیاری گرنگیە دینامیکییەکەی نەبینرێ. هەربۆیە ئەوەی باسی گرنگییەکانی ئەم کایە زانستییانە دەکات خۆمانین، ئەوانیتر ئەگەر ڕەحمیشیان هەبێت دەڵێن میراتی سەردەمانی زوون. دەڵێن گشتین، دەڵێن شاعیرێک باشتر لە پسپۆڕێکی بواری ڕەخنەی ئەدەبی لە شیعرەکەی خۆی دەگات. دەڵێن سیاسییەک باشتر لە مێژوونووسێک ڕابردوو دەنوسێتەوە ... تاد. لەوەش گرنگتر دەڵێن جا هەبن یان نەبن چ لە مەسەلە بنەڕەتییەکان دەگۆڕێت؟

بۆیە ترسی مردنیان لەسەرە، بەڵام بۆ ترس؟ چونکە زانستە مرۆڤایەتییەکان هێشتا کار لەسەر کولتووریی باڵا و یادەوەریی کولتووری دەکەن: نالی، میرنشینە کوردییەکان، میدیا، ڕۆڵی گرنگی ژن.. تاد. بەمەش هێشتا زانستی دەستەبژێرانەن. هەربۆیە بەڕێوبەرانی سیاسەتی کولتووریی، جا هەر لایەن و کەس و دەزگایەک بێت، کە هەنوکەییانە دەڕوانن، ناتوانن و نایانەوێت ڕووە کردەکییەکەی ببینن. جگە لەمەش خۆ کولتووریی باڵا، تا باڵا بێت، کەمتر سەرنجی عەقڵیەتی مادییگەرا و مەسرەفگەرا ڕادەکێشت، کەمتریش لەگەڵ پێداوسیتییە مەعریفییەکانی مرۆڤی «سەردەمی بێبەهایی» ڕێک دێتەوە. هەوڵدەدەم لەم کورتە وتارە، ئەم بابەتانە کەمێک شرۆڤە بکەم.

زانستە مرۆڤایەتییەکان لە خزمەت دەسەڵاتدا

ڕەخنەی هەرە بنەڕەتی کە لە زانستە مرۆڤایەتییەکان دەگیرێت ئەوەیە، کە پتر گرێژەنەیەکن دەرگای دەسەڵاتی باو تۆکمەتر دادەخەن؛ ڕەوایەتی بە سیستەمی باوی کۆمەڵایەتیی – سیاسی دەبەخشن. ئەمەش تاڕادەیەکی باش دروستە. لەڕووی

مێژووییەوە، زۆربەی کات پسپۆڕییەکانی وەک مێژوو، فەلسەفە و ئەدەب بواری سەربەخۆ نەبوون، بەڵکو چالاکانە لە دارشتن و پاساوهێنانەوە بۆ سیستەمی باوی حوکمڕانیدا بەشداربوون. زانستە مرۆڤایەتییەکان، بە جەختکردنەوە لەسەر بالایی هەندێک گێڕانەوە بەسەر هەندێکی تردا، یارمەتیدەربوون لە بونیادنانی چوارچێوەیەکی کولتووریی و هزرییانەی ئەوتۆ، کە دۆخی ئێستا، بە باش و خراپییەوە، بەرز ڕابگرێت. ئەوان هەندێک بەها، نەریت و ئایدۆلۆژیا بەسەر هیتردا سەردەخەن، لەپێناو سەپاندن و ڕەوایەتیدان بە سەروەریێتی بالای دەسەڵاتە سیاسییە – کۆمەڵایەتییەکە. بەچەشنێک گوتاری زاڵ ئەوە دەبێت، کە ئەم دەسەڵاتە سروشتی و حەتمی دەربکەوێت. بۆ نموونە دەشێت شکۆمەندکردنی گێڕانەوەی مێژوویی یان پڕوپاگەندەکردن بۆ بیرۆکەی فەلسەفی دیاریکراو، جیهانبینییەک بسەپێنێت کە لەگەڵ بەرژەوەندییە دەسەڵاتییەکاندا ڕێکبێتەوە. بەمەش ئەگەری شرۆڤەی ڕەخنەگرانە یان هەبوونی دیدگای جیاواز کەم دەکاتەوە.

سەرباری ئەمانە، زۆرجار زانستە مرۆڤایەتییەکان بەشدارن لە بەرزکردنەوەی نائاساییانەی سیستەمێکی دیاریکراوی کۆمەڵایەتی–فەرهەنگی و نواندنی وەک سیستەمی بالادەست و بێهاوتا بەراورد بە ئەوانی دیکە، کە ئەمەش چەشنێک لە هەستی بالادەستیی کولتووری پەروەردە دەکات. ئەمە لە چیدا زیاتر دەبینرێت؟ لە شێوازی پەرەپێدانی دامەزراوە پەروەردەییەکان و گێڕانەوە کولتوورییەکان بۆ دەسکەوتەکانی شارستانیەتێک یان ئایدۆلۆژیایەک و پەراوێزخستنی ئەوانیتر. لە ڕێگەی ئەدەب، هونەر، فەلسەفە و بوارە زانستییەکانی دیدا هەندێک کردار و بەهای کولتووری وا پیشاندەدرێن، کە پێوەری هەمەگیر بن بۆ پێشکەوتنی مرۆڤایەتی. ئەمەش بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ یان بەڕوونی پێشنیازی ئەوە دەکات کە سیستەمەکانی دیکە بێبەهاتر و ئاست نزمترن. هەروەها، نەک هەر بالادەستی سیستەمێکی کۆمەڵایەتی–فەرهەنگی دیاریکراو بەهێز دەکات، بەڵکو جیهانبینییەکی پلەبەندیش دەسەپێنێت، کە سیستەمی هزریی و شێوازی جیاوازتر بۆ ژیان بێ بەها دەنوێنێت، یان تەنانەت – بە بیانووی بێبەهایی – دەیسڕێتەوە. بەم پێیە زانستە مرۆڤایەتییەکان، وێڕای زەنگینکردنی تێگەیشتنمان لەبارەی جیهانەوە، هەندێک لە لیکەوتەکانی ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕن لە پاراستن و ڕەوایەتیدان بەو داینامیکی دەسەڵاتەی، کە کۆمەڵگە مۆدێرنەکان بەڕێوەدەبەن.

زانستی گێڕانەوە گەورەکانن

گرفتێکی دی ئەوانەی لە بواری زانستە مرۆڤایەتییەکاندا پسپۆڕن ئەوەیە، کە وەک زانستی باڵا و بێهاوتا دەینوێنن. ئەمەش لەو باوەڕە دێت ئەمانە زانستی گێڕانەوە گەورەکانن، ئەو گێڕانەوانەی هەبوونی مرۆڤانەمان بۆ بەرجەستە دەکەن. ئەمە ڕەخنەیەکی هزرییە، کە دەمێکە لەم زانستانە دەگیرێت. بەتایبەت کە دێن جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، ئەوان «زانستی گێڕانەوە گەورەکان»ن؛ مەیلێکیان هەیە بۆ پێشخستن و جەختکردنەوە لەسەر چیرۆکە گەورە و سەراپاگیرەکان، لەسەر حیسابی جیاوازییە وردەکان و هەمەجۆریی دیدگاکانەوە. ئەمەش زۆرجار دەبێتە هۆی بنیاتنانەوە و بەردەوامیدان بە میتاگێڕانەوە؛ ئەوەی دیاردە کۆمەڵایەتی و کولتووریی و مێژووییە ئاڵۆزەکان زۆر ئاسان و گشتگیرانە پیشان دەدات. لێرەوە ئەگەر بوارەکانی وەک مێژوو، ئەدەب، فەلسەفە و هونەر خۆیان لەنێو ئەم جۆرە گێڕانەوانە بەند دەکەن، ئەوا مەترسی ئەوەیان هەیە، فرەدەنگی بسڕنەوە و ئەزموونە جیاجیاکان، لە خوێندنەوەی واقیعی مرۆڤایەتی، پشتگوێ بخەن. خۆ زۆربەی کاتیش ئەم گێڕانەوە مەزنانە ڕەنگدانەوەی ئایدۆلۆژیای هەژمونگەرای سەردەمی خۆیانن. هەربۆیە هەمان ئەو ئەرکە دەسەڵاتییە ئەنجامدەدەن، کە باسمان کرد؛ پێکهاتەی دەسەڵاتی باو بەهێز دەکەن و ئەوانەش، کە لەنێو چیرۆکە مەزنەکان جێگەیان نابێتەوە پەراوێز دەخەن. ئەمەش پێماندەڵێت، کە ڕەنگە زانستە مرۆڤایەتییەکان، بێئاگایانە، بەشداری لە سەپاندنی تێگەیشتنی تاکڕەهەندانەی ئەزموونی مرۆڤایەتی بکەن. ئەمەش تێگەیشتنێکە چاوپۆشی لە ئاڵۆزیی و دژیەکییەکان دەکات، کە زۆر گرنگن بۆ دروستکردنی تێگەیشتنێکی گشتگیرانە. ئیدی زاڵبوونی خەمی گێڕانەوەی گەورە، توانای زانستە مرۆڤایەتییەکان لە پێشکەشکردنی خوێندنەوەی ڕەخنەگرانەی فرەڕەهەند سنوردار دەکات.

زانستی بێ بازاڕ

لەئێستای دونیای ئەکادیمیدا بەهانەی هەبوونی کایەی زانستی، پەیوەستە بە پرسی بازاڕی کارەوە. زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەو قەوارەی ئێستا لە زەمینەی ئێمەدا هەیانە، ناتوانن لەنێو بازاڕدا ببن. چەمکی زانستی نابازاڕییانە ڕووبەڕووی ئەو بیرۆکە باوە دەبێتەوە، کە بەهای بوارێکی زانستی لە بنەڕەتدا دەبەستێتەوە

بە بەشدارییەکانی لە بازاڕی کاردا. بەتایبەت لە سیستەمێکی شێواوی بازاڕ، وەک ئەوەی لای ئەمە باوە. لەم سیستەمەدا زۆرجار بەهای مەعریفە بە توانای بەرهەمهێنانی تاکی کارای نێو بازاڕ دەپێوریت، کە بتوانێت ڕۆڵی ئابورییانە بگێڕێت. ئەم ڕوانگەیە چاوپۆشی لە بەهای ناوەکی زانین دەکات و ڕۆڵی زانست لە پەروەردەکردنی هۆشیارییەکی قووڵتری جڤاکییانە فەرامۆش دەکات. لە بوارە زانستییەکانی پۆلێنکراو لەچوارچێوەی زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، تەرکیز لەسەر بونیادنانی تاکی گونجاو لەگەڵ پێداوستییەکانی بازاڕ نییە، بەڵکو – تەنانەت لە دەزگا زانستییە هەرە پێشکەوتووەکانیشدا – ئەرکی زۆریان زیاتر لە پەرەپێدانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و لۆژیکی ئاکار و بەرهەمهێنانی تێگەیشتنێکی فراوانترن لەسەر هەبوونی مرۆڤ. ئەمەش جیاوازییەکی بنەڕەتییە لەگەڵ ‹‹ئامانجە بازاڕییەکان››، کە لە خەمی ئەوەدا نین گەشەی هزری تاک بخەنە پێش سود و قازانجی ئابورییەوە.

> **زانستە مرۆڤایەتییەکان، وێڕای زەنگینکردنی تێگەیشتنمان لەبارەی جیهانەوە، هەندێك لە لێکەوتەکانی ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕن لە پاراستن و ڕەوایەتیدان بەو داینامیکی دەسەڵاتەی، کە کۆمەڵگە مۆدێرنەکان بەڕێوەدەبەن.**

لەم ئاستەدا، زانستە نابازاڕییەکان لە دەرەوەی ئەو چوارچێوە نەریتییەن، کە تێیدا تاک بە چەشنێک دروست دەکرێت توانای گونجانی لەگەڵ ژینگەی بازاڕدا هەبێت. ئەمەش ئاڵەنگارییەکە لە بەردەم چەمکی تاک، بەو فۆرمەی لەلایەن هێزەکانی بازاڕەوە لە قاڵب دەدرێت. ئەو زانستانەی لەسەر زانیاری دامەزراون، توانای دەوڵەمەندکردن و ئاگادارکردنەوەی کۆمەڵگەیان هەیە، بەڵام لەنێو سیستەمێکی شێواوی بازاڕدا، زۆرجار دەبنە ئامرازێک بۆ لەقاڵبدانی تاکەکان، هەتا لەگەڵ خواستە ئابوورییە دیاریکراوەکان بگونجێن. ئەم پرۆسەیەش سروشتی

ڕاستەقینەی تاک دەشێوێنێت؛ لەبری ئەوەی وەک ئەندامێکی کارای کۆمەڵگە ببینێت، دێت تەنیا لە وەزیفەیەکی بازاڕییانە چڕی دەکاتەوە.

ئەمە گرفتێکە زانستە مرۆڤایەتییەکانی خستۆتە نێو قەیرانێکی وجودییەوە. تۆ تەماشای کەمبوونەوەی ڕێژەی ئەو فێرخوازانە بکە، کە ئێستا لەلای ئێمە بۆ بەشە مرۆڤایەتییەکان پێشکەشی دەکەن. ئەوکات ئەوەت بۆ ڕووندەبێتەوە، کە ئەو چڕکردنەوەیەی ڕۆڵی تاک لە ڕۆڵە بازاڕییەکەی، چەندە جێکەوتەی بەسەر زەینی کۆمەڵایەتی ئێمەدا هەبووە. ئەمە لەکاتێکدا، ئەگەر زانستە مرۆڤایەتییەکان خۆیان بگونجێنن و لەبار بن، دەتوانن بەرەنگاری ئەو تێگەیشتنە ببنەوە؛ بانگەشە بۆ تێگەیشتنێکی گشتگیرتر لە پەرەپێدانی مرۆیی بکەن، کە بتوانێت پێداوستییە ئابوورییەکان تێپەڕێنێت. ئەمەش پەیوەستە بە ئاگایی دەستەجەمعی و هەوڵی دەزگاییانە بۆ تێپەڕندنی سیستەمی شێواوی بازاڕ. لەم ئاستەدا بۆیە ئەهلی ئەم زانستانە نین، چونکە ڕۆڵ لە دروستکردنی تاکی بازاڕییانە ناگێڕین، لەبەر شێواوی هەم چەمکی تاک، هەمیش چەمکی بازاڕ.

زانستەکان بۆ ئەوەی نەمرن... سودی گشتی

مانەوەی زانستە مرۆڤایەتییەکان، ئاسان نییە. پێویستی بەوەیە بەردەوام جەخت لەسەر بەشدارییەکانی لە چاکەی گشتیدا بکرێتەوە. بەتایبەتی لەڕێگەی پەروەردەکردنی ژینگەیەکی سیاسی و ئابووری دادپەروەرانە و ڕوون. ئەوەمان بیربێت، کە بە پێچەوانەی «زانستە بازاڕییەکان»، زانستە مرۆڤایەتییەکان توانای ناوازەیان لە لێکۆڵینەوە و چارەسەرکردنی ڕەخنەگرانەی ئەو پرسە قووڵە کۆمەڵایەتیانە هەیە، کە پاڵپشتن بۆ کۆمەڵگەیەکی دروست و کارا. ئەم زانستانە، بە جەختکردنەوە لەسەر سوودی گشتی، دەتوانن لە داڕشتنی دیمەنێکی سیاسی و ئابووری دادپەروەرانەتر ڕۆڵیان هەبێت. دیمەنێک، کە تێیدا دادپەروەریی و شەفافیەت و لێپرسینەوە، لە پێشینەی هەر لاگیری و قازانجێکی ڕوودا بێت. ئەم ڕێبازە بۆ بەرەنگاربوونەوەی کاریگەرییە نەرێنییەکانی بازاڕێکی قۆرخکراوی وەک ئەوەی زەمینەی ئێمە، کە زۆرجار دەستکەوتە ئابوورییەکان باڵاتر لە خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی دەبینێت، زۆر گرنگە. لە ڕێگەی شیکاری ڕەخنەگرانەوە، زانستە مرۆڤایەتییەکان دەتوانن ئەو

ئامرازانە بۆ هاوڵاتی دابین بکەن، کە بۆ بەشداریکردن لە گفتوگۆی بەئاگایانە و لێپرسینەوە لە دامەزراوەکان، پێویستن. ئەمەش دواجار ڕێگە بۆ سیاسەت و کارگێڕیی دادپەروەرانە خۆشتر دەکات.

ئەوەمان بیرنەچێت، کە ئەو ئاگاییەی دەشێ تاک، سەبارەت بە سودی گشتی هەیبێت، فەزای دروستی سیاسی و ئابووریی دادپەروەرانە و شەفافی پێویستە. خۆ فەزای کۆمەڵایەتی دروست، وابەستەی پێشخستنی سیستەمی یاسایی، مافە مەدەنی و مرۆییەکان و باڵادەستی دامەزراوە دیموکراسییەکانە. هەموو ئەمانەش چەقی ئەرکی زانستە مرۆڤایەتییەکانن، چونکە ئەم دیسیپلینانە ئەو چەمکانە بەرهەم دەهێنن و دەیانچەسپێنن، کە بنەمای کۆمەڵگەیەکی دادپەروەر و دیموکراسین. چوارچێوەی تێگەیشتن و داکۆکیکردن لە کەرامەتی مرۆڤ و یەکسانی و دادپەروەری پێشکەش دەکەن.

زانستە مرۆڤایەتییەکان، لەم ناوکۆیەدا، بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و لۆژیکی ڕەفتارییانە پەروەردە دەکەن، کە پێویستن بۆ بەردەوامبوونی دامەزراوە دیموکراسییەکان. دڵنیایی دەدەن لەوەی ئەمانە خزمەت بە بەرژەوەندی گشتی دەکەن، نەک لەلایەن هێزە قۆرخکارییەکانی بازاڕەوە دەستیان بەسەردا بگیرێت و مانای جیاوازیان پێ بدرێت. بەمەش ئەم زانستانە ڕۆڵێکی چارەنووسساز، لە پاراستنی ماناکانی حوکمڕانی دیموکراسی و تێگەیشتن لە چییەتی پێشخستنی کۆمەڵگەیەک دەگێڕن، کە بەهای ماف و خۆشگوزەرانی هەموو ئەندامەکانی بدات. بازاڕی قۆرخکراو، کە تەرکیز لەسەر زۆرترین قازانج دەکات، ناتوانێت ئەم ڕۆڵە بەجێبهێنێت، هەربۆیە ئێستا زیندووکردنەوەی زانستە مرۆڤایەتییەکان کارێکی بنەڕەتییە، بۆ دروستیی سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتیمان.

ئەگەر دەیانەوێت نەمرن!

بۆ دڵنیابوون لە مانەوە و گرنگی ئێستاییانەیان، دەبێت زانستە مرۆڤایەتییەکان گۆڕانکاری بەرچاویان بەسەردا بێت، سەرەتا بە دەستکاریکردنی چوارچێوەی مەعریفی خۆیان. ئەمەش بریتییە لە وەرگرتنی ڕێبازێکی فراوانتر و دینامیکیتر و سەردەمییانە، کە ڕێگە بە خۆگونجان و وەڵامدانەوەی پرسە جیهانییە خێرا و گۆڕاوەکان دەدات. زانستە مرۆڤایەتییەکان، بە دوورکەوتنەوە لە

هزری وشک و بەشبەندەوە، دەتوانن ڕەگەکانیان وەک دیسیپلینی ئاوێتە، زیندوو بکەنەوە، چونکە لە بنەڕەتدا ڕەگ و ڕیشەیان لەسەر یەکخستنی دید و میتۆدۆلۆژیای جۆراوجۆرەوە گەشە دەکەن. بۆ دەربازبوون لە سنورە چەندێتییە بەرتەسکەکان و تایبەتمەندبوونەوە، دەبێت پارچەپارچەبوون تێپەڕێنن بۆئەوەی سەرنجیان لەسەر یەکخستنی ئامانج و گریمانە بێت. ئەم ڕێبازە گشتگیرە دەبێتە هۆی ئەوەی زانستەکان بتوانن قوڵتر و بە وردبوونەوەی زیاترەوە، چارەسەری پرسە ئاڵۆزە کۆمەڵایەتییەکان بکەن. ئەمەش بواری ئەوەیان پێدەدات گرنگتر و کاریگەرتر بن، لە لەخۆگرتنی ئاستەنگەکانی جیهانییەکانی ئێستامان.

لەئێستای دونیای ئەکادیمیدا بەهانەی هەبوونی کایەی زانستی، پەیوەستە بە پرسی بازاڕی کارەوە. زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەو قەوارەی ئێستا لە زەمینەی ئێمەدا هەیانە، ناتوانن لەنێو بازاڕدا ببن.

هەموو ئەمە بەمانای ئەوە دێت، دەبێت زانستەکان دەستکاری چوارچێوە مەعریفییەکەی بوارەکەیان بکەن، تا فراوانتر، گۆڕاو و هەنوکەییانە دەربکەون. بۆ نموونە لە بوارێکی وەک مێژوودا گرنگە پەیوەندی بە ڕابردوو، بۆ ئەوە بێت مێژوونووس ڕۆشنایی بخاتە سەر کێشە هاوچەرخەکان، بگەڕێتەوە بۆ ڕەهەندی کولتووری قەیرانەکانمان. مێژوونووسان بە جەختکردنەوە لەوەی، کە چۆن زەمینە مێژووییەکان و نەریتە کولتوورییەکان پرسەکانی ئێستا لە قاڵب دەدەن، دەتوانن تێڕوانینێکی قووڵ لەبارەی ڕیشەی ئاڵەنگارییەکان پێشکەش بکەن. لێرەوە ئەم بوارە، بە تێپەڕاندنی گێڕانەوە گەورەکان و مۆدێلە فێرکارییە ئاساییەکانی زانستی قوتابخانەیی، پێویستیان بە داڕشتنی

چوارچێوەی نوێ هەیە، کە کۆیادی کۆمەڵایەتی بە واقیعەکانی ئەمڕۆوە ببەستێتەوە. ئەمەش نەک تەنها بە پێداچوونەوە دەبێت بە ‹‹وانەکانی ڕابردوو›› بۆ ئێستا، کە پێناسەی باوی ئەرکی مێژووە لەلای ئێمەدا، بەڵکو چەشنێک دەبێت لە جێبەجێکردنی داهێنەرانە، بەسەر ناوکۆ هاوچەرخەکاندا (لێکۆڵینەوەی مێژوویی جێبەجێکارییانە)، چونکە بەرفرەکردنی ڕەهەندی جێبەجێکارییانەی بەرهەمی زانستەکان، دڵنیایی دەدات، کە ئەوان وەک هێزێکی زیندوو دەمێننەوە، بەتایبەت لە تێگەیشتن و تێپەڕاندنی ئاڵۆزییەکانی جیهانی ئەمڕۆمان. ئەگەر وابکەن، ئەوا دەتوانن ڕۆڵی ڕەخنەگرانەی خۆیان لە دارِشتنی کۆمەڵگەیەکی بەئاگا، کراوە و لەبار بۆ قەبوڵکردنی گۆڕانە ئەرێنییەکان، بگێڕن.

هەموو ئەمانە کاری ئاوێتە دیسپلینن!

ئەوەی بۆ ئەوانەی لە بواری زانستە مرۆڤایەتییەکان کاردەکەن، ئەگەر دەخوازن نەمرن، زۆر گرنگە ڕێبازێکی فرەدیسپلین بگرنەبەر، کە سنوورە نەریتییەکانی نێوان بوارە زانستییەکان تێپەڕێنێت. پەرە بە هاوکاری نێوان بوارە جیاوازەکانی خوێندن بدات. لە جیهانێکدا، کە تادێت بەیەکەوە گرێدراو و ئاڵۆزتر دەبێت، ئەو ئاڵەنگارییانەی ڕووبەڕوومان دەبنەوە، جا چ کۆمەڵایەتی، کولتووری، ئابووری، یان سیاسی، چیدی لەمیانەی دیدگای بەرتەسکی تاکەپسپۆڕییەوە، ڕیشەییانە چارەسەر ناکرێن. بە بەشداریکردن لە کارە فرەپسپۆڕییەکانەوە، پسپۆڕانی زانستە مرۆڤایەتییەکان دەتوانن میتۆدۆلۆژیا، تیۆریی و تێڕوانینە جۆراوجۆرەکان ئاوێتەی یەکدی بکەن. ئەمەش ڕێگە بە پێشکەشکردنی چارەسەری گشتگیرتر و داهێنەرانەتر بۆ کێشە هاوچەرخەکان خۆش دەکات. ئەمە بەمانای سڕینەوەی تایبەتمەندییەکان نییە، بەڵکو دەوڵەمەندکردن و پێدانی فرەڕەهەندییە. ئەم ڕێبازە نەک هەر بوارە پسپۆڕییەکە دەوڵەمەند دەکات، بەڵکو بەها زانستییەکەشی زیاتر دەکات، لەمیانەی پێدانی توانای چارەسەرکردنی سروشتی فرەلایەنەی قەیرانە مۆدێرنەکان. هاوکاریکردن لەگەڵ بوارەکانی وەک زانستە سروشتییەکان، تەکنەلۆژیا و زانستە کۆمەڵایەتییەکان دەتوانێت ڕێگەی نوێ بۆ لێکۆڵینەوە و جێبەجێکردنی ئاکام و دەرەنجامەکان دروست بکات، ئەمەش دڵنیایی دەدات بەوەی، زانستە مرۆڤایەتییەکان بەردەوام ڕۆڵێکی

گرنگ لە تێگەیشتن و داڕشتنەوەی جیهاندا بگێڕن.

سەرباری ئەمە، گرنگە پسپۆڕانی بواری زانستە مرۆڤایەتییەکان، چالاکانە لەچوارچێوەی کۆمەڵایەتی فراوانتردا بەشدار بن. دڵنیابن لەوەی کە کارەکانیان لەگەڵ ئاستەنگەکانی ئێستا و پێداویستییە گشتییەکاندا هاوتەریبن. ئەمەش نەک هەر پەیوەستە بە بەرهەمی زانستیی تیۆرییەوە، بەڵکو دڵنیابوون لەوەی کە کاریگەریی کردەکی هەیە و بەشداری لە چاکەی گشتیدا دەکات. ئەم پسپۆڕانە، بە بەستنەوەی توێژینەوەکانیان بە پرسە کۆمەڵایەتییە زەقەکانەوە، دەتوانن گرنگی بوارەکەیان لە چارەسەرکردنی کێشەکانی جیهانی ڕاستەقینەی ئێمەدا بەهێزتر بکەن. جگە لەوەش، دەکرێت بەم ڕۆڵەیان، لە داڕشتنی گوتاری گشتی بەشداربن؛ هاوکاربن لە گۆڕینی بیرۆکە ئاڵۆزەکان بۆ زانینی ئەوتۆ، کە دەستی هەمووانی پێبگات. بەمەش بتوانێت بواری سیاسی و پەروەردە و تێگەیشتنی گشتی، بەئاگا بهێنێت. ئاوا نەک هەر زیندوویی زانستە مرۆڤایەتییەکان دەپارێزن، بەڵکو دڵنیاش دەبن لەوەی ئەم دیسیپلینانە بەردەوام دەبن لە بەشداریکردنی مەبەستدار، لە پێشخستنی کۆمەڵگەدا.

هەندێك لە سەرچاوە بەکارهاتووەکان

- دريكمان، دونالد (٢٠٢٢). لماذا نحتاج الى العلوم الإنسانية، ترجمة: زينة المعلوف، دمشق: الهيئة العامة للكتاب.

- كيغان، جيروم (٢٠١٤). الثقافات الثلاث – العلوم الطبيعية والاجتماعية والانسانيات في القرن الحادي والعشرين، ترجمة: صديق محمد جوهر، الكوت: المجلس الوطني للثقافة.

- Alshaar, Nuha & La Sala, Urlike (2022). The Humanities in the 21th Century, Berlin: Von Forum Transregionale Studien.

نووسینی: پ.ی. د.ماجد خەلیل

ئامانجە ئەخلاقییەکانی فەلسەفەی خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان

یەکەم/ فەلسەفەی خوێندنی باڵا:

لە ساڵی ٢٠١٨دا، لە ڕاپۆرتی دامەزراوەی ڕۆما بەناونیشانی:» سەرمایەداری، دانیشتووان و لەناوبردنی هەسارەکە»، هەریەک لە ئێرنست ڤۆن وایزساکەر و ئەندێرس ویکمان ئاماژەیان بەوە کردووە کە پێداویستییەکانی دۆخی هاوچەرخ، ئاتاجیان بە گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی هەیە، بەتایبەتی لە بواری تێگەیشتن بۆ فێربوون و چۆنیەتی بیرکردنەوە بەشێوازی نوێ و سیستماتیکیی، تەحەدای ڕاستەقینە، چارەسەرکردنی کێشەکان، هەروەها بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و سەربەخۆ و ڕەسەن». ئەم چەمکانە تێکڕا دەرهاویشتەی واقیعی جیهان و جوڵانەوە کۆمەڵایەتی و ئابووریی و سیاسییەکانی ئینسانی ئەمڕۆن. ڕەخنە و بیرکردنەوە لەکوێی لۆژیکی مرۆڤی ئێستادایە. هەتا چەندە توانا و تاقەتی تاک دەیپەرژێتە سەر بیرکردنەوەیەکی ئەخلاقی. زانکۆکان و فەلسەفەی خوێندنی باڵا ڕۆڵی بازاڕێک دەبینن، یاخود ئەرکی سەرەتا و کۆتاییان دەبێت بریتی بێت لە گۆشکردنی گەورەیی ئینسان. ئایا فەلسەفەی خوێندنی باڵا پەیجوری پەیامی پەرەسەندن و داهێنان و مەعریفەی تەکنەلۆژیایە یاخود یەکبین چاوێکیان لەسەر ئەخلاقی ئینسانی ئەمڕۆیە. ئایا فەلسەفەی خوێندنی باڵا بازاڕ و بەرهەم و پێگەیاندنی پیاو و ژنێکی مەبەستە کە بتوانێت بەرهەمهێن بێت یاخود بیربکاتەوە مرۆڤ بێت، ئەخلاق و بەهای هەبێ، هێور و هێمن بێت؟

لەلایەن فەیلەسوفەکانەوە، هەندێک بیرهێنانەوەی ئایدیالی کلاسیکیی خوێندنی باڵا وەک پرۆسەیەکی پەرەپێدانی کۆی کەسایەتی مرۆڤ ئاماژەی پێکراوە، بەڵام هەتا چەند ئەم ئاماژانە ڕەنگدانەوەیان بە کۆی کلتووری فەلسەفەی فێرخوازانی خوێندنی باڵاوە هەیە؟ چۆن دەبێت ئێمە وەک بنەماکانی فەلسەفەی خوێندنی باڵاو پەروەردە لە هەرێمی کوردستاندا تێبگەین کە بنەما سەرەکییە فەلسەفییەکان لە ئەمڕۆی جیهاندا، هەمیشە لە گۆڕینی ستراتیژی خوێندنی باڵادا، بۆئەوەی لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی جیهانی سەدەی بیست و یەکەمدا بگونجێن، بەجۆرێک بوونی خۆیان لەچوارچێوەی یاساکانی وڵاتان دارشتووە، کە سەرنجی سەرەکییان لەسەر ڕێبازی مرۆڤدۆستییە، بەتایبەتی لە یاساکانی فەلسەفەی خوێندنی باڵادا.

ئەوەتا بەگوێرەی هەر هەڵسەنگاندێکی هاوچەرخیش لە هەر فەلسەفەی

خوێندنی باڵایەکی وڵاتانی پێشکەوتووشدا گەر ئەم بابەتە بەهای ئەخلاقی هەبێت، داهێنان زیاتر زەمینەی بۆ ڕەخساوە. لێرەدا فەلسەفەی خوێندنی باڵا لە یاباندا، یادەوەریی پەروەردە و ئەخلاق لەناویدا لۆژیکی تاکەکانی تێر کردووە، هەربۆیە بەردەوام داهێنانەکان دروستتر دەتوانن نەوعییەتی نەریتیی خۆیان نوێبکەنەوە. بەتایبەتی شێوازی بەراوردکاری بۆ ڕەچاوکردنی ستراتیژ و سیناریۆ جیاوازەکانی گەشەسەندنی داهاتووی خوێندنی باڵا و شارستانییەتی مرۆیی بەگشتی بەکاردەهێنن. کە دیارە ئەم شێوازە لەلای ئێمە ئێجگار ونە و وێنای نییە.

فۆربێس (١٩٩٩) دەڵێت:» دامەزراوەی خوێندنی باڵا، هیچی تر نییە، جگە لە چاندنی ماف و مرۆڤگەرایی یان بەئاگاهاتنەوەی زیرەکی یان ‹توانای دۆزینەوەی ڕاستی و ژیان لەگەڵ چاکەیەکی دیاریکراودا، یان بەدواداچوون بۆ ڕاستی و دابینکردنی سەرکردایەتی فیکری و ئەخلاقیی». چونکە هەبوونی عەقڵی کراوە، مرۆڤی نەرم و نیان بەرهەم دەهێنێت، لێرەدا ڕوونیان کردووەتەوە کەسێک کە عەقڵێکی ڕاهێنراو، عەقڵێکی ڕاشکاوانە، دادپەروەرانە، هەڵسوکەوتێکی بەرز و بەڕێز لە بەڕێوەبردنی ژیانیدا هەبێت، هەموو ئەم ئایدیاڵانە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، تێکڕا بەشێکی دانەبڕاو دەبن لە پەروەردەی مرۆڤدۆستانەدا.

دووەم/ ڕیشەی مرۆڤگەرایی و فەلسەفەی خوێندنی باڵا:

زەمینە و زاراوەی مرۆڤگەرایی وەک ئەوەی ئەمڕۆ پێناسە دەکرێت، داهێنان و دەربڕینێکی ئەڵمانیای سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمە، دیارە ئەوانیش لە کرۆکی میتۆدە ئەدەبی و زانستییەکانی زانکۆکانەوە ڕواندوویانە. هاوکات لەڕووی مێژووییەوە، پەروەردەی مرۆڤدۆستانە، هەروەکچۆن بەگوێرەی ئالۆنی (٢٠١٤) دەڵێت:» دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئەسینای کلاسیک، چەند سەدەیەک دواتریش دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ڕۆمای کۆن کە کاریان لەسەر چەمکی مرۆڤگەرایی دەکرد، پاشان مرۆڤدۆستانی ڕێنیسانس، دواتریش لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا، پەروەردەکاری ئەڵمانی نێیتامەر چەمکی مرۆڤدۆستی وەک ئاماژەیەک بۆ پەروەردەی لیبراڵ داهێنا.

هەرچەندە پێناسەی جیاواز هەیە بۆ ئەم زاراوەیە، وەلێ باوترین تێگەیشتن کە زۆربەی زانایان لەسەری کۆکن، لەوانە هەریەک لە محەممەد خەتیب ٢٠١٣، کۆپسۆن ٢٠١٥، ڤۆن ڕایت ١٩٧٧، ئالۆنی ٢٠١٤، ڤێیگا ٢٠١٥ وەها پێناسەی دەکەن کە بریتییە لە:

هەڵوێست بەرانبەر بە ژیان، یان هەڵوێست بەرانبەر بە ناخ و دەروون، هەڵوێستێک کە گرنگی بە کەرامەتی مرۆڤ و سەربەخۆیی ئینسان بدات، یانی بەهادان بۆ مرۆڤ و کلتوری مرۆڤ. ئەوەتا زانایانی ئەم بوارەش مرۆڤدۆستییان بەوە چواندووە کە بریتییە لە بەدواداچوون بۆ مافی مرۆڤ یان ‹مرۆڤێکی کامڵ و تەواو، یانی کامڵ لە بواری کارامەیی و توانا و گەشەسەندنی ئەخلاقی و خۆشگوزەرانی دەروونیدا. هەر بەپێی ئالۆنی (٢٠١٤)، هەروەکچۆن خەتیب و هاوکارانیشی ئاماژەیان پێداوە (٢٠١٣)، زۆر گرنگە بۆ پەروەردەیەکی مرۆڤدۆستانە، کە بەهای کەرامەتی مرۆڤ لە پێشینەی هەر کۆمەڵە بەهایەکی دیکەی ئابووری، ئایینی، ناسیۆنالیستی یان ئایدیۆلۆژیدا دابنرێت، ئاوەزی زانست و خوێندنی باڵا بەردەوامی هەبێت. هەربۆیەش ڕێبازی مرۆڤگەرایی جەخت لەسەر گرنگی جیهانی ناوەوەی فێرخواز و قوتابی دەکاتەوە.

لێرەدا زاراوەی دامەزراوەکانی خوێندنی باڵامان بەکارهێناوە بۆ ئاماژەدان بە لێکدانەوەی مانایەکی فراوانتر، بەشێوەیەکی نەریتی، دەتوانرێت زاراوەی پەروەردەی لیبراڵ و پەروەردەی مرۆڤدۆستی بەشێوەیەکی گۆڕاو بەکاربهێنرێت، هەرچەندە ئەم دووانە بەتوندی ئاماژە بە هەمان شت ناکەن. دیارە لە ئەمڕۆدا بیرکردنەوە و هەست و هەستەکانی تاک لە پێشەنگی هەموو گەشەسەندنەکانی مرۆڤدان. بەوپێیەی پەروەردەی مرۆڤدۆستانە سەرنجی لەسەر چاندنی هەردوو ڕەهەندی فیکریی و سۆزداری خوێندکارە، کەواتە کۆتایی پەروەردە هەمان ‹کۆتایی چارەسەری دەروونییە، کە دروستکردنی کەسێکی تەواو و کارایە. بەگوێرەی ئالۆنی (٢٠١٤) :» پەروەردەی مرۆڤدۆستانە بۆ ئاماژەدان بە تیۆریی و پراکتیکی پەروەردەیی جۆراوجۆرە کە تەرخانکراوە بۆ جیهانبینی ئینسان و لە کۆدی ئەخلاقی مرۆڤدۆستیدا بەکاردەهێنرێت»، واتە بەرزکردنەوەی گەشەسەندن و خۆشگوزەرانی و کەرامەتی مرۆڤ وەک کۆتایی هەموو بیرکردنەوە و کردارەکانی مرۆڤ. وەک لە ئاماژەی کۆپسۆن (٢٠١٥)دا هاتووە: «ئێمە هەم لەناو

سرووشتداین و هەم لە دەرەوەی سروشت»، بەواتایەکی تر مرۆڤ هەم ئۆبژەی سرووشت و سوبێکتێکە کە دەتوانێت چارەنووسی خۆی لە قاڵب بدات. کەواتە ئەوان هەم بوونەوەرێکی بایۆلۆژیی و هەم هۆشیارن کە ئامانج و بریکاریان هەیە، واتە سیفەتێک کە خاوەنداریتییان ڕێگەمان پێدەدات ڕێگاکانی شکاندنی سنوورەکانی یاسا بایۆلۆژیی و فیزیاییەکان دابڕێژین. بەم پێیە ناوەکی مرۆڤایەتی ڕەنگدانەوەی ئێمەیە، ئێمە توانا و پێویستمان بە خۆمان وەک ئۆبژەی لێکۆڵینەوەی خۆمان وەربگرین. ئێمە دەوێرین بزانین و لێکۆڵینەوە لەوە بکەین کە ئێمە کێین، ئەمە ئایدیالێکی زۆر چارەنووسسازە کە خوێندکاران بتوانن نەک تەنها ڕەخنە لە شتەکانی تر، بەڵکو لە خودی خۆیان بگرن. ئەم وتەیە پشتگیری لە ئارگومێنتەکانی سارتەر دەکات، کە فەیلەسوفێکی بوونگەراییە، کاتێک دەڵێت: «مرۆڤ دروستکەری چارەنووسی خۆیەتی».

لەم هەرێمەدا لۆژیکی مادده وەختە ویژدانی ئینسانە بە ئەخلاقەکانی ناوی بهاڕێت. ڕۆژانە پرۆسەی خوێندن دەکرێتە تایبەت و دەکرێتە پارە، ئەمەش زیاتر قۆرخکاری خوێندنە بۆ منداڵی بەرپرس و سەرمایەداران.

لێرەدا ئەرکی زانکۆکان و فەلسەفەی خوێندنی باڵا ئەوەیە کە فەزیلەت ببەخشێتە بیری ئینسان، ئەویش تەنها خوێندنەوەیەکە کە پێمان دەڵێت:» خۆت بناسە یان خۆت بناسیت». لێرەوە بەرزترین فەزیلەتی هەوڵی مرۆڤ، کە زوکا-سکۆت (٢٠١٠) دەیگێڕێتەوە، بریتییە لەوەی کە دەرفەت بۆ هەموو خوێندکاران دروستبکات هەتا یارمەتی خۆیان و یارمەتی خوێندکاران بدەن، بەڵکو بزانن کێن و بەهرەکانیان وەک تاک چییە. هەربۆیە دروشمی سوکراتی:» خۆت بناسە، هەڵوێستێکی سادە و ئیگۆیستی نییە بەرامبەر بە خود، چونکە ڕوانگەیەکی

خێرخوازانەی هەیە بەرانبەر بە ئەوانی دیکە»، هەروەها سەبارەت بەوەی کە وەک کۆپسۆن (٢٠١٥) ئاماژەی پێداوە بە ڕێژەیەک لەگەڵ گەشەکردنی تاکایەتی مرۆڤ، هەر مرۆڤێک بۆ خۆی بەنرختر دەبێت، هەربۆیە لێرەوە مرۆڤ توانای ئەوەی هەیە بۆ ئەوانی دیکە بەنرختر بێت.

هەربۆیە دەتوانین بڵێین، لایەنێکی گرنگی پەروەردەی مرۆڤدۆستانە ئازادی مرۆڤە، کە دیارە ئەمەش ڕەنگدانەوەی قسەکانی سارتەرە، کاتێک کە دەڵێت:» مرۆڤ بە ئازادی لەدایک دەبێت»، چونکە بانگەشە بۆ سەربەخۆیی خۆی دەکات لە دەسەڵاتێک کە وەریگرتووە، بەتایبەتی لە بابەتی ڕاستییەکاندا. ئەوەتا ڕایت (١٩٧٧) دەڵێت:» مرۆڤ تەنیا لە ڕێگەی پرۆسەی پەروەردەکردنی خۆیەوە دەتوانێت بگاتە ئازادی ڕاستەقینە». هەربۆیە مرۆڤ تەنها کاتێک دەرک بە ئازادی خۆی دەکات کە کردارەکانی بە دەرئەنجامی کارەکەیەوە لەگەڵ پێویستی و بەرژەوەندی ئەوانی تردا بگونجێت. لێرەوە دەتوانین لەوە تێبگەین کە ئازادی ڕاستەقینە خۆپەرستیی نییە، بەڵکو خێرخوازانەیە، ئەگەر بەتەواوی خۆنەویست نەبێت. هەرچەندە مرۆڤدۆستان زۆرجار تۆمەتبار کراون بە یۆتۆپیایی، ئەوەش بەهۆی خەیاڵکردنی دیدگایەکی ئاست بەرزی ژیانەوەیە، بەڵام هەموویان پەروەردەکارانی مرۆڤدۆستی هاوچەرخن. بۆ نموونە ئالۆنی (٢٠١٤) دەڵێت:» هاوبەشیی پابەندبوونێکن بۆ بە مرۆڤکردنی خوێندکارەکانیان لە ڕۆحێکی ئازادی فیکریدا». هەروەها ئەفلاتون لە تیۆری پەروەردەی خۆیدا یەکێک لەو مرۆڤە ئازادانە وێنا دەکات کە دەتوانێت، لە سەرەتاوە کۆیلایەتی لەناو ئەشکەوتەکەدا تێکبشکێنێت پاشان دەربچێت، بەڵام لای ئەفلاتون تەنها ئەوە بەس نییە، بەڵکو ئەم پیاوە جگەلەوەی خۆی ڕزگار دەکات، دەبێت بگەڕێتەوە بۆ ئەشکەوتەکە و هاوکاری ئەوانی دیکە بکات بۆ شکاندنی کۆیلایەتییەکەیان و دواتر لە ئەشکەوتەکە بکشێتەوە هەتا یارمەتی ئەوانی دیکە بدات. ئەمەش دروست مانای ڕزگاربوونە لە هەردوو شێوەی خۆسەپێنراو یان فۆرمەکانی تری مامۆستای وانەبێژ کە لە ڕەوشی ئێستای خوێندنی هەرێمی کوردستاندا باوە و زۆر زۆریش لە سەرەتای تێگەیشتن لەهەر مانایەکی ئازادی ئینساندایین. ئەوە دروست ئاماژەیەکە کە لێرە ئینسانێک بەرهەم دێت تەنها خەمی ژیانی خۆیەتی، یاخود لەڕووی مەعریفەوە، مەعریفە بووەتە هۆکارێک بۆ دامەزراندن، بۆ دۆزینەوەی

کار، نەبووەتە هۆکارێک بۆ خەڵەتی خاوێنی، دەسپاکی، پەروەردە، جوانی، ئەدەب و دەربڕین. لێرە لێهاتوویی بۆ بردنەوەی پێشبڕکێ و جێهێشتنی ئەوانی ترە. لێرە نمرەی بەرز بۆ ئەوەیە خاڵی زۆرتری زەمینەی دامەزراندن مسۆگەر بکات، نەک توانای زیاتر ببەخشێتە ئەوانی تر هەتا نمرەیان بەرز بێت. لێرە مەعریفە پێشبڕکێیە، نەریتی پاڵەوانبازییە بۆ خستنەژێری ئەوی تر، نەک سەرخستنی ئەوی تر.

لەڕاستیدا، مرۆڤگەراکان ئامانجیان ئەوەیە ئەو جۆرە پەروەردەیە پێشکەش بکەن کە یەکەمجار خوێندکارەکانیان لە کۆت و بەندەکانی نەزانی، نامۆبوون و درۆ ڕزگار بکەن. پاشان بەهێزیان بکەن بۆ بەدیهێنانی توانا مرۆییەکانیان و سەرکردایەتیکردنی سەربەخۆیی مرۆڤ. لە دامەزراوەکانی خوێندنی باڵادا ڕاستییەک هەیە کە دەتوانین بڵێین: «هەموو سیستەمێکی پەروەردەیی ئامانجێکی ئەخلاقی هەیە، هەوڵی بەدەستهێنانی دەدرێت. کە دەیەوێت جۆرێکی دیاریکراو لە مرۆڤ بەرهەمبهێنێت. دیارە ئەمڕۆ لە هەندێک نەتەوەدا مەبەست لێی بەرهەمهێنانی کەسانی بەرپرسیارە لەڕووی ئەخلاقییەوە، لە هەندێکی تردا تەکنیکارن، هێشتا لە هەندێکی تردا کرێکاری ماندوون. ئەو پرسیارەی لێرەدا شایەنی باسە ئەوەیە کە ئامانجی ئەخلاقی سیستەمی پەروەردەیی لە هەرێمی کوردستاندا چییە؟

سێهەم/ هەرێمی کوردستان بەنموونە:

خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستاندا لەڕووی چەندێتییەوە چوارچێوەیەکی گەلێ گەورە و پانتاییەکی بەرفراوانی داگیر کردووە. هێزی مرۆیی و بایەخێکی زۆر زۆری زەمینەی کۆمەڵایەتی هەرێم وابەستەیە بە پرس و پەیجوریی خوێندنی باڵاوە. وەلێ ئەم بایەخدانە بۆ ئامانجێکی بەرتەسک و بڕستێکی بابەتیانە نیە کە فەلسەفەی خوێندی باڵا لەناویدا خۆی ببینێتەوە.

لێرە بەتەواوی وەختە دەرگای زانستەمرۆڤایەتییەکان دادەخرێت، وەختە دەرگای کلتوور، فەرهەنگ، ئایین، ئەدەب و سیاسەتێکی ئەکادیمی و ئاوەز ئاوت دەکرێت، چونکە هەموو ئەم زانستانە زیهنییەتی ئینسانی ئەمڕۆ یاخود خوێندکاری ئەمڕۆ شەیدای نابێت، ئینسانی ئەم هەرێمە بە ماڵبات و خێزان و خوێندکار و مامۆستا و وەزیرەوە، واریسی وێنایەکی مادییە، چلۆن خەڵکێک

بهێنە پێشەوە پیشەیەکیان هەبێت و لە بازاڕی کاردا بتوانێت بڕسی بەدەستهێنانی ماددەی هەبێت. هەربۆیە دەبینین پزیشک پێناوێکە و پلیکانەیەکی سەرکەوتووی دوامەنزڵی مرۆڤی لێهاتووی ئەم هەرێمەیە، تەنها لە سۆنگەی بڕستی ماددییەوە. لەکاتێکدا لۆژیکی فەلسەفەی خوێندنی باڵا ڕێک لەم دێڕەدایە، کە دەبێت فەلسەفەی خوێندنی باڵا نیشتمانسازیی و ئینسانسازیی بکات، نەک ئەوان بەگوێرەی قاڵب و قەدەری بازاڕ بنێردرێنە نێو دوکان و مارکێتە مادییەکانەوە. ئەو هەوڵەی هەرێم لە ئەمڕۆدا یەک بەیەکی بەشەکانی زانکۆی بۆ دەکرێتەوە، دانەدوواوەیە، دوور هەتا نزیک لە هیچ میتۆدێکی خوێندنی باڵای پێنج سەدساڵی ڕابردوودا شوێنی نەبووەتەوە. هەربۆیە دەبینین یەک توێژینەوەی ناو دەیان بەشی جۆراوجۆری زانستی مرۆڤایەتی نەبووەتە ڕاسپاردەی ڕاشکاوانە و ڕەخنە و ڕیفۆرمی یەک وەزارەتی پەیوەست بە ژیانی ڕۆشنبیریی و ئایینی و کۆمەڵایەتی ئینسانی ئەم هەرێمەوە. ئەوە جیا لەوەی خودی خوێندنی باڵا گەمەی گیانە سیاسیی و حزبییەکەی هەرێمە و یاسای ١٩٩٣ باشتر و بابەتیانە پێکابووی. بۆ نموونە ساڵی ٢٠٠٨ یاسایەکی هەموارکراو بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵا پەسەند کرا. بەپێی بۆچوونی یاسادانەران، ئەم یاسایە دانراوە هەتا پێشکەوتنە کۆمەڵایەتیی و ئابووریی و سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان لە (فەلسەفەی خوێندنی باڵا و ستراتیجییەکەی) وەزارەتدا ڕەنگبداتەوە. هەروەها، گوایە ئەم یاسایە پشتی بە بنەمای (ناسێنتراڵی بۆ دەزگاکانی خوێندنی باڵا لەلایەنی دارایی و کارگێڕییەوە و چڕکردنەوەی لەسەر بەشەکانی زانستی لە زانکۆکان وەکو ناوکی بنچینەیی و کەمکردنەوەی کەلێن لە نێوان دەزگاکانی خوێندن لە هەرێمدا لەگەڵ زانکۆکانی جیهانی و خۆگونجاندن لەگەڵ پەرەسەندنەکانی جیهانی لە مەیدانی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و لاکردنەوە لە پێداویستییەکانی کۆمەڵگەی کوردستان) بەستووە. لە ماددەی دووەمدا ئامانجەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا دیاریکراون: (جێبەجێکردنی سیاسەتی گشتیی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ئامادەکراوە و لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە پەسند کراوە).

جودا لە یاساکانی پێشتر، لەم یاسایەدا بۆ یەکەمجار (دروستکردنی کەسایەتیی

مرۆڤ بەشێوەیەک کە پشت بە بیرکردنەوەی ئازاد و کارکردنی بەردەوام بۆ بەدیهێنانی کۆمەڵگەیەکی ئازاد و گەشەدار) وەک ئامانج لە خوێندنی باڵادا دیاریکراوە. هەروەها لەم یاسایەدا (پاراستنی کەلەپووری گەلی کوردستان) و گرنگیدان بە (مێژوو و بەهاکانی کۆمەڵگە) و (ڕۆشنبیریی گشتی و بەهێزکردنی ئینتیمای نیشتیمانی) و زمانی کوردی بۆ خوێندنی زانستە مرۆییەکان بوونەتە ئامانج. کەچی هیچکام لەم یاسایانە لە ئێستادا نەبوونەتە بەڵگەردانی هەموو ئەو ئافاتەی ئاوزی سیاسیی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی ئینسانی ئەم هەرێمە.

ئێمە پێویستە بزانین، کە فەلسەفەی خوێندنی باڵا لە بنچینەوە بۆ ڕێکخستن و ڕێنومایی و ڕووئیای ئینسانی پێشەنگ لەدایکبوو. ئەوەتا یەکەم ئەکادیمیای زانستی لە سەردەمی یۆنان، کە ئەویش ٣٠٠ ساڵ پ.ز بووە. لەسەر باکگراوەندی ئەم مێژووە گرنگە ئەو پرسیارە بکەین، ئامانجی ئەفلاتوون لە دامەزراندنی ئەم ئەکادیمیایە چی بوو؟ بێگومان تەنیا ئامانجی ئەوە بوو، ئەو کەسانە لەو ئەکادیمیایە بخوێنن، کە حەزیان لە لۆژیک و مەعریفەیە، بۆئەوەی مەعریفەی تازە بەرهەم بهێنن، ئەمە پێمان دەڵێت، بناغەی دامەزراندنی ئەکادیمیای زانستی تەنیا بۆ بەرهەمهێنانی مەعریفەیە، نەک بەرهەمهێنانی کارمەندی تەکنۆکرات، یان هەوڵبدات کاریان بۆ بدۆزێتەوە.

پرسیاری دیکە لێرەدا ئەوەیە، بەرهەمهێنانی مەعریفە سوودی چییە؟ بێگومان ئەگەر توانیمان مەعریفە بەرهەم بهێنین، ئەوا ئەو مەعریفەیە لێهاتوویی بۆ قوتابی دروست دەکات و بەپێی لێهاتوویی خۆی لە کۆمەڵگە کار دەدۆزێتەوە، ڕاشکاوانەتر لێهاتوویی مەعریفە کار دەدۆزێتەوە، نەک دەرچوواندنی ئەکادیمی کە کەموکورتی لە هەموو بوارەکانی مەعریفەدا هەیە و نەیتوانیوە کادرێکی تەکنۆکراتی زانستی و لێهاتوو بەرهەم بهێنێت.

ئەوجا ئەگەر لێرەوە بەراوردێک لە نێوان فەلسەفەی خوێندنی باڵا و فەلسەفەی حکومەتی هەرێم بۆ خوێندنی باڵا بکەین، دەبینین دابڕان و هاودژییەکی گەورە هەیە و لەگەڵ بنەما فەلسەفییەکەی ئەکادیمیا یەک ناگرێتەوە، هەر ئەمەش وایکردووە دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا لە کوردستان ببنە ئامرازێک بۆ ئەوەی هەلی کار بۆ خەڵک بدۆزێتەوە، لەڕاستیشدا ئەمە کاری گەوهەری هیچ زانکۆیەک نییە.

چوارەم/ ڕاسپاردە و ڕیفۆرم:

ئەمڕۆ جیهان بە خێراترین پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و زانست تێ دەپەڕێت، ئەگەر ئێمە بمانەوێت لەگەڵ ئەو پێشکەوتنە هاوشان بڕۆین (کە زۆر زەحمەتە بتوانین)، ئەوا دەبێت لە بوارەکانی زانستە سرووشتییەکان (فیزیا، کیمیا، بایۆلۆژی و ... تاد)، هەروەها لە بواری زانستە مرۆییەکان (یاسا، سیاسەت، کۆمەڵناسی و ... تاد)، مەعریفە بەرهەم بهێنن، ئەوکات دەتوانین نەخشەیەکی سیاسی و تەکنەلۆژیی ئەوتۆ دابڕێژین، کە بتوانین لەگەڵ ئەم پێشکەوتنە خێرایە مامەڵە بکەین.

دیسان ئەگەر ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین، ئایا زانکۆکانی کوردستان چ کادرێکی تەکنۆکراتی زانستی لە هەموو بوارەکانی ژیان پێشکەشی کۆمەڵگە دەکات؟ وەڵامەکەی ئەوەیە: بێگومان ئەو کادرانە پێشکەش دەکات، کە «لێهاتوویی مەعریفەی زانستیان» ناتەواوە، یان توانای بەرهەمهێنانی مەعریفەیان نییە، بۆئەوەی لە کارەکانی خۆیان سەرکەوتوو بن. هەر بۆ نموونە پزیشکێک بەرهەم دەهێنێت، توانای مەعریفی لەو ئاستە نییە کە وەک پێویست دەستنیشانی نەخۆشییەکان بکات و چارەسەری گونجاوی بۆ هەڵبژێرێت، مافناسێک بەرهەم دەهێنێت کە توانای تەفسیری دروستی بۆ یاساکان نییە، ئەندازیارێک بەرهەم دەهێنێت، کە نەتوانێت پرۆژەیەک بە سەرکەوتوویی ئیدارە بدات، ئەمە بۆ هەموو بوارەکانی دیکەش، هەربۆیە ئێستا کە سەیری کۆی جومگەکانی دامەزراوەکانی حکومەتی خۆمان دەکەین، دەبینین لەبەرئەوەی نەتوانراوە کادرێکی تەکنۆکراتی زانستیی ئەوتۆ بەرهەم بهێنێن کە «لێهاتوویی مەعریفەی زانستی» هەبێت، ئەوا وەک لەبەر چاوە، سڕبوون و سستییەک بە هەڵسوڕانی دامەزراوەکانەوە دەبینین، وەک ئەوەی بڵێین دووچاری پەککەوتن بووە.

لە هەموو ئەم دەرهاویشتە خراپانەی نەبوون و بەرهەمنەهێنانی مەعریفەش، زەرەرمەندی یەکەم هاووڵاتیانی کوردستانن. جیا لەوەش، پێویستە هەست بە مەترسییەکی تریش بکەین کە دیسانەوە لەم هەرێمەدا لۆژیکی مادده وەختە ویژدانی ئینسانە بە ئەخلاقەکانی ناوی بهاڕێت. ڕۆژانە پرۆسەی خوێندن دەکرێتە تایبەت و دەکرێتە پارە، ئەمەش زیاتر قۆرخکاری خوێندنە بۆ منداڵی

بەرپرس و سەرمایەداران! ئەمڕۆ هەر بڕوانامەیەکی خوێندن وەک کاڵایەک لە زانکۆ تایبەتەکان بە خوێندکار دەفرۆشرێت، ئەمەش لەسەر حسابی فەلسەفەی پەروەردە و خوێندنی باڵا دەبێت، کە نەتوانراوە هیچ نەبێت، زانست و زەمینەی خوێندن لە دەرەوەی گەمەی گەندەڵی و گەپجاڕی سیاسی و سیمای ناتەوای ژیان و ژینگەی شێواوی ناوچەکە بهێڵنەوە.

سەرچاوەکان

-Aloni, N. (2014). Humanistic education. Encyclopaedia of Educational Philosophy and Theory, 1-5.

-Altbach, P. 2008. The complex roles of universities in the periods of globalization. Higher Education in The World 3: 5–14.

-Bevel, M. W. (2008). Empathy: A difficult journey through public education in 2008. Journal of Philosophy and History of Education, 11-15.

-Bhardwaj, B. (2014). Humanism in Sartre's philosophy. International Journal of Humanities and Social Science Invention, 12.

-Biggs, J. 2002. The Subverstion of Australian universities. In To the limits of Acceptablity: Political control of higher education, ed. W. Bostock, 19–40. Wollongog: Fund for Intelectual Dissent.

-Bloom, A. 1987. The closing of the American mind: How higher Educationhas failed democracy and impoverished the soul of Today›s students. New York: Simon Schuster INC.

-Copson, A. (2015). Handbook of humanism. John Wiley & Sons, Ltd.

-Dewey, J. 2004. Democracy and education: An introduction to the philosophy of education. Delhi: Aakar Books.

-FDRE. 2015. Education sector development Programme V [ESDP V]. Addis Ababa: Federal Ministry of Education.

بابەتی گشتی

د. سامان مستەفا ڕەشید ئینجاغا

نالی و چەند بەڵگەنامە و دەستنووسێکی بڵاونەکراوە

بەرایی

نالی، کە یەکێکە لە دیارترین و گرنگترین پایەکانی شیعری کلاسیکی کوردی و ڕێبەرێکی گەورەی شیعری کوردییە، لەپاڵ ئەوەی پایەی ئەم شاعیرە بە ئەندازەیەک گەورە و گرنگە لە زمان و شیعری کوردیدا بۆ هیچ کەس گەورەیی ئەم ناوە جێگەی مشتومڕ و قسەلەسەرکردن نییە، بەڵام ئەوە حاشا هەڵنەگرە تێگەیشتن لە زۆر شیعر و وێستگە گرنگەکانی لە ژیان و دەستخستنی دەستنووسی خودی ئەم گەورە شاعیرە جێگەی مشتومڕ و گفتوگۆی ناو کایەی ئەدەبی و ڕۆشنبیری کوردییە، هەر ئەمەش وایکردووە دۆزینەوە و دەستخستنی هەر هەواڵێک لەبارەی هەر شتێکی پەیوەندیدار بەم کەڵە قەڵەم و عەقڵە پڕ لە حیکمەت و تژی لە خەیاڵی جوانناسییەی کورد جێگەی بایەخ و گرنگی پێدانی ناوەندی ئەدەبی و ڕۆشنبیری کوردی بێت. لەو چوارچێوەدا و دوای گەڕان و پشکنینێکی زۆر لە ئەرشیف و دەستنووسخانەکانی ئەستەموڵ چەند دۆسیەیەکم لەبارەی ئەم هۆنەرە پایەبەرزەی کوردەوە دەستکەوتووە، لێرەدا هەوڵدەدەم بە کورتی بیانخەمە بەردیدی ئەدەبدۆستان و شارەزایان و خوێنەوارانی کوردزمان.

١. خەڵاتکردنی نالی لەپای نووسینی نامیلکەیەک بە زمانی عەرەبی لە ساڵی ١٨٤٧ز.

١.١. داواکردنی خەڵاتکردنی نالی لە کانوونی یەکەمی ١٨٤٦ز لەلایەن نەقیبوئەشراف ئەسعەد ئەفەندییەوە.

شایەنی باسە لە یەکێک لە دۆسییەکانی ئەرشیفی عوسمانیدا کە لە بەشی ئیرادە – ناوخۆ بە کۆدی (BOA. İ.DH. 133.6835) هەڵگیراوە لە دوو بەڵگەنامە پێکهاتووە، بەڵگەنامەی یەکەم بریتییە لە نووسراوی کەسێک کە لە خوارەوە ناونیشانی خۆی بە (بەندەی داواکار نقيب) نووسیوە، تێیدا داوای کردووە لە کەسێک بە ئەسڵ و ڕەچەڵەک خەڵکی سلێمانی و ئەهلی زانست و عیرافانەوە ئێستا لە ڕیاز دەژی و بەهۆی ئەوەی هاتووەتە لام و لە دۆخ و پلەی زانستی و مەعریفەی ئاگادارم ناوبراو بە شایستەی چاکەلەگەڵکردنی دەبینم و کەسێکی خاوەن زیرەکی و کەماڵ و خاوەن فەزیلەتە، لەگەڵ ئەوەشدا نامیلکە (رسالە)یەکی بە زمانی عەرەبی نوسیووە هەندێک کەڵک و سوودی عەقڵی و نەقڵی هەیە و پێشکەش بە خەزێنەی پەرتووکەکانی شاهانەی دەکەین، لەبەرئەوەی ناوبراو هەتا

دوا ڕادە موبتەلایە(هەژارە) بۆ ڕزگاربوونی لە پێویستییەکان و نارەحەتییەکانی ئەو ئەندازەیەک بەخشیشی شاهانەی پێ بدرێت، ئەوەش لەپای قەدرزانی جەنابی ئاسفانە بۆ ئەربابی مەعریفەت ئەم داواکارییە نێردراوە، ئەگەر ناوبراو لای بەلادا بکرێتەوە لە بەرژەوەندی چاکەکاریدا دەبێت.

بەمجۆرە ئەم نەقیبە داوا دەکات کە نالی لەبەرئەوەی هەم ئەهل و ئەربابی مەعریفەت و زانستە و هەمیش لەبەرئەوەی لە دۆخێکی سەختی ئابووریدایە، هاوکاری بکرێت و لای لێ بکرێتەوە تاوەکوو لەو دۆخە قوتاری بێت. ناوبراو ئەم نووسراوەی لە (٣محرم ١٢٦٣ک/ ٢٢ی کانوونی یەکەمی ١٨٤٦ز) بۆ ئەستەموڵ ناردووە.


İ.DH. 133
6835
1
İ.DH.00133

دەقی داواکارینامەکەی نەقیبولئەشراف بۆ پێدانی بەخشش بە نالی

٢.١. وەڵامی داواکارییەکەی نەقیبولئەشراف لەبارەی خەڵاتکردنی نالییەوە

دوای ناردنی ئەو نووسراوە لەلایەن نەقیبوئەشرافەوە لە بەڵگەنامەیەکی تری هەمان دۆسییە، نووسراوێک هەیە کە لە (١٥ی محرم ١٢٦٣ک/ ٣ی کانونی دووەمی ١٨٤٧ز) بۆ سەرۆکایەتی حکومەتی دەوڵەتی عوسمانی نێردراوە و تێیدا هاتووە، بەرمەبنای ئەوەی نالی ئەفەندی کە بە ئەسڵ و ڕەچەڵەک سلێمانییە و ئەربابی فەزڵ و مەعریفەتە و نامیلکەیەکی بە زمانی عەرەبی نووسیوە و پێشکەشیکردووە کە تاڕادەیەک کەڵکی عەقڵی و نەقڵی هەیە و لەبەرئەوەی ناوبراو خاوەن کەماڵ و زیرەکییە شایستەی میهرەبانی و چاکەی پادشاهییە و ناوبراو گیرۆدەیە و لە دۆخێکی پێویستی و تەنگانەدایە، بۆ ڕزگاربوون لەو دۆخە سەختەی تێیکەوتووە بە شایانی عەتفی پادشاهی بینراوە لەلایەن نەقیبولئەشراف خاوەن سەماحەت ئەسعەد ئەفەندی لەوبارەیەوە نوسراوێکی تەواو و نوسخەیەک لە نامیلکەی ناوبراوی بەمەبەستی خستنەبەردیدی مەعالی نیشور جەنابی شەهریاری، پێشکەشیکردووە. بەگوێرەی نووسراوی ناوبراو ئەگەر بە گونجاو بزانرێت ڕەزامەندی لەسەر پێدانی بڕی (٢٠٠٠) دوو هەزار یان (٢٥٠٠) قرووش بەخشش بە نالی ئەفەندی بدرێت، یان بڕێک کە دوای لێوردبوونەوە بە گونجاو بزانرێت.

بەهەر حاڵ، لەوبارەیەوە هەرچۆنێک فەرمانی جەنابی پادشاهی بفەرموون بەوجۆرە جێبەجێ دەکرێت. بەگوێرەی ئەم نووسراوە دوای یازدە ڕۆژ لە داواکارییەکەی ئەسعەد ئەفەندی، نامەکە گەیشتووەتە سەرۆکایەتی حکومەت لە ئەستەموڵ و لە ٣ی کانوونی دووەم ئەم نووسراوە بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندی و فەرمانی باڵای پادشایەتی کراوە، وەک لە دەرکەناری ئەم نووسراوەدا هاتووە لە (١٨ی محرم ١٢٦٣ک)، واتا دوای سێ ڕۆژ لەو نووسراوە، هاتووە کە ئەو نووسراوە گەیشتووەتە بەردیدی جەنابی حەزرەتی خیلافەتپەناهی و بەگوێرەی ئەو نووسراوە ناوبراو بە شایستەی میهرەبانی و بەخششی پادشاهی بینراوە و لەلایەن پادشاوە فەرمانی پێبەخشینی (٢٠٠٠) دوو هەزار قرووشی بۆ نووسراوە.

لەم دوو بەڵگەنامەی سەرەوە چەند ڕاستییەک دەردەکەوێت، نالی بەشایەتی زانایان و ئەشرافی سەردەمی خۆی کەسێکی خاوەن عیلم و مەعریفەت و ئەربابی فەزڵ و کەماڵ بووە، ئەمەش لەلایەن حکومەتی دەوڵەتی عوسمانی و سوڵتانەوە

پەسن و پەسەنکراوە. بەڵام وەک لە بەڵگەنامەکەدا دەردەکەوێت ناوبراو لە ١٨٤٦-١٨٤٧ لە دۆخێکی تەنگانە و نارەحەتیدا ژیاوە. بەگوێرەی ئەم بەڵگە ناوبرا نووسراو و رسالەیەکی بە عەرەبی نوسیووە، بەڵام بەداخەوە هەتا ئێستا سۆراغی ئەو نامیلکە نییە و نازانین دەربارەی چی بووە.


İ.DH.00133

وەڵامی داواکارییەکە و فەرمانی باڵای پادشایەتی بۆ پێدانی (٢٠٠٠) قرووش بەنالی

٢. دوو دەستنووسی شیعرەکانی نالی

١.٢. ئەو دەستنووسەی دیوانی نالی کە لە ١٩١٥ز تەواوکراوە.

ئەم دەستنووسەی نالی بەناوی (Divan-İ Nali) ناوی موئەلیف (Nali, Molla Hızır)ەوە بە کۆدی مایکرۆ ئەرشیفی (A-٤٧٢٥) و ژمارەی تۆماری (١/٦٨٥) لە ئازاری ١٩٦٥ لە کتێبخانەی کۆلێژی زمان و مێژوو و جوگرافیای زانکۆی ئەنکەرە لە شاری ئەنکەرە پارێزراوە. بەندە ئەو کاتەی لە زانکۆی ئەستەموڵ کاندیدی دکتۆرابووم بەبیانووی کارلەسەرکردن و بەکارهێنانی و دوای هەوڵێکی زۆر توانیم کۆپییەکی لە کتێبخانەی ناوبراو وەربگرم، لێرەدا بۆ یەکەمجار لەبارەیەوە دەنووسم.

لەسەر بەرگی دەستنووسەکە نووسراوە، ئەم دەستنووسە پێشکەشی والی پێشووی حیجاز بابانزادە مستەفا زیهنی کراوە، کە ئەوکات لە ئەستەموڵ نیشتەجێ بووە. ناونیشانی دیوانەکەش بەم جۆرە بووە :(دیوان جامع المعانی و المعالی ملا خضر ملقب بە نالی علیە رحمە الملک العالی). دەستنووسە بە پەڕەی سکانکراو (٤١) پەڕەی قەبارە گەورەیە، کە هەر پەڕەیەک دوو لاپەڕەی تێدایە، واتە دەبێتە (٨٢ لاپەڕە). دەستنووسەکە ژمارەی بۆ پەڕەکان دانەناوە. دوای(بسم اللە رحمن الرحیم) یەکەمین شیعری ناو دەستنووسەکە بە شیعری(ای ساکن ریاض مدینە منورە- رحمی بکە بفەرموو مدینە منە ورە) دەستپێکردووە. بە غەزەلی (نوارە نوبهار فتوحات کلشنی- کل زارکردوە لدم غنچە پی کنی) کۆتای پێهێناوە. لە کۆتاییەکەشدا نووسراوە: (تمام شد دیوان صاحب اللطایف و المعالی اعنی ملا خضر المتخلص بە نالی علیە رحمة الملک المهیمن العالی بە سرعت تام و استعجال تمام فی شهر شوال سنە هزار سیصد سی سە ١٣٣٣هجری)، واتە بە خێرایی و پەلەکردنێکی تەواو دیوانی خاوەن لەتافەت و پایەبڵندی مەلا خزر موتەخەلیس بە نالی ڕەحمەت و بەزەیی خوای پایەبەرز و بەدەسەڵاتی لەسەربێت، لە مانگی شەوالی ١٣٣٣ کۆچی). واتا لە ئاب/ ئەیلولی ١٩١٥ز تەواوکراوە.

ئەم دەستنووسە بەخەتێکی ئێجگار ڕوون و ڕەوان و بێ هەڵە و ڕەشکردنەوە نووسراوەتەوە، دیارە نووسەر کە ناوی خۆی نەنووسیوە، هەم کەسایەتییەکی خوێندەوار و هەمیش خاوەن خەت و قەڵەمێکی زۆر جوان و بەکار بووە. کۆتایی دەستنووسە مۆرێکی لەسەرە، بەداخەوە جوان دەرنەچووە، بەوهۆیەوە ناتوانرێت بخوێنرێتەوە.

لە خوارەوە وێنەی پەڕەی سەرەتا و کۆتایی دەستنووسەکە دادەنێم:









٢.٢. دەستنووسی ئەو دیوانەی نالی کە لە حوزەیرانی ١٩٢٢ ئەمین فەیزی پێشکەشی گەورە ئەرشیفستی تورک عەلی عەمیری کردووە.

ئەم دەستنووسە بریتییە لە دەستنووسێکی دیوانی نالی کە لە کتێبخانەی گشتی میللەت لە ئەستەمووڵ بە کۆدی (A E Farsya) و بە ژمارەی (٦٥٠) پارێزراوە.

لەسەر لاپەڕەی یەکەمی دەستنووسەکە نوسراوە: (دیوانی نالی علیه رحمة، دواتر نووسراوە بسم الله الرحمن الرحیم). ئەم دەستنووسە بە غەزەلی(ای جلوه در حسن و جلوکیش تماشا...) دەستپێکردووە، لە کەناری لاپەڕەی یەکەم نووسراوە (فاضل عالی جناب علی امیری افندی حضرتلرینه عرض و تقدیم اولنمشدر فی ١٧ حزیران سنه ١٣٣٣ متقاعد میر الای سلیمانیەلی امین فیضی.)، واتە پێشکەشە بە بەڕێز خاوەن پایە عەلی ئەمیری ئەفەندی لە ١٧ی حوزەیرانی ساڵی ١٣٣٣ ڕۆمی خانەنشێن میرئالای ئەمین فەیزی.

شایەنی باسە، ئەم دەستنووسە ئەگەرچی بە قەبارە و ژمارەی شیعر و غەزەلییات بەقەدەر ئەوەی پێشوو نییە، بەڵام ئەم دەستنووسەش ژمارەیەکی بەرچاو لە شیعر و غەزەلەکانی نالی تێدا نووسراوەتەوە و لە ژمارەیەکی بەرچاو لە لاپەڕەکانی ئەم دەستنووسەدا مۆری گەورە ئەرشیفستی تورک عەلی ئەمیری لەسەر دانراوە. ئێستا ئەم دیوانە لە کتێبخانەی میللەت لە ئەستەمۆڵ پارێزراوە و کۆپییەکیشی لەلای بەندە هەیە. ئەم دەستنووسەش زۆر بە جوانی و بەخەتێکی ڕوون و ڕەوان نووسراوەتەوە، بەڵام بەداخەوە ناوی ناسخ لەسەر ئەم دەستنووسەش بوونی نییە.



لاپەڕەی یەکەمی دەستنووسەکە



لاپەڕەی کۆتایی دەستنووسەکە

ئەنجام

لەکۆتاییدا دەتوانین بڵێین، ئەم دوو دەستنووسەی شاعیری ناودار و خاوەن پایەی کورد نالی بایەخێکی گەورەی مێژوویيان بۆ ئێمە هەیە، بەوپێیەی ئەگەر بمانەوێت لە ئایندەدا دیوانێکی تەواو و بێ کەموکوڕی شیعرەکانی نالی ئامادە بکەین، بەدڵنیاییەوە دەتوانین سودێکی گەورە لەم دوو دەستنووسە وەربگرین.

سەرچاوە

BOA. İ.DH. 133.6835

دیوان جامع المعانی و المعالی ملا خضر ملقب بە نالی علیه رحمه الملک العالی، کتێبخانەی کۆلیژی زمان و مێژوو و جوگرافیای زانکۆی ئەنقەرە

دیوانی نالی علیه رحمة. کتێبخانەی میللەت لە ئەستەمول.

حەپسخانە و خشتەی تاوانەکانی قەزای گوڵعەنبەر (١٩١٢-١٩١٣) لە ئەرشیفی عوسمانیدا

هێمن عومەر خۆشناو

لەچوارچێوەی ویلایەتی موسڵدا، سەنجاقی سلێمانی گرێدراوی ویلایەتەکە بووە و یەکێک لە قەزاکانی سنجاقی سلێمانیش قەزای گوڵعەنبەر بووە، کە شاری هەڵەبجە ناوەندەکەی بووە. لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەدا، ویلایەتی موسڵ دەستی بە کردنەوەی حەپسخانەکان لە قەزا و سەنجاقەکان کرد و هەندێ لە قەزاکان لە دوای دەیەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا ناویان لەنێو ناوان دێت کە حەپسخانەیان هەبووە.

بەگوێرەی بەڵگەنامەکانی عوسمانی، حەپسخانەی قەزای گوڵعەنبەر لەنێو سەرای حکومەتدا بووە و باڵەخانەی تایبەت بە خۆی نەبووە، بەڵکو بریتی بووە لە دوو ژووری بچووک و حەوشەیەکی تەسک. ڕووبەری ئەو حەپسخانە یان تەوقیفخانەیە ١١٧ مەتر بووە. تەوقیفخانەکە ناوێکی تایبەت بە خۆی نەبووە، تەنانەت وەک بەشێ لە قەزاکانی تر، بەشێکی تایبەت بە بەندکراوانی ژنیشی نەبووە، ئەگەر زیندانیێکی ژن هەبووایە، سەرۆکی زیندانەکە یان بەرپرسی سەرا؛ ئەو ژنە تۆمەتبارەی دەناردە ماڵی خۆی١. ئەوەی جێی سەرنج بووە، حەپسخانەکە لە ساڵی ١٩١٣ وەک تەوقیفخانە ناوی هاتووە، نەک زیندان و دوای چەند ساڵێک ناوەکەی بۆتە حەپسخانە.

ئەگەر چی ئاماری هەموو ساڵەکان لەنێو ئەرشیفخانەی عوسمانیدا تایبەت بە تەوقیفخانەکەی قەزای گوڵعەنبەر لەبەر دەست نین، بەڵام خشتەی بەندکراوانی چەند ساڵێکی تێدایە کە لێرەدا دەیانخەینەڕوو:

بەپێی ئامارێک لە ١٩١٣/١/١٤ لە تەوقیفخانەکەدا پێنج بەندکراوی پیاو هەبوونە٢.

بە گوێرەی بەڵگەنامەیەکی تر، لە مانگی ئابی ١٩١٣ دا، لە تەوقیفخانەکەی گوڵعەنبەر/ هەڵەبجەدا دوو تۆمەتباری ڕاگیراو هەبوون٣.

دواتر پێنج ساڵێک شتێکی ئەوتۆ لەبارەی حەپسخانەکە نازانین، هەتا دەگەینە ساڵی ١٩١٧، کە خشتەی بەندکراوانی مانگی ئازاری ١٩١٧، بەم شێوەیەی خوارەوە بووە:

دوو بەندکراوی لە مانگی شوبات هەبوون و بە (جنحە= تاوانێکی بچووک)

1 BOA, DH.MB.HPS 41/51 1331 R 24/ 1913 Nisan 2

2 BOA, DH.MB..HPS…M 12/33 1332 CA 29/ 1914 Nisan 25

3 BOA, DH.EUM.EMN 73.3 1332 C 22/ 1914 Mayıs 18

تۆمەتبارکرابوون، لە مانگی ئازاردا تەنیا یەکێکیان ماوەتەوە و ئەوی تر ئازاد کراوە. هەردوو بەندکراوەکەش لە ڕەگەزی نێر بوون٤.

لە بەڵگەنامەیەکی دیکەدا خشتەی چوار مانگی یەکەمی ساڵی ١٩١٧ واتە مانگەکانی ئازار، نیسان، مایس و حوزەیران دا، لە تاوانی جۆری جینایەتدا کەسێکی نێر و لە تاوانی جۆری قەباحەتیشدا٥ بە هەمان شێوە یەک کەسی نێر هەبووە. واتە لە هەر چوار مانگەکەدا دوو بەندکراو هەبوون٦.

بەگوێرەی ڕاپۆرتێک کە مێژووی ٢٦ی کانوونی دووەمی ١٣٣٢ی ڕۆمی (بەرامبەر ١٩١٧/٢/٨ز)ی لەسەرە، باس لە پێکهاتەی گرتووخانەکەی گوڵعەنبەر کراوە و ئاماژە بەوە دراوە کە بە حەپسخانە و تەوقیفخانەی شارەکە هەر یەک شتن، بەڵام لە خانەی تەوقیفخانەدا نووسراوە؛ نییە، بەو واتایەی لەو ساڵەدا تەوقیفخانە نەماوە و بەڵکو ناوی بووەتە حەپسخانە. لەبارەی بەڕێوەبەر و کارمەندانی ئاماژە بەوە دراوە کە بەڕێوەبەر و کارمەندی نین و بەهۆی جەندرمەوە دەپارێزرێت. تەنانەت کاتب و گاردیانیشی نییە.

هەر لە ڕاپۆرتەکە ئاماژەی بەوە داوە؛ یەک کەس لە ڕەگەزی نێر ڕاگیراوە و وەک حەپسخانەیش دوو کەس لە ڕەگەزی نێر بەندکراون و هیچ ژنێکیش لەنێو ڕاگیراون و بەندکراواندا نین. بەپێی سزای بەندکراوان دوو کەسی حوکمدراو هەن و هێشتا شەش مانگ لە زیندان نەماونەتەوە.

لە بارەی خواردن و خواردنەوەی بەندکراوان، ئاماژە بەوە دراوە کە خواردن و خواردنەوەی بەندکراوان لەلایەن حکومەتەوە دابین دەکرێت و لە لایەن هیچ بەڵێندەر یان خێرخوازێکەوە دابین ناکرێت. ئەم ڕاپۆرتەیش واژووی بەرپرسی جەندرمەی پێوەیە، بەو واتایەی حەپسخانەکەی گوڵعەنبەر فەرمانگەیەکی سەربەخۆ نەبووە و تەنانەت بەڕێوەبەر و کارمەندیشی نەبووە٧.

4 DH.MB..HPS.M.00028.00039.002

٥ قەباحەت بەگوێرەی قانوونی عوسمانی، تاوانێکی بچووک بووە، کە سزاکەی ڕاگرتنی لە شەو و ڕۆژێک تا هەفتەیەک یان شتێک زیاتر بووە. بڕوانە: ((لعات ناجي، ص ٥٧٤)

6 DH.MB..HPS.M.00031.00070.001

7 DH.MB..HPS.00158.00064.005

لەنێو خشتەی مانگی ئازاری ١٩١٨ دا، لە بەرانبەر ناوی قەزای گوڵعەنبەردا هیچ لەبارەی حەپسخانەکەی گوڵعەنبەر نەنووسراوە، ئەمەش تەنیا بۆ گوڵعەنبەر نەبووە، بەڵکو تەواوی لیوای سلێمانی لەو مانگەدا بە بەتاڵی بەجێهێڵراوە.٨

لەنیو بەڵگەنامەکانیشدا ناوی ئەو تاوانبارانەش هەیە، کە تاوانیان کردووە و هەندێکیان دەستگیرکراون و هەندێکیشیان هەڵاتوون، بۆ وێنە:

لە مانگی شوباتی ١٣٢٨ی ڕۆمی (نیسان و مایسی ١٩١٢)دا، ئەم ڕووداوانە لە قەزای گوڵعەنبەر ڕوویانداوە:

لە ٣ی شوباتی ١٣٢٨، ڕووداوێکی تاڵانکردن و بریندارکردن هەبووە، تاوانلێکراوان ڕەحیم و هاوەڵانی لە گوندی بیارە، تۆمەتباران کەریم کوڕی محەمەد و هاوەڵانی لە گوندی کانی هەمزە. لە ٤ی شوبات کەریم دەستگیر کراوە و هاوەڵەکانیشی بۆ ئێران هەڵاتوون.

لە ٩ی شوباتی هەمان ساڵ، ڕووداوێکی کوشتن بە چەک هەبووە، تاوانلێکراو مەحموود کوڕی میرزادە فەیزی کە پیشەکەی جەندرمە بووە، تۆمەتبار عەزیز سیکە محەمەد لە تایەفەی ڕۆغزادییە و شوێنی ڕوودانەکە گوندی (سیدوسیناق؟/ سەیدسادق) بووە و تۆمەتبار لە ڕەوەندە کۆچەرییەکانە و بۆ ئێران هەڵاتووە.

هەر لە ٩ی شوباتی هەمان ساڵدا، ڕووداوێکی کوشتن و تاڵانکردن هەبووە، تاوانلێکراوان سەعید کوڕی ئەمین و هاوەڵانی کە خەڵکی چوارباخی سلێمانی بوون و تۆمەتباریش قادر کوڕی ساڵح لە تایەفەی شێخ ئیسماعیلییە. تۆمەتبار بەرەو سنووری ئێران هەڵاتووە و شوێنی نیشتەجێبوونی دیار نییە.٩

خشتەی تاوانەکانی مانگی نیسانی ١٣٢٨ی ڕۆمی چوار ڕووداوی تێدا تۆمارکراون، بەم شێوەیەی خوارەوە:

لە ٢٤ی مارتی ١٣٢٨ لە گوندی سەراو ڕووداوێکی کوشتن هەبووە، تۆمەتبار ئەمین کوڕی عەزیز بووە و لە خانەی تاوانلێکراو مافی گشتیی نووسراوە و تۆمەتبار هەڵاتووە.

---

8 DH.MB..HPS.00160.00050.001

9 DH.EUM.EMN.00026.00032.004

له ٩ی نیسان له گوندی مەلاحلونە؟ ڕووداوێکی کوشتن هەبووە، تۆمەتبار ناوی حوسێن بووە و خەڵکی ئێران بووە و بۆ ئەوێش هەڵاتووە.

له ٥ی نیسان له پێنجوێن ڕووداوێکی کوشتن هەبووە، تاوانلێکراو محەمەد کوڕی قادر بازیانی بووە و تۆمەتباریش ناوی حاجی مەعرووف بووە و هێشتا دەستبەسەر نەکراوە.

له ١٩ی نیسانیشدا له گوندی خەرپانی ڕووداوێکی سووتاندن دەرهەقی مافی گشتیی هەبووە و بکەر نادیارە.١٠

له مانگی مایسی ١٣٢٨ی ڕۆمی (مایس و حوزەیرانی ١٩١٢)دا، سێ ڕووداو له گوندەکانی بێستانە، کانی کەوە، قشڵاخەڕووتە ڕوویانداوە، له گوندی بێستانە شەریف کوڕی عوسمان له ٢٤ی نیسانی ١٣٢٨ تاوانبارە بە پێشێلکردنی مافی گشتی و جۆری تاوانەکەی سووتاندنە و ناوبراو دەستبەسەرکراوە و ئێستا ڕاگیراوە. له گوندی «کانی کەوە»یش له ٢٤ی مایسی ١٣٢٨ ڕووداوێکی کوشتن هەیە، تاوانبار محەمەدئەمین کوڕی عەلی یە و هەڵاتووە و دەستگیرنەکراوە. له ٢٨ی مایسی ١٣٢٨ دا له ڕووداوێکی سووتاندا تاوانبار ئاغە؟ خورشید بووە و تاوانلێکراو ئیبراهیم و عەلی محەمەدن و تاوانەکە بە (جنحە) حیساب کراوە و پەڕاوەکەی دراوەتە دادگا١١.

هەر له هەمانساڵدا واتە له مانگەکانی ئاب و ئەیلولی ١٣٢٨ی ڕۆمی (ئاب و ئەیلولی ١٩١٢) دا، خشتەی تاوانەکانی سنووری قەزای گوڵعەنبەر خراوەتە ڕوو، کە نۆ ڕووداون بەم شێوەیەی خوارەوە:

دیاردەیەکی تاڵانکردن له ماڵی مەعرووف کوڕی محەمەد له گوندی (گل)١٢، تۆمەتبار محەمەدئەمین کوڕی مستەفایە له تیرەی میکائیلییە و له هۆزی جافە کۆچەرییەکانە و بۆ خاکی ئێران هەڵاتووە.

هەر له مانگی ئاب له گوندی کێلەسپی١٣؛ حەمەخان کوڕی قادر و هاوەڵانی زەوییان سوتێنراوە و فەتاح کوڕی کەریم و هاوەڵانی تۆمەتبارکراون و بۆ خاکی

---

10 DH.EUM.EMN.00031.00009.002

11 DH.EUM.EMN.00008.00001.011

١٢ ناوی گوندەکەمان بەتەواوی بۆ ساغ نەکرایەوە.

١٣ئەم گوندە دوای دروستبوونی ناحیەی سیروان، کرا بە ناوەندی ناحیەکە.

ئێران هەڵاتوون.

لە مانگی ئەیلولدا ڕووداوێکی تری سووتان هەیە، تاوانلێکراو کوێخا ئەحمەد و هاوەڵاکانین، بکەر نادیارە و خەڵکی گوندی هورمزیارە.

هەر لەو مانگەدا ڕووداوێکی کوشتن هەیە، کوژراو ناوی محەمەد کوڕی ساڵحە و، تۆمەتبار ناوی محەمەد کوڕی مەلا کەریمە و لە گوندی هانەژاڵەیە، تۆمەتبار لە ٢٦ی ئەیلولدا دەستگیرکراوە.

هەر لە مانگی ئەیلولدا ڕووداوێکی تری کوشتن هەیە، تاوانلێکراو ناوی حەمەخانە و لە گوندی چەمەڕەشەیە و تۆمەتبار ناوی حەمەی سان ئەحمەدە لە گوندی کانی کەوەیە و هێشتا دەستگیرنەکراوە.

هەر لەو مانگەدا ڕووداوێکی تری تاڵانکردن هەیە، تاوانلێکراو کوێخا ئیبراهیم لە گوندی کێلەکۆ و تۆمەتبار حەمە مەحموود یاروەیسییە و هەڵاتووە بۆ ئێران.

هەر لەو مانگەدا ڕووداوێکی کوشتن هەیە، تاوانلێکراو «مەحموود کوڕی سۆفیبرا»یە و تۆمەتباران عەبدوڵڵا و قادر و عەزیز لە گوندی دۆڵاشن و لە ٣٠ی ئەیلولی ١٣٢٨ (١٩١٢/١١/١٣) دەستگیرکراون.

هەر لەو مانگەدا تاوانێکی ماڵ زەفتکردن هەبووە، تاوانلێکراو نادر کوڕی حەمەد خواکەرەم بووە و تۆمەتبار مەحموود پاشازادە کەیخوسرەو بەگ بووە و دەستگیر نەکراوە.

ڕووداوی کۆتایی هەر لەو مانگەدا، ماڵ زەفتکردنێک هەبووە، تاوانلێکراو فەرەج کوڕی زۆراب لە تایەفەی شوانکارەی شێخ ئەحمەد، تۆمەتبار ئەمین خوداکەرەم و حەمەعەلی کوڕی سوبحان و فەتاح و قادر لە تیرەی ڕۆغزادیی عەشیرەتی کۆچەریی جاف بوون. بەهۆی ئەوەی کۆچەر بوون و چوونەتە ئێران، تۆمەتبارانی گومانلێکراو دەستگیرنەکراون.١٤ ئەم بەڵگەنامەیە ئیمزای فەرماندەی جەندرمە و عەبدولمەجیدی قائیمقامی قەزای گوڵعەنبەری لەسەر هەیە.

لە بەڵگەنامەیەکی تردا بە تەنها خشتەی تاوانەکانی مانگی ئابی ١٣٢٨ی ڕۆمی (مانگی ڕەمەزانی ساڵی ١٩١٢) نیشان دراوە، کە بریتین لە سێ تاوان، ئەوانیش:

---

14 DH.EUM.EMN.00014.00011.018

لە ٦ی ئابی ساڵی ١٣٢٨ لە گردعالم١٥، ڕووداوێکی تاڵانکردن ڕوویداوە، تاوانلێکراو مافی گشتیی بووە و تۆمەتبار قادر صالح، عەلی مستەفا، ساڵح مەحموود و ڕەحمان ئەحمەد بوون لە تایەفەی شێخ ئیسماعیلی. لەنێو ئەو تۆمەتبارانەدا تەنیا ڕەحمان کوڕی ئەحمەد لە ١٨ی ئابی ساڵی ١٣٢٨ دەستگیرکراوە و ئێستا ڕاگیراوە.

لە ٩ی ئابی ١٣٢٨ لە گوندی بانیخێڵان ڕووداوێکی سووتاندن هەبووە، تاوانلێکراو مەحموود قادر و هاوەڵانی بوون، تۆمەتباریش فەتاح کوڕی ڕۆستەم لە عەشیرەتی ڕۆژبەیانی بوون. تۆمەتبار لە ڕووباری سیروان پەڕیوەتەوە و ئێستا لە خاکی ئێرانە.

لە ٢٩ی ئابی ١٣٢٨ ڕووداوێکی تاڵانکردن لە سلێمانی ڕوویداوە، تاوانلێکراو ڕەمەزان کوڕی ڕەحیمە و تۆمەتبار عەبدولقادر کوڕی مستەفایە و ئێستا دەستگیرکراوە.١٦

خشتەی تاوان و سەرپێچییەکانی مانگی تشرینی یەکەمی ١٣٢٨ ی ڕۆمی بریتین لە حەوت ڕووداو، کە ئەمانەی خوارەوەن:

لە ٦ی تشرینی یەکەمدا ڕووداوێکی ماڵ زەفتکردن هەبووە، تاوانلێکراو مەحموود دەروێش ڕەمەزان هەڵەبجەیی بووە و تۆمەتباریش کەیخوسرەو بەگ و پیاوەکانی خوناو؟ حاجی و حەمە مچە و غەریب کوڕی حەمەناوخاس بوون. تۆمەتباران لە جافە کۆچەرییەکانن و بەرەو سنووری ئێران هەڵاتوون.

لە دەی مانگدا ڕووداوێکی کوشتن هەبووە، تاوانلێکراو سەلمە کچی مەحموود و تۆمەتبار عەلی کوڕی مەحموود لە فیرقەی عەمەلە، تۆمەتبار دوای سێ ڕۆژ دەستگیرکراوە.

لە ٢٤ی مانگ ڕووداوێکی سووتان هەبووە، تاوانلێکراو ئەفەندیزادە عەبدولمەجید فەرمانبەری نفووسی گولعەنبەر، تۆمەتبار محەمەد شێخ حوسێن خەڵکی گوندی سوێرەڵەی شارباژێڕ، تۆمەتبار بۆ قەزای شارباژێر گوازراوەتەوە.

هەر لە هەمان ڕۆژدا ڕووداوێکی کوشتن هەبووە، تاوانلێکراو زارا کچی محەمەد

---

١٥ شوێنی ڕووداوەکەمان بۆ ساغ نەکرایەوە: کوردعالم، گردعالم؟

16 DH.EUM.EMN.00014.00007.009

ئەمین خەڵکی گۆیژەیی و تۆمەتبار قادر مراد وەیسی لە تیرەی باشکیی جافە.

لە ٢٩ی مانگدا بە هەمان شێوە ڕووداوێکی کوشتن هەبووە، تاوانلێکراو شەریفی برازای فەتاحی کوێخای خڕنوک بووە و تۆمەتبار نەسروڵلا بەگی کوڕی حەمەڕەزا بەگ و هاوەڵەکانی لە ئەشقیاکانی هەورامان بوون و تۆمەتباران بەرەو سنووری ئێران هەڵاتوون.

لە ١٣ی هەمان مانگدا، ڕووداوێکی ماڵ تالانکردن هەبووە، تاوانلێکراو عاصیمە کچی لەتیف لە فیرقەی صەدانیی جاف بووە و تۆمەتباریش لە هەمان فیرقە بووە و ناوی عەبدوڵلای کوڕی ئەحمەد بووە و بەرەو سنووری ئێران ڕایکردووە.

لە دەی مانگیش ڕووداوێکی کوشتن هەبووە، تاوانلێکراو عەبدوڵلا کوڕی ئەحمەدی خەڵکی گوندی پاریاوله؟ بووە و تۆمەتباریش محەمەد کوڕی قادر بووە لە فیرقەی صەدانی. تۆمەتبار لە هەمان ڕۆژدا دەستگیرکراوە.١٧

بەپێی بەڵگەنامەیەکی تر، کە خشتەی مانگی شوباتی ١٣٢٩ی ڕۆمی تێدا جێگیرکراوە، چوار ڕووداو لە قەزای گوڵعەنبەر تۆمارکراون، کە بریتین لە:

لە ١ی شوباتی ١٣٢٩ی ڕۆمی، ڕووداوێکی لێدان و جنێودان لە شەشکی سەروو؟ ڕوویداوە و تاوانلێکراو ناوی شاناز بووە و تۆمەتبار ناوی عەزیز کوڕی محەمەد بووە. لە هەمان ڕۆژدا تۆمەتبار دەستگیرکراوە.

لە ٣ی شوباتی هەمان ساڵدا، لە تەوێڵە ڕووداوێکی بریندارکردن ڕوویداوە، تاوانلێکراو خوامراد کوڕی ..یارە و تۆمەتباریش حەمەڕەحیم کوڕی حەمەیوسفە و لە هەمان ڕۆژدا تۆمەتبار دەستگیراوە.

لە نۆی مانگیشدا لە مۆریاس موڵکێک دەستی بەسەرداگیراوە، تاوانلێکراو ناوی مەلا نەجمەدینە و تۆمەتباریش حەمەکەریم کوڕی عەبدوڵلایە و لە هەمان ڕۆژدا تۆمەتبار دەستگیرکراوە.

لە ٢٥ی مانگیش لە گوندی وەلی ڕووداوێکی کوشتن هەبووە و تاوانلێکراو ئەمین کوڕی محەمەد بووە و تۆمەتباریش ئەمین کوڕی ئاخەیە و لە هەمان ڕۆژدا

---

17 DH.EUM.EMN.00048.00008.006

تۆمەتبار دەستگیرکراوە١٨.

ئەمە پوختەی خشتەی تاوانەکانی مانگی شوبات بوو.

خشتەی مانگی ئازاری هەمان ساڵیش دوو ڕووداوی تێدا تۆمار کراوە، کە بریتین لە:

لە ٢ی مارتی ساڵی ١٣٢٩ ڕووداوێکی ماڵ زەفتکردن و گرتن هەبووە، تاوانلێکراو سەید محەمەد کوڕی سەید ئەحمەدی گوندی زارێنە و تۆمەتباریش سەید محەمەدی کوڕی سەید عەبدوڵڵای دانیشتووی گوندی نێرگسەجاڕە، تا ئێستا نووسراوی ڕەسمی نەهاتووە بۆ دەستگیرکردنی تۆمەتبار.

لە ١ی مارتیشدا ڕووداوێکی کوشتن لە گوندی بناوەسووتە هەیە، تاوانلێکراو عەبدوڵڵا فەقێ حوسێنە و تۆمەتباریش محەمەد کوڕی مەحموودی نیشتەجێی گوندی بناوەسووتەیە و لە ٧ی مارتی ١٣٢٨ دەستگیرکراوە١٩.

خشتەی مانگی نیسانی ساڵی ١٣٢٩ی ڕۆمی تەنیا پێنج ڕووداوی تێدا تۆمارکراون، کە بریتین لە:

لە ١ی نیسانی ١٣٢٩ی ڕۆمی، ڕووداوێکی کوشتن و بریندارکردن هەبووە، تاوانلێکراو لە تایەفەی بێسەری ئەحمەد عەلی و کەریمی برازای، تۆمەتباریش شێخ مەحموود کوڕی شێخ عەلی گوندی دوبینە؟ یە. وا دیارە تۆمەتبار دەستگیرنەکراوە.

لە ١٠ی نیسانی هەمان مانگدا، ڕووداوێکی سووتاندن لە گوندی پریسی خواروو هەبووە، تاوانلێکراو عەبدوڵڵا ناوخاس بووە و تۆمەتباریش قادر سلێمان و هاوەڵەکانی لە هەمان گوندن. هەتا ئێستا بۆ دەستگیرکردنی تۆمەتباران مامەڵەی یاسایی تەواو نەبووە.

لە ٢٤ی مانگدا کردارێکی بەد لە گوندی دکرمان ڕوویداوە، تاوانلێکراو ئاڵتوون حەڕەمی سۆفی محەمەد عەلی بووە و تۆمەتباریش حوسێن کوڕی میرزا لە سنووری هەڵەبجەوە. تۆمەتبار لە ٢٣ی مانگ دەستگیرکراوە.

ڕووداوێکی کۆنتر کە هی ساڵی ١٣٢٥ی ڕۆمییە و ڕووداوەکە کوشتنە و لە

---

18 DH.EUM.MTK.00027.00014.017

19 DH.EUM.EMN.00057.00015.014

ناوچەی پێکۆلی(پەیکولی) بووە و تاوانلێکراو سەرباز «قادر کوڕی جەودەت» بووە و تۆمەتبارانیش خدر عەلی و هاوەڵانی بوون، تا ئێستا پەڕاویان لە دادگایە و نووسراوی دەستبەسەرکردنیان نەگەیشتووە.

ڕووداوێکی ساڵی پار کە تاڵانی بووە لە گوندی دۆڵاش، تاوانلێکراو قادر کوڕی محەمەدی دۆڵاش بووە و تۆمەتباریش قازی و هاوەڵانی لە گوندی دۆڵاش بووە. تۆمەتباران هەڵاتوون و نازانرێ لە کوێن.٢٠

لە مانگی مایسی ١٣٢٩ی ڕۆمیدا (نیسان و مایسی ١٩١٣) تەنیا یەک جۆری تاوان هەبووە ئەویش کەیسی کوشتن بووە، داواکراو کە بکەری تاوانەکە بووە؛ ناوی تۆفیق کوڕی فەرەج بووە خەڵکی گوندی ولفە٢١ بووە، تاوانلێکراو ڕەشید کوڕی عەزیز بەگی میرەدێ بووە، بەڵام ئاماژە بەوە دراوە کە تا ئێستا لە دادگاوە پەڕاوی دەستگیرکردنی نەگەیشتووە. ڕۆژی ڕوودانی تاوانەکەیش ٢٦ی مایسی ساڵی ١٣٢٩ی ڕۆمی بووە.٢٢

خشتەی مانگی تەممووزی ١٣٢٩ی ڕۆمییش چوار ڕووداوی لەخۆگرتوون، کە ڕووداوی خنکان و سووتان و کوشتنن، لە هەریەکە لە گوندەکانی بەرزنجە و پریس٢٣ و ؟ کانی سپیکە قەوماوە و تۆمەتباری دوو ڕووداو دەستگیرکراون و دووەکەی تر فەرمانی دەستگیرکردنیان نەگەیشتووە. تاوانلێکراوی کانی سپیکە ناوی حوسێن کوڕی باقییە و خەڵکی مۆریاسە و تۆمەتبارەکەیش محەمەد کوڕی نەسروڵڵای کانی سپیکەیە. هەروەها لە گوندی پریسیش تاوانلێکراو ناوی عەبدوڵڵایە و تۆمەتبار شەفیعی کوڕی میرزای پریسییە. هەروەها لە بەرزنجەیش تۆمەتبارەکە شێخ محەمەد کوڕی شێخ سەمەدە.٢٤

خشتەی مانگی ئابی ١٣٢٩ی ڕۆمی، چوار ڕووداوی تێدایە، کە بریتین لە:

لە سەرەتای مانگ ڕووداوێکی کوشتن لە گوندی پیلەسپی(کێلەسپی) ڕوویداوە و

20 DH.EUM.MTK.00021.00025.007

٢١ پێدەچێت دأف بێت، کە یەکێکە لە گوندەکانی ناوچەی شەمێرانی ڕۆژئاوای هەڵەبجە.

22 DH.EUM.MTK.00022.00017.018

٢٣ لە ڕۆژئاوای هەڵەبجە و ناوچەی نەورولی بەشی پاچە دوو گوند بە ناوەکانی پریسی خواروو و پریسی ژووروو هەن، لێرە تەنها ناوی پریسی هێناوە، نازانرێت مەبەستی پریسی خوارووە یاخود ژووروو.

24 DH.EUM.EMN.00076.00031.009

تۆمەتبار نادیارە و تاوانلێکراو سلێمان کوڕی قازی یە و خەڵکی گوندی گردیگۆیە.

لە ٥ی مانگدا لە ناوەندی شاری هەڵەبجە ڕووداوێکی کوشتن هەبووە، تاوانلێکراو ناوی حەمەمورادە و تۆمەتبار کەریم کوڕی ئەحمەدی هەڵەبجەییە، لە ١٣ی مانگ تۆمەتبار دەستبەسەرکراوە.

لە ١٤ی مانگ ڕووداوێکی سووتاندن لە گوندی ئەحمەدبرندە ڕوویداوە، تاوانلێکراو ئەحمەد بەگ کوڕی قادر بەگە و تۆمەتباری ڕووداوەکەیش ساڵح کوڕی عەلی یە کە خەڵکی هەمان گوندە. لە ١٦ی مانگ تۆمەتبار دەستبەسەرکراوە.

لە ١٨ی مانگ ڕووداوێکی کوشتن لە تەوێڵە ڕوویداوە، تاوانلێکراو ؟ ئاغایە خەڵکی گوند و تۆمەتباریش سادق کوڕی مستەفای تەوێڵەییە، بۆ دەستبەسەرکردنی تۆمەتبار هێشتا حوکمی یاسا دەرنەچووە.٢٥

خشتەی مانگی ئەیلولی ١٣٢٩ی ڕۆمییش پێنج ڕووداوی لەخۆگرتووە، کە تاوانلێکراوان خەڵکی گوندی شێخ حوسێن شیشک، گوندی گەلاڵی، گوندی گردیگۆ، دەرگەزێنی سلێمانی بوون و تۆمەتبارانیش خەڵکی گوندی گردیگۆ، خەرپانی، گروستان(چروستان٢٦؟) بوون.٢٧

ڕووداوەکانی مانگی تشرینی یەکەمیش تەنیا دووانیان تۆمارکراون، کە بریتین لە:

ڕووداوێکی کوشتن لە ٦ی مانگ لە سێویرە؟ی ئێران ڕوویداوە، تاوانلێکراو سلێمان کوڕی حەمید لە تایەفەی باشکی و تۆمەتبار عەزیز کوڕی ؟ و حەمەشاسوار و کەریمی برای. بۆ دەستبەسەرکردنی تۆمەتبار هێشتا حوکمی یاسا نەگەیشتووە.

هەر لە شەشی مانگدا لە گوندی گێڵدەرە تاوانێکی بەرتیل وەرگرتن هەبووە، تاوانلێکراو مافی گشتییە و تۆمەتبار ئەحمەدبەگی بەڕێوەبەری ناحیەی سرۆچکە، بۆ دەستبەسەرکردنی تۆمەتبار، هێشتا فەرمانی یاسا دەرنەچووە.٢٨

---

25 DH.EUM.EMN.00073.00003.009

٢٦ پێدەچێت مەبەستی گوندی چرۆسانەی ناوچەی نەورۆلی بێت.

27 DH.EUM.EMN.00073.0001.0019

28 DH.EUM.MTK.00026.00010.013

تاوانكارییەكانی مانگی تشرینی دووەمی ١٣٢٩ی ڕۆمی، لە تەواوی مانگەكەدا لە سنووری قەزای گوڵعەنبەر تەنیا چوار ڕوویداون، بەم شێوەیەی خوارەوە:

لە یەكی تشرینی دووەمی هەمان ساڵدا، ڕووداوێكی ساختەكاریی ڕوویداوە، تاوانلێكراو مستەفا كوڕی مەحموود ئاغا خەڵكی گوندی وێلە؟ بووە و تۆمەتباریش سەعید ئاغا كاتبی ناحیەی سرۆچك و كەریمی كوڕی بووە. ئەگەرچی ساختەكارییەكە كە كراوە پێدەچێ لە نووسراوی ڕەسمیدا كرابێ، بەڵام هێشتا بۆ دەستگیركردنی حوكمی یاسای بۆ جێبەجێ نەكراوە.

هەر لە یەكی مانگی هەمان ساڵدا، ڕووداوێكی تاڵانی لە گوندی كانی كۆچ هەبووە، تاوانلێكراو خانزاد كچی حەمید بووە و تۆمەتباریش وەیسی كوڕی مەولوود و ساڵح كوڕی حەمەدی كانی كۆچ بوون. بە هەمان شێوە فەرمانی دەستگیركردنیان دەرنەچووە.

لە ١٢ی تشرینی دووەمی ١٣٢٩دا، لە گوندی كانی ڕەش ڕووداوێكی تاڵانی هەبووە، تاوانلێكراو حەمید بەگ[29] كوڕی مەحموود پاشا لە بەگزادەكانی جاف، تۆمەتبارەكانیش سەید محەمەد كوڕی شێخ مستەفا و شێخ حەمەعەلی كوڕی شێخ حەسەنی سلێمانیەلی بوون، بە هەمان شێوە فەرمانی دەستگیركردنیان دەرنەچووە.

لە ڕۆژی ٢٣ی هەمان مانگدا لە ئێران ڕووداوێكی تاڵانی ڕوویداوە، تاوانلێكراوان كوێخا مراد و ساڵح كوڕی محەمەدئەمین لە عەشیرەتی ئیسماعیل عوزێری بوون، تۆمەتباریش ڕەزا ئاغا كوڕی عەباس ئاغای كۆنەخانەقایە. فەرمانی ڕەسمی بۆ دەستگیركردنی تۆمەتبار دەرنەچووە[30].

بە گوێرەی بەڵگەنامەیەكی تر خشتەی مانگی كانوونی یەكەمی ١٣٢٩ی ڕۆمی (١٤ی كانوونی یەكەمی ١٩١٣ تا ١٤ی كانوونی دووەمی ١٩١٤ز)، لە قەزای گوڵعەنبەر سێ ڕووداوی تاوان هەبوون، كە بریتی بوونە لە:

لە ١ی كانوونی یەكەمی ١٣٢٩ (١٩١٣/١٢/١٤ز)، لە نێوان گوندی دۆلپەمۆ و سلێمانیدا ڕووداوێكی گرتن و لێدان هەبووە، تاوانلێكراو عەبدوڵڵا مەحموود خەڵكی

---

٢٩ حەمید یان حامی بەگ یان عەبدولحەمید كە بە هەرسێ شێوەكە ناوی لە سەرچاوەكاندا هاتووە كوڕی مەجید بەگ كوڕی عوسمان پاشای جافە، واتە حەمید برازای مەحمود پاشای جافە نەک كوڕی.

30 DH.EUM.MTK.00026.00008.016

گۆیژەی سلێمانی بووە و تۆمەتبار شێخ حسێن کوڕی شێخ ئەحمەد و شێخ حەسەنی دۆڵپەمۆ بوون. بۆ دەستگیرکردنیان هێشتا حوکمی دادگا دەرنەچووە.

لە ٢٢ی هەمان مانگدا، لە کانی حەمەوغان ڕووداوێکی سووتاندن هەبووە، تاوانلێکراو فەرەج کوڕی سلێمانی هەڵەبجەیی بووە و تۆمەتباریش فەرەج کوڕی ئالی خانی وەرمزیار بووە.

لە ٢٥ی هەمان مانگدا ڕووداوێکی تالانی هەبووە، تاوانلێکراو مەعرووف کوڕی فەقێ حوسێنی خەڵکی ئەحمەدبرندە و تۆمەتبار محەمەد حەبیب و براکەی لە گوندی فەقێ جنە.

هەر لە ٢٥ی مانگ لە گوندی عازەبان ڕووداوێکی کوشتن هەبووە، تاوانلێکراو سەید ئەحمەدی عازەبان و تۆمەتبار شێخ حسێن کوڕی شێخ حەمەسەعید و شێخ عەزیز و باوەشێخی عازەبانن.

ئەمانە چەند نموونەیەک بوون، لە زانیاریی ئەو تاوانانەی لەو ساڵانەدا ڕوویانداوە و تۆمەتباران هەندێکیان لە حەپسخانەی گوڵعەنبەر ڕاگیراون یان بەندکراون و ئەوانیتر دەستگیر نەکراون. ئەم زانیارییانە وێڕای ئەوەی دیمەنێکی کێشەکانی ئەو سەردەمەمان نیشان دەدەن، لە هەمانکاتدا ناوی هەندێ گوندی ناوچەکەشیان پاراستووە. لەلایەکی تر ئەو بەڵگەنامانە ئەوەمان نیشان دەدەن کە بەشی زۆری تۆمەتباران بەرەو سنووری ئێران هەڵاتوون و ئەوانەیشی ماونەتەوە بە پاساوی نەبوونی فەرمانی دەستگیرکردن دەستبەسەرنەکراون، ڕەنگە ئەوەش هۆکارەکەی لاوازیی دەسەڵاتی عوسمانی و بەهێزیی هۆز و تیرەکانی ناوچەکە و ملکەچنەکردن بۆ یاسا بووبێت[٣١].

---

٣١ زۆرسوپاس بۆ بەڕێز د.عادل صدیق کە لە ساغکردنەوەی ناوی بەشێک لە گوندەکان هاوکارم بوو.

سەرچاوەکان

کۆدی بەڵگەنامەی عوسمانی:

BOA, DH.EUM.EMN 73.3 1332 C 22/ 1914 May□s 18

BOA, DH.MB..HPS□M 12/33 1332 CA 29/ 1914 Nisan 25

BOA, DH.MB.HPS 41/51 1331 R 24/ 1913 Nisan 2

BOA,DH.EUM.EMN.00008.00001.011

BOA,DH.EUM.EMN.00014.00007.009

BOA,DH.EUM.EMN.00014.00011.018

BOA,DH.EUM.EMN.00026.00032.004

BOA,DH.EUM.EMN.00031.00009.002

BOA,DH.EUM.EMN.00048.00008.006

BOA,DH.EUM.EMN.00057.00015.014

BOA,DH.EUM.EMN.00073.00003.009

BOA,DH.EUM.EMN.00073.0001.0019

BOA,DH.EUM.EMN.00076.00031.009

BOA,DH.EUM.MTK.00021.00025.007

BOA,DH.EUM.MTK.00022.00017.018

BOA,DH.EUM.MTK.00026.00008.016

BOA,DH.EUM.MTK.00026.00010.013

BOA,DH.EUM.MTK.00027.00014.017

BOA,DH.MB..HPS.00158.00064.005

BOA,DH.MB..HPS.00160.00050.001

BOA,DH.MB..HPS.M.00028.00039.002

BOA,DH.MB..HPS.M.00031.00070.001

فەرهەنگ:

لغات ناجی، معلم ناجی، عصر مطبعەسی، استانبول، ١٣٢٢.

قادر محەمەد

لە ئینگلیزییەوە: ڕەوەند سەباح

ئافرەتی کورد

لە تێڕوانینی گەڕیدە ئەورووپییەکاندا

* ئەو بابەتە لە توێژینەوەی
«Muhammad, Q. M. (2017). Kurds and Kurdistan in the view of British travellers in the nineteenth century (Doctoral thesis). University of Leicester, School of History, Politics & International Relations.”
وەرگێڕدراوە و پوختکراوەتەوە.

بەدەگمەن نەبێت، ئەگەرنا زۆربەی زۆری گەڕیدە بەریتانییەکان لە گەشت و ڕاپۆرت و تۆمارەکانیاندا ئاماژەیان بە پێگە و ڕۆڵی ئافرەتی کورد لە کۆمەڵگەی کوردیدا کردوە. ئەگەرچی بەگشتی گەڕیدە ئەورووپییەکانیش ئافرەتی کوردیان بەهەمان شێوەی ئافرەتانی ڕۆژهەڵاتی تەماشا کردووە، بە بەراورد لەگەڵ ئافرەتانی ڕۆژئاوا بە جیاوازیان دەبینین. هەربۆیە بەگوێرەی تێڕوانینە ڕۆژهەڵاتیناسییەکانیان لە قالبیان دەدان و بە نامۆ و سەیر تەماشایان دەکردن و لەگەڵ ئافرەتانی ڕۆژئاوا جیاوازییان دەکردنەوە. بەریتانییەکان تێڕوانینی دیاریکراوی خۆیان لەبارەی ئافرەتی ڕۆژهەڵاتی هەبووە. ئیدوارد سەعید پێیوایە ئەورووپییەکان ڕۆژهەڵاتیان بە شوێنی خەون و خەیاڵ و فانتازیا و شوێنی نۆشکردنی شەربەت و حەرەم و کچە سەماکەراکان و شازادە خاتوون و بۆن و بەرامەی خۆش دەبینی[١]. لە سەدەی نۆزدە تێڕوانینی ئەورووپییەکان لەبارەی سێکس تەنیا بە کەسایەتی و بابەتە تایبەتەکان گرێدراو نەبوو، پێیانوابوو سێکس بە ئەخلاق و یاسا و بەرژەوەندی ئابووری و سیاسییەوە گرێدراوە.

زانای ئەنترۆپۆلۆژی هۆڵەندی مارتن ڤان بروینسن لە یەکێک لە توێژینەوەکانیدا بەناونیشانی «دایکسالاری لە کوردستان؟" ژنانی حاکم لە مێژووی کورددا» جەخت لە جیاوازی کۆمەڵگەی کوردی لە کۆمەڵگە موسڵمانەکانی تری ڕۆژهەڵات دەکاتەوە، لەوەی لە کۆمەڵگەی کوردی ئافرەت مافەکانی یەکسانن. لە لێکۆڵینەوەکەیدا ڤان بروینسن باسی چەند سیاسەتمەدار و سەرکردەیەکی خێڵەکی ئافرەت دەکات لە سەدەی بیست، بەتایبەتی لە ناو ڕیزەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان. هەرچەندە، سەرنجی سەرەکی لەسەر سەرکردە ئافرەتەکانی سەدەی بیست بووە، بەوپێیەی ئاواتەخوازبووە باسی مێژووی دوورودرێژی سەرکردایەتی ژن لە کۆمەڵگەی کوردیدا بکات. ناوبراو لە ڕێگەی هێنانەوەی نموونەی بەرچاوی ئافرەتی کورد لە سەدەی نۆزدە و قۆناغەکانی پێشووتردا پشتگیری لە قسەکانی دەکات، هەروەها لە هەندێ شوێن بۆ پشتگری قسەکانی پشت بە فۆلکلۆری کوردی دەبەستێت. لەنێو باسەکانیدا ڤان بروینسن لەسەر قەڕە فاتیمە و عادیلە خانم بە کەمی سوود لە ئەدەبیاتی سەفەریی بەریتانی

---

١ سەعید، ڕۆژهەڵاتناسی، ل. ١٩٠ف.

وەرگرتووە[٢]. دواتر بە ناوەڕۆکی بابەتەکەیدا چۆوەتەوە و ناونیشانەکەی گۆڕیوە بۆ «لە عادیلە خانمەوە تا لەیلا زانا: ژنان وەک سەرکردەی سیاسی لە مێژووی کورددا»، هەروەها بەشێکیشی بەناوی ئافرەتان لە نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت: کوردەکان» بڵاوەدەکاتەوە، کە لەلایەن شارزاد موجابەوە ئامادەکراوە. لەم بەشەیدا ڤان بروینسن باس لەوە دەکات ناسیۆنالیستە کوردەکان لەو باوەڕەدان هەموو ئافرەتانی کورد هەمان مافی پیاوانیان هەبووە و سەربەستییەکی زیاتریشیان هەبووە بە بەراورد بە ئافرەتانی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

بەگوێرەی ڤان بروینسن تەنیا ئافرەتانی بنەماڵە فەرمانڕەواکان پێگەیەکی بەرزیان لەنێو کۆمەڵگەدا هەبووە. هەروەها ئافرەتان لە هەندێک ناوچەی کوردستان ئازادییەکای زیاتریان لە ئافرەتانی فارس و تورک و عارەب هەبووە[٣]. ئەگەرچی ڤان بروینسن تەنیا پشت بە نووسراوی ناسیۆنالیستە کوردەکان دەبەستێت، گەڕیدە بەریتانییەکانیش تاڕادەیەک هەمان باس لەبارەی ئافرەتی کورد دەگێڕنەوە. زۆرێک لە گەڕیدە بەریتانییەکان بە تێر و تەسەلی لەسەر ئافرەتی کورد نووسیویانە، هەوڵیانداوە ئەو ئازادی و سەربەستییەی ئافرەتی کورد هەیەتی وێنا بکەن و پێگەی گرنگیان لە کۆمەڵگەدا بخەنەڕوو. لەلایەکی ترەوە، زۆربەی زۆری گەڕیدە بەریتانییەکان کاتێک باسی سەربەستی ئافرتی کورد دەکەن، چاوپۆشی لەو هەرەمە کۆمەڵایەتییە دەکەن کە لێی ژیاون. زۆربەی زۆری گەڕیدەکان تەنیا جیاوازییان لەنێوان چینی پیاوانی کورد کردووە، ئافرەتی کوردیان بەگشتی وێنا کردوە، بێ ئەوەی پۆلینیان بکەن بەگوێرەی هەرەمی کۆمەڵایەتی.

مێرێلا گالێتی نووسەری «ڕۆڵی ئافرەت لە کۆمەڵگەی کوردی لە ڕوانگەی ڕۆژئاوادا»، کە لەلایەن مۆجابەوە ئامادەکراوە، باس لە تێڕوانینی هەندێک گەڕیدە و مۆژدەدەری سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتاکانی سەدەی بیست دەکات. بەپشتبەستن بە تۆماری ئەورووپییەکان، لە چەند ڕوویەکەوە وێنای ئافرەتی کورد دەکات. هەرچەندە، وەک ڤان بروینسن ئەو بۆچوونە ڕەتدەکاتەوە لەوەی نەتەوەپەرستە

---

٢ ڤان بروینس، دایکسالاری لە کوردستان؟ ژنانی حاکم لە مێژووی کورددا، گۆڤارێکی نێودەوڵەتی بۆ لێکۆڵینەوەی کورد، ١-٢ (١٩٩٣).

٣ م.ڤی.بروینسن، «لە عادیلە خانمەوە تا لەیلا زانا: ژنان وەک سەرکردەی سیاسی لە مێژووی کورددا» لە س.موجاب (وەرگێڕ)، ژنانی نەتەوەیەکی نادەوڵەتی کورد (کۆستا مێسا، ٢٠٠١)، ل ٩٥-١٠٧.

کوردەکان دەڵێن گوایە ئافرەتانی کورد بە بەراورد بە ئافرەتانی تری موسڵمان سەربەستی و ئازادی زیاتریان هەبووە. گاڵێتی دەڵێت: ناسیۆنالیستە کوردەکان ئەو بۆچوونەیان هەبووە، کە ئافرەتانی کورد لە چەند ڕوویێکەوە لە ئافرەتی ئەورووپی دەکەن، لەڕاستیدا ویستوویانە پشتگیری بۆ ئەجێنداکانیان بهێننەوە. تاڕادەیەک لە تێڕوانینەکانی ڕاستە، چونکە لە خوێندنەوەی مێژووی گەشتکردندا دەردەکەوێت کە گەڕیدە بەریتانییەکان هەوڵیانداوە عەشیرەتە کورد و ئەورووپییەکان پێکەوە بەراورد بکەن تاکو وا نیشانبدەن لە هەمان قۆناغی سەرەتایین، بەتایبەتی گەڕیدە بەریتانییەکان زۆر هەوڵیانداوە بەراورد لەنێوان ئافرەتانی بەرزاییەکانی سکۆتلەندا و کورددا بکەن. لە ڕوانگەی گاڵێتی گەڕیدەکان وێنایەکی وردی ئافرەتی کوردیان نەکردووە، بەڵکو تەنیا لایەنی باشییان نیشانداوە.

یەکێک لە توێژینەوەکانی تر لەبارەی ژنانی کورد لەلایەن مرۆڤناسیی دانیمارکی (هێنی هاراڵد هانسن)ەوە ساڵی ١٩٦١ بڵاوکراوەتەوە. لێکۆڵینەوەکە توێژینەوەیەکی مەیدانی بەراوردکاری لەنێوان بارودۆخی ئافرەتی کورد لە شار و لادێ دەکات. توێژەر لەگەڵ وەرگێڕێک سەردانی چەندین ناوچەی باشووری کوردستانی کردووە، بە چڕی لەبارەی ئافرەتی کوردی لە ساڵانی ١٩٥٠وە نووسیووە. باسی چەند لایەنێکی ژیانی ڕۆژانەی ئافرەتی کوردی ئەو کاتی کردووە، وەکو لایەنی پیشەیی و هاوسەرگیریی و کەسایەتی و جلوبەرگ. لە دەرەنجامی توێژینەوەکەیدا، ئاشکرا دەبێت کە ئافرەت لە شار و شارۆچکەکاندا دەرفەتی خوێدن و گەشەپێدانی کارامە و بەهرەکانیان هەیە و زۆربەشیان دەرفەتیان هەیە ببنە دکتۆر و مامۆستا. ئەگەرچی هانسن لەو باوەڕەدا بووە کولتووری ئیسلامی زۆر بە قوڵی ڕەگی لەنێو کورددا داکوتاوە و کاریگەری بەرچاوی لەسەر ئافرەتی کورد لە سەدەی بیستدا هەبووە، لەکاتێکدا، ئەوەش دەخاتە ڕوو، کە هەر لە سەرەتاکانی سەدی بیستەوە شێوازی ژیانی ئافرەتی کورد پەیتا پەیتا گۆڕانی بەخۆوە بینیوە و شێوازی ژیانی ڕۆژئاواییان پەیڕەو کردووە، بەتایبەتی لە پۆشاک و جلوبەرگدا. هانسن دەیەوێت ئەوە بسەلمێنێت کە پێشکەوتن لەنێو ئافرەتی کورددا هەبووە[٤]. بەگشتی تیشک دەخاتە سەر ئەو زانیارییەی لە گەشتی شار و گوندەکان دەستیکەوتووە، بابەتی باسەکەشی زیاتر لەبارەی ئافرەتی کورد لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەوە بووە.

---

٤ هـ.هـ.هانسن، ژیانی ژنی کورد، کۆپنهاگن، ١٩٦١.

ئازادی ئافرەتی کورد

لە تێڕوانینی گەڕیدە بەریتانییەکان ئافرەتی کورد بە بەراورد بە ئافرەتی تورک و فارس ئازادی زیاتری هەبووە[٥]. ڕیچ یەکەم گەڕیدە بوو لە سەدەی نۆزدە باسی ئازادی ئافرەتی کورد بکات. ئاماژە بەوەدەکات لە دەوروبەی سینادا ئافرەت و پیاو بە ئاشکرا تێکەڵی یەکتر دەبن[٦]. ڕیچ لەو باوەڕەدا بووە ئافرەتی کورد لە ڕۆژهەڵات یەکەم ئافرەت بوونە کە ئازادی و سەربەستییەکی لەو جۆرەیان پێدرابێت. بەلای ئەو ئەمە دیاردەیەکی نوێ بوو، چونکە هەرگیز خەڵکی ڕۆژهەڵاتی وەکو ئافرەتی کوردی نەبینیوە، کە لەگەڵ پیاوان تێکەڵ بن بەبێ هیچ خۆپۆشین و شاردنەوەیەک[٧]. لە تۆمار و گێڕانەوەکانیدا ئاشکرایە کە ئەو پێی وابووە ئافرەتی کورد سەربەخۆبووین، چونکە هێندەی تورک و فارسەک مەدەنی نەبوون، لەگەڵ ئەوەی زۆربەیان لە ناوچە گوندنشینەکانی ژیانیان دەکرد، پێچەوانەی تورک و فارسەکان. بەگشتی گەڕیدەکان باس لەوە دەکەن کە سروشتی ژیانی گوندیی کوردەواری سەربەستی و سەربەخۆییەکی زیاتری بە ئافرەتی کورد بەخشیوە، چونکە پیاو و ئافرەت لە کاروباری ژیانی ڕۆژانەدا پێکەوە بەشداربوون.

بەگوێرەی تێڕوانینی گەڕیدەکان ئازادی ئافرەتی کورد بەڕوونی لە جلوبەرگەکانیان لەنێو کۆمەڵگای موسڵماناندا دیارە. بۆ نموونە پەچە کە بە بەرتەستککردنەوەی سەربەستی دادەنرا، کەچی گەڕیدەکان لەو باوەڕەدابوون ئافرەتی کورد پەچەی بەکارنەدەهێناوە، لە زۆر شوێنی کوردستان ئاماژەیان بە ئافرەتی بێ پەچە کردووە. ڕیچ ئاماژە بە ژنانی عەشیرەتی جاف و ئافرەتانی تری شاری سلێمانی دەکات، لەوەی پەچە و لەچکیان وەکو ئافرەتانی عەرەب بەکارنەهێناوە[٨]. فرەیزەر دەڵێ ئافرەتە خێڵەکییە عەرەبەکان کاتێک دەچوونە دەرەوە خۆیان دەپۆشی، چونکە عەرەبەکان نیگەران دەبوون لەوەی بێگانەکان

٥ پۆرتێر، گەشتیاران لە جۆرجیا، ڕووسیا، ئەرمینیا، بابلی کۆن، ل. ١٩٨ ؛ برایس، ترانسکۆکایسا و ئارارات، ل. ٣٢٨؛ هۆراتیۆ ساوسگەیت جیاوازی لە نێوان ژنانی کورد و فارسدا کرد، بڕوانە گێڕانەوەی گەشتێک بەناو ئەرمینیا، کوردستان، فارس و میزۆپۆتامیا، بەرگی ٢ ، لەندەن، ١٨٤٠، ل ١٢٠.

٦ ڕیچ، گێڕانەوەی شوێنی نیشتەجێبوونێک لە کوردستان، ب١، ل. ١٠٧

٧ هەمان سەرچاوە، ل٢٨٣.

٨ هەمان سەرچاوە، ل١٨١، ٢٨٥.

ژنەکانیان ببینن، هەر لەبەرئەمەش هەتا کچەکانیشیان وەکو گەورەکان جلوبەرگیان دەپۆشی[٩]. تۆماری گەڕیدەکان ئەوە دەردەخەن هەتا ناوەڕاست و کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە ئافرەتانی کورد پەچەیان بەکارنەهێناوە[١٠]. هاریس ئاماژە بەدەکات کە ئافرەتانی کورد پەچەیان وەکو ئافرەتانی تری موسڵمان بەکارنەهێناوە، بۆ نموونە ئافرەتانی کوردی ئەمیرئاباد بی لەچک بوون[١١]. بەگوتەی بێرد پۆشینی لەچک مەرجی پێشوەختە بووە بۆ ژنانی فارس، ئەوانەیشی بێ پەچە بچوونایەتە دەرەوە، زۆر بە توندی لەلایەن خەڵکەوە ئەشکەنجە دەدران[١٢]، بە بێچەوانەوە، ئافرەتانی کورد بێ پەچە بوون[١٣].

هەندێک گەڕیدە هەوڵیانداوە باسی ئافرەت لەنێو چینە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا بکەن، بەتایبەتی لە ڕووی جلوبەرگیاندا. بۆ نموونە، ڕیچ باسی جیاوازییەکی کەمی نێوان ئافرەتی چینە باڵاکان و ئافرەتی چینی ئاسایی دەکات. ئافرەتانی چینە ئاساییەکانی سلێمانی کاتێک سەردانی شار یان بازاڕیان دەکرد بێ لەچک و پەچە دەچوونە دەرەوە. لە هاوینان لە بەیانی زوودا لە جێگای خەوتن لەگەڵ هاوسەرەکانیاندا دەبینران. کە لە خەو هەڵدەستان کارەکانی ماڵەوەیان دەکرد، میچی خانووەکانیان لە پێنج یان شەش پێ بەرزتر نەبوو[١٤]. لەگەڵ ئەوەشدا، ڕیچ ئافرەتی لە چینە باڵاکاندا دەدیت، دەموچاویان پۆشیبوو، خۆیان داپۆشیبوو تاکو لە بازاڕ و شاردا کەس نەیانناسێتەوە[١٥]. هەردوو تێڕوانینی سەرەوە پێچەوانەی قسەکانی ڤان بروینیسین، لەوەی ئافرەتانی چینی ئاسایی سەربەستییەکی زیاتریان لە ئافرەتانی خانەوادەی چینە باڵاکان هەبووە. هەروەها ئافرەتانی خێزانی شوانکارە کوردەکان ئازادییەکای زیاتریان لە ئافرەتانی شار و شارۆچکەکاندا هەبووە.

---

٩ فرایزەر، گەشتەکانی نێو کۆردستانی میزۆپۆتامیا، ب١.١١، ل. ٢٧٨.

١٠ ئاینسۆرس، گەشت و لێکۆڵینەوە لە ئاسیای بچووک، میزۆپۆتامیا، کلدا و ئەرمینیا، ل. ٢٥٠ ؛ ویڵسن، کتێبی دەستی بۆ گەشتیاران لە ئاسیای بچووک، ل٦٤.

١١ هاریس، لە باتومەوە بۆ بەغدا، ل١٧١.

١٢ بێرد، گەشتەکان لە فارس و کوردستان، ب١. ١، ل. ١٠٣.

١٣ بێرد، گەشتەکان لە فارس و کوردستان، ب١. ٢، ل١٩٢، ٢٠٦.

١٤ ڕیچ، گێڕانەوەی شوێنی نیشتەجێبوون لە کوردستان، ب١. ١، ل. ٢٨٥.

١٥ هەمان سەرچاوە، ل. ٢٨٤

بەم پێیە، گەڕیدە بەریتانییەکان ویستوویانە ئەوە بخەنەڕوو کە ئافرەتانی کورد لە خێوەت و گوندەکان سەربەستی و ئازادییەکی زۆرتریان لە ئافرەتانی شار و شارۆچکەکان هەبووە، هەتا لە ڕەوشت و ئاکاریش لەوانەی شار بەرزتر بوون. شیل هەمان تێڕوانینی ڕیچی هەبوو، پێیوابوو لەنێو ئافرەتانی شاردا تەنیا ئافرەتانی خێزانە پلە باڵاکان پەچە و لەچکیان دەپۆشی، لەکاتێکدا ئافرەتانی بن خێوەتەکان سەربەستییەکی زێدەتریان هەبوو، ئازادانەتر بوون. ژنانی خێوەتگاکان پلەیەکی بەرزیان لەنێو خێزاندا هەبوو، ڕۆڵێکی گەورەیان لە کاروباری خێوەتگادا دەگێڕا[١٦].

زۆرجار گەڕیدەکان باسی پێگەی ڕەوشت و کۆمەڵایەتی کوردیان کردووە. گەڕیدەکان پێیانوابوو ئافرەتی کورد خاوەن ڕەوشت و ئاکارێکی بەرزبوون، لەگەڵ ئەوەشدا، جیاوازییان لەنێوان ئافرەتی گوند و (ئەوانەی لە دێ و ژێر خێوەتەکاندا دەژیان) و شاردا کردووە. هاریس هەمان بۆچوونی هەبوو، پێیوابوو، ژنانی گوندنشین ئازادییەکی زێدەتریان هەبوو، ناپاکی و بەدڕەوشتی زۆر بەدەگمەن لەنێو ئافرەتی کورددا بەدی دەکرا، ئەمەیش بەشێکی بەهۆی ئەو سزا قورسە بووە بۆ هەردووڕەگەز لەکاتی بەدڕەوشتیدا[١٧]. لوسی گارنێتی گەڕیدەی بەریتانی باسی زۆر چیرۆک و سەربوردەی داوێنپاکی ئافرەتی کورد دەکات[١٨]. لە یەکێک لە چیرۆکاکاندا، باسی ژنێک دەکات، کە ویستوویەتی سەردانی ماڵە باوانی بکات. لە گەشتەکەدا ژنەکە تەنیا یەک خزمەتکاری لەگەڵدا بووە. لە ڕێگادا، خزمەتکارەکە بەمەبەست ویستوویەتی خۆیان لە گەشتەکە دوابخەن. لەکاتی خۆرئاوابوون، پێش ئەوەی بگەنە شوێنی مەبەست، ناچار دەبن شەو لە خانەیەکی چۆڵ بمێننەوە. دواتر ئەو شەوە پیاوەکە ویستوویەتی خۆی لە ژنەکە نزیک بکاتەوە و دەستدرێژی بکاتە سەر. ئافرەتەکەش بەرگری لەخۆی کردووە و پیاوەکەی بە چەقۆیەکی بچووک کوشتووە. جا لێرەدا ئەو چیرۆکە ڕاست بێت یان درۆ، گرنگ ئەوەیە ئەوە دەخاتە ڕوو کە ژنی کورد کەسایەتییەکی بەهێزی هەبووە و ئامادەبووە ژیانی

---

١٦ شیل، «تێبینییەکان لەسەر گەشتێک لە تەوریزەوە»، ل ٧٠.

١٧ هاریس، لە باتومەوە بۆ بەغدا، ل ١٧١.

١٨ ئەفسەری بەریتانی مەیجەر نۆئێل بانگەشەی ئەوەدەکات کە هیچ وشەیەک بۆ لەشفرۆشی لە زمانی کوردیدا نییە: ئی.م.نۆئێل، ڕۆژنامەی مەیجەر ئی.م.نۆئێل لە ئەرکی تایبەت لە کوردستان لە ١٤ی حوزەیران تا ٢١ی ئەیلوولی ١٩١٩، بەسرە، ١٩٢٠، ل. ٦٩

خۆی لەپێناو پاراستنی شەرەفی خۆی بخاتە بەر مەترسییەوە.

لێرەدا ئاشکرا دەبێت، گەڕیدەکان لەوباوەڕەدا بوون لەڕووی ئاکارەوە جیاوازییەکی زۆر لەنێوان ئافرەتانی شار و گوندنشین و خێوەتگاکاندا هەبووە. هاریس پێیوابوو ئاکار پێودانگێکی زۆر بەرزی لەنێو ئەو خەڵکە شاخاویانەدا هەبووە؛ تەنیا لە شارەکاندا ئافرەتی کورد لە ئاستی ئافرەتی فارس و تورکەکاندا بووە[١٩]. بەگوتەی گەڕیدەکان خانەوادە پلەباڵاکان لە شارەکاندا بەسەر ئافرەتەکانیان زاڵبوون. دەشێت گەڕیدەکان کاریگەری خەیاڵ و تێڕوانینی ناوچە گوندییەکانی خۆیان لەسەربێت، کە لایان وابوو شیاوتر و گونجاوترە بۆ هەر دوو ڕەگەز تیایدا بژیت[٢٠].

بەتایبەتی هەندێک گەڕیدە پێیانوابوو لەڕووی ئاکار و ڕەوشتەوە ناوچە گوندنشینەکان شوێنێکی لە بارتربوونە بەبەراورد بە چەقی شارەکان، لای ئەوان شارەکان دەرفەتی گەندەڵی و خراپەکاری زێدەتر دەرەخسێنێ بۆ ئافرەتە گەنجەکان٢١. شایەنی باسە، دوای جەنگی دووەمی جیهانی، ئاستی ڕۆشنبیری لەنێو ئافرەتانی شار و شارۆچکەکان بەتایبەتی لە باشووری کوردستان بەرزبووەوە، هەندێک لە ژنان توانیان ببن بە دکتۆر و مامۆستا و پەرستار٢٢. مارتن ڤان بروینسن پێیوایە ژنانی کورد لە هەندێک شوێنی دیاریکراودا چێژیان لە ئازادی وەرگرتووە، بەڵام ئەم ئیمتیازە هەموو ژنانی کوردی نەگرتووەتەوە.٢٣ قسەکانی تاڕادەیەک ڕاستن، چونکە ژنانی گوندنشین ئازادییەکی زۆرتریان لە ئافرەتانی شار هەبووە. بەگشتی گەڕیدەکان ئەرێنییانە ئازادی ئافرەتی کوردیان بە ئافرەتانی تورک بەراورد کردووە، چونکە پێیانوابوو کۆمەڵگەی تورکی لە کۆمەڵگەی کوردی شارستانیتر بوون. ڕیچ لە سەردانی بۆ سلێمانی دەڵێت: ئافرەتی کورد لە مافەکانیان لەگەڵ پیاوەکانیاندا هاوتان، دواتر دەڵێت ژنانی کورد گاڵتەیان بەگوێڕایەڵی و ملکەچی

١٩ هاریس، لە باتومەوە بۆ بەغدا، ل. ٢١٨.

٢٠ ک.مێرفی، ترس و خەیاڵەکان: نوێگەری، ڕەگەز و دابەشبوونی گوندنشین-شارەکان، ئۆکسفۆرد، ٢٠١٠، ل. ٢.

٢١ س.گریفیت، «نموونەیی ناوچە گوندنشینەکان»، نەبینراوە نەبیستراو (٢٠١١)، ل. ١١٨.

٢٢ س.موجاب، ژن لە سیاسەت و شەڕدا: کەیسی کوردستان، وەرەقەی کار، ژ. ١٤٥، زانکۆی ویلایەتی میشیگان، ١٩٨٧، ل٥.

٢٣ بروینسن: لە عادلە خانمەوە بۆ لەیلا زانا: ژن وەک سەرکردەی سیاسی لە مێژووی کورددا، ل. ١٠٣

ئافرەتانی تورک بۆ هاوسەرەکانیان دەکرد٢٤. لە تۆمارەکانیدا ئاماژە بەوەدەکات کە پەیوەندی نێوان هەردوو ڕەگەز لە کوردستاندا لەسەر بنەمای ڕێز و خۆشەویستی بووە، لەکاتێکدا پەیوەندی ژن و مێرد لای تورکەکان لەسەر بنەمای پیاوسالاریی و ملکەچی مێینە بووە. پێدەچێت، لە تێڕوانینەکانیدا کاریگەری بیروباوەڕی ڕەسەنپەرستی و سەرەتاییگەرایی خێڵە کوردییەکانی لەسەر بێت. کاتێک میلینگن سەردانی باکووری کوردستان دەکات، ڕاپۆرتێکی چڕوپڕ لەبارەی ئافرەتی کورد لە گوندی نوشە (Nusheh) دەنووسێت، ئاماژە بەوە دەکات، ئافرەتانی کورد زۆر ڕێکوپێک و ڕێکخراو بوون هەتا ئامادەبوون لە ژووری تایبەتی (حەریم) خۆشیان پێشوازی لە بێگانەکان بکەن. هەروەها ئاماژە بەوە دەکات، کە پێچەوانەی ژنانی ئەرمەنی، ئافرەتانی کورد شەرمن و نامۆ و ترساو نەبوون. دواتر دەڵێت: ئافرەتانی کورد پێچەوانەی ژنە تورکەکان، کە پێیوابوو ژنە تورکەکان تەنها خۆیان بە شەرمن و بێفیز دەردەخست. میلینگن ئاماژە بەوە دەکات کاتێک چاوی بە ئافرەتانی کورد دەکەوت، پرسیاری پیاو و منداڵەکانی لێ کردوون ترسا و شەرمن نەبوون، بەڵکو قسەشیان لەگەڵی کردووە،٢٥. وەک پێشتر ئاماژەی پێدرا، دەشێت ئەو زانیارییانە تاڕادەیەک ڕاستبن، چونکە بەشداریکردنی ئافرەتی گوند لە کاردا وایلێکردوون سەربەستی زیاتر لە ئافرەتی شوێنەکانی تری ناوچەکە بەدەستبهێنن. گەڕیدەیەکی وەک میلینگن پێیوابوو ئافرەتی کورد بەگشتی ئازادی زیاتری لە ئافرەتانی تر هەبووە، ئەگەرچی هەروەکو هەر گەڕیدەیەکی تر نەیتوانیووە جیاوازی لەنێوان ئاستی جۆراوجۆر ئازادی لەنێو ئافرەتی کورددا بکات.

گەڕیدەکان بەگوێرەی ڕۆڵ و کار و پیشەی خۆیان لە کۆمەڵگەکەیان باسی ئافرەتی کوردیان کردووە. بێرد، کە پێشتر لە خەستەخانەی سەینت ماری لە لەندەن ڕاهێنانی پزیشکی کردبوو[٢٦]، حەز و خولیای پزیشکی هەبوو، دەبینین ئەو حەز و کار و پیشەیەی هەیبووە لە تۆمار و ڕاپۆرتەکانی ڕەنگیداوەتەوە. کاتێک دەچێتە وڵاتی

---

٢٤ ریچ، گێڕانەوەی شوێنی نیشتەجێبوونێک لە کوردستان، ب١. ١، ل. ٢٨٥

٢٥ میلینگن، ژیانی کێوی لەنێوان کوردەکاندا، ل١٢٦-١٢٧.

٢٦ میدلتۆن: ئیزابێلا لوسی بێرد بیشۆپ، فەرهەنگی ئۆکسفۆرد بۆ ژیاننامەی نیشتمانی، ب١. ٥، ل. ٧٥.

فارس و کوردستان جانتا پزیشکییەکەی لەگەڵ خۆی دەبات[٢٧]. هەربۆیە زۆربەی جار حەز و خولیاکەی وایلێکردووە سەرنج بخاتە سەر بارودۆخی تەندروستی خەڵکەکە لەو ناوچانەی سەردانی کردووە. بەگوێرەی بێرد چارەسەری پزیشکی لە کوردستان پیشەیەکی زۆر گرنگ بووە، کە تەنیا بۆ ئافرەتان بەردەست بووە، بۆ نموونە لەنێو بەختیارییەکاندا تەنها ئافرەت بۆی هەبووە ببێتە حەکیم، چونکە پیاوان بە نائارام و ناجێگیر دادەنران[٢٨]. ئەگەر باوک زانیاریی و شارەزاییەکی لە بواری پزیشکیدا هەبا، کچەکەی لەسەر پیشەکە ڕادەهێنا نەک کوڕەکەی. هەندێک لەو ئافرەتە حەکیمانە ڕێکاری زۆر سەختیان پەیڕەو کردووە وەکو دەرهێنانی گوللە لە جەستەی زامداران[٢٩]. بەوشێوەیە، لای بێرد ئافرەتی بەختیاری خاوەن ئاستێکی بەرزی ئازادی بوون و توانوویانە خزمەتێکی گرنگ لە کۆمەڵگەدا بکەن و دەست لە جەستەی پیاوان بدەن و چارەسەریان بکەن.

میرێلا گالێتی پێیوابوو لەڕووی پەروەدەوە ئافرەتانی کورد هاوشێوەی یەک نەبوون، ژنانی باشووری کوردستان ئاستی پەروەردەییان لە ئافرەتانی باکوور بەرزتربووە[٣٠]. لە بۆچوونەکانی زیاتر پشتی بە ئەدەبیاتی گەشتیاریی بەستووە. لە لایەکی ترەوە گارنێت باسی ژنانی شاری سلیمانی دەکات، کە شارێکی گرنگ بوو بۆ چالاکی ڕۆشنبیری، لە سەدەی نۆزدە بەولاوە، لەڕووی پەروەردەییەوە، پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە[٣١]. لە ڕاپۆرتەکەی ئاماژە بەوە دەکات کە کچان و ژنانی شاری سلێمانی و دەوروبەری[٣٢] دەتوانن بە زمانی فارسی بنووسن و بخوێننەوە، بەوپێیەی ئەوکات لە کوردستان زمانی ئەدەبی بووە.[٣٣]

٢٧ دەگمەن: ئیزابێلا بێرد قەشە، ل. ٢٤٤.

٢٨ بێرد، گەشتەکانی وڵاتی فارس و کوردستان، ب١. ٢، ل ٧٤.

٢٩ هەمان سەرچاوە.

٣٠ گالێتی: ژنانی کۆمەڵگەی کوردی لە ڕوانگەی ڕۆژاوا، لە مۆجاب (ئامادەکردنی)، ژنانی نەتەوەیەکی بێ دەوڵەتی کورد، ل ٢٠٩.

٣١ گارنت، ژنانی تورکیا و فۆلکلۆریان، ب١. ٢، ل. ١٣٠.

٣٢ پەروەردەی مێینەکان لە ناوچەکانی تر ئاسایی بوو، بۆ نموونە لەنێو بەختیارییەکان ژنان پەروەردەکراو بوون و تەنانەت فێری زمانی بیانیش بوون. ئی.ن.م.ڕۆس، خانمێکی پزیشک لە خاکی بەختیاری ، لەندەن، ١٩٢١، ل٩٢

٣٣ گارنت، ژنانی تورکیا و فۆلکلۆریان، ب١. ٢، ل ١٣٠.

جێی خۆیەتی بڵێین لە شارەکانی تری دەوروبەری شاری سلێمانیش ئافرەتی خوێندەوار هەبوون. ئەگەرچی گالێتی باسی بارودۆخی ڕۆشنبیری ئافرەتانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەکردووە، بەڵام ئیزابێلا بێرد دەڵێت جێ پەنجەی خانەوادە و مژدەدەرە مەسیحییەکان لە خوێندەواریی و پەروەردەی ئافرەتانی کورددا دیاربوو. خوێندەواری بە مەسیحییەتەوە گرێدرابوو، لەگەڵ ئەوەش لە هەمەدان[٣٤] لەنێو هەندێک قوتابی ئەرمەنی مێینە، چەند کچە موسڵمانێکیش دەبینران. جگەلەوەش، بێرد ئاماژە بەوە دەکات، لەکاتێکدا زۆربەی زۆری ژنانی کورد نەخوێندەوار بوون، ئافرەتانی چینی خانەوادە پلەباڵاکان دەیانتوانی قورئان و شیعر بخوێننەوە[٣٥]. وەک ئاماژەی پێدرا، لە زۆربەی ناوچەکان تەنها کوڕان دەرفەتی خوێندنیان هەبوو، شایەنی باسە، ئەوکات هەندێک لە کچانی خەڵکی ئاسایی دەرفەتی خوێندن و پەروەردەیان بۆ ڕەخسا، ئەو دەرفەتە تەنها بۆ نوخبە دەستەبەرنەبوو.

تێڕوانینی گەڕیدە بەریتانییەکان لەسەر ڕۆڵی سیاسیی و سەربازی ژنانی کورد

بەگوێرەی ڕەنا قەبانی لە دیدی ئەورووپییەکان ئافرەتی ڕۆژهەڵاتی خاوەن کەسایەتییەکی لاوازبوون، هەمیشە دوودڵ و دڵەڕاوکێیان پێوە دیاربووە[٣٦]، ژێردەستەی حەزی پیاوان بوون و بە تەمبەڵ و شەهوانی وێناکراون[٣٧]. ئەگەرچی لە دیدی گەڕیدە ئەورووپییەکان ئافرەتی کورد بەگشتی لەو وێناکردنانە دوورە. تێڕوانینی گەڕیدەکان پێچەوانەی بۆچوونی کۆنی ئەورووپییەکان بوون لەبارەی ئافرەتی ڕۆژهەڵاتی بە ئافرەتی کوردیشەوە. بە لای میلینگنەوە ئافرەتی کورد خاوەن کەسایەتییەکی بەهێز بوون، لەنێو کۆمەڵگەدا پێگەی سیاسیی و سەربازییان هەبووە. لەگەڵ ئەوەشدا میلینگن ئەوەی جیانەکردووەتەوە کامە چینی ئافرەت لە کۆمەڵگەدا مافی زیاتری هەبووە. هەروەها گەڕیدەکان ئاماژەیان

---

٣٤ کاتێک لە هەمەدان بوو، بێرد سەردانی گەڕەکی ئەرمەنەکانی کرد و ئاماژەی بەوەدا کە ئەرمەنییەکان کەسانی بەڕێز بوون، بەڵام ژمارەیان نەخەملاندووە. بێرد، گەشتەکان لە فارس و کوردستان، ب١. ٢، ل. ١٤٦.

٣٥ باڵندە، گەشتەکان لە فارس و کوردستان، ب١. ٢، ل٢٥٤.

٣٦ قەبانی، خەیاڵی ئیمپراتۆری، ل٢٦.

٣٧ هەمان سەرچاوە.

بەوەکردووە، کە ئافرەتی کورد بەردەوام پەیوەندی لەگەڵ پیاودا هەبووە، وایلێکردوون بەشداربن لە بڕیاردان، بەوشێوەیە، خاوەن توانا و هێز بوون. ئەو جۆرە هاریکاریی و پەیوەندییە لەنێوان نێر و مێ لە کۆمەڵگەی کوردیدا، کۆمەڵگەی کوردی جیاکردووەتەوە، بەوپێیەی ئافرەتی کوردی لە کاروباری کۆمەڵایەتی و سیاسی بەشداری کردووە. گەڕیدەکان پێیانوابوو ژنانی کورد شارەزایەکی بەرچاویان لەبارەی خێڵ و عەشیرەت، پلان و بەرنامە و ناکۆکی هۆزەکانیان هەبووە[٣٨]. تەنانەت مارک سایکس ئاماژە بەوەدەکات، ئافرەتی کورد توانوویەتی بە ئاشکرا و بە دەنگی بەرز بۆچوونەکانیان دەرببڕن، داوای حەق و مافی خۆیان بکەن[٣٩]. ئەوەش دەرخەری ئەوەیە ئافرەتی کورد دەسەڵاتێکی زۆری هەبووە. هەردوو گەڕیدە بەگشتی باسی ئافرەتی کورد دەکەن، بێ ئەوەی تیشک بخەنە سەر جیاکردنەوەی چینی کۆمەڵایەتییان. هەرچەندە، ویلیام فرانسیس ئاینسۆرس پێچەوانەی هەموو گەڕیدەکانی دی ئافرەتی کورد پۆلێن دەکات، سەرنج دەخاتە سەر ئافرەتانی چینی باڵا. بەگوێرەی ڕاپۆرتەکانی، ئافرەتی کورد وەک ناوبژیوان ڕۆڵی گێڕاوە و کۆتایی بە ناکۆکی و کێشەی نێوان پیاوان هێناوە. ڕیچ لە باسی چەند گوندێکی نزیک سینا، ئاماژە بەوەدەکات ئافرەت پێگەیەکی گەورەی هەبووە، هەندێکجار توانوویانە کێشەی نێوان پیاوان چارەسەر بکەن تاکو بەر لە شەڕ و خوێنڕشتن بگرن[٤٠].

میلینگن باس لە ڕووداوێکی ساڵانی ١٨٥٠ دەکات، کاتێک کوردانی شکاک لە نزیک شاری وان بەشەڕ هاتن، بیست و چوار کەسیان لە یەکتر کوشت. بەرپرسانی حکومی بە هاوکاری ژمارەیەک ئافرەت توانیان کۆتایی بە شەڕ و شۆڕەکە بهێنن[٤١]. ئەمە هۆکارێک بوو کە وای لە گەڕیدەکان کرد ئافرەتی کوردی بە سیمبولی ئاشتی و یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی وێنا بکەن. ئەم تێڕوانینە

---

٣٨ میلینگن، ژیانی کێوی لەنێوان کوردەکاندا، ل ٢٥٠-٢٥١؛ ل.شیل، وردەکارییەکانی ژیان و ڕەوشت لە فارس لەندەن، ١٨٥٦، ل. ٢٦٨ ؛ بیڵ، تورکیا لە ئاسیا و فارس، ل ٢٤٨ ؛ م.سایکس، «گەشتەکان لە باکووری میزۆپۆتامیا» گۆڤاری جوگرافی، ٢٠، ژمارە ٣ ، ١٩٠٧، ل ٢٥٤.

٣٩ هەمان سەرچاوە.

٤٠ ڕیچ، گێڕانەوەی شوێنی نیشتەجێبوونێک لە کوردستان، ب١. ١، ل ١٠٧.

٤١ میلینگن، ژیانی کێوی لەنێوان کوردەکاندا، ل٢٥٢-٣.

لای بایەزیدی نووسەری کورد پشتڕاستکراوەتەوە، کاتێک ناکۆکی و ئاڵۆزییەک سەریهەڵدەدا، ئەوە ئافرەتان بوون کۆتاییان بە کێشەکان دەهێنا. کاتێک ناکۆکی و ململانێیەک لەنێوان دوو گوند سەریهەڵدەدا، وەکو ئەوەی لە نێوان هەکاری و بۆتاندا ڕوویدا، شێخانی ئایینی و ژنان هەوڵیان دەدا کێشەکان چارەسەر بکەن و داوایان دەکرد شەڕەکە بوەستێنن[٤٢].

گەڕیدە بەریتانییەکان ویستوویانە ئەوە بخەنەڕوو کە ئافرەتانی کورد لە خێوەت و گوندەکان سەربەستی و ئازادییەکی زۆرتریان لە ئافرەتانی شار و شارۆچکەکان هەبووە، هەتا لە ڕەوشت و ئاکاریش لەوانەی شار بەرزتر بوون.

گەڕیدەکان هەڵسەنگاندنیان بۆ سەرکردە ئافرەتە کوردەکانیش کردووە، بەوپێیەی ئەوکات ڕۆڵێکی کاریگەریان هەبووە. ئاینسۆرس دەگێڕێتەوە و دەڵێت: لە نزیک شەنگال دوو گوندی لێک نزیک هەبوون. گوندێکیان ناوی چیلاغا (Chil-Agha) بوو، خانمێکی گەورەی گوندی زۆر بەگەرمی پێشوازی لە خۆی و هاوڕێکانی کرد[٤٣]. لەو ڕاپۆرتەدا، ئەوە ئاشکرا دەکات، کە ژنانی کورد مافی سەرکردایەتی کۆمەڵگەیان هەبووە. ئەگەرچی، زانایانی وەک ڤان بروینسن پێیانوابووە مەحاڵە هەموو ئافرەتانی کورد ئازادیان لە ئافرەتانی فارس و عەرەب و تورک زیاتر بووبێت، لای ئاینسۆرس ئیمتیازاتی سیاسی بەیەکسانی بەسەر هەموو ئافرەتانی کورد لە هەموو چین و توێژەکان فەراهەم نەکراوە، بەڵکو تەنها بۆ چینی حوکمڕان و باڵادەست دابینکراوە[٤٤]. بۆچوونەکانی سەبارەت بەسەرکردایەتی ئافرەتی کورد

---

٤٢ بایزیدی، نامەیەک سەبارەت بە داب و نەریتی کورد، ل ١٩.

٤٣ ئاینسۆرس، گەشت و لێکۆڵینەوە لە ئاسیای بچووک، میزۆپۆتامیا، کلدا و ئەرمینیا، ب١. ٢، ل ١٢٠.

٤٤ بروینسن، «لە ئادێلا خانمەوە بۆ لەیلا زانا: ژنان وەک سەرکردەی سیاسی لە مێژووی

ڕاستن، چونکە هەموو سەرکردە ئافرەتەکان لە چینێکی خانەدان و باڵادەستەوە هاتوون. لە کۆمەڵگەیەکی خێڵەکیدا لە کوردستان، ئەستەمە ئافرەت بێ هەبوونی پاشخانێکی بنەماڵەیی بووبێتە سەرکردە، ئەوە سەبارەت بە پیاوەکانیش ڕاست بوو، چونکە کورد باوەڕی بە کەسی دیار و کاریزما بووە. هەر لەبەرئەوەشە سەرکردە پیاوەکانی کورد پاشخانێکی بنەماڵەیی هاوبەشیان هەبووە.

چەند گەڕیدەیەکی تریش باسی سەرکردایەتی ئافرەتی کوردیان لەنێو کۆمەڵگەی گەورەتر کردووە. بۆ نمونە میلینگ لە یەکێک لە ڕاپۆرتەکانیدا باسی خێزانی سەرۆک هۆزی میلان دەکات[٤٥]، کە چەندین ڕۆڵی هەبووە، لەنێویاندا هاوسەری متمانەپێکرا و لە ئەستۆگرتنی کاروباری دارایی و ڕاوێژکار. میلینگن باسی حوکمکردن و بەڕێوەبردنی ئازایانەی ئەو ژنە دەکات لەنێو عەشیرەتدا، بەگووتەی میلینگ سەرەڕای ئەوەی تەمەنی تەنیا بیست و پێنج ساڵانێک بووە، کاتێک پیاوەکەی کۆچی دوایی کردووە، زۆر دلێرانە کارەکانی ڕاپەڕاندووە. پاش مردنی پیاوەکەی وەکو سەرۆک خێڵێکی گەورە ڕێزی لێ گیراوە، تاکو وایلێهاتووە وەکو سەرۆک خێڵ عەشیرەتەکەی بەڕێوەبەرێت[٤٦]. لە ڕوانگەی گەڕیدەکان ئافرەت توانای سیاسی لە پیاوە بە تەمەنەکانی عەشیرەت زۆر زیاتر بووە. لە ڕاپۆرت و تۆماری گەڕیدەکانی سەدەی نۆزدەدا، ئافرەتی کورد تەنها وەک سەرکردەی هۆزەکەی ڕۆڵی نەبینیوە، بەڵکو وەکو سەرکردەیەکی سیاسیش توانای بەڕێوەبردنی ژیرانەی هەبووە. لە جەنگی کریمیا(١٨٥٣-١٨٥٦)دا، یەکێک لە ئافرەتە خێڵەکییە دیارەکانی کورد بەناوی قەرە فاتمە (فاتیمە ڕەش) سەرنجی ڕۆژئاواییەکان بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت. ڕۆژنامەی ئیلوسترەیتد لەندەن نیوز ڕاپۆرتێکی وردی لەبارەی ئەو بڵاوکردووەتەوە. لە ڕاپۆرتەکەدا وەکو سەرۆک عەشیرەتێک کە هیوا بخوازێت سەربەخۆبێ لە دەسەڵاتی سوڵتان و حوکمی نەیاری

کورددا»، ل١٠٠-١٠١.

٤٥ هۆزی میلانۆ لە دەشتی نێوان ماردین و خابور نیشتەجێ بوون، لایارد، دۆزینەوەکان لە پاشماوەکانی نەینەوا و بابل، لەگەڵ گەشتەکانی ئەرمینیا، کوردستان و بیابان، نیویۆرک، ١٨٥٣، ل٣١٥.

٤٦ میلینگن، ژیانی کێوی لەنێوان کوردەکاندا، ل. ٢٥١ ؛ بێل، تورکیا لە ئاسیا و فارس، ل٢٤٨.

عوسمانی بەدەستبێنی وێناکرابوو. قەرە فاتیمە خەڵکی شاری مەڕەشی کوردان بوو، فەرمانڕەوایی عەشیرەتێکی گەورەی دەکرد، کە ٤٠٠٠ هەزار سوارچاکی هەبوو[٤٧]. بەوشێوەیە، لەو ڕاپۆرتەدا ئەوە ئاشکرا دەبێت، کە لەو عەشیرەتەدا، بێ جیاکاری، پیاوان و ئافرەتان توانای بەڕێوەبردنی سەربازی و سیاسییان هەبووە. قەرە فاتیمە ئافرەتێکی بچووکی ڕەشتاڵەی تەمەن شەست ساڵان بوو، وەکو جەنگاوەرێکی پیاو جلوبەرگی پۆشی بوو، ئەگەرچی لە لای ئەورووپییەکان بەو جەنگاوەرە ئافرەتە شەڕاوییانە نەدەچوو کە ئەوان پێی ئاشنابوون. گوایە هێزێکی شاراوە و تایبەت و لە ڕادەبەدەری هەبوو. بەگوێرەی ڕۆژنامەکە، دوای ئەوەی پیاوەکەی لە لای عوسمانییەکان دەستگیردەکرێت، ڕۆڵی سەرۆک عەشیرەت دەگێڕێت، خۆی لەگەڵ هێزێکی ئەسپسواری لە ٣٠٠ پیاو و بە بڕێک پارەوە دەچێتە لای سوڵتان تاکو ئامادەباشی عەشیرەتەکەی نیشانبدات بۆئەوەی بەناوی ئەو شەڕ بکەن و ڕازی بکەن پیاوەکەی ئازاد بکرێت[٤٨]. ڕۆژنامەکە بەگوێرەی تێڕوانینەکانی سەردەمی ڤیکتۆریان بە کەسێکی مێینە و دڵسۆز بۆ پیاوەکەی پێناسەی دەکات، باس لەوە دەکات چۆن ژیرانە دڵسۆزی عەشیرەتەکەی بۆ سوڵتان نیشانداوە تاکو لە ئاسودەیی و سەلامەتی پیاوەکەی دڵنیابێتەوە. ڕۆژنامەکە جەخت لە توانا و هێزی سەرکردایەتی ئەو ژنە کردووەتەوە.

لەنێو بەڵگەنامەکانی بەریتانی ئافرەتێکی تری دیاری کورد ناوی دێت، بە ناوی عادیلە خانم، کە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیست ژیاوە. مەیجەرسۆن، کە لە سەرەتاکانی سەدەی بیست هاتووەتە کوردستان، سەرسامی هێز و توانای عادیلە خانم بووە، عادیلە خانم بە سەرکردەیەکی کاریگەر وەسف دەکات. لەبەرئەوەی خێزانی عوسمان پاشا بووە، سەرۆکێکی بە هێز و بە توانای عەشیرەتی جاف بوو. لە دیوەخانەکەیاندا، سۆن ئاماژە بە تایبەتمەندییە ناوازەکانی ئافرەتی موسڵمان دەکات، لەوەی توانایەکی بە هێزی هەبوو، زۆر لێهاتووانە چەکی بەکارهێناوە[٤٩]. ئەگەرچی ئەوەی زۆر سەرنجی مەیجەرسۆنی ڕاکێشاوە توانا سیاسیی و پێگەکەی بوو لەنێو بنەماڵەکەی، کە

---

٤٧ "قەرە فاتیمە لە قوستەنتینیە»،ئیلیوستریەتەد لەندەن نیوز، ٢٢ی نیسانی ١٨٥٤، ل. ٣٦٣.

٤٨ "قەرە فاتیمە لە قوستەنتینیە»، ل ٣٦٣.

٤٩ ئی.ب.سۆن، بەرەو میزۆپۆتامیا و کوردستان بە شاراوەیی ، لەندەن، ١٩١٢، ل. ٢١٦.

ببووە جێگەی ئامۆژگاریی و ڕاوێژکارییان. هەر لەبەرئەوە هەتا دەهات پێگەکەی بە هێزتر دەبوو. لە غیابی عوسمان پاشا و ڕۆیشتنی بۆ گەشتەکانی سلێمانی و موسڵ و کەرکوک، عادیلە خانم حوکمی ناوچەکەی کردووە و لە شوێنی ئەو گەشەی بە شاری هەڵەبجە داوە. بەگووتەی سۆن، لە سەردەمی ئەودا، چەندین یاسا و ڕێسا بۆ شار و ناوچەکانی دەوروبەر خرانە ڕوو[50]. بەگووتەی ئەو، لەوکاتانەی هاوسەرەکەی لە کەیف و سەفاو گەڕان بووە، عادیلە خانم حوکمی هۆزەکە و دەوروبەری کردووە. لە ئەستۆی عادیلە خانم بوو حەمام دروست بکات و کاروباری ناوخۆ بەڕێوەبەرێت، هەر لەبەرئەوەش پێگەکەی بەهێز بوو[51]. سۆن بە حاکمێکی ڕاستەقینە دایدەنێ، لە غیابی هاوسەرەکەی توانا سیاسییەکەی زۆر لا گرنگتر بوو لە ڕەگەزەکەی. لە وەسفی ئەودا، باسی ڕۆڵی سەرکەوتووانەی ئەو دەکات لە بە مەدەنیکردنی ناوچەکە، هەروەها ئاماژە بەوە دەکات، کاتێک هاوسەرگیری لەگەڵ عوسمان پاشا کرد، لەسەر مۆدێلی شاری سنە، دەستی بە دروستکردنی خانوو کرد. پیشەوەر و بیناسازی فارسی دامەزراند تاکو لەسەر شێوازی فارسی خانووەکەی دروستبکەن[52]. جگەلەوە، بازاڕی هەڵەبجەی بنیاتنا، کە لە چوار ڕیزە دووکان پێکهاتبوون لە ڕێی کۆڵانێکی بچووک بە دوکانی تر بەسترابوونەوە، بەوشێوەیە، کاروباری بازرگانی بووژایەوە[53]. لەڕاپۆرتەکەیدا دەڵێت، باری ئابووری لە ناوچەکە بەرەوپێشەوە برد لە ڕێی دروستکردنی بازاڕ و ڕەخساندنی هەلی کار. سۆن، عادیلە خانم بە نموونەی ژنێکی سەیروسەمەرەی ڕۆژهەڵات دادەنێت، کە بتوانێت گوندێکی دورەدەستی ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی بۆ شارۆچکەیەکی پێشکەوتوو بگۆڕێت[54]. لەسەروو ئەوانەشەوە بە سیاسەتمەدارێکی بە توانا و ڕێکخەرێکی چالاکی بواری یاسای ناوچەکەی وێنای کردووە.

لەبارەی ڕۆڵی سەرکردایەتی عادیلە خانم، ڤان بروینسن پێیوایە، ئەگەر عادیلە خانم لە بنەماڵەیەکی پلە باڵا و خانەدانی سنە نەبا، هەروەها هاوسەرێکی بیرکراوەی

---

٥٠ ئی.ب.سۆن، «کوردی باشوور»، گۆڤاری کۆمەڵگەی ئاسیای ناوەڕاست، ٩، بەشی دووەم (١٩٢٢)، ل٤٤-٥.

٥١ سۆن، بەرەو میزۆپۆتامیا و کوردستان، ل٢١٩.

٥٢ هەمان سەرچاوە.

٥٣ هابارد، لە کەنداوەوە بەرەو ئارارات، ل١٧٤-٥.

٥٤ سۆن، بەرەو میزۆپۆتامیا و کوردستان، ل ٢٢٠.

نەبا، ئەستەم بوو ببێتە سەرکردەی کۆمەڵگەیەک[٥٥]. قسەکانی ڤان بروینسن ڕاستن، بەڵام ناکرێت سەبر و کراوەیی پیاوی کورد بەرامبەر ژنی کورد و توانای سیاسیان بە هەند وەرنەگیرێت، چونکە بەبێ ڕەزامەندی هاوسەرەکەی عادیلە خانم نەیدەتوانی حوکمی عەشیرەتێکی گەورەی وەکو جاف لە هەڵەبجە بکات.

کاروباری سەربازی ئەرکی سەرشانی پیاوان بوون، ئەگەرچی لە ڕوانگەی گەڕیدەکان ئافرەتی کورد لە پاڵ ڕۆڵی سیاسییان توانای سەربازیشیان هەبوو، وەکو ئەوەی لە دۆخی قەرە فاتیمە باسکرا. ژنی کورد شانبەشانی پیاوان شەڕیان دەکرد. میلینگن، پێیوابوو ئافرەتی کورد هەمیشە زۆر وشیار بوون، ئامادەن سواری ئەسپەکانیان ببن. لە شەڕەکاندا شانبەشانی پیاوان شەڕیان کردووە، بەگوێرەی میلینگن ئافرەتەکان بە جلوبەرگی سوور دەناسرانەوە[٥٦]. شەڕی زۆر لە نێوان کورد و عوسمانییەکان هاتبوونە ئاراوە، بەتایبەتی لە ساڵانی ١٨٣٠، کاتێک عوسمانییەکان، لەژێر فەرمانی ڕەشید محەمەد پاشا، سوپایەکیان بۆ داگیرکردنی ئیمارەتی سۆران و ئیمارەت و شانشینە بچووکەکانی تر نارد[٥٧]. بۆ نموونە، برانت لە تۆمارەکەی باس لە خێزانی حاجی زلال ئاغا دەکات، کە چۆن شانبەشانی هاوسەرەکەی بەرگری لە گوندەکەیان کردووە و چەکەکەی بۆ هاوسەرەکەی ئامادەکردووە[٥٨].

هەندێک ئافرەتی تر وەکو پاسەوان کاریان کردووە، هەندێک گەڕیدە باس لە توانای لە ڕادەبەدەریان دەکەن، تەنانەت هەندێکجار لە پیاوانیش بەتواناتر بوون. ڕیچ ئاماژە بەوە دەکات، لە دیوان ئەفەندییەکەی (Divan Effinde) بەغدا، کە سێک وەکو خزمەتکار کاری کردووە، سەرەتا وای زانیوە پیاوە، بەڵام دواتر بۆی دەرکەوتووە کە ئافرەتە و لە عەشیرەتی بڵباسە. ڕیچ بە سەربازێکی زۆر ئازا و چەلەنگ و سوارچاکێکی لێهاتوو، داوێن پاک و نموونە لە کارەکانیدا باسی دەکات . دەڵێت جارێکیان پیاوێک

---

٥٥ بروینسن، „لە عادلە خانمەوە بۆ لەیلا زانا: ژن وەک سەرکردەی سیاسی لە مێژووی کورددا»، ل ٩٨.

٥٦ میلینگن، ژیانی کێوی لەنێوان کوردەکاندا، ل٢٥١-٢.

٥٧ گەڕیدەکان لە ساڵی ١٨٣٠ باسیان لەوە کردووە، بە تایبەتی برانت و گلاسکۆت، کە لە کتێبی «تێبینییەکانی گەشتێک بە بەشێک لە کوردستان» باسیان لەوە کردووە کە لە زۆر شوێن بەرەنگاری سوپای عوسمانی بوونەتەوە.

٥٨ برانت و گلاسکۆت، «تێبینییەکانی گەشتێک بە بەشێک لە کوردستان»، ل٣٤٩-٣٥٧ ؛ ماکدۆواڵ، مێژووی هاوچەرخی کورد، ل٤٢-٤٧.

ویستوویەتی دەستدرێژی بکاتە سەر و شەرەفی لەکەدار بکات، ئەو ئافرەتەش زۆر بەسەختی بە چەقۆ لێیداوە، هەر ئەو ئافرەتە وتوویەتی ئەگەر گەورەکەی خۆشی بوایە هەمان کاری دەکرد[٥٩]. ریچ بەردەوام شانازی بە توانای ئەو ئافرەتەوە لە بەکارهێنانی رِم و دەمانچە دەکات [٦٠]. جلوبەرگی پیاوانی دەپۆشی، خەنجەرێکیشی لە پشدێنی دەچەقاند، شاڵێکی ئاوریشمی بەسەر سەریدا دەدا و تەمەنی لە نێوان ٢٥-٣٠ ساڵانێکدا دەبوو، ڕووخسارێکی کوردانەی هەبوو، دەموچاوی لەبەر خۆرەتاودا سووتابوو[٦١]. جێی بایەخبوو ئافرەتێک بەو تەمەنە گەنجییەوە ئابڕوو و شەرەف و کەرامەتی خۆی لەناو ئەو هەموو پیاوەدا بپارێزێت، هەروەها بەو تەمەنەوە چەک و تەقەمەنی بەکاربهێنێت، تەنانەت لە پیاوانیش باشتر. وەک پێشتر باسکرا، هەندێک ئافرەتی کورد توانای بەکارهێنانی چەند جۆرێک چەکیان هەبووە، بەڵام بە لای ریچەوە ئەو ژنە لە هەموو ئافرەتانی دی جیاوازتر بوو. لە بنەڕەتدا بەریتانییەکان چەمکی «ئەوانی تر»یان بۆ خەڵکی ڕۆژهەڵات بەکاردەهێنا، لەبەرئەوەی مەرامێکی ڕۆژهەڵاتناسی و خۆپەرست و نامۆیان هەبوو. هەرچەندە، کوردەکان زیاتر جیادەکرانەوە، چەمکی «لە ئەوانی تر ئەوانی تر»یان پێدەگوتن و، بە لایانەوە نامۆ و سەیر بوون.

جلوبەرگی ئافرەتان

ئەگەرچی بەریتانییەکان زۆربەی کات گرنگی تایبەتیان بە سەربەخۆیی و ئازادی ژنانی کورد دەدا و پشتیان بە تێڕوانینە ڕۆژهەڵاتناسییەکانیان دەبەست، لەهەمانکاتدا سووریش بوون باسی ڕواڵەت و جلوبەرگی ئافرەتی کوردیش لە ناوچەکانی ژێردەستی ئیمپراتۆری عوسمانی و فارسیدا بکەن. لای گەڕیدە بەریتانییەکان جلوبەرگی ئافرەتی کوردی سەرنجڕاکێش و ئاڵوواڵا بوون. ئەمەیش لە نووسین و تۆمارەکانیاندا ڕەنگیداوەتەوە و سەرنجیان خستبووە سەر ئافرەتی کورد و جلوبەرگیان، وەک ئەوەی پێشتر ریچ لە وەسفی کراسە شڕ و پڕ و پیسەکانی قەرە فاتیمە و جلی خزمەتکارە پیاوەکە باسی کرد. ئەگەرچی ئەوانە چەند نموونەیەکی کەم و جیاواز بوون و هەموو جلوبەرگی کوردی بەم شێوەیە نەبوون.

---

٥٩ ریچ، گێڕانەوەی شوێنی نیشتەجێبوونێک لە کوردستان، ب.١. ١، ل٢٨٥.

٦٠ هەمان سەرچاوە، ل ٢٨٥-٦.

٦١ هەمان سەرچاوە، ل. ٢٨٦.

بۆ شارەزابوون لە تێڕوانینی گەڕیدەکان لەبارەی جلوبەرگی کوردی باشترە پشت بە بۆچوونەکانی ماونسێل ببەستین. بە لای ئەو، ئەوەی جلوبەرگی ئافرەتی کوردی لەوانی تر جودا دەکاتەوە، ئەوەیە جلی ئافرەتی کوردی ڕەنگاوڕەنگ و بریقەدار بووە[٦٢]. هەروەها ڕیچ لە باسی جلوبەرگی ئافرەتە خانەدانەکاندا دەڵێت: جلوبەرگی ئاوریشمی سوور و زەردیان دەپۆشی[٦٣]. پۆشینی جلوبەرگی ڕەنگاوڕەنگ بەشێکی دانەبڕاو بووە لە کولتووری کوردی.

گەڕیدەکان زۆربەی کات سەرپێچی سەری ئافرەتیان بە بەشێکی سەرنجڕاکێش لە تەواوی جلوبەرگی کوردی داناوە. زۆربەی جار لای گەڕیدەکان زۆر دیار و بەرچاو بووە. لە لای ڕیچ، پۆشینی زۆر قورس و گران بووە، تەنانەت هەندێکجار دەبووە هۆی ڕووتاندنەوەی قژی کەسەکانیش[٦٤]. سەرپێچەکە لە قوماشێکی ئاوریشمی یانیش لە شاڵێکی ڕەنگاوڕەنگ پێکهاتبوو، لە یەکەوە بەسترابوونەوە، بەسەر شانیاندا پەخشان و بڵاوبووبووەوە[٦٥]. لە لای ئەو سەرپێچ شووناسی ئافرەتی کورد بووە، بە گرنگترین هێمای جلوبەرگی کوردی دانراوە. لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە، بە گوتەی هاریس ئاغا ژنەکان سەرپێچێکی گەورەیان لەسەر دەپێچا و بە زێڕ ڕازێندرابووەوە، کە بەهاکەی نزیکەی ١٠٠، ٨٥ سەت پاوەند و هەشتاوپێنج پێنس دەبوو[٦٦]. بۆیە لە لای ئەو ئافرەتە خانەدان و پلە باڵاکان پارەیان بەفیڕۆ دەدا. لە ڕوانگەی بێرد سەرپێچ بەشێکی ڕازاوە بووە لە جلی ئافرەتی کورد، لە گێڕانەوەکانیدا دەڵێت کڵاوێکی ڕەشیان لەسەر دەکرد و بە پلپلەی زیوین ڕازێندرابووەوە، هەروەها قوماشێکی سووریش بە پشتی سەریاندا شۆڕ ببووەوە[٦٧]. هەر گەڕیدەیەک کە باسی سەرپێچی ئافرەتی کوردی کردووە، بە سومبولێکی سەرنجڕاکێش لە قەڵەمیداوە و تایبەت بووە بە ژنی کورد.

ڕیچ دەڵێت ئافرەتی کورد لە ڕازاندنەوەدا شارەزابوون، بەگوێرەی وەرز و

---

٦٢ ماونسێل، کوردستان، ل. ١٠٧.

٦٣ ڕیچ، گێڕانەوەی شوێنی نیشتەجێبوونێک لە کوردستان، ب١. ١، ل١٨٠-١.

٦٤ هەمان سەرچاوە، ل٢٨٨-٩.

٦٥ هەمان سەرچاوە، ل٢٨٨.

٦٦ هاریس، لە باتومەوە بۆ بەغدا، ل٢٣٧.

٦٧ باڵندە، گەشتەکان لە فارس و کوردستان، ب١. ٢، ل ١٩٢.

سامانی کەسەکە جوانکاریی و ڕازاندنەوەیان دەکرد، هەروەها کراسەکان بە قوماشی ئاوریشمی ڕەنگاوڕەنگ و خەت و خاڵی زێڕ دەڕازێندرانەوە، زۆربەی ئەو شمەکانەش لە قوستەنتنییەوە دەهاتن[٦٨]. قسە و تێبینیەکانی ڕیچ زۆر گرنگن، چونکە ماوەیەکی زۆر لە سلێمانی ژیاوە و سەردانی شاری سنەشی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کردووە، بۆیە لە هەموو گەڕیدەکانی تر زیاتر شارەزایی لە کولتووری کوردی هەبووە. برانت بەهەمان شێوە باسی خۆڕازاندنەوەی ئافرەتی کورد دەکات، ئاماژە بەوە دەکات، ژنانی کورد بە دەنکۆڵە مەرجان خۆیان دەڕازاندەوە[٦٩]، ئەگەرچی بەوردی باسی ئەوە ناکات، ئاخۆ ئەو دەنکۆڵە مەرجانانەیان لە سەرپێچ یان لە مل دەکرد. ئەمەیش ئەوە دەسەلمێنێت کە کوردەکان کاریگەری پێشکەوتنی ڕۆژئاوایان لەسەر بووە، کە پەیتا پەیتا لە سەدەی نۆزدە کاریگەری زیاتر دەبوو. تاتۆکردن جۆرێکی تر بوو لە جوانکاری کوردەکان. لایارد ئاماژە بەوەدەکات، کە زۆر باو بوو لەنێو ژنانی کورد. لە ڕاپۆرتەکەیدا دەڵێت: ژنانی کورد لە هۆزی میلی نزیک ڕووباری خاپوور قۆڵ و بەشەکانی دی جەستەیان زۆر تاتۆ دەکرد، لەگەڵ ئەوەش هێندەی ژنە ڕەوەندەکان تاتۆیان نەدەکرد[٧٠].

بەگوێرەی گەڕیدە بەریتانییەکان ژنانی کورد هەتا شەرواڵەکانیشیان دەڕازاندەوە، بە گوتەی ڕیچ شەڕواڵەکانیان فشۆڵ و گەورە بوون و پشتێنەکانیان بە شیتەکێک قایم دەکرد، کە هەردوو سەری زیو یان زێڕ بوون[٧١]. بەپێی تێبینییەکانی جیاوازییەکی کەمیش لە نێوان ئەو شەڕواڵەی ژنە دەوڵەمەندەکان لەبەری دەکەن هەبوو بە بەراورد بەو جۆرەی ئافرەتە هەژارەکان دەیانپۆشی، ئافرەتە جووتیارەکان شەڕواڵەکانیان لە قوماشێکی شینی دڕ و ئەستوور دوورابوو[٧٢]. پێدەچی ئەو شەڕواڵەی ژنانی کورد دەیانپۆشی بە تێپەڕبوونی کات گۆڕانی بەسەردا نەهاتبێ، چونکە گەڕیدە هاریس لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە بەهەمان شێوە باسی چەند ژنە جووتیارێکی کورد لە ساوجبولاق دەکات، وەک

---

٦٨ ڕیچ، گێڕانەوەی شوێنی نیشتەجێبوونێک لە کوردستان، ب١. ١، ل.٢٨٧.

٦٩ برانت و گلاسکۆت: تێبینییەکانی گەشتێک بەناو بەشێکی کوردستان، ل٣٩٣.

٧٠ لایارد، دۆزینەوەکانی پاشماوەکانی نەینەوا، ل٣١٤–١٥.

٧١ ڕیچ، گێڕانەوەی شوێنی نیشتەجێبوونێک لە کوردستان، ب١. ١، ل٢٨٧.

٧٢ هەمان سەرچاوە، ل٢٨٨.

ڕیچ پێی وابووە شەڕواڵەکانیان بەرین بوون[٧٣].

گەڕیدە بەریتانییەکان درکیان بە جیاوازی ئەو جۆرە خام و قوماشە کردبوو، کە چینەکانی کۆمەڵگە بەکاریاندەهێنا. بەگوتەی ڕیچ ژنانی خانەدان و چینە باڵاکانی کۆمەڵگە قوماشی ئاوریشمیان بەکاردەهێنا، لەکاتێکدا هەژارەکان قوماشی دڕ و ڕەقیان دەپۆشی[٧٤]. لایاردیش دەڵێت: ژنە خانەدان و چینە باڵاکانی یەزیدی بە تاڵی عەنبەر و مەرجان و پلپلە و دەنکۆڵە شوشە و عەقیقیان لە مل دەکرد، زۆربەی زۆری جوانکارییەکانیان لە مەرجان و زێڕ و زیو چنراوبوون. لەکاتێکدا، خێزانی چینە ئاساییەکان بە پلپلەی زیو و دەنکۆڵەی شوشەیی و پارچە کانزای بچووک خۆیان دەڕازاندەوە[٧٥].

گەڕیدەکان کوردیان بە خێڵەکی و گەلێکی سەرەتایی دەبینی، دەیانویست جلوبەرگ و پۆشاکی ژنی کورد بە جلوبەرگی ئافرەتی سکۆتلەندی بەراورد بکەن، کە گەڕیدە بەریتانییەکان بە نموونەی کولتووری خێڵەکی ئەورووپی دایاندەنان. بۆ نموونە فرەیزەر کاتێک بەنێو ناوچەکانی سەلماسدا دەڕوات، دەبینێت هەندێک ژنی کورد لە وەختی جلشوشتن هەمان شێوازی پۆشینی سکۆتلەندییەکانیان لەبەرکردووە، تاڕادەیەکی زۆر قاچیان ڕووتکردبووەوە[٧٦]. جگەلەوە، ڕیچ لای وابوو ژنی کورد و سکۆتلەندی زۆر لێکدەچن، ژنانی خەڵکی پێنجوێن وەکو ئافرەتانی ناوچە بەرزاییەکانی سکۆتلەندا چارۆکەی لە کوتاڵی چوارگۆشە نەخشێنراو دەپۆشن[٧٧]. هەروەها لایارد لە تۆمارەکانیدا ئاماژە بەوەدەکات، کە ئەو کۆڵوانە ڕەنگ خۆڵەمێشی و مەیلە و زەردەی ژنە کوردەکان لە شانی خۆیان دەئاڵاند زۆر بە چارۆکەی سکۆتلەندییەکان دەچوو. کۆڵوانەکە بەسەر قوماشە ئاوریشمییەکەی ژێرەوەیان شۆڕببووەوە، ئەمە جلی کولتووری یەزیدیی و هەندێک کریستیانی ناوچەکەش بوو[٧٨]. بەگوێرەی ئەو بەڵگەنامانە ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە گەڕیدەکان پێیانوابوو کورد و سکۆتلەندی لە هەمان قۆناغی گەشەسەندندان، چونکە هەمان شێوازی پۆشینیان هەیە.

---

٧٣ هاریس، لە باتومەوە بۆ بەغدا، ل ١٩٨.

٧٤ ڕیچ، گێڕانەوەی شوێنی نیشتەجێبوونێک لە کوردستان، ب١. ١، ل٢٨٧-٨.

٧٥ هەمان سەرچاوە، ل٢٨٨-٩.

٧٦ فرایزەر: گەشتەکانی کوردستان، میزۆپۆتامیا، ب١. ١، ل٤٩.

٧٧ ڕیچ: گێڕانەوەی شوێنی نیشتەجێبوونێک لە کوردستان، ب١. ١، ل١٨٠-١.

٧٨ لایارد: دۆزینەوەکانی پاشماوەکانی نەینەوا، ل٨٦.

تێڕوانینی گەڕیدەکان لەبارەی هاوسەرگیری

گەڕیدە بەریتانییەکان هاوسەرگیرییان بە بەشێک لە ئاینی ئیسلامی زانیوە، کە لەنێو دینی ئیسلامدا گرنگی خۆی هەبووە، چونکە کوردان موسڵمان بوون و زۆر مەراسیمی هاوبەشیان لەگەڵ نەتەوەکانی تری ناوچەکەدا هەبووە. لەگەڵ ئەوەشدا، گەڕیدەکان تێبینی هەندێک جیاوازیان لە نێوان کورد و نەتەوە دراوسێکانی دەوروبەریان کردووە. بەگوێرەی تێڕوانینی گەڕیدەکان، ڕاستە کوردەکان بە هەمان شێوازی موسڵمانەکانی تر هاوسەرگیریان دەکرد، بەڵام سەبارەت بە ئازادی لە هاوسەرگیریدا جیاوازییەکی کەم لەنێوان ژنانی کورد و موسڵمانانی دی هەبووە. گارنێت لە نووسینەکانیدا لەبارەی ژنان لە ئیمپڕاتۆری عوسمانیدا دەڵێت: ئازادی لە هەموو لایەنێکی ژیانی ئافرەتانی کورد ڕەنگیدابووەوە، بەوپێیەی ئافرەتی کورد مافی هەڵبژاردنی هاوسەری هەبووە، ئەگەرچی بە ڕەزامەندی و ڕازیبوونی باوکی، ئەمە جگەلەوەی ماوەی دەستگیرانی لەنێو کورددا بوونی هەبووە[٧٩]. بەپێچەوانەوە، هیوم-گریفیت لە باسی دەستنیشانکردنی کچان بۆ هاوسەرگیری لە موسڵ[٨٠]، دەڵێت دایک و باوکی کوڕ بەتایبەتی دایکی ڕۆڵێکی گرنگی لە هەڵبژاردنی هاوسەری کوڕەکەیدا هەبووە، بۆیە دایکی پیاوەکە بەکاری دەستنیشانکردنی ژنێکی گونجاو بۆ کوڕەکەی هەڵدەستا[٨١]. بەم پێیە، ئەو دوو گەڕیدە بۆچونی جیاوازیان لە بارەی هاوسەرگیری هەبووە، گارنێت پێیوابووە، ئافرەتی کورد سەربەستی زیاتری هەبووە بە بەراورد بە پیاوان، لەکاتێکدا هیوم-گریفیت پێیوابووە کچانی شارەکانی وەکو موسڵ لە مافی هەڵبژاردنی پیاوەکانیان بێبەشبوون.

سەبارەت بە ڕێکخستنی هاوسەرگیری، گارنێت ئاماژەی بەوەکردوە، کە هاوسەرگیریکردنەکان لە دوای ڕەزامەندی هەردوو بنەماڵە بەڕێوەدەچوون. لەنێو کورددا هاوسەگیری بیروباوەڕی ئیسلامی پێوە دیاربوو، هەروەها هەمیشە بە ئامادەبوونی پیاوێکی ئاینی بەڕێوەدەچوو، کە بە یاوەری خزم و کەسوکاری

---

٧٩ گارنت: ژنانی تورکیا و فۆلکلۆریان، ب١. ٢، ل١٣١.

٨٠ لەگەڵ ئەوەشدا کورد زۆر لە موسڵ دەژیا، بەڵام کورد تێکەڵ بە نەتەوەکانی تر بوو و موسڵ شارێکی فرە کولتوور بوو.

٨١ م.ئی.هیوم-گریفیت: لە پشت پەردە لە فارس و عەرەبستانی تورکیا ، لەندەن، ١٩٠٩، ل٢٤٥.

زاوا دەچوونەماڵی بووک، دوای ئەمەیش پیاوە ئایینییەکە هەردوو کەسەکەی لێک مارە دەکرد[٨٢]. فرێدریک بارس و شارزاد موجاب پێیانوابوو ئامادەبوونی باوک و برا یان باپیر لە کاتی بەجێگەیاندنی هاوسەرگیری بەڵگەیە لەوەی ژنی کورد ئازادییەکی کەمی هەبووە، چونکە هاوسەرگیری بێ ڕێگەپێدانی کەسە نزیکەکان لە ڕەگەزی نێر بەڕێوەنەدەچوو[٨٣]. ئەگەرچی ئامادەبوونی خزم و کەس لە ڕەگەزی نێر دەکرێت وەکو پاڵپشتی و بەرگرییەکیش لە ئافرەتەکە لێکبدرێتەوە و زیاتر پەیوەندی بە دینەوە هەبێت نەوەکو ملکەچبوونی ئافرەتەکە. جگەلەوە، کەسوکاری کوڕ لە (ڕەدووکەوتن)دا یارمەتیان دەدات، ئەمەیش خۆی ئەوە دەگەیەنێت کە ئافرەت ئازادیی بڕیاردانی هاوسەرگیریان هەبووە. هەندێک گەڕیدە قسەی خۆیان لەبارەی ڕەدووکەوتن کردووە، لە هاوسەرگیریان جیاکردووەتەوە لەنێو کورددا، کە سەرنجی بەریتانییەکانی ڕاکێشاوە، چونکە لە ئەورووپا باو نەبووە، بەتایبەتی لە سەردەمی ڤیکتۆریاندا. ئە دیاردەیە لە کوردستان کاتێک سەرهەڵدەدات، کە کچەکە ڕێگەی پێنادرێ هاوسرگیری لەگەڵ خۆشەویستەکەی بکات. ڕیچ بەم جۆرە وەدووکەوتنە دەڵێ «دزینی بووک»، چونکە پیاوەکە خۆشەویستەکەی دەبات، بە فۆرمێکی باو و جۆرێکی تر لە هاوسەرگیری لەنێو هەندێک خێڵی کوردی دەیناسێنێت[٨٤]. بەگووتەی گارنێت، کچ و کوڕ بڕیاریان دەدا ڕابکەن، کاتێک کوڕە نەیدەتوانی ڕەزامەندی باوکی کچە و بنەماڵەکەی بەدەستبێنێت[٨٥]. ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێت کە گەڕیدە بەریتانییەکان پێیانوابووە ئافرەتانی کورد خاوەن کەسایەتییەکی بەهێز بوون، ڕووبەڕووی حەزی دایک و باوکیان وەستاونەتەوە و هاوسەرگیریان لەگەڵ ئەو کەسە کردووە خۆشیان ویستووە نەوەکو ئەوەی بۆیان دیاریکراوە. لەوانەیە ئەو دیاردەیە وای لە گەڕیدەکان کردبێت لەوەی کە ژنی کورد ئازادی هەبووە.

سەرەڕای ئەوەی ئایینی ئیسلامی ڕێگەی بە پیاو داوە هەتا چوار ژن بهێنێت،

---

٨٢ گارنت: ژنانی تورکیا و فۆلکلۆریان، ب١. ٢، ل١٣٣.

٨٣ ف.بارس: بنەماکانی کۆمەڵایەتیی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی لە باشووری کوردستان، ئۆسلۆ، ١٩٥٣، ل٣٠ ؛ س.موجاب، ژن لە سیاسەت و شەڕدا: کەیسی کوردستان، وەرەقەی کار، ژ. ١٤٥، زانکۆی ویلایەتی میشیگان، ١٩٨٧، ل٤.

٨٤ ١٠٣ ڕیچ: گێڕانەوەی شوێنی نیشتەجێبوونێک لە کوردستان، ب١. ١، ل١٥٢.

٨٥ گارنت: ژنانی تورکیا و فۆلکلۆریان، ب١. ٢، ل١٣١.

گارنێت پێیوابوو زۆربەی زۆری کوردان پیاوی خاوەن یەک ژنەن، واتە زۆربەیان یەک ژنیان هەبووە[٨٦]. هەرچەندە تێڕوانینیک هەیە، لەکاتێکدا زۆربەی پیاوی کوردان خاوەن یەک ژن بوو، هەندێک کەسایەتی و سەرۆک عەشیرەت زیاتر لە یەک ژنیان هەبووە[٨٧]. جیاوازی لەنێو کورداندا هەبووە، نابێت هەموو کۆمەڵگەی کوردی بە یەک چاو سەیر بکرێت. گەڕیدەکان وێنەیەکی ڕۆمانسییانەی ئاهەنگی هاوسەرگیری کوردییان کێشاوە. لە ئاهەنگی دەستنیشانکردندا شەربەت و شیرینی بەسەر ئامادەبووان دابەش دەکرا[٨٨]. ڕیچ لە تۆمارەکانیدا باسی گرنگی هاوسەرگیر لای کوردان دەکات، ئاهەنگی بووک گواستنەوەی بە بۆنەیەکی گرنگ دادەنێت، کە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە بەشداریان تێدا کردوە[٨٩]. بنەماڵەی زاوا ئاهەنگێکی گەورەیان ساز دەکرد خواردن و گۆشتیان بەسەر میوان و خزم و کەسوکاری بوکێدا دابەش دەکرد[٩٠]. لوسیا گێب لە سەرەتاکانی سەدەی بیست سەردانی ناوچەکەی کردبوو، ئەوەی خستبووە ڕوو کە بووک بە خۆڕازاندنەوە و تاجی سەری ئامادە دەکرا، لەو لاوەش زاوا لەگەڵ هەندێک لە هاوڕێیانی لەسەر پشتی ئەسپ بەرەو ماڵی بووکێ بەڕێ دەکەوتن، پاشان بە یاوەری سەدان کەس بەجلی جوان و ڕازاوە، بە تەپڵ و دەهۆڵ و زوڕنا و هەلهەلە و کەیف و شادی بووکیان دەگواستەوە[٩١]. دواتر لە ماڵی زاوا بۆ ماوەی سێ ڕۆژ ئاهەنگکیان ساز دەکرد، بە هەڵپەڕکێ و چۆپی و شایی دەیانبردەسەر. بێرد پێیوابوو شایی کوردان زۆر بە شایی یۆنانی ئارناوتیکا (arnaoutika) دەچوو[٩٢].

---

٨٦ هەمان سەرچاوە، ل. ١٣٤.

٨٧ ئەی.هـ.لایارد: نەینەوا و پاشماوەکانی گێڕانەوەی گەشتێک بۆ ئاشوور (لەندەن، ١٨٦٧)، ل. ٣١٤ ؛ و.ڕ.های، دوو ساڵ لە کوردستان، لەندەن، ١٩٢١، ل٤٤.

٨٨ گارنت: ژنانی تورکیا و فۆلکلۆریان، ب١. ٢، ل١٣١.

٨٩ ڕیچ: گێڕانەوەی شوێنی نیشتەجێبوونێک لە کوردستان، ب١. ٢، ل. ٢٨٢.

٩٠ بێرد: گەشتەکان لە وڵاتی فارس و کوردستان، ب١. ١، ل. ٣٥٦.

٩١ ل.گێب: بە ڕێگاکانی بیابان بۆ بەغدا، لەندەن، ١٩٠٩، ل١٠١

٩٢ باڵندە، گەشتەکان لە فارس و کوردستان، ب١. ١، ل ٣٥٦.

وێنەی شایی کوردەواری، لەلایەن ڕیچ لە کتێبی گێڕانەوەی شوێنی نیشتەجێبوونێک لە کوردستان، ب١. ١، ل٢٨٢

ڕیچ باسی چۆپی کوردەواری دەکات، بەراوردی دەکات لەگەڵ گۆرانی ئیرلەندی، زۆربەی زۆری میوانەکان لە چۆپیدا دەستی یەکتر دەگرن و هەڵدەپەڕن، بازنەیەکی تاڕادەیەک داخراو دروست دەکەن، کە کۆتاییەکانی بەیەکتر ناگەن. بەشداربووان هەڵدەبەزن و هەڵدەپەڕن و دەلەرێنەوە و پێش و پاش بە پێیەکانیان دەکەن، هەندێکجار زۆر توند قاچی خۆیان بە ئەرزدا دەدەن، لەوەیا گۆرانی ئیرلەندی « rising of Gad and sinking on Sugan»م بیردێتەوە، لەکاتێکدا هەندێکجار

دڵخۆشیان بە هات و هاوار دەنگی بەرز دەردەبڕن[93].

بە بۆچوونی ڕیچ ئەو جۆرە شاییەی لە گوڤەند و ئاهەنگەکاندا دەکرێت، ڕەگێکی مێژووی زۆر قووڵی هەیە و مێژوویەکی زۆر کۆنی هەیە، بە لای ئەو چۆپی کوردەواری کە جۆرێکە لە سیرتۆ (Sirto) یان ڕۆمیکا (Romeka)ی یۆنانی، کەمتر جوڵە جوڵی تێدایە[94]. ئەم قسەیە بنەمایەکی ڕۆژهەڵاتناسی تێدایە، چونکە پێیوابووە موسڵمانەکان سوودیان لە کولتوور و شارستانییەتەکانی جوولەکە-مەسیحی، هێلینیستی و نەمسا-ئەڵمانیی و ئەوان وەرگرتووە[95]. بەوشێوە زۆرجار گەڕیدە بەریتانییەکان هەوڵیانداوە پێکچوون و بەراورد لە نێوان کولتووری کوردی و کولتووری گەلانی تری ئەورووپی یان هی خۆیاندا بکەن، تاکو پشتگیری ئەو بیروڕایانە بکەن کە کوردان یان ڕۆژهەڵاتییەکان قەرزاری ئەورووپییەکان بوون. ئەو نموونانە دیارخەری ئەو ڕاستییەن کە گەڕیدە بەریتانییەکان ویستوویان کولتوور و بیروباوەڕی خۆیان بەسەر گەلی کورددا بسەپێنن.

ئەنجام

گەڕیدەکان زۆر لایەن و تایبەتمەندی ئەرێنی ئافرەتی کوردیان خستوەتەڕوو، پێیانوابووە بە بەراورد بە ئافرەتە موسڵمانەکانی تر ئازادی زیاتریان هەبووە. لەو باوەڕەدابوون ژنی کورد خاسیەتی سەرکردایەتی هەبووە و توانای بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەکەیان هەبووە. مۆجاب، و بروینسن ڕەخنەیان لەو جۆرە تێڕوانینە گرتووە، لایان وابوو تەنیا ئافرەتی بنەماڵە حوکمدارەکان ڕێگەیان پێدەدرا سەرکردایەتی کۆمەڵگەکەیان بکەن. ڕاستە هەموو سەرکردە ئافرەتەکان لە بنەماڵەیەکی فەرمانڕەوا گەورە بوون، بەڵام سەرکردایەتی ڕەگەزی مێینە تەنیا پێوەر نییە بۆ هەڵسەنگاندنی ئازادی ژنی کورد. گەڕیدەکان زۆر لایەنی کۆمەڵگەی کوردیان باس کردووە، کە ئەوە نیشان دەدات ئافرەتی کورد بە بەراورد بە کۆمەڵگە دراوسێکانیان ئازادی زیاتریان هەبووە. بەگوێرەی گەڕیدەکان، ژنی کورد توانای گرتنەدەستی دەسەڵاتی سیاسیان هەبووە، هەندێکیان ڕۆڵێکی زۆر چالاکیان لە

---

٩٣ ڕیچ: گێڕانەوەی شوێنی نیشتەجێبوونێک لە کوردستان، ب١. ١، ل. ٢٨٢

٩٤ هەمان سەرچاوە، ل. ٢٨٧ ؛ گارنت، ژنانی تورکیا و فۆلکلۆریان، ب١. ٢، ل١٣٢-٣.

٩٥ سەعید، ڕۆژهەڵاتناسی، ل٣٠٤.

فەراهەمکردنی ئاشتی و خۆشگوزەرانی بینیوە، توانوویانە کۆتایی بەو گرژیی و ئاڵۆزیی و ناکۆکییانە بهێنن کە پیاوان هۆکاری سەرەکی بوون. ڕۆڵی سەرەکیان بینیوە لە گفتوگۆ و چارەسەرکردنی کاروباری خێڵەکی.

لە سەدەی بیست، هەتاکو ئێستاش هەندێک ئافرەتی کورد بەردوام ڕۆڵی سیاسی و سەربازییان لە کۆمەڵگەدا گێڕاوە، بەتایبەتی لەنێو ڕیزەکانی پەکەکە و کوردانی تورکیا و یەپەگە و کوردانی سوریا. کەواتە، ئەو ڕاستییەی کە ژن و پیاو تێکەڵ دەبن، هەتا پێشوازی کردنیشیان لە بێگانە، بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگرە کە ژنی کورد ئازادییەکی لە ڕادەبەدەری هەیە. سەرباری ئەو زانیارییانەی گەڕیدەکان خستبوویانە ڕوو، لە تێڕوانین و بیروڕاکانیان پشتیان بە تێگەیشتنی مێژووی ئەورووپی بەستووە، بەتایبەتی لەو تێروانینەی لەبارەی ئازادی ئافرەت لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکان هەیان بوو. بەم شێوەیە، ئەو جۆرە تێڕوانینانەیان لەسەر ئافرەتی کورد دەسەپاند، بە بەراوردکردنیان بە ئازادی ژنی تورک و فارس و عەرەب هەڵیاندەسەنگاندن. بۆیە لەوانەیە گەڕیدەکان زیادەڕۆییان لە پیاهەڵدانی ئازادی ژنانی کورددا کردبێت، وەک ئەوەی لە وەسفکردنی هەستی نەتەوایەتی کورد کردیان. لەبەر ئەو هۆکارە، کاتێک لە شوێنێکی دیاریکراو ئازادی ئافرەتیان بەرچاوکەوتووە، بەسەر تەواوی ناوچەکەیان سەپاندووە، یانیش نەیانتوانیوە ئاستی ئازادی لەنێو چین و توێژی ژنان جودابکەنەوە. بەربەستی کولتووریی و زمانەوانی و ئەو ماوە کورتەی ماونەتەوە هۆکار و ڕێگربوون لە تێگەیشتنیان لە تەواوی کۆمەڵگە و پێگەی ژن.

سەرچاوەکان

Ainsworth, Travels and Research in Asia Minor, Mesopotamia, Chaldea and Armenia, 2 vols (London: John W. Parker, West Strand, 1842)

Barth, Principles of Social Organisation in Southern Kurdistan (Oslo, 1953), p. 30.

Barth, F., Principles of Social of Social Organisation in Southern Kurdistan (Oslo, 1953), p. 30.

Bayazidi, Mullah Mahmud 'Risalat fe Adat u Altaqalid al Akrad' [Arabic text The Letter of Kurdish Traditions and Customs] (Beirut: Mumin Qurish, 2005)

Bell, Mark S., Turkey in Asia and Persia Section II and III Reconnaissance in Mesopotamia, Armenia, Kurdistan and Azerbaijan in 1885-1886 3 vols (Simla: Government Central Press, 1889)

Bird, Isabella Lucy, Journey in Persia and Kurdistan, 2 vols (London: John Murray 1891)

Brant, James and A. G. Glascott, „Notes of a Journey through a Part of Kurdistan, in the Summer of 1838, Journal of the Royal Geographical Society of London, 10 (1840).

Bruinessen, „From Adela Khanum to Leyla Zana: Women as Political Leaders in Kurdish History in S. Mojab (ed.), Women of A Non-State Nation the Kurds (Costa Mesa, 2001)

Bryce, James, Transcaucaisa and Ararat being notes of a vacation tour in the Autumn of 1878 (London: Macmillan and co., 1878)

E. B. Soane, „The Southern Kurd, Journal of the Central Asian Society, 9, part 2 (1922), pp. 44-5.

E. B. Soane, To Mesopotamia and Kurdistan in Disguise (London, 1912), p. 216.

Fraser, Travels in Koordistan Mesopotamia, vol. 1, p. 278.

Galleti, „Western Images of Womens Role in Kurdish Society in Mojab (ed.), Women of A Non-State Nation the Kurds, p. 209.

Garnett, Lucy, M. J., The Women of Turkey and their Folk-Lore, 2 vols (London: David Nutt, 1891)

Griffith, Samantha, „Idealization of Rural Areas, Seen Not Heard (North America: Lulu POD Publishing, 2011)

H. H. Hansen, The Kurdish Woman's Life (Copenhagen, 1961)

Hubbard, G. E., From the Gulf to Ararat (New York: E. P. Dutton Company, 1917)
Kabbani, Rana, Imperial Fictions: Europe's Myth of Orient (London: Pandora, 1994)
K. Murphy, Fears and Fantasies: Modernity, Gender and the Rural-Urban Divide (Oxford, 2010)
Layard, Nineveh and Its Remains A Narrative of an Expedition to Assyria (London, 1867), p. 314.
L. Sheil, Glimpses of Life and Manners in Persia (London, 1856).
Millingen, Fredrick, Wild Life Among the Koords (London: Savill Edwards and co., 1870)
M. E. Hume-Griffith, Behind the Veil in Persia and Turkish Arabia (London, 1909)
M. Sykes, „Journeys in North Mesopotamia The Geographical Journal, 20, no.3 (1907).
M. V. Bruinessen, „Matriarchy in Kurdistan? Women Rulers in Kurdish History, An International Journal of Kurdish Studies, 1-2 (1993).
Middleton, „Isabella Lucy Bird Bishop, Oxford Dictionary of National Biography, vol. 5, p. 571.
Noel, E. M., Diary of Majore E. M. Noel on Special Duty in Kurdistan from Jun the 14 to September 21 th 1919, (Basrah: Government Press, 1920).
Porter, Travellers in Georgia, Russia, Armenia, Ancient Babylonia.
Rich, Claudius James, Narrative of a Residence in Koordistan, and on the Site of Ancient Nineveh, 2 vols (London: James Duncan, Paternoster Row, 1836)
Ross, A Lady Doctor in Bakhtiari Land (London, 1921)
Said, Edward, Orientalism (New York: Penguin Books, 5th edn, 2003).
Scarce, Jennifer, „Isabella Bird Bishop (1831–1904) and her Travels in Persia and Kurdistan in 1890, Iranian Studies, 44, no. 2 (2011)
Shiel, J., „Notes on a Journey from Tabriz through Kurdistan, via Van, Bitlis, Seert, Erbil to Suleimanieyh in July and August 1836, Journal of the Royal Geographical Society of London, 8 (1838)
S. Mojab, „Women in Politics and War: the Case of Kurdistan, Working Papers, no. 145

دکتۆر مستەفا زەڵمی

بایۆگرافیای زانایەک



د. بێستوون حەسەن ئەحمەد

ساڵی ١٩٥١ لە سلێمانی کتێبی دابەشکردنی میراتم دانا، پاشان ناردم بۆ هەندێک لە مامۆستایان، وتیان زۆر جوان و باشە، بەڵام عەیبەکەی ئەوەیە بە زمانی کوردی داتناوە(مستەفا زەڵمی — کاروانی ژیانم—٤٨).

مرۆڤە مەزن و بیرمەندەکان پێش مێژوو دەکەون، خاک و ئاو و زمان و مرۆڤ و ئایین و ڕۆشنبیری خۆیان و نەتەوەکەیان پێ کەم نییە.

چ ئاست بەرزێکە مەلایەک حەفتا ساڵ لەمەوبەر ئیتمای هەبێت بۆ زمانەکەیی و مەلا خوێندەوارەکانی کورد بە شافیعی بچوێنێت.

مستەفا ئیبراهیم زەڵمی، لە بەهاری ساڵی ١٩٢٤ لە گوندی زەڵمی ناوچەی هەورامانی سەربە شارەدێی خورماڵ هاتووەتە دنیاوە. ساڵی ١٩٣٤ لە گوندی زەڵم دەنێرێتە بەرخوێندن. خوێندنی منداڵ لە سەرەتادا فێرکردنی قورئانی پیرۆز بووە. دواتر وەک خۆی لە یاداشتەکەیدا بۆمان دەگێڕێتەوە: ڕۆژێک لە مزگەوت چاوی بە یەک دوو کوڕی گەنج دەکەوێت و پرسیاریان لێ دەکات، ئەمانە کێن؟ لە وەڵامدا پێی دەڵێن ئەمانە فەقێن. لەو ڕۆژەوە شەیدای فەقیەتی و فێربوون و زانست دەبێت، تەنانەت بۆ بوون بە فەقێ هەڕەشەی ئەوە لە باوکی دەکات، ئەگەر نەینێرنە بەرخوێندن (خۆی بە ئاوی زەڵمدا دەدات). هەتا دواتر باوکی ناچار دەکات و دەبێتە فەقێ. پاش چەند ساڵێک خوێندن لە مزگەوتی خورماڵ، لە تەمەنی چواردە ساڵیدا ڕوودەکاتە سلێمانی لە مزگەوتی (حاجی حانی) ماوەیەک خەریکی خوێندن دەبێت و پاشان خولیای خوێندنی زیاتر دەبێت و لە تەمەنی شانزە ساڵیدا ڕووە و تەوێڵە هەنگاو دەنێت و پاشان پاوە و دەگاگا و ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەگەڕێت، لەم سەفەرانەدا ڕووبەڕووی چەندین نەهامەتی و سەرما و برسێتی دەبێتەوە، زیادەڕۆیی نەبێت هەندێکجار تا کەناری مەرگ ڕۆیشتووە. بەجۆرێک ئەشقی خوێندن بووە، بەرزونزمی و هەوراز و نشێوی ژیان کۆڵیان پێنەداوە. بەکورتی ماوەی ساڵانی ١٩٣٨ - ١٩٥٤ درێژەیی بە گەشتی زانست و فێربوون داوە. ساڵی ١٩٤٦ و لە تەمەنی ٢٢ ساڵیدا لە کۆیە ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووە. پاش ئەوەی مەلایەتی لە هەندێک ناوچەی کوردستان کردووە، باری کۆمەڵایەتی و ژیان تەواو هەراسانیان کردووە. دواتر دەبێتە وتاربێژی سوپا و پاشانیش کۆلێژی ماف لە زانکۆی بەغداد تەواو دەکات. بۆ خوێندنی ئەکادیمی و خوێندنی باڵا (ماستەر و دکتورا) ڕوو لە وڵاتی میسر دەکات. ئەنجام دەبێتە خاوەنی سێ

بڕوانامەی ماستەر و دوو بڕوانامەی دکتورا و سەرپەرشتی چەندین ماستەرنامە و تێزی دکتۆرا دەکات. چەندین لێکۆڵینەوە دەخاتە بەرچاوی زانستدۆستان لە بوارەکانی شەرع و یاسا. دواجار لە بەهاری ٢٠١٦ و لە تەمەنی (٩٢)ساڵیدا بۆ یەکجاری ماڵاوایی لە دنیا دەکات.

قۆناغەکانی خوێندن:

یەکەم: قۆناغی سەرەتایی (١٩٣٠ – ١٩٣٤):

ساڵی ١٩٣٠ لە لای مەلای مزگەوتی گوند (میرزا فەتح لهۆنی) دەخرێتە بەرخوێندن، خوێندنی ئەم قۆناغە تەنها بۆ ڕەوان خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز بووە و لەگەڵیشیدا ئەگەر مامۆستا توانیبێتی چەند سورەتێکی کورت بە خوێندکارەکانی لەبەر بکات. لەڕووی کۆمەڵایەتی و ڕەفتاری مامۆستاوە بە قورسترین قۆناغی خوێندن دادەنرێت، بەپێی یاداشتەکانی بێت (کاروانی ژیانم:٤٢) مامۆستای وانەبێژ شوڵ و مەقاشی بەکارهێناوە، تەنانەت جگەرەی بە پەناگوێی خوێندکار کوژاندووەتەوە.

دووەم: قۆناغی فەقێیەتی (١٩٣٤ – ١٩٤٦):

وێستگەی یەکەمی فەقێیەتی لە مزگەوتی گەورەی خورماڵ لەلای مامۆستا (سەید عارف) دەستپێدەکات، عەشق و خولیای خوێندن وایان لێکرد، لەم قۆناغەدا و بەو منداڵییە هەموو ڕۆژێک بەپێ لە زەڵمەوە چووەتە خورماڵ و گەڕاوەتەوە. بابەتی خوێندنەکەی جگە لە تەواوکردنی قورئانی پیرۆز، خوێندنی گوڵستانی سەعدی بووە، لەگەڵ تەعریفی زنجانی و عەواملی جورجانی. شایانی ئاماژەیە لە حوجرەکانی کوردستاندا زانستە شەرعییەکان بە زمانی عەرەبی خوێنراون و ئەدەبیاتیش بە زمانی فارسی، ئیتر خوێندن بە زمانی کوردیی وەک زمان لە گۆڕێدا نەبووە.

ساڵی ١٩٣٦ مەلا شێخ خالیدی موفتی، دەبێتە مەلای زەڵم و زەڵمیش بۆ درێژەدان بە خوێندنەکەی دەگەڕێتەوە بۆ زێدی خۆی، لەم قۆناغەدا کتێبەکانی (انموذج، شافیە) دەخوێنێت. دواتر دووبارە ناچار بەگەڕانەوە بۆ خورماڵ دەبێت و پاش ماوەیەک ڕوو لە سلێمانی دەکات و لە مزگەوتی حاجی حان – مەڵکەندی دەست بە خوێندن دەکات.

گوندەکانی (عەبابەیلێ و تەوێڵە) لە باشوری کوردستان و شارەدێی (پاوە) و گوندی دەگاگا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دەبنە بەشێک لە گەشتی گەڕان بە دوای زانست و مامۆستادا. حوجرەی شارەکانی (سنە، مەریوان، بانە و سابڵاخ) دەبنە نشینگەی فێرخوازی دوازدە عیلمەکەی مەلایەتی.

لە سابڵاخەوە بۆ مەنگوڕ و گەلاڵە و شنۆ و لاجان و ورمێ و شکاک و سەردەشت و ... هتد، دواجار لە ڕێکەوتی ١٩٤٦/٣/١٥ لە کۆیە و لەسەردەستی شێخ نووری جەلیزادە، برای مەلای گەورەی کۆیە ئیجازەی مەلایەتی وەردەگرێت.

سێیەم: قۆناغی ئەکادیمی:

سەرەتایی ئەم قۆناغە لە شاری جەلەولاوە (گولاڵە)وە دەستپێدەکات. بڕیاردەدات کە تاقیکردنەوەی سێی ناوەندی (نۆی بنەڕەتی ئەمڕۆ) بەشێوەی دەرەکی بکات و سەرکەوتوو دەبێت. پاشان ساڵی ١٩٥٩ پۆلی چواری ئامادەیی لە قوتابخانەیەکی ئەهلیی لە جەلەولا تەواو دەکات، تەواوکردنی ئەم خوێندنە لەسەر خەرجی خۆی بووە. دواتر پۆلی پێنجەمی ئامادەیی لە بەغدا (باب موعەزەم) تەواو دەکات، ئەو کاتە پۆلی شەشی ئامادەیی نەبووە.

لە هەوڵ و تێکۆشانی زانستی و ئەکادیمی بەردەوام دەبێت، هەتا ساڵی ١٩٦٠ لە کۆلێجی یاسا (بەشی یاسای ئێواران) وەردەگیرێت. پاش چوار ساڵ بە کۆ نمرەی (٨٦.٥) کۆلێجی یاسا تەواو دەکات. ساڵی ١٩٦٦ دەبێتە خوێندکاری ماستەری شەریعەی ئیسلامی لە زانکۆی بەغدا، ئەم قۆناغەش سەرکەوتووانە تەواودەکات، ساڵی ١٩٦٨ دەبێتە خاوەنی بڕوانامەی ماستەر لە شەریعەتی ئیسلامیدا. هەمان ساڵ لە ماستەری یاسا (یاسای گشتی) لە زانکۆی بەغدا وەردەگیرێت، بەڵام بەهۆی کێشەی گواستنەوەی وەک ئیمامی سوپا بۆ ئەردەن واز لەم خوێندنە دەهێنێت.

ساڵی ١٩٧٠ بۆ خوێندنی دکتۆرا ڕوودەکاتە قاهیرەی پایتەختی وڵاتی میصر، شایانی باسە ئەو دەمانە خوێندنی دکتۆرا لە عێراقدا نەبووە. لە میصر دان بە بڕوانامەی ماستەری عێراقدا نانێن، بۆیە بەناچاری خوێندنی ماستەر لە هەردوو زانکۆی ئەزهەر (پسپۆڕی شەریعە) و زانکۆی قاهیرە پسپۆڕی (یاسا) تۆماردەکات و سەرکەوتووانە ئەم قۆناغانەش دەبڕێت.

ساڵی ١٩٧٣ دیسانەوە بۆ خوێندنی دکتۆرا دەچێتەوە وڵاتی میصر، لە دوو زانکۆ دکتۆرا تۆماردەکات، زانکۆی ئەزهەر (پسپۆڕی شەریعە) و زانکۆی قاهیرە

پسپۆڕی (یاسا)، ئەم کارە بەپێی یاساکانی ئەو وڵاتە قەدەغەیە، هەربۆیە لە کۆتایی سەروبەندی گفتوگۆی تێزی دکتۆراکانیدا دەستبەرداری دکتۆراکەی زانکۆی قاهیرە دەبێت. لە ئەنجامدا ساڵی ١٩٧٥ بە پلەی (شەرەف) بڕوانامەی دکتۆرا لە فیقهی بەراورد لە زانکۆی ئەزهەر بەدەستدەهێنێت.

لە ڕێکەوتی ٢٠٠٥/٦/٢٠ لە کۆلێجی یاسای زانکۆی بەغدا، دکتۆرای دووەم وەردەگرێت، ئەم دکتۆرایە هەمان ئەو دکتۆرایەی زانکۆی قاهیرەیە، کە یاسا کارپێکراوەکانی وڵاتی میصر ڕێگەی پێنادەن تەواوی بکات. ئەم بڕوانامەیەی بە پلەی باڵا و لە پسپۆڕی یاسادا هێناوە. ژیانی مامۆستایەتی زەڵمی لە ساڵی ١٩٧٥وە دەستپێدەکات هەتا ساڵی ٢٠٠٨، ساڵی ١٩٨٠ ناسناوی زانستی پڕۆفیسۆر وەردەگرێت و لە زانکۆکانی بەغدا و موستەنسرییە و نەهرین وانەی وتووەتەوە.

گۆڕینی بویەرێکی ئایینی و کۆمەڵایەتی و ئابووری، جگە لەوەی ماندبوونی تاقەتپروکێنی دەوێت، لە زۆر باردا کاراکتەری سەرەکی و پاڵەوانی گۆڕانکارییەکان بەر توانج و تەشەر و بگرە هەندێکجار دەربەدەریی و نەهامەتی دەکاتەوە. هیمەت و غیرەتێکی مەردانەی دەوێت، کاتێک هەموو هاوپیشەکانت بە ئاڕاستەیەک مەلەدەکەن و تۆ پێچەوانەی ئاڕاستەی ئەوان دەڕۆیت. بانگەشەی هزرگەلێکی نوێ، بەکارهێنانی ئامراز و شێوازی جیاواز بۆ گەیشتن ئامانجگەلێکی جودا تۆ لەوان جیادەکاتەوە و نامۆ و تەنهات دەکەن.

من پێموابووە هەمیشە ئەوانە بوونەتە ژمارە و تایتلی جیاواز، یان بەردێکیان خستووەتە گۆمێکی مەنگەوە و شلەقاندوویانە، واتە شتێکیان وتووە پێچەوانەی وتراوەکانی پێش خۆیان بووە، یان زیاتر لەوەی پێش خۆیان وتووە کە وتراوە، بە بڕوای من هەر ئەمەش وەزیفە و ئەرکی مرۆڤی داهێنەر و کاریگەرە. گرنگە لە سەردەمێکی گرانی و قاتوقڕیدا تەبەنی ئەو هزرە نەکەیت، کە لە پاڵیدا نانێکی چەورت دەستکەویت، لە دۆخێکی سیاسی ناجێگیردا بیری سەلامەتی و بێوەیی بەرانبەر سازش پێڕەو نەکەیت.

ئێمە دەمانەوێت، زەڵمی وەک کەسێکی بەئاگاهێنەرە و دانا و ویژدان زیندوو ڕێبەری ڕیفۆرمی ئایینی وێنا بکەین و نیشان بدەین، ئەگەر بێتە سەر باسی ژیان و گوزەرانی کەسی و خودی، ئەوا یاداشتەکەی (کاروانی ژیانم) شتێکی نەوتراوی بۆ کەس نەهێشتووەتەوە.

کاریگەری گەشتەکانی:

گرنگە هەر لە سەرەتاوە ئەوە تێبگەین کە گەڕان و گەشتەکانی زەڵمی، نە بەدوای پەیداکردنی ناندا بوون، نە گەشتی پشوودان و گەشتوگوزاری بوون. عەودالّی زانست و عەشقی فێربوون خەیاڵ و خولیای ئەم زانا گەورەیە بوون.

لە پاڵ ئەم گەشتە زانستیانەشدا هەندێکجار تا لێواری مەرگ ڕۆیشتووە و لە هەندێک باریشدا برسێتی و نەهامەتی بڕستی لێ بڕیووە. سوور بوون و ستراتیژییەت بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی هیچکات ساردیان نەکردووەتەوە و کۆڵیان پێنەداوە. چووبێتە هەر حوجرە و مزگەوت و گوندێکەوە، خوێندن لە پێشینەی هەرە گەورەی کارەکانی بووە. لە پاڵ خوێندنەکەیدا سەرنجی کلتووری کۆمەڵایەتی و ئابووری ئەو ناوچەیەی داوە. ژیانی خەڵکی و بارودۆخی زەمین و زەمانە جیاوازەکان ئاسۆی بیریان فراوان کردووە.

پاش تەواوکردنی خوێندن، توانیویەتی خوێندنەوەیەکی واقیعیانە بۆ ئایین و هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و گوزرانی خەڵک بکات. لێرەوە پرۆژە چاکسازییەکان و بەگژاداچوونەوەی کەلتووری ئایینی دەستپێکردووە. وەکو حەرامکردنی مارەبەجاش و ڕەتکردنەوەی سەرفترە و زەکات و ڕیشتاشین ... هتد. کە ئەم لێکۆڵینەوەیە بەدرێژی لەسەر ئەم هەڵوێستانە دەوەستێت.

پاش ئەو هەموو ئەزموونەی ژیانی، بیرەکانی لە چەند دێڕێکدا کورت دەکاتەوە، کە زۆر کەس ئەم قسەیان بە دەمی وتووە، بەڵام هیچیان لە ئەنجامی توێژینەوەوە نەگەیشتوونەتە ئەم ڕاستییە. « لە ماوەی ژیانمدا لە نێوان بەراوردکردنی ئایینی ئیسلام و هەموو یاسای دەوڵەتان و بیروباوەڕی جیاواز و ئایینەکانی تر زیاتر لە چل ساڵ، تێکەڵیم لەگەڵ خەڵکی جیاوازی جۆربەجۆر، ئەم بیروباوەڕەم بۆ دروستبوو، شتێکم نەدی ئیسلام بڵێت مەیکە و ژیری بڵێت بیکە، هەروەها بەپێچەوانەی ئەوەوە، شتێکم نەدی ئیسلام بڵێت بیکە و ژیری بڵێت مەیکە» (کاروانی ژیانم:٨)

گرنگە ئەوە تێبگەین گەشت بۆ ئامانج و مەبەستی جیاواز ئەنجام دەدرێت، گەشت هەیە بۆ پشودانە و هەیە بۆ ڕابواردنە و هەیە بۆ خوێندن و بەدەستهێنانی زانستە. بەسەرنجدان لە ژیانی ئەم زانایە دەردەکەوێت، زۆرینەی گەشتەکانی بۆ بەدەستهێنانی زانست و تێگەیشتن بوون. لە هەر شوێنێک گیرسابێتەوە لە هەناوی

هەر کۆمەڵێکدا بووبێت عەودالّی حوجرە و زانست و زانیاری بووە.

دوو دەرد زیاتر ئازاریان داوە، زانیویەتی زۆربەی خەمەکانی لەوێوە سەرچاوە دەگرن:

یەکەم: دواکەوتوویی و نەزانی خەڵکی.

دووەم: خراپ بەکارهێنانی ئایین لەلایەن مامۆستایانەوە.

ئەگەر ئەم دوو دەردە چارەکران ئەوا پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و شارستانی و ئایینی ڕوودەدات. کاتێک باس ئیسقات و پاکردنەوەی گوناهی کەسێک دەکات بە (٧٠) تمەن لەلایەن مامۆستاکەیەوە، هەم ئاماژەیە بۆ ساویلکەیی مرۆڤی ئەو کاتە و هەم نیشاندانی بێویژدانی و بەکارهێنانی ئایینە لەلایەن بەناو مامۆستایەکی ئایینییەوە. ئەوەی شایانی باسە ئەم ڕووداوە لەکاتی فەقێیەتیدا ڕوویداوە و زەڵمی شانبەشانی مامۆستاکەی بەشداری پێواژۆکەی کردووە، کەچی مامۆستای موسڵمان دوو تمەنی داوەتێ.

ڕیفۆرمە ئاینییەکانی زەڵمی:

من خۆم مافی ئەوە دەدەم بە خوێنەر، ئەو پرسیارەم ئاڕاستە بکات، ئەوەی من دەینووسم یان دەیڵێم لە یاداشتەکانیدا خۆی باسی کردوون، ئەی کاری من چییە؟ بەو نووسینانە من سوکناییم نەهاتووە و دڵم ئاوی نەخواردووەتەوە، هەڵوێستەکانی کەمەندکێشیانکردم، وەک ئەوەی تا ئێستا مێژوو نەیتوانیبێت مافی خۆی بەم زانایە بدات. بەلای منەوە بەهۆی هەڵوێستەکانییەوە پێچەوانەی شەپۆلە باوەکانی ئاو مەلەدەکات و شوێنی خۆی لە دوندە بەرزەکانی مێژوودا دەکاتەوە.

بە زمانێکی سادە ڕیفۆرم بریتییە لە بەرەنگاربوونەوەی سیستمی کۆن، ئەگەر ڕیفۆرمەکە ئایینی بێت، بەرەنگاربوونەوەی ئەو بیروباوەڕە چەوتانەیە، کە هیچ پەیوەندێکیان بە ئایینەوە نییە و کەسانی هەلپەرست بۆ مەرامی ماددیی و چێژی دنیایی دایانهێناون. ڕیفۆرمی ئایینی دەیەوێت پەردە لەسەر هەموو ئەو هەڵەباو و کەلتوورە نابەجێیانەی کۆمەڵ هەڵماڵێت، کە بەناوی ئایینەوە خەریکی بڵاوبوونەوەن.

زۆرینەی ڕیفۆرمە ئایینییەکان لەمپەری گەورەیان دێتە ڕێ (بۆ زانیار زیاتر بروانە: (ڕێنیسانس، ٢٠٠٤)، (مارتن لۆتەر، ٢٠١٥)، چونکە ڕیفۆرمەکان بەگژداچوونەوەی هەلپەرستانە و لێدانە لە بەرژەوەندییان. مێژووی ڕیفۆرمی ئایینی دەگەڕێتەوە بۆ

سەدەکانی ناوەڕاست و ئەورووپا، ئەو کاتەی ئایینی مەسیحیی و بە دیاریکراوی مەزهەبی کاسۆلیک لە ڕۆما گاڵەی بە خەڵک دەکرد، لە پاوانکردنی زەویی و زار و کایەی ڕۆشنبیری (زمان و ئەدەب) و زەوتکردنی ئازادییە کەسییەکان و ... هتد خۆیی دەبینییەوە.

بەدرێژایی مێژوو کەسە دیار و زانا و پاڵەوانەکانی مێژوو، منداڵی خوداپێداو نەبوون. زۆرینەیان سەر بەو خێزانە هەژارانە بوون، کە ژەمی ئەمڕۆیان هەبووە و لە خەمی دابینکردنی ژەمی سبەیدا بوون. پاڵەوانی لێکۆڵینەوەکەمان خەڵکی گوندێکی سەرسنووری دوورە دەستی کوردستانە. سەرچاوەی بژێوی لەو دەمەدا کشتوکاڵ بووە بە هەموو جۆرەکانییەوە (ئاژەڵداریی و باخداری ... هتد). واتە کوڕی پیاوێکی هایهای و خوداپێداو نەبووە، ئەمەش زۆر ئەرێنی لە ژیانیدا ڕەنگیداوەتەوە، چونکە بەرگەی سەفەر دووررودرێژ و تاقەتپڕکێنەکانی زانستی گرتووە. زۆرباش لەگەڵ ژیانی سادە و پڕ نەهامەتی فەقێیەتیدا خۆی گونجاندووە.

لێرە بەدواوە باس لەو هەڵوێستە ناوازە و شازانە دەکەم، کە بە پێودانگی ڕۆژگاری ئەو کەم بوون ئەو مەلایانەی توانیویانە دەستی بۆ بەرن:

بڕوانەبوون بە فاڵگرتنەوە:

زەڵمی زۆر بڕوای بە خورافات نەبووە، زۆرتر ویستوویەتی شتەکان بداتە بەر ڕێژنەی ژیری (ئاوەز = عەقڵ)، هەر لەمبارەیەوە وای دەبینێت: ئاسانە مرۆڤ ببێت بە زانا، بەڵام ئاسان نییە مرۆڤ ببێتە خاوەنی ژیرییەکی باش. بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو مامۆستایانەی بڕوایان بە خورافات هەبووە، زەڵمی بەڵگەی (٤٩) جار فەرمانی خوا لە قورئاندا دەهێنێتەوە بۆ بەکارهێنانی ژیری.

بەرەنگابوونەوەی عەبدوڵلاخانی دزڵی:

ساڵی ١٩٤٧ عەبدوڵڵا خانی کوڕی مەحموود خانی دزڵی دەنێرێت بە دوایدا، دەیەوێت بەپارە و بەرژەوەندی ماددیی دەمبەستی بکات و باخەکانی زەڵم بۆ خۆی بەکاربهێنێت، لە بەرانبەردا هەرچی هەیە لەگەڵی بەش دەکات، واتە بەو مەرجەی پشتگیری خزمەکانی نەکات و پشتی عەبدوڵڵا خان بگرێت. لە ئەنجامدا بەوپەڕی جورئەتەوە ئەم داوا و پێشنیازانە لەلایەن زەڵمییەوە ڕەتدەکرێنەوە، هەر ئەمەش دەبێتە هۆی دەربەدەربوونی بۆ گوندی سەرسیان.

مێژووی کڕینی مرۆڤەکان لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە کۆنە، لە مێژوودا زۆرێک لە

دەسەڵاتدارەکان بۆ شەرعیەتدان بە کارە ناڕەوا و ستەمە جۆربەجۆرەکانیان (مەلا و مامۆستا و ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەنووسانیان ... هتد) کڕیوە. دەڵێن سیاسییەکی بەناوبانگی ئەم هەرێمە وتوویەتی (هەموو کەسێک دەکڕێت، ئەوەی هەتا ئێستا نەمانکڕیوە نرخی خۆیمان نەداوەتێ)، پێموایە لەم ڕۆژانەشدا کە ژیان بە بەراورد بەو سەردەمەی زەڵمی ئاسانترە، زۆرێک لە توێژە خوێندەوارەکە ئامادەیە خۆیی بفرۆشێت، بەڵام کەس نییە بیکڕێت و مامەڵەی لەگەڵ بکات.

ڕیشتاشین:

زانایەک پێوایە کار بەیەک ئایەتی قورئان بکەیت، باشترە لەوەی هەموو قورئانت لەبەر بێت و دەست لە گوناە نەپارێزیت. لە ڕۆژێکدا سەد ڕکات نوێژ بکەیت و هەر حەوت ڕۆژەکانی هەفتە بەڕۆژوو بیت، ئیمان لە دڵتدا نەبێت و ئەو ئیمانەش وەرنەگێڕێت بۆ گوفتار و کردار سوودی نییە. ئایینداری کۆمەڵە کردارێکی میکانیکی نین بەجێبەجێکردنیان ببیتە ئاینپەروەر. لە هەندێک پلەی ئیمانیدا ئاییندار ڕێگە بە خۆی نادات لە پێناو بەدەستهێنانی بەهەشت و دوورکەوتنەوە لە دۆزەخ خودا بپەرستێت، بەڵکو نوری ئیمان بە جۆرێک ڕۆچووەتە ناخییەوە لە خۆشەویستی خودا پەرستش ئەنجام دەدات. ئەم نموونە باڵایە بەڕوونی لای ڕابیعەی عەدەوی دەرکەوتووە، کە نەچاوی لە پاداشت بووە نە لە سزا.

قسەکە لەسەر فۆرم و ناوەڕۆکە، ئیمان لە ناوەوەی مرۆڤە و کاری خۆی دەکات، بەڵام فۆرم ئاسانتر دێت بەدەستەوە و هەندێکجاریش خراپ بەکاردەهێنرێت. بۆ نموونە لەژێر پەردەی لەچکەوە و لەسایەی ڕیش و پانتۆڵی کورتدا و لەگەڵ سرووت و ڕێوڕەسمی ئایینیدا زۆرجار تاوانی گەورە ئەنجام دراوە. ڕێزم بۆ ئایینەدارە سەرپۆش بەسەر و خاوەن ڕیشە باشەکان هەیە.

زەڵمی پاش ئەوەی لە سلێمانی (لە مزگەوتی بن طبق) خەریکی کاری خۆی دەبێت و ڕۆژانە لە حوجرەکەیدا وانە بەفەقێکانی دەڵێتەوە، کۆمەڵێک مەلا لەلای موتەصەریف (پارێزگار)ی ئەو کاتەی سلێمانی شکاتی لێ دەکەن و دەڵێن مستەفا زەڵمی حیزبی دروستکردووە. هەرچەندە پیلانەکەیان سەرناگرێت، بەڵام وەک خۆی دەڵێت هەموو ئەو مامۆستایانەی تووشی تەنگوچەڵەمەیان کردووە ڕیشداربوون. هەتا کار گەیشتووەتە ئەوەی بە هەڕەشە و ترساندن یەک فەقێ لە حوجرەکەیدا نەماوە. هەربۆیە ئەویش مەولەوی ئاسا هەتا دوا ساتەکانی ژیانی ڕیشی نەهێشتووەتەوە.

ڕیشی چەنی من نەیۆ حظور
مەبۆ بتراشوش تا وە نەفخی یۆر

ئەم کارە گەورەترین ئاڵەنگاری سیستمی ئایینی و کۆمەڵایەتی بووە، یەکەمجار بووە مەلایەک لەوپەڕی ئاگاییەوە، ڕەفتاری جوان و وتەی شیرین بە ئاکاری موسڵمان بزانێت و ڕووخسار و ڕیایی دونیایی وەلا بنێت. پێیوابووە شێوەی ڕووخسار و جلوبەرگ و پیشە و ناسناوی ئایینی و کۆمەڵایەتی (شێخ، سەید، مەلازادە ... هتد) پێوەری موسڵمانی باش نین.

تەنانەت کار گەیشتووەتە ئەوەی مەلا محەمەدی چرۆستانی پێوتووە تەریق نابیتەوە، لەکاتێکدا فەقێکان بستێک ڕیشییان هەیە و تۆ بێ ڕیشی؟ زەڵمی بەوپەڕی جەسوورییەوە وتوویەتی تەریقنابمەوە و ئەمە یەکەمجارە ڕیش دەتاشم و پەیمانمداوە لەگەڵ خودا هەتا ئەو ڕۆژەی دەمخەنە گۆڕەوە ڕیش بتاشم.

ئێستاش لەم ڕۆژگارەدا ڕیشتاشین بەلای هەندێک گرووپ و کەسەوە حەرام و یاساغە، هەندێک مامۆستای ئایینی پێیانوایە سفوری ئافرەت و ڕیشتاشینی پیاو وەکیەک وایە. بزانە دەبێت حەفتا ساڵ لەمەوبەر بیرکردنەوەکان چۆن بووبن؟ دەبێت تێڕوانین و هەڵوێستی خەڵک و مەلاکان لە بەرانبەر مەلایەکی ڕیشتاشراو چۆن بووبێت؟ ! وەڵامەکەی بۆ خوێنەر بەجێدەهێڵم.

زۆر گرنگە قسە و کردەوەکانت وابێت کە خۆت دەتەوێت، نەک بەو شێوەیە بێت کە بەرانبەرەکەت دەیەوێت. گرنگە بۆ خۆت بژیت و سووربیت لە خستنە ڕووی بۆچوونەکانت، نەک دەوروبەر ناچار بە هەڵوێستی پێچەوانەت بکەن.

نووسین بە زمانی کوردی:

نووسینی شیعر بە زمانی کوردی نالی کردووە بەپێشەوا و سەرمەشقی شاعیرانی قوتابخانەی بابان، یان وەک هەندێک لە لێکۆڵەران بە پێغەمبەری شیعری کوردی ناوزەندی دەکەن. گەورەیی نالی لەوەدایە پێش ئەو کەس بە زمانی کوردی (کرمانجی خواروو) شیعری نەنووسیوە. ئەو یەکەمین کەس بووە بەجورئەتەوە ڕووبەڕووی تانە و تەشەری کۆمەڵ وەستاوەتەوە. لە مێژووی بووژانەوە و ڕێنیسانسی ئەورووپیدا (دانتی) ناوێکی پرشنگدارە، دانتی یەکەمین کەس بووە بەڕووی کەنیسەی کاسۆلیکی و پاشا و دەستوپێوەندەکەیدا چووەتەوە و بە شێوەزارێکی لۆکاڵی (شێوە زاری تۆسکانیی) شیعری نووسیوە. بەکورتییەکەی

(کۆمیدیایی یەزدانی دانتی) بە کاریگەری ناوەڕۆکەکەی شێوەزاری تۆسکانیی دەکاتە زمانی ستانداری ئیتالی و ئەو پەیامەش بە گوێی ڕیفۆرمخوازان و خەڵکدا دەدات، کە تەنها زمانی لاتینی (زمانی ڕێگەپێدراوی کەنیسە) زمانی نووسینی ئەدەبیات نییە و تەنها ناوەڕۆکی ستایش و پیاهەڵدانی پاشا تاکە مەبەستی شیعری نییە. گەڕانەوە بۆ زمانی نەتەوەیی (دانتی) کرد بە یەکێک لە ڕێبەرانی ڕیفۆرمخوازی ئەورووپا و مێژووی ئەورووپی بە شانازییەوە ناوی دەبات.

یەکێک لەو کارە ناوازانەی زەڵمی نووسینی کتێبە بە زمانی کوردی، زۆر ئەستەمە مەلا بێت لە ساڵی ١٩٥١ بڕوایی ئەوەت بۆ دروست بێت بە زمانی کوردی کتێب بنووسێت. ئەم کارە لەوانەیە ئێستاش لەلایەن هەندێک کۆلکە مەلاوە ڕەوایەتی وەرنەگرێت.

«لە ساڵی (١٩٥١) کتێبی (دابەشکردنی میرات)م دانا، ناردم بۆ هەندێک لە مامۆستاکان، وتیان: زۆر باشە و زۆر جوانە، بەڵام عەیبی ئەوەیە بە کوردی داتناوە»(کاروانی ژیانم: ٤٨).

دەڵێن دانتی زمانی نەتەوەیی بەنانی جۆ چوواندووە، زەڵمیش ئەگەر زمانی کوردی چێژی پێنەبەخشیایە هەرگیز پەنای بۆ نەدەبرد. ئەو زانیویەتی کێشەی میرات یەکێکە لەو کێشانەی ئێستاش خەڵک بەدەستییەوە دەناڵێنێت. بۆیە ویستوویەتی خزمەتی خەڵک و میللەتی خۆی بکات. بڕوای تەواوی بەوە هەبووە زمانی کوردی هیچی لە زمانی عەرەبی کەمتر نییە، بەڵام ئەوە ڕۆشنبیری کوردە نەیتوانیوە بەکاریبهێنێت. زەڵمی ویستوویەتی لە ڕێگەی زمانی نەتەوەییەوە گۆڕانکاری لە هزری میللەتەکەیدا دروستبکات و زانیارییەکان پەخش بکات. واتە ئەم زانیارییانە تەنها لەلای مەلا نەبن، خەڵکی خوێندەواریش بتوانێت لە میرات بگات.

ڕەتکردنەوەی مارەبەجاش:

ئەوەندەی تێبینیم کردووە، زۆرێک لەوانەی ژیانی خۆیان یاداشتکردووە، زۆر بەکەمی دەستیان بۆ هەڵە و کەموکورتی خۆیان بردووە. هەندێکیان وەک ئەوەی فریشتە بن خۆیان کردووە بە پاڵەوانی مێژوو.

زەڵمی زۆر بە جورئەتەوە باس لە دوو هەڵەی خۆی دەکات، کە دوو جار ژنی مارەبەجاش کردووە، یەکێکیان لە گوندی (زەڵم – ١٩٤٦) ئەوی تریان لە گوندی

(سەرسیان – ١٩٤٧) (کاروانی ژیانم- ٢٤٢)، کە ئەگەر خۆی دانی پێدا نەنایە کەسمان نەماندەزانی. تەنانەت لە مارە بەجاشی دووەمدا ئەو ژنەی کە بڕیارە مارە بکرێت بۆ پیاوێکی تر پێی دەڵێت: مامۆستا بەڵکو پیاوێکی چاکی وەک خۆتم بۆ بدۆزیتەوە، بەڵام زەڵمی داواکەی پەسەند ناکات و ڕەتیدەکاتەوە.

مارەبەجاش: کەسێک سێ جار ژنەکەی تەڵاق بدات، ناتوانێت بە هیچ جۆرێک بیگێڕیتەوە لای خۆی و وەک حەڵاڵی خۆی مامەڵەی لەگەڵ بکات، هەتاوەکو ئەم ژنە شوو بە پیاوێکی دیکە نەکات و ماوەیەک لای ئەم پیاوە نە بێت و ئەم پیاوە یان بمرێت یان تەڵاقی بداتەوە. ئینجا مێردی یەکەم دەتوانێت بۆ جاری دووەم مارەی بکاتەوە. مەلاکانی کوردستان هاتوون بۆ ماوەی شەوێک یان چەند شەوێکی کەم ژنەیان لە کەسێکی تر مارەکردووە، بەشێوەیەکی کاتی لە بەرانبەردا بڕێک پارەیان داوە بە کابرای زاوا ئەویش بۆی تەڵاق داونەتەوە، بەم پرۆسەیە شەرعێنراوە وتراوە مارەبەجاش. شایەنی ئاماژەیە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا ئەو کەسەی بەشێوەی کاتی ژنەکەی لێمارەکراوە یان غەریبە بووە یان ئەم ژنە لە شوێنێکی دوورە دەست مارەبەجاشکراوە، لە هەندێک باریشدا لە ناچاریدا پیاوەبەخشراوەکان بەکارهێنراون. هەموو ئەمانە بەمەبەستی پاراستنی ئابڕووی ژن و پیاوەکە بووە.

هەڵوێستی زەڵمی بەرانبەر مارەبەجاش: کاتێک ساڵی ١٩٦٨ لە زانکۆی بەغدا ماستەر وەردەگرێت، بە قوڵیی دیراسەی هەر هەشت مەزهەبەکەی ئیسلام و یاسای دەوڵەتان و دابونەریت و یاسای ئاینەکانی تر دەکات. لە ئەنجامدا بۆی دەردەکەوێت: تەڵاقی سێ بە سێ بەیەکجار ناکەوێت لەبەر ئەم هۆیانە:

یەکەم: تەڵاق بە سێ قۆناغ دەبێت.

دووەم: تەڵاقێک وەک سوێند بخورێت، تەنها کەفارەتی سوێندەکەی دەکەوێت.

سێیەم: هاوسەرگیری کاتی جۆرێکە لە فێڵ.

ئەم زانایە پێیوابووە، ژن کە شووی دووەم دەکات دەبێت مێردی دووەمی بمرێت، یان تەڵاقی بدات و عیدەی شەرعی تەواو بێت، ئینجا دەتوانێت شوو بە پیاوی یەکەمی بکاتەوە ئەویش بە مارەکردنێکی نوێ.

ڕووبەڕووبوونەوەی حیلە شەرعێکی وەکو مارەبەجاش، کە هەتا ئێستاش

هەندێک جار لەملاوئەولا دەیبیستین، جۆرئەت و بوێرییەکی زۆر و دانایی و زانایی دەوێت، ڕێگریکردن لە پرۆسەیەک، کە هەڵەکە هی پیاوە و ژن تێیدا قوربانییەکی گەورەیە، واجبێکی ئاینی و مرۆییە. بەرنگابوونەوەی هەڵە باو و نامرۆییەکانی ناو کۆمەڵ، کە بەناوی ئایینەوە ئەنجامدراون کاری ئەو ڕۆشنفیکرانە بووە، کە ئاڕاستەکردنی کۆمەڵ بەرەو بووژانەوە و ڕاچەنین کاری لە پێشینەیان بووە. بەرگرتن لەو پرۆسانەی ماڵ و شۆرەت و چێژ و ... هتد، بەمرۆڤ دەبەخشن و بەناوی ئایینەوە دەکرێن و سەرئەنجام گەوجاندنی خەڵکی لێ دەکەوێتەوە، ڕیفۆرمخوازە گەورەکان دەستیان بۆ بردووە، کە زەڵمیش یەکێک بووە لەوانە.

فرێدانی جوبە و مێزەرە:

بەوپێیەی موسڵمانی باش بریتی نییە لەو کەسەی، مێزەری زل و جبەی پان و ڕیشی درێژی هەبێت، بەڵکو دڵ و دەروون و ڕەوشتی باش پێوەرن بۆ مرۆڤی باش و موسڵمانی چاک. ئەمانە پێوەری زەڵمی بوون کە شەستەکانی سەدەی پێشوو گەیشتووەتە ئەو باوەڕە. وەک خۆی باسی دەکات مەلا ڕیش درێژەکانی سلێمانی دژایەتییەکی باشیان کردووە، ئەویش گەیشتووەتە ئەو ئەنجامەی ئەم ڕیش و جبە و سەڵتەیە یان عورفە یان بۆ ڕیایی دنیایە. بۆیە بڕیار دەدات جبە و سەڵتە فڕێبدات و بەجلی چاکەت و پانتۆڵەوە دەوامی خوێندکاری زانکۆ بکات.

هەمیشە بڕوام بەوە هەبووە کەسایەتی مرۆڤ پەیوەندی بە جەستە و ڕوخسارییەوە نییە، دەکرێت دڵێکی بچووک خۆشەویستییەکی گەورەی تێدا بێت. دوور نییە دوور لە ئاینێک ویژدان و مرۆڤایەتی زیاتر بێت لە موسڵمانێکی عەیارە بیست و چوار، پەروەردەی خێزانی و نانی حەڵاڵ ڕۆڵیان هەیە لە باش پێگەیاندنی مرۆڤدا. هەر لێرەدا بە فرەستی دەزانم دوو چەمک هەن لە یەکتریان جیاکەمەوە، ئەگەر بە ڕووکەشیش بووبێت، ئەوانیش چەمکەکانی پەروەردەکردن و بەخێوکردنن، کە یەکەمیان قورسە و کاری پەروەردەکارانە، دووەمیان ئاسانە کاری زۆرێک لەدایک و باوکانە، شیکردنەوەی ئەم دوو چەمکە بۆ دەروونناس و کۆمەڵناسەکان بەجێدەهێڵم.

پێدەچێت ئەم کارانە لەم ڕۆژەدا نامۆ و سەیر بن، دەبێت لە شەست ساڵی بەر لە ئەمڕۆدا چەند پێچەوانەی عورف و ڕێسا کۆمەلایەتییەکان بووبن؟!

بەرەنگاربوونەوەی ئەو بویەرە ئایینی و کۆمەڵایەتییە چەند سەخت بووبێت؟ ئاسان نەبووە بۆ مەلایەک ڕیش بتاشێت، مارەبەجاش حەرام بکات، جوبە و سەڵتە فڕێ بدات، هاوڕێیەتی مەسیحییەک بکات. ئەمانەن ڕۆحی پێچەوانەبوون و جورئەت و زانایی و جەسووریی و سەرمەشقی لە مرۆڤدا دروست دەکەن. کە دواتر شتێک بڵێیت کەس نەیوتبێت، هەڵوێستێک بنوێنیت کەس نەینواندبێت، شوێن پێهەڵگرتنی خەڵکی هەتا ئەوەندە ڕەوایە لەسەرپێی خۆت بووەستیت. ئیتر لەوە بەدوا ڕابەرەکان دەبێت ڕێگای خۆیان هەبێت.

هەمیشە بڕوام بەوە هەبووە هەموو ڕووداو و هەڵوێستە جۆربەجۆرەکان، لە بویەری مێژوویی خۆیاندا لێکدەدرێنەوە. ئەو کار و هەڵوێستانەی کە ئاماژەیان پێکرا، نواندنیان بۆ ڕۆژ و مێژووی خۆی شۆڕشی ئایینی و ڕۆشنبیریی و کۆمەڵایەتی بوون، نەوتراو و نەکراوێک بوون سڵەمینەوە هەبووە بەرانبەر بەکردنیان.

نووسینی: عەباس ئەلپارسلان
وەرگێڕانی: وریا عەلی

بەڕێوەبردنی ئەوقاف لە سەردەمی عوسمانیدا

پوختە

بەڕێوەبردنی ئەوقاف بەیەکێک لە ڕێکخستنە کارگێڕییە گرنگەکانی دەوڵەتی عوسمانی دادەنرێت، بەوپێیەی سوڵتانەکانی عوسمانی گرنگییەکی تایبەتیان بە وەقف داوە، هەروەها بڕوادارانیش دەستیانکردووە بە وەقفکردنی موڵک و ماڵیان لە کاری چاکە و خواپەرستیدا، بۆیە هەستاون بە وەقفکردنی زەوییەکانیان بۆ خزمەتکردنی مزگەوتەکان و قوتابخانەکان و خوێندکارانی زانست لەو داهاتەی کە بەدەستدەهات لەڕێگەی وەقفکراوەکانەوە، لەو سۆنگەوەی کە ئەو داهاتانە و پرۆسەی بەخشینەکان پێویستی بەوە هەبوو بەشێوەیەکی ڕێکوپێک ڕێکبخرێت، هەربۆیە بەڕێوەبەرایەتییەکی تایبەت بە وەقفەکان دامەزرا بە سەرپەرشتیکردنی ڕاستەوخۆی ئەو دادوەرەی کە پرۆسەی خەرجییەکانی ڕێکدەخست، هاوکات ڕۆڵی موفتی دەرکەوت کە چاودێری بابەت و کێشە شەرعییەکانی وەقفی ئەکرد. هەروەها ڕۆڵی کارمەندانی ئەم بەڕێوەبەرایەتییە، هەریەکەیان بەپێی پسپۆڕییەکەیان، لە سەرژمێری داهات و خەرجییەکاندا. گەشەپێدانیش لەم بەڕێوەبەرایەتییەدا بەردەوام بوو، هەتا گەیشتە ئەوەی لە ساڵی (١٢٤٢ ک/ ١٨٢٦ز) وەزارەت (نەزارەت)ی ئەوقاف لە دەوڵەتی عوسمانیدا دامەزرا.

وشە کلیلییەکان: سیستمی وەقف، وەقف، عوسمانی، بەڕێوەبردن، موفتی

پێشەکی

ئەم توێژینەوەیە باس لە بەڕێوەبردنی ئەوقافەکان لە سەردەمی عوسمانیدا هەر لە دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانییەوە ٦٩٩ک/ ١٢٩٩ز دەکات، ئەویش کاتێک ژمارەی وەقفەکان ڕووی لە زیادبوون کرد بەهۆی فراوانبوونی ڕووبەری جوگرافیای ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، توێژینەوەکە هەڵوێستە لەسەر لایەنە کارگێڕیی و داراییەکانی بەڕێوەبردنی وەقفەکانی عوسمانی دەکات، کە لەلایەن سوڵتانەکان و خێزانە دەسەڵاتدارەکان و دەوڵەتمەداران و دەوڵەمەندەکان گرنگی پێدراوە، بەوپێیەی پێویستی بە چاودێری دادوەر و موفتییەکان و بەشداریکردنی کرێکاران و کارمەندان بۆ بەڕێوەبردنی موڵک و داراییە وەقفکراوەکان هەبووە، ئەوەش پێویستی بە دانانی پەیکەرێکی کارگێڕی دارایی هەبووە، کە لە ئاستێکی زۆر بەرزی ڕێکخستندا بێت. هەروەها توێژینەوەکە تەرخانکراوە بۆ لێکۆڵینەوە لە بنەماکانی نامەنووسی و بەڵگەنامەسازی لەنێو عوسمانییەکاندا، کە بە پلەی یەکەم پشتی بە هەڵگرتنی دەفتەرە وەقفییەکان بەستبوو، کە تێیاندا گرنگترین زەویی و خانووبەرە بەخشراوەکان کە لەلایەن خەڵکەوە بەخشرابوون تۆمارکراون تیایدا، کە لە خاوەندارێتی کەسی دوورخرانەوە و بۆ هەمیشە لەپێناوی خوادا قفڵکران، لەهەمانکاتدا ئەو دەروازانەی کە لە ڕێگەیانەوە ڕێگاکانی بەخشینی تێدا تۆمارکراوە، لەوانەیە سوود بە خەڵکی بگەیەنن.

وەقف وەک زاراوەیەک بریتییە لە تەرخانکردنی پارە، یان موڵک و دەرهێنانی لە خاوەندارێتی کەسیی، واتە موڵک وماڵی گواستراوە و نەگواستراوە کە خۆی لە بابەتی گرێبەستی وەقفدا ئەبینێتەوە، ئەو کەسەش کە وەقفەکە دەکات بە وەقفکار ناودەبرێت، لەهەمانکاتدا ئەو شتەی کە وەقفەکەی پێدەکرێت بە مەوقوف ناودەبرێت. (٢) دامەزراوەی وەقف یەکێک بووە لە گرنگترین دامەزراوە خێرخوازییە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکان لە دەوڵەتی عوسمانیدا، کە خەڵک تێیدا هەوڵیاندەدا چاکە بکەن و چاکەخوازی پیادە بکەن، لەسەروو هەموویانەوە سوڵتان و ئەندامانی خێزانی دەسەڵاتدار و پیاوە بالاکانی دەوڵەت و سوپا و زانایان و خەڵکی دەوڵەمەند، بەستوویانەتەوە بەوەی کە بۆ هەتا هەتایە خزمەتی خەڵک بکات.

پێش پێکهێنانی نەزارەت (وەزارەت)ی ئەوقافی هومایونی، بەڕێوەبردنی وەقفەکان بەپێی مەرجەکانی دامەزراندنی ئەوقافەکان بەڕێوەدەچوو، بەسەرپەرشتی سەرۆک

وەزیران و شێخی ئیسلام و ئاغای بابوسەعادە، دوای فراوانبوونی دەوڵەتیش، بەڕێوەبردنی ئەوقافەکان بۆ ئیدارەیەکی تایبەت جیهێڵدرا، بۆئەوەی بە وردی و ڕێکوپێکی کار بکات. توێژینەوەکە ئەم پێشەکییە و دوو بەش و ئەنجامێکی لەخۆگرتووە، لە بەشی یەکەمدا کە ناونیشانی بەڕێوەبردنی وەقفی عوسمانی لەخۆگرتووە، لێکۆڵینەوەی لەسەر ڕۆڵی دادوەر و موفتی و زانا و پشکنەر و نووسەر و کۆکەرەوە و هەموو ئەوانەی لە وەقفەکەدا کار دەکەن کردووە. بەشی دووەمیش بریتییە لە بەڕێوەبردنی دارایی وەقفی عوسمانی، کە تیایدا ڕۆشنایی دەخاتە سەر بەشەکانی سیستەمی دارایی و ئەو پسپۆڕییەی کە لە بەڕێوەبردنی سندوقەکانی وەقف لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا لەخۆدەگرێت، بە گرنگیدان بە وەقفەکانی هەردوو مزگەوتی پیرۆز لە مەککە و مەدینە، لەهەمانکاتدا کۆتاییەکەی بە دەرەنجامێک دەبێت کە توێژەران پێی گەیشتوون.

توێژینەوەکە پشتی بە کۆمەڵێک سەرچاوە بەستووە، دیارترینیان ئەو دەفتەرە داراییانەن کە تایبەتن بە چەمکی ئەوقاف، کە توێژەران لە ئەرشیفی عوسمانی (کە سەر بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی تورکیایە) لە ئەستەنبوڵ دەستیان کەوتووە، ئەوە جگە لە هەندێک سەرچاوەی عەرەبی و تورکی.

تەوەرەی یەکەم: پایەکانی وەقف و مەرج و جۆرەکانی

کۆمەڵگەی ئیسلامی بە جۆرێک وردەکارییان کردووە لە جۆراوجۆرکردنی وەقفەکاندا کە لە ژمارە نەیەن. بەکارهێنانەکانی ئەوقافەکان زۆر بوون، ئەمەش وایکرد ڕۆڵی کۆمەڵایەتی و کولتووریی ئەو وەقفە زۆر گرنگ بێت. گرنگترین ئەو بابەتانەی کە وەقفەکان بایەخیان پێداون بریتین لە زانست، زانایان، کەسانی خوێندەوار، مزگەوت، تەکیە و خانەقاکان، مەزارگە، کتێبخانە، هەژاران، بێتواناکان، هەتیوەکان و ڕێبواران. وەقف بە سەرچاوەی ژیان بۆ کۆمەڵگە دادەنرا بەهۆی ڕۆڵی کاریگەرانەی لە هاودەنگی و یەکگرتوویی کۆمەڵگەدا بە دابەشکردنی سامان لە نێوان هەموو چینە کەمدەرامەتەکاندا بەشێوەیەکی هاوتەریب هەمووان قایل بکات. ئەمەش دوو ئەنجامی بەرچاوی لێکەوتەوە، یەکەمیان: ڕەهەندێکی مرۆیی، کە خۆی دەبینییەوە لە کەمکردنەوەی ئازاری کەمدەرامەتان و بەدەستهێنانی

بەختەوەری بۆ کۆمەڵگە و چاندنی ڕۆحی خۆشەویستی و هاوئاهەنگی لەنێو تاکەکانی کۆمەڵگەدا. دووەم: ڕەهەندی کۆمەڵایەتی، کە خۆی دەبینییەوە لە کەمکردنەوەی دیاردە تاوانکارییەکان کە لە ئەنجامی نائومێدی و بێبەشکردن دروست دەبوو.(٣)

یەکەم: پایە و مەرجەکانی وەقفەکان

١- بەخشەر: یەکێک لە مەرجەکانی وەقف ئەوەیە، کە بەخشەر خاوەنی موڵکی وەقفکراو بێت و دەبێت خاوەنی عەقڵی تەندروست بێت، چ نێر بێت یان مێ.

٢- پێبەخشراو: یەکێک لە مەرجەکانی ئەو کەسەی کە دیارییەکەی پێبەخشراوە ئەوەیە کە شایستەی خاوەندارێتی موڵک و ماڵ بێت، وەک خوێندکاری زانست و هەژاران و نزیکەکان. مەرج نییە ئەو کەسەی کە پێیدەبەخشرێت موسڵمان بێت، بۆ کافریش ڕەوایە.

٣- بەخشراو: مەرجە سوودی لێوەربگیرێت بەپێی یاساکانی شەریعەت، دروست نییە سوودی لێ وەربگرێت وەکو کاڵایەکی کات بەسەربردن و شەراب و گۆشتی بەراز. ئەگەر وەقفەکە لەسەر بنەمای ئەمانە بووبێت، ئەوا نادروست و بەتاڵە.

٤- شێوازەکەی: لەڕووی شەرعییەوە دەبێت پابەندکەر بێت، ئەمەش گرنگترین مەرجەکانیەتی، مەرجێکی تریشی ئەوەیە کە سنووردار بکرێت و نەیفرۆشرێت و نەدرێت بە دیاری. جگە لەم مەرجانە بە خێر دادەنرێت.(٤)

دووەم: جۆرەکانی وەقف

١- وەقفی خێزان: ئەوەیە کە خاوەن موڵک، بەروبوومی موڵکەکەی بۆ کەسێک یان چەند کەسێکی تر سنووردار بکات، جا لە خزم و کەسوکاری بن، یان کەسانی تر بن.

٢ - وەقفی خێرخوازی: ئەوەیە کەسی خێرخواز بەرهەمی موڵکەکەی خۆی بدات بە لایەنێکی دیاریکراو.(٥)

٣ - وەقفی خانووبەرە: مزگەوت و بیر و ڕێگا و دوکان و گۆڕستان و پرد، وەقفیان دروستە.

٤ - وەقفی موڵکی گواستراوە: وەکو کتێب و جلوبەرگ و چەک، بەبۆچوونی زۆرینەی زانایان وەقفەکەی دروستە.(٦)

سێیەم: ئەوقافی تەکێ و خانەقا و مزگەوت و قوتابخانەکان

ئەوقاف یەکێکە لەو دامەزراوە گرنگانەی کە خۆراکی دامەزراوە ڕۆشنبیرییەکانی وەکو، تەکێ و خانەقا و مزگەوتەکان و قوتابخانەکان و دابینکردووە. هەموو ئەم دامەزراوانە وەقفی خۆیان هەبووە و وەک دەزانرێت پەروەردە ئیشی حکومەت نەبووە، بەڵکو ئیشی کۆمەڵگە بووە، ئەمەش وایکردووە هەموو خەڵکی لێی بەرپرسیار بێت، ئەوەش وایکردووە هەموو گرووپە کۆمەڵایەتییەکان کار بکەن بۆ دامەزراندنی دامەزراوەی جۆراوجۆر.(٧)

- ١ تەکێ و خانەقاکان: لە بنەڕەتدا بارەگای یەکێک لە زاناکان بووە، کە تیایدا پێشوازی لە قوتابی و شاگردەکانی کردووە، پێشتر گۆشەکان لە شاردا بڵاوبوون بەهۆی هاتنی ژمارەیەک مامۆستای ڕێبازی سۆفییەکانەوە بۆی و مانەوەیان لەوێ لەپێناو پەروەردەکردنی ڕۆحی و فێرکاری، هەربۆیە بەگۆشەی زاناکان ناویان ڕۆیشتووە.(٨)

٢- مزگەوتەکان: هەندێک لە مزگەوتەکان پەیوەست بوون بە هەندێک تەکییە یان خانەقایەکی دیاریکراوەوە، ئەم بەیەکداچوونە تەنها لە ناوەکەیدا نەبووە، بەڵکو لە ئەرک و دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان بووە، بە هەمان شێوە هەندێک لە تەکێ و خانەقاکان پەیوەست بوون بە مزگەوتەکانەوە. هەموومان دەزانین کە مزگەوتەکان ناوەندێکن بۆ خواپەرستی و فێرکردن، هەروەها تەکێ و خانەقاکانیش هەمان کاریان کردووە، بەڵام زۆربەی کاتەکان پەناگە و شوێنی نیشتەجێبوون بوون بۆ قوتابیان و کەسانی نامۆ، ناوەندێک بوون بۆ فێربوونی زیکر و ویردەکان.(٩)

٣ - قوتابخانەکان: تەرخانکردنەکانی ئەوقاف پەلی کێشاوە بۆ دامەزراندنی قوتابخانەی تایبەتمەند بۆ فێرکردنی فیقە و پزیشکیی و کارگێڕی، مزگەوتی بچووک بە قوتابخانەکانەوە گرێدرابوو، پەروەردەش ژن و پیاوی دەگرتەوە، لەم لۆژیکەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە لە سەردەمەکانی پێشوودا هیچ قوتابخانەیەک بوونی نەبووە، بەڵکو مزگەوتەکان هەستاون بە ڕۆڵی قوتابخانەکان. دوای ئەوە عوسمانییەکان هەستاون بە دامەزراندنی قوتابخانە ڕووشیدییەکان لە شاری مەدینە، کە زۆربەی مامۆستایانی تورک بوون و وانەکانیان بە زمانی تورکی وتووەتەوە.(١٠)

چوارەم: ڕۆڵی وەقفەکان لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتی و کولتووریی و ئابوورییەوە

١- لایەنی کۆمەڵایەتی و کولتووری: ئەوقاف لە یەک کاتدا دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییە، لە شارستانیەتی ئیسلامیدا ڕۆڵی گەورەی بینیوە. بەخشینەکە لەسەر بنەمای پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری مرۆیی بوو بۆ ئەو کەسانەی کە پێویستیان پێیەتی، کە بە پێویستی خۆیان بینی بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خودای گەورە نەک لەپێناوی شتە دونیاییەکان. ئەو گەشەسەندنەی کە بەسەر وەقفەکاندا هات لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا ڕەنگدانەوەی ئەرێنی هەبوو لە چالاککردنی ڕۆڵ و هەمەچەشنکردنی بوارەکانی لەپێناو پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بە کۆمەڵگە. هەروەها بەخشینێکی دارایی گەورە بۆ دامەزراوەکانی ئەوقاف هەبووە، ئەمەش بەڵگەی پابەندبوونی کۆمەڵگە بووە بە بنەماکانی ئایینی ئیسلامەوە لە پەیوەندی کۆمەڵایەتی و کولتووریدا بەرانبەر بە کۆمەڵگە.(١١)

٢ - لایەنی ئابووری: لە ڕوانگەی ئابوورییەوە لە سەردەمی کۆنەوە هەتا ئێستا ڕۆڵێکی گرنگی لە ژیانی مرۆڤەکاندا هەبووە، هەرچەندە ڕۆڵی ئەوقاف لە سەردەمی ئێستاماندا زۆر کەمبووەتەوە بە بەراورد بە سەردەمەکانی پێشوو. وەقف ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لە چاودێریکردنی هەتیوەکان و هەژاران و نەداراندا، بەشێوەیەک وەقف بەشداری دەکرد لە نەهێشتنی بێکاری. هاوکاری جووتیارانی بۆ چاندنی زەوییەکانیانی دەکرد، وەک دانەوێڵە و درەختی بەردار، ئەم بەرهەمانەش بەشدارییان دەکرد لە بووژانەوەی جوڵەی ئابووری. لەلایەکی دیکەوە بەڕێوەبردنی وەقفەکان هەلی کاری بۆ زۆر کەس دابین دەکرد.(١٢)

تەوەری دووەم: بەڕێوەبردنی ئەوقافەکانی عوسمانی

لە بنەڕەتدا بەڕێوەبردنی وەقفەکان تایبەت (ناحکومی) و سەربەخۆ بووە، لەلایەن بەخشەرەوە بەڕێوەبراوە، کە لە بنەڕەتدا ئەو کەسە بووە کە مافی دانان و دیاریکردنی بەڕێوەبردنی وەقفەکە و ئەرک و دەسەڵاتەکانی هەبووە، هەروەها دانانی مەرجەکانی پڕکردنەوەی پۆستەکانی و خەرجکردن و دابەشکردنی داهاتەکەی وەقفکراو بەسەر ئەو لایەنانەی کە لە بەڵگەنامەی وەقفەکەدا (کە پێی وتراوە وەقفیە)(١٣) هاتووە، کارەکە بەردەوام بەم بەڵگەنامەیە بەردەوامبووە، تەنانەت دوای دەرکەوتنی دیوانی (البر) یان دیوانی وەقفەکان،(١٤) سوڵتانەکانی عوسمانی

چەند هەنگاوێکیان ناوە بۆ ڕێکخستنی وەقفەکان بەگشتی، وەک چۆن هەر لایەنێک لە لایەنەکانی دەوڵەت ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لە ڕێکخستنی وەقفەکان، تاوەکو لە ئاستێکی بەرزی ڕێکخستندا بن، هەر لایەنێکیش ئەو ئەرکانەی پێسپێردرا کە ئەنجامی دەدا و بەم شێوەیە :

یەکەم: ڕۆڵی دادوەرەکان لە بەڕێوەبردنی وەقفەکاندا

ئەرکی بەڕێوەبردنی پارەی بەخشراو بە دادوەر سپێردرا، دادوەرەکان بەرپرسیارێتی چاودێریکردنی وەقفەکانیان پێسپێردرا بە پاراستنی سەرچاوەکانی و کۆکردنەوەی بڕی داهاتی بەرهەم و پاشان خەرجکردنی ئەو بڕە پارانە بەپێی ئەو مەرجانەی کە بە خشەرەکە لە بەڵگەنامەی وەقفەکەدا دیاری کردبوون.(١٥) وایلێهات دادوەرەکان سەرپەرشتی وەقفەکانیان دەکرد و ئەو ناکۆکی و ناتەباییانەی کە لەسەر داهاتەکەی ڕووی دەدا چارەسەریان دەکرد.(١٦) هەروەک دادوەرەکە مافی ئەوەی هەبوو ڕێگری لە ئیستغلالکردنی دامەزراندن بکات لەلایەن سەرپەرشتیارەکەی(١٧) و چاودێرەکەوە(١٨). جگەلەوەش مافی ئەوەی هەبووە فەرمانبەر بۆ پۆستە بەتاڵەکانی وەقفەکان دابنێت، لەوانەش سەرپەرشتیاریی و چاودێری، بەڵام بەبێ ئەوەی مەرجەکانی بەخشەرەکە (الواقف) تێپەڕێنێت. هەروەها مافی پەسەندکردنی دامەزراندنی کارمەندانی لە دامەزراوەکانی وەقفدا هەبووە.(١٩) هەموو ئەمانە دوای ئەوەی بووە کە وەقفەکە بەشێوەیەکی یاسایی لەلایەن دادوەرەوە پەسەند دەکرا و لە بەردەم شایەتحاڵەکاندا ڕادەگەیەنرا، کە ژمارەیان هەندێ جار دەگەیشتە بیست کەس.(٢٠) سەرەڕای ئەوەش، دادوەر دڵنیا دەبوویەوە لەوەی کە وەقفەکە پارێزراوە و لە دۆخێکی باشدایە بە ناردنی کەسێکی متمانەپێکراو لەلایەن دادوەرەوە بۆ پشتڕاستکردنەوەی دۆخی وەقفەکان لەپێناو چاککردن و چاککردنەوەیدا.(٢١) هەروەک دادوەر پشکنینی ژمێریارییەکانی ساڵانەی دەکرد، ئەوانەی کە پێویستیان بە ڕێکخستنی داهاتی وەقفەکان هەبوو، هەروەها دابەشکردنیان بەشێوەیەکی دروست. هەروەها سەرپەرشتیکردنی ئەوقافە بەکرێگیراوەکان و بەکرێدراوەکان، بۆئەوەی بزانرێت چ مەرجێکی بەخشەر جێبەجێکراوە، جگەلەوەش لە دەسەڵاتی دادوەردابوو کە ڕەزامەندی بدات بۆ قەرزی پارە (پێدانی بڕێک پارە) بۆ پاراستن و چاککردنی ئەو وەقفانە بۆئەوەی کارەکانیان بەردەوام بێت.(٢٢) بەڵام سەبارەت

بەو وەقفە کۆنانە، ئەوە ئەرکی دادوەر بووە کە لە هەندێ کاتدا دامەزراوەکانیان بپشکنێت و نوێ بکاتەوە. ئەم تێڕوانینە بەسەر ئەو وەقفانەشدا جێبەجێکرا کە پێش سەردەمی عوسمانییەکان بوونیان هەبووە، کە لەلایەن دادوەرەوە تۆمار دەکرا و جارجار چاکسازییان تێدا دەکرا. لەهەمانکاتدا دادوەر دەبوو لێکۆڵینەوە لە نەوە ڕەسەنەکانی بەخشەرەکە بکات، هەربۆیە پرسیاری لەبارەی ڕەچەڵەکیانەوە دەکرد، ئەوانەشی کە بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە نەوەی بەخشەرن، دەبوو ئەوە لە بەردەم دادوەردا بسەلمێنن.(٢٣)

دووەم: ڕۆڵی موفتی لە بەڕێوەبردنی وەقفەکاندا

موفتی ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو لە سەرپەرشتیکردن و بەڕێوەبردنی وەقفەکاندا، پێویستیش بە موفتی کاتێک دەرئەکەوت کە کێشەیەکی شەرعی ڕووبەڕووی دادوەر دەبوویەوە، لەم دۆخەدا موفتی بە موفتی ئەوقاف ناودەبرا، کە سەیری داوا یاساییەکانی وەقفەکانی دەکرد.(٢٤) بۆ نموونە کەسێک موڵک وماڵەکەی دەکردە وەقف، بۆئەوەی خۆی لە قەرزێک بپارێزێت، لەوکاتەدا موفتی فەتوای سەبارەت بە درووستی ڕێژەی بەخشینەکە دەدا، گۆڕین و فرۆشتنی وەقفەکە و هاوشێوەکانیان هەمان حاڵەتیان هەبوو.(٢٥)

سێیەم: ڕۆڵی کارمەندان لە بەڕێوەبردنی وەقفەکانی عوسمانیدا

لە هەموو دامەزراوەیەکی وەقف لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا لانیکەم دوو کەسیان هەبوو لە بەڕێوەبردنیدا کاریان دەکرد، ئەوانیش کارگێڕ و سەرپەرشتیار بوون، تەنانەت لە دامەزراوەی وەقفی سنوورداریشدا، بەڵام سەبارەت بە وەقفە گرنگ و گەورە و ئاڵۆزەکان، ئەوە نزیکەی پەنجا خزمەتکار هەبوون بۆ دڵنیابوون لە بەردەوامی وەقفەکە، نموونەش لەسەر ئەمە وەقفەکانی هەردوو سوڵتان سەلیمی یەکەم (١٥١٢ – ١٥٢٠ ز) و سلێمانی قانوونی (١٥٢٠ – ١٥٦٦ ز)(٢٧) و سوڵتانەکانی تر و سەرکردە گەورەکان و پارێزگارەکان و دەوڵەتمەدارەکانی تر، هەر خزمەتکارێک لەم وەقفەدا ڕۆڵی تایبەتی خۆی هەبوو، بەم شێوەیە:

١- پشکنەر: پرۆسەی پشکنینی ئەوقافە جێهێڵراو و ڕووخێنراو و پشتگوێخراوەکانی پێ دەسپێردرێت، گرنگترین پێشنیازەکان بۆ ئاوەدانکردنەوە و چاککردنەوەیان دەخاتەڕوو، پێش ئەوەی بخرێنە بەردەم دادوەر، دامەزراندنی

لەلایەن دادوەرەکان یان خاوەنی ئەوقافەکەوە دەبێت.

٢ – سەرپەرشتیار: ئەو خزمەتکارەی کە ئەرکی کڕین و چاودێریکردنی خۆراک لە دامەزراوەکانی ئەوقافدا پێسپێردراوە.

٣- باجگر (کۆکەرەوەی داهاتەکان): ئەم ئەرکە لە هەندێک دامەزراوەی وەقفدا لەلایەن دوو باجگر یان زیاترەوە بەڕێوەدەبریت، وەک لە وەقفەکانی والی سینان پاشا لە دیمەشق(٢٨) و وەقفەکانی سوڵتان سەلیمی یەکەم و سوڵتان سلێمانی قانوونی(٢١)، بەتایبەت کە زۆربەی باجگرەکان دانیشتووی ئەو ناوچانە بوون کە وەقفیان لێ بوو.

٤- نووسەر: ئەمە یەکێکە لەو کارانەی کە سوڵتان سلێمانی قانوونی مەرجی داناوە بۆ ئەو کەسانەی کە دەبنە نووسەر لە ئەوقافەکاندا، دەبێت بە ڕەحم و دەستپاک بێت و بە ڕێزەوە مامەڵە لەگەڵ داهات و خەرجییەکانی ئەوقافدا بکات، بەبێ ئەوەی ستەم لەو کەسانە بکات کە تێیدا کار دەکەن، یان ئەوانەی پەیوەندییان لەگەڵ ئەوقافدا هەیە، هەندێکیان ئەم کارەیان لە باوکیانەوە بە میرات وەرگرتووە.

٥ – کارەکانی تر: بۆ پاراستنی وەقفەکان کرێکار دادەنرا، وەک پاککەرەوە (کەناسەکان)، کارگوزار، دەرگاوان و کرێکاری داگیرساندن (چراکار) و دارتاش و گۆڕستانپارێز، هەروەها پشکێک بۆ ئافرەتان لەو کارانە تەرخانکرا.(٢٩)

٦ – چێشتخانەی خێرخوازی : زۆر کرێکار هەبوون کە بۆ جێبەجێکردن یان گەیشتن بە ئامانجەکانی ئەوقاف لە خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکاندا بەکاردەهێنران، بەتایبەتی لە چێشتخانەی خێرخوازیدا، گرنگترین کارەکانی ئەم بوارە سەرپەرشتیاری خۆراک، چێشتلێنەر و خوێندکاری چێشتلێنەر و کۆگای خواردەمەنی.(٣٠) گرنگە ئاماژە بەوە بکەین کە کرێکاران لە دامەزراوەی وەقفەکاندا، لە موسڵمانان بوون، ئەوەش لەبەرئەوەی بابەتەکە تەواو ئاینییە.(٣١) بۆ هەر دامەزراوەیەکی ئەوقاف شێخێک دادەنریت، بۆ مزگەوتەکەش ئیمامێک، بانگبێژێک، ئەفسەری ڕێگاوبان، دەرگاوانێک، دابەشکارێکی ئاو، نان دابەشکەرێک و ئاشەوانێک. جگە لەو کرێکارانەی کە پێشتر باسمان کرد، بۆ هەر یەکێک لەو کەسانەی بۆ ئەم پۆستانە مەرجی بۆ دیاریکراوە، کە هاوتا بێت لەگەڵ ئەو ئەرکەی کە پێی سپێردراوە، بۆ نموونە هەرکەسێک لە کارەکانی پەیوەست بە خۆراک و

تەندروستی گشتی کار بکات دەبێت خاوەنی وردبینی و ئەمانتپارێزیی و دەستپاکی بێت. دەوڵەتی عوسمانی بە مەرجی گرتبوو ئەو کرێکار و سەرپەرشتیارانەی کار دەکەن لە وەقفەکاندا دەبێت لە شوێنکەوتەی مەزهەبی سەرەکی دەوڵەت بن.(٣٢)

جگە لە هەموو ئەوانەی سەرەوە کە باسکران، زانایان لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا ڕۆڵێکی سەرەکییان هەبوو لە بەڕێوەبردن و سەرپەرشتیکردنی وەقفەکاندا، لەهەمانکاتدا جیاووکی تایبەتییان هەبوو، لەوانە هەبوونی پارێزبەندی لە دەستبەسەراگرتنی پارەکانیان، ئەمەش بوو بەهۆی ئەوەی کە ببن بە چینێکی پارەداری کۆمەڵگە. (٣٣) لە ساڵی ٩٩١ی کۆچی/ ١٥٨٣ی زایینی، دادوەری کۆنیا کە ناوی کارا باجاکزادە محەمەد چەلەبی بوو، خاوەنی وەقفێک بوو بە بەهای ١٠٠٠٠ دە هەزار ئاڵتون کە بەرانبەرە بە ٦٠٠٠ شەش هەزار ئاقچە(٣٤)، ئەم وەقفە بەیەکێک لە گەورەترین وەقفەکانی کۆنیا و دەوروبەری لەو کاتەدا دادەنرا. هەروەک زانایان بەرپرسیار بوون لە سەرپەرشتیکردنی وەقفەکان و لە باج دەبەخشران، بەتێپەڕبوونی کات بوونە بەشێک لە چینی دەوڵەمەند لە وڵاتەکەدا، هاوشێوەی چینی شێخولئیسلام و دادوەری سەربازی.(٣٥)

ئیدارەی گشتی وەقفەکان لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا بە وەقفی ناوچە عەرەبییەکانیشەوە دابەشکرابوون بەسەر سێ بەشی ڕوون و ئاشکرا، بەم شێوەیەی خوارەوە:

یەکەم: وەقفە ڕێکخراوەکان (٣٦): ناوێک بوو بۆ ئەو وەقفانەی کە لەلایەن دەوڵەتەوە بەڕێوەدەبران و ڕاستەوخۆ لەلایەن سەرپەرشتیاری وەقفەکانەوە ئیدارە دەکران(٣٧)، ئەو وەقفە ڕێکخراوانەش سێ جۆر بوون:

أ- جۆری یەکەم، وەقفی سوڵتانە عوسمانییەکان، ڕاستەوخۆ لەلایەن سوڵتانەوە بەڕێوەدەبران، یان هەرکەسێک سوڵتان لەنێو وەزیرەکانی ئەوقافدا بۆ بەڕێوەبردنی کارەکەی دیاری دەکرد.

ب- جۆری دووەم ئەو وەقفانەیە کە ئەو کەسەی لە لایەن بەخشەرەکەوە ڕاسپێردرابوو بۆ سەرپەرشتیکردنی وەفاتی کردووە و دوای خۆیشی هیچ لەنەوەیەکی لە دوا بەجێ نەماوە.

ج - سەبارەت بە جۆری سێیەم، ئەو وەقفانەن کە کارمەندانی وەقفەکە دەستیان هەبوو لە بەڕێوەبردنیدا، سەرپەرشتیاران ئەوانەی کە بەخشەرەکان بە مەرجیان

داناوە لە بەڕێوەبردنی وەقفەکاندا و بڕێکی دیاریکراو پارەیان پێ بدرێت، هەرچەندە لە ژیاندان و نەوەکانیان لەناونەچوون، ئەم جۆرە لە جۆرەکانی تر جیاکرایەوە، بەوەی پێی دەوترێت (بەڕێوەبردنی وەقفە ڕێکخراوەکان).(٣٨)

دووەم: ئەوقافە پاشکۆکان، ئەو وەقفانەن کە لەلایەن بەڕێوەبەری تایبەتەوە بەڕێوەدەبران و ڕاستەوخۆ لەلایەن وەزیری ئەوقافەوە سەرپەرشتی دەکران.

سێیەم: لەکۆتاییدا وەقفە جیاکراوەکان، ئەویش ئەو وەقفە بوو، کە لەلایەن بەڕێوەبەرانی تایبەتەوە بەڕێوەدەبران بەبێ دەستێوەردانی وەزیری ئەوقاف، لەگەڵ سپاردنی بەڕێوەبەرانی ئەم وەقفانە لە لایەن هەندێ کەس و خێزانەوە. ئەم جۆرە بەڕێوەبردنی وەقفە لە ناوچە عەرەبیەکاندا بەدی دەکرێت، وەک ئەوقافی گەیلانی لە عێراق، کە لەلایەن بنەماڵەی گەیلانییەوە بەڕێوەدەبرێت بەبێ پێویستی دەستێوەردانی ئیدارەی وەقفەکان.(٣٩)

تەوەری سێیەم: بەڕێوەبردنی دارایی ئەوقاف لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا

بەهۆی زیادبوونی داهات و خەرجییەکانی ئەوقاف، یەکەم بناغە بۆ بەڕێوەبردنی دارایی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دانرا و ئەم داهاتانە بوون بە بەشێک لە داهاتی گشتی دەوڵەت، لە ساڵی ١٥٢٨ز داهاتی موڵک و وەقفی تایبەت لەسەدا دوانزە بوو لە کۆی داهاتی گشتی دەوڵەت، بە جۆرێک کە گەیشتە ٦٠ ملیۆن ئاکچە لە کۆی داهاتی سەرەکی کە پێکهاتبوو لە ٥٣٨ ملیۆن ئاکچە، (٤٠) بەپێی ئەم بنەمایە، بەڕێوەبردنی دارایی بەسەر چوار بەشدا دابەشکرا:

یەکەم: بەشی ڕۆژنامە یان ڕۆژنامچە (دەفتەری ڕۆژانە)(٤١)

ئەو ناوەیە کە بە دەفتەرەکانی داهات و خەرجی ڕۆژانە دەوترا، یان ئەو دەفتەرە تایبەتانەی کە ڕووداوەکانی ڕۆژانەی تێدا تۆمار دەکرا، ئەو کەسەی ئەم دەفتەرەی هەڵگرتبوو بە (ڕۆژنامەچی) ناسرابوو، کە ئەو وشەیە لە جیاتی ژمێریار بەکارهاتووە، ئەو ڕۆژنامەچییە ساڵانە جارێک یان دوو جار حساباتی خۆی بۆ بودجەی وەقفەکە پێشکەش دەکرد، لەگەڵ پوختەیەکی گشتیدا، بۆ سوڵتان یان سەرۆک وەزیر.(٤٢) دەفتەرەکانی تایبەتی ڕۆژنامچە بەسەر دوو جۆردا دابەشکرابوون، بە جۆری یەکەمیان دەگووت قەڵەمی ڕۆژنامچەی بچووک

[Küçük Rûznâmçe Kalemi]، كە وەک یاریدەدەری قەڵەمی ڕۆژنامچەی گەورە کاری دەکرد، لەم دەفتەرەدا هەموو حساباتەکانی ڕۆژانەی چوونە ژوورەوە و لێدەرچوونی خەزێنەکەی تێدا تۆمارکراوە، لە پارە و زێڕ و زیو و قوماشی گرانبەها و... هتد، سەبارەت بە بەشی دووەم کە بە ڕۆژنامچەی گەورە ناسراوە [Büyük Rûznâmçe]، ئەو قەڵەمەیە کە بەردەوام بوو لە کارکردن هەتا سەرهەڵدانی وەزارەتی دارایی (مالية نظارتي) لە ساڵی (١٢٥٣ک/ ١٨٣٩ز). پەیوەندی بە هەموو مامەڵەکانی تۆمارکردنەوە هەبوو بۆ هەموو سەرچاوە و خەرجییەکانی ناو گەنجینە، بە یەکەم فەرمانگە دادەنرێت لە بازنەی گەنجینەدا کە سەرپەرشتی تۆماری ڕۆژانەی ئەو سەرچاوانەی دەکرد کە بەدەستهاتبوون لە کەرتەکان و وەقفەکان و باجەوە، ئەم قەڵەمە هەڵدەستا بە خەرجکردنی مووچەی دەسەڵاتە جیاوازەکان، هەروەها هەموو ئەوانەی کە کاریان دەکرد لە حساب و تۆمارەکانی ئەو شتانەدا کە ڕۆژانە لە خەزێنەدا دەچووە ژوورەوە و دەهاتە دەرەوە.(٤٣)

دووەم: چاوپێکەوتن(وردبینی)

بریتییە لە پرۆسەی وردبینیکردنی خەرجییەکان کە لە گەنجینەی دەوڵەتەوە دەچووە دەرەوە، ئەم فەرمانگەیە دابەشکرابوو بۆ دوو بەش، یەکەمیان بەشی چاوپێکەوتنی سوارە، کە پەیوەندی بە تۆمارە تایبەتەکانی مووچەی سوپاوە هەبوو، جگە لە بەڕێوەبردنی تۆمارکردن بۆ دامەزراندن و دەرکردن و بابەتە کارگێڕییەکانی دیکە، سەبارەت بە فەرمانگەی دووەم ناوی تۆماری چاوپێکەوتنی پیادە بوو، دامەزراوەکە مامەڵە و ڕێکارەکانی پەیوەست بە مووچەی ئەوانەی لە دەربارەی سوڵتان و ئەوانەی لەناو کۆشکدا کاریان دەکرد و چێشتخانەکانی پیادە (سەربازان).(٤٤)

سێیەم: موڵکی بەخشراو (موڵک)(٤٥)

ئەو موڵکەیە کە بۆ مەبەستێکی ئایینی یان خێرخوازی بەخشرابوو، نووسینگەیەکی تایبەتی هەبوو بەناوی فەرمانگەی ژمێریاری ئەوقاف (أوقاف محاسبەسی). لەم نووسینگەیەدا پاراستنی تۆماری بەخشراوەکانی دەوڵەتی عوسمانی و ئەو مووچانەی کە دەدرا بە زانایان و کرێکاران و سەرپەرشتیاران لە دامەزراوەکانی وەقفدا دەکرا.(٤٦)

چوارەم: ژمێریاری (تۆماری ژمێریاری یەکەم)

فەرمانگەی ژمێریاری پێکدێت لە (تۆماری ژمێریاری یەکەم)، بە گەورەترین و گرنگترین فەرمانگە لە سیستەمی دارایی عوسمانیدا دادەنرێت و سەرپەرشتیار و چاودێریش بوو بەسەر نووسینگەکانی بەڕێوەبردنی دارایی(باب دفتري)دا، ئەم فەرمانگەیەش دابەشکراوە بەسەر چەند تۆمارێکدا:

١ - تۆماری ژمێریاری ئەنادۆڵ: یەکێکە لە تۆمارەکانی سەر بە بەشی (باب دەفتەری) و کاروبارەکانی ئەوقافی تایبەت لە ئەنادۆڵ بەڕێوەدەبات، لە کاروباری سەرپەرشتیکردن و پارەوەرگرتن و نووسین و پێشنوێژیی و وتاربێژیی و هاوشێوەکانیان، هەروەها وەقفی سوڵتانەکان و وەزیرەکانیش.

٢- تۆماری حەرەمەین (مەکە و مەدینە): ئەرکی ئەم قەڵەمە بریتی بوو لە ژماردن و تۆمارکردنی ئەو پارە و دیارییانەی کە هەموو ساڵێک بۆ هەردوو مزگەوتی پیرۆز لە مەککە و مەدینە دەنێردرا.

٣ - تۆماری جزیە: ئەمە ئەو تۆمارەیە کە ئەرکی پێداچوونەوە بوو بە هەموو کاروباری کارگێڕی و دارایی و ئامادەکردنی ئەو کاغەزانەی پەیوەندییان بە جزیەوە هەیە و دابەشکردنی بەسەر خەڵکی زیممە (غەیرە موسڵمانان)،(٤٧) عوسمانییەکان جزیەیان بە بەشێک لەو ئەرکە شەرعییە دەزانی کە دەبێت بپارێزرێت.

٤- تۆماری وەقفە بچووکەکان: ئەو تۆمارەیە کە بەرپرسە لە حساباتی وەقفە بچووکەکان کە بە (سەرپەرشتیاری خێرەکان) ناسراوە، لە سەردەمی عوسمانیدا بە (صدقة تولیلری) ناسرابوو، ئەمانە هەندێک لەو وەقفانەن کە دەکەونە ئەستەنبوڵ و ڕۆملیی و ئەنادۆڵ و لەژێر چاودێری ڕاستەوخۆی سەرۆک وەزیراندا بوو.(٤٨)

هەروەها حساباتی داهات و خەرجییەکان لە دامەزراوەکانی ئەوقاف لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا بەپێی بەشەکانی تۆماری بودجەی گشتی دابەشکرابوون بەسەر چەند بەشێکدا، بەم شێوەیەی خوارەوە:

یەکەم: هاوردەکردن

١ – سەرژمێری سەروەت و سامان (سەرمایە).

٢- باج.

٣- فرۆشتن.

٤- بەخشینی خێرخوازی.

دووەم: خەرجی (خەرجکراوەکان)

١ - مووچە.

٢- خەرجی چێشتخانە بۆ هەژاران.

٣- خەرجی نۆژەنکردنەوە.

٤- خەرجی جۆراوجۆر.

سێیەم: زیادەی داهاتی ساڵانە

١- ئەو کرێیانەی کە نەدراون یان هێشتا دەدرێن.

٢ - سەروەت و سامانی نەگۆڕ وەک ڕێژەیەکی تەرخانکراو لە بەرهەم (بەرهەمهێنراو)ی گوندە وەقفکراوەکان.(٤٩)

لە سەردەمی سوڵتان سلێمانی قانوونی (١٥٢٠-١٥٦٦ز) بەڕێوەبردنی دارایی خەزێنەی دەوڵەتی عوسمانی فراوانتر بوو، هەتا بوو بە (٢٥) تۆمار، لەو ژمارەیەش چوار تۆمار بۆ وەقفەکان تەرخانکرابوو، کە بریتین لەمانە:

١ - تۆماری ژمێریاری حەرەمەین (قەڵەمی ژمێریاری حەرەمەین)

بە ژمێریاری ئەوقاف ناسرابوو، کە بەرپرسی تۆماری وەقفەکانی دوو مزگەوتی پیرۆزی شاری مەککە و مەدینە بوو، هەروەها پێداچوونەوەی بە حیساباتەکانیاندا دەکرد، لەهەمانکاتدا چاودێری حیساباتی مزگەوتە گەورەکانی دیکەی دەکرد کە بە مزگەوتەکانی سوڵتانەکان ناسرابوون و سەرپەرشتی بەڕێوەبردنی مامەڵەکانی پەیوەست بە مووچەی ئەو فەرمانبەرانەی دەکرد کە لەو مزگەوتانەدا کاریان دەکرد، ئەم قەڵەمە سنوردارکردن و تۆماری تایبەت بە زەوییەکانی وەقفکراوەکانی مەککە و مەدینەی لە ئەستەنبوڵ تێدابوو، هەروەها هەڵدەستا بە ئامادەکردنی بڕوانامەی کار و دامەزراندنی کارمەندانی کاروباری ئایینی لە ئەستەنبوڵ،(٥٠) پێکهاتەی هەندێک وەقفی دیکە پەیوەست بوون بە ژمێریاریی هەردوو مزگەوتەکە پیرۆزەکەوە (حرمین) و لەژێر ئەم سەردێڕانەی خوارەوە :

- هەموو وەقفی سوڵتانەکان.
- ئەو وەقفانەی کە ئاغای باب سەعادە سەرپەرشتی دەکات.
- وەقفی سەرپەرشتیاران.

– ئەوقافەکانی مەدینەی منەوەرە.

– ئەو وەقفانەی کە لەلایەن خەڵکەوە بۆ مەدینەی منەوەرە دامەزراون، لەوانەش ئەو پۆستە وەزیفیانەی، کە لە ئەنجامی ئەوانەوە دروست دەبن.

– ئەو وەقفانەی لەلایەن سەرۆک وەزیران و شێخولئیسلامەوە سەرپەشتی دەکران.(٥١)

٢ – تۆماری ئەوقافی بچووک.

ئەم نووسینگەیە بە (نووسینگەی ژمێریاری بچووک) ناسرابوو، لەنێو ئەرکەکانی ئەم نووسینگەدا بەڕێوەبردنی بەشێک لە وەقفە دابەشکراوەکان بوو پێش سەردەمی دابەشبوونی بەسەر سێ فەرمانگەی جیاوازدا، دوو فەرمانگەکەی تریان بریتین لە (تۆماری ژمێریاری حەرەمەین) و (تۆماری ژمێریاری ئەنادۆڵ)، ئەو وەقفانەی بۆ ئەم تۆمارە دیاریکراون بریتین لەو کۆمەڵە وەقفانەی کە دەکەوتنە ئەستەنبول و ئەنادۆڵ و لەژێر سەرپەرشتیکردنی ئاغای باب سەعادەدا بوون،(٥٢) لە دادگای عوسمانیدا بەشێک لە کاروباری ئەو وەقفانەی بەڕێوەدەبرد، وەک کاروباری کارگێڕیی و حساب و دامەزراندنی کارەکان، هەروەها ئەرکی بەدواداچوونی دەفتەری ژمێریاری وەقفە بچووکەکانی کە بە وەقفی خێرخوازی (سەدەقە تولیلری) ناسراوە، ئەنجام دەدا.(٥٣)

٣– قەڵەمی حەرەمەین (بەشی شارە پیرۆزەکان).

قەڵەمێکی تایبەت بوو بۆ هەڵگرتنی ژمێریاری وەقفە پەیوەندیدارەکان بە شارە پیرۆزەکانەوە، کە پێی دەگوترا ژمێریاری دوو مزگەوتی پیرۆز.

٤– ئۆفیسی پشکنینی ئەوقافی حەرەمەین

ئەم ئۆفیسە لە مانگی پیرۆزی موحەڕەم ساڵی ٩٩٥ک/ کانوونی دووەمی ١٥٨٦ز دامەزرا، بۆئەوەی بەشێوەیەکی سەربەخۆ کار بکات، ئەرکی سەرپەرشتیکردنی دامودەزگاکانی ئەوقافی شاهانە و پشکنینی ئەوقافی دوو مزگەوتی پیرۆز لەلایەن ئاغای دارسەعادەوە دەبێت، کە یەکێک لە ئەرکەکانی بووەبە بەڕێوەبردنی وەقفەکانی هەردوو مزگەوتی پیرۆز و سوڵتانەکان، کە پێی دەوترا (ئەوقافی هەمایونی)، دوای فراوانبوونی ئەم ئیدارەیە، ساڵی ١٢٤٢ک/ ١٨٢٦ز دامەزراندنی وەزارەتی ئەوقاف لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا (سەرپەرشتیاران) بەخۆوە بینی.(٥٤)

کۆتایی

دوای ئەم ڕوونکردنەوەیە، سرووشتی بوو کە بەڕێوەبەرایەتی ئەوقاف لە دەوڵەتی عوسمانیدا گەشە بکات و ئیدارەیەکی تایبەتی خۆی هەبێت، کە دامەزراوەکانی بەرەوپێش ببات، دادوەریش سەرپەرشتی کاروبارەکانی بکات، هەرچەندە لە هەڵبژاردنی سەرپەرشتیارەکاندا شێوازێکی جێگیری پەیڕەو نەکرد، ئەگەرچی لەڕووی تیۆرییەوە دادوەری کردە سەرپەرشتیاری، بەوپێیەی کە بەرپرسیار بوو لە بابەتە دادوەرییەکان. جگەلەوەش، بەڕێوەبردنی وەقفەکان یەکێک بوو لە کارە لە پێشینەکانی سوڵتان و بنەماڵەی دەسەڵاتدار، هەربۆیە بۆمان دەردەکەوێت کە دامەزراوە خێرخوازییەکان و ئیدارەکانیان لەگەڵ کۆنترۆڵی عوسمانییەکان بەسەر ناوچە جیاوازەکانی جیهاندا فراوانتر بوون. دەبێ لەم پێوەندییەدا ئاماژە بە لێهاتوویی عوسمانییەکان بکرێت لە بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەتەکەیاندا، چونکە ئەوان بوون کە چەندین بەشی کارگێڕیی و داراییان لە چەند وڵاتێکدا کە ژمارەیان کەم نەبوو دامەزراند، کە لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانیان بێ ئاگا بوون. جگەلە هەموو ئەمانە، کارکردن لە سەرپەرشتیکردنی وەقفەکاندا ئەو بڕوایەی بە خەڵکی گشتی ئەبەخشی کە ئەوقاف یەکێکە لەو کارانەی کە گوێڕایەڵی و نزیکایەتییان لە خودای گەورە بۆ دابین ئەکات، خەمخۆریی و ڕاستگۆیی و وردبینی لە بەڕێوەبردنی ئەم کەرتەدا بەڕوونی لە کۆمەڵگەی عوسمانیدا دیاربوو، هەم دەسەڵاتدار و هەم لە خەڵک. دەوڵەت داوای لە دادوەران و کرێکاران کرد کە ئەو کارە بکەن لە سەرتاسەری ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا چەمکی بەڵگەکردن و پاراستنی بەڵگەنامەکان پەسەندکرا، ئەمەش ڕۆڵی کرداریی لە بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەتدا هەبوو. گرنگی ئەوقاف لە تێڕوانینی سوڵتانەکاندا دیاربوو، لە ڕێگەی سەرپەرشتیکردنی ڕاستەوخۆیان بۆ وەقفەکان یان ڕێگەدان بە بەڕێوەبردنیان بۆ خزمەتکارە نزیکەکانیان، پاشان دامەزراندنی چەند بەشێک بۆ ڕێکخستن و سەرپەرشتیکردنی کارەکانی ئیدارەی ئەوقاف، ئەمەش بەهۆی ئەو خزمەتگوزارییە گەورەوە کە ئەم دامەزراوەیە بۆ کۆمەڵگە دابینی دەکرد.

پەراوێزەکان

٣ - ابو القاسم سعد الله (١٩٩٨)، تاريخ الجزائر الثقافي، ج١، دار الغرب الإسلامي، ص٢٣٠-٢٣٢.

٤ - يحيى بن محمد بن محمد الحطاب المالكي (٢٠٠٩) احكام الوقف، دار ابن حزم للطباعة والنشر، بيروت. ص٢٥.

٥ - عليوان اسعيد، اوقاف الجزائر في العهد العثماني ومساهمتها الاجتماعية والثقافية، مجلة الاحياء، مجلد ٩، العدد١، ص٢٩٦-٣١٢.

٦ - يحيى بن محمد بن محمد الحطاب المالكي، المصدر السابق، ص٢٦.

٧ - عليوان اسعيد، المصدر السابق، ص٣٠٤.

٨ - زينب العيدي و فيروز شعبان (٢٠١٥)، نظام الوقف والأوقاف في الدولة العثمانية، رسالة ماجستير، قسم التاريخ الحديث والمعاصر، جامعة الدكتور يحي فارس بالمدينة، ص٣٧.

٩ - المصدر السابق ص ٢٤٥-٢٤٦ ابو القاسم سعد الله.

١٠ - زينب العيدي و فيروز شعبان، المصدر السابق، ص٣٧.

١١ - محمد حسن القدو، موقع ترك برس، مصدر من الانترنت.

١٢ - صالح صالحي (٢٠٠٥)، الدور الاقتصادي والاجتماعي للقطاع الوقفي، مجلة العلوم الانسانية، جامعة محمد خضير بسكرة، العدد السابع، ص١٦٠-١٦١.

١٣ - وەقف: ئەو بەڵگەنامەیەیە کە بەپێی ئەو موڵکە قفڵ کراوە: بۆ زانیاری زیاتر سەیری ئەمە بکە: شمس الدينسامي (١٣١٧)، قاموس تركي، اقدام مطبعة سي، استانبول، ص ١٤٩٦.

١٤ - عبد العزيز الدوري (٢٠٠٧) اوراق في التاريخ والحضارة، الجزء الثاني، ط١، دار الغرب الإسلامي، بيروت، ص ٢٩٨؛ خليل اينالجك (٢٠٠٢) تاريخ الدولة العثمانية من النشوء الى الانحدار، ت. محمد الارناؤوط، دار المنار الاسلامي، بيروت، ص٢٢٠.

15- Religious Endowments and Life The Ottoman (1992) Teisir Khalil, EL-Zawahreh, Province of Damascus is The Sixteenth and Serenteenth Centuries,Jordan, s. 87 ;

محمد عبيد عبد الله الكبيسي (١٩٧٧)، احكام الوقف في الشريعة الإسلامية، ج١، مطبعة الارشاد، بغداد، ص٣٩.

١٦- رعد محمود البرهاوي (٢٠٠٢)، خدمات الاوقاف في الحضارة العربية الإسلامية، مطبعة المجمع العلمي، بغداد، ص٣٠، طارق عبد الله (٢٠٠٩)، الدولة والوقف في القرن الحادي والعشرين من الوصاية الى الشراكة، المستقبل العربي (مجلة)، لبنان، السنة الحادية والثلاثون، العدد ٣٦١، ص٩٦.

١٧- سەرپەرشتیار: بریکاری بەخشەرەکەیە، کە بەرپرسە لە بەدواداچوونی بەخشینەکە، للمزيد ينظر: حسين علي الاعظمي، احكام الأوقاف، الطبعة الأولى، مطبعة الاعتماد، بغداد، ص١٥١.

١٨- چاودێر: لەو ئەركە بەرز و بڵندانەیە كە لە دەوڵەتی عەرەبی ئیسلامیدا هەبووە. للمزيد ينظر: رغيد كمر مجيد الخالدي (٢٠٠٤) الوقف والخدمات العامة في العراق في العصر العباسي (١٣٢ - ٦٥٦ هـ / ٧٤٩ - ١٢٥٨م)، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية الآداب - جامعة بغداد. ص٦١-٦٢.

19 – EL Zawahreh, op.cit, p. 90.

20– BOA Vakalet Arşivi: S. No: 17, D: 923, 1100/1689.

21– BOA. S. No: 1, D: 30, 991/ 1584 , s. 18.

22– BOA. S. No: 18, D: 352, 1101/1690, s. 223.

23– BOA. S. No: 18, D, 300, 110/1690, s. 193.

24– EL-Zawahreh, op.cit, p. 144.

25– Mehmet Zeki Pakal□n (1946). Osmanl□ Tarih Deyimleri ve Terimleri Sozl□□□. s. 571.

26– BOA. S. No: 20, D: 368, 1103, s.112.

٢٧- السلطان سليم الأول (١٥١٢ - ١٥٢٠م) الملقب (ياوز سلطان) أي السلطان المهول لميوله العسكرية، فهو أول السلطان توجه نحو المناطق العربية، ومن اهم اثاره بناء جامع ومدرسة وزاوية (تكية) في استانبول، فضلا عن اوقاف قونية، للمزيد ينظر: شرف خان البدليسي (٢٠٠٦)، شرفنامة، الجزء الثاني، ترجمة محمد علي عوني، دار الزمان، دمشق، ص١٢٣.

٢٨- السلطان سليمان القانوني (١٥٢٠- ١٥٦٦م) لقب بالقانوني لتطبيقه القوانين التي شرعها، وتعتبر مدة حكمه عهد ازدهار للدولة العثمانية، فقد انشاء ٨١ جامعا، و ٥٢ مسجدا، و ٥٥ مدرسة، و ١٧ مطعما، و ١٨ خانا، و ٣٣ حماما، و ٧ جسور، و ٧ معاهد الدراسة القرآن الكريم، للمزيد ينظر: كارل بروكلمان (١٩٤٨) تاريخ الشعوب الاسلامية، ترجمة نبيه امين فارس ومنير بعلبكي، دار العلم للملايين، بيروت، ص٤٥٦؛ هارولد لامب (١٩٦١)، سليمان القانوني، ترجمة شكري محمود نديم، النبراس للنشر، بغداد، ص ٢٧١.

29– El-zawahreh, op, p. 144 145-.

30– BOA. S.No: 18, D: 61, 1100/1689. s. 40.

31– BOA. S.No: 18, D: 61, 1100/1689. s. 40.

32– El-zawahreh, op. cit, p. 146.

٣٣- القونية: مدينة في تركية الاسيوية، مركز اللواء الذي يحمل الاسم نفسه، فيه مقر اسقفية بطريركية القسطنطينية، موستراس، س (٢٠٠٢)، المعجم الجغرافي للامبراطورية العثمانية، ترجمة: عصام محمد الشحادات، ط١، دتر تبن حزم. بيروت، ص٤١٢.

٣٤ – البرهاوي، المصدر السابق، ص٣٤. الاقجة: عملة عثمانية ضربها السلطان اورخان (١٣٢٦م) وكانت تعرف بالابيض: للمزيد ينظر: ثريا فاروقي واخرون (٢٠٠٧) التاريخ الاقتصادي والاجتماعي للدولة العثمانية، الجزء الثاني، ترجمة قاسم عبده قاسم، دار المدار الاسلامي، بيروت، ص.

٣٥- ماجدة مخلوف (٢٠٠٦) اوقاف نساء السلاطين العثمانيين، الطبعة الأولى، دار الافاق العربية، القاهرة، ص.١٧

36- El-zawahreh, op. cit. p. 94.

٣٧- Pakalin, ص. المصدر السابق ٥٧٠.

٣٨- Pakalin, ص. المصدر السابق ٥٧٠.

39- El-zawahreh, op. cit, p.95.

٤٠ - خليل اينالجك (٢٠٠٤)، التاريخ الاقتصادي والاجتماعي للدولة العثمانية، المجلد الأول، ترجمة عبد اللطيف حارس، دار المدار الاسلامي، بيروت. ص٢٠٩.

٤١ - الروزنامه: وشەیەکی فارسییە، پێکدێت لە دوو وشە (روز) کە بە واتای ڕۆژ دێت و (نامجه) بە واتای کتێب، دەفتەر، یان بەڵگەنامە پێکدێت، کاتێک دوو وشەکە یەکدەگرنەوە، دەبنە مانا تۆمارێکی ڕۆژانە. عوسمانییەکان ناوی (روزنامجه)یان ناوە لە تۆماری ڕۆژانەی هاتوو و ڕۆیشتوو. للمزيد ينظر: احمد عطية الله القاموس (١٩٦٦) الإسلامي، المجلد الثاني، مكتبة النهضة المصرية القاهرة، ص ٥٩٤.

٤٢ وەزیری گەورە: پیاوی دووەمە لە پلەبەندی دەسەڵاتدا لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، هەروەها بە سەرۆک وەزیران ناودەبرێت، ئەرکی گوێڕایەڵکردن و جێبەجێکردن و بەدواداچوونە بۆ فەرمان و بڕیارەکانی سوڵتان.

43 El-zawahreh, op. cit, p.95.
44 Kaz□c□, S.220.

٤٥ Kazic١ هەمان سەرچاوە، لا٢٩٦

٤٦ - جب - بوون، هاملتون - هارولد (١٩٧١)، المجتمع الاسلامي والغرب، الجزء الأول، ترجمة احمد عزت عبد الكريم، دار المعارف، مصر، ص ١٨٥ خليل على مراد (١٩٧٥)، تاريخ العراق الاداري والاقتصادي في العهد العثماني ١٦٣٨ - ١٧٥٠م، رسالة ماجستير غير منشورة ن كلية الآداب - جامعة بغداد، بغداد، ص ١٢٠.

٤٧ - يوسف احسان كنج واخرون، دليل الارشيف العثماني، ترجمة صالح سعداوي، تقديم خالد آرن، مركز البحوث والدراسات الإسلامية، استانبول، ٢٠٠٨، ص. ص ٣٤٤ – ٣٤٥.

٤٨- Kazici, ص نفس المصدر ٢٩٦,

٤٩- Kazici, ص نفس المصدر ٢٩٦,

٥٠ جب - بوون، المصدر السابق، ص ١٨٥ ؛ مراد، المصدر السابق، ص ١٢٠.

٥١ Kazici.,٢٩٦, ص نفس المصدر

٥٢ كنج، المصدر السابق، ص ٢٠٢.

٥٣ Kazici, ص نفس المصدر٢٩٩

٥٤,٢٠٢ كنج، المصدر السابق، ص:

Ismail Hakki Uzunçarş□l□ 1984). Osmanl□ Develtinin Saray Taşkilat□ s.172.

ڕاز ئەسعەد

دەستیاوی ژن لە مێژووی ژیانی ڕۆژانەدا (توێژینەوەیەک لە مێژووی زارەکی)

مێژووی زارەکی، یان گێڕانەوە زارەکییەکان تانوپۆیەکی جیاواز و فرەڕەهەند لە کایەی مێژوونووسیدا لە خۆدەگرن، وێڕای ئەوەی مێژووی زارەکی بەشێوەیەکی گشتی لەناو کایەی مێژوونووسی کوردیدا کەمتر گرنگی پێدراوە و وەک پێویست لەسەر ئاستی میتۆد و ناوەندە زانستییەکان ئاوڕی جدی لێنەدراوەتەوە، ئەمە لەکاتێکدایە کە بنەڕەتی مێژوو بریتیبووە لە گێڕانەوەکان، مێژوونووس هێرۆدۆت (٤٨٤–٤٢٥پ.ز)، کە بە باوکی مێژوو ناسراوە، لەپێناو تۆمارکردنی شەڕەکانی ماددا پشتی بە شایەتحاڵی ڕووداوەکان و بەشێوەی زارەکی بەستووە، لەهەمانکاتدا (توسیدیدس) (٢٠٨–١٢٧ پ.ز) بە هەمان شێوە بۆ باسکردن لە شەڕی پیلۆپۆنێز هەمان شێوازی مێژووی زارەکی بەکارهێناوە.(١)

لەبنەڕەتدا مێژووی زارەکی بوارێکی جیاوازی لێکۆڵینەوە و شێوازێکی گرنگە بۆ کۆکردنەوە و پاراستن و لێکدانەوەی دەنگ و ڕەنگ و یادەوەرییەکانی مرۆڤ و پێکهاتە و تایبەتمەندییەکانی بەشداربووانی ڕووداوەکانی ڕابردوو.(٢)

سەرباری ئەو ڕۆڵە گرنگەش، وەک کەرەستەیەکی گرنگ دەبێتە دەنگە پەراوێزخراوەکانی ناو مێژوو، کە هەریەکەیان خاوەنی مێژوویەکی دوور و درێژە لە ئەزموونکردن و گێڕانەوەی مێژوویەکی جیاوازدا، کە ئەویش مێژووی کۆمەڵایەتییە، بەو واتایەی مێژووی زارەکی دەبێتە دەنگی بێدەنگەکان لە هەناوی پانوبەرینی مێژوودا، هەروەک دەبێتە دەنگی ئەو کەسانەی کە فەرامۆشکراون و ئامادەییان نییە، واتە دەتوانین بڵێن مێژووی ئەو مرۆڤانەیە، کە مێژووی فەرمی لە بیری کردوون، خستنەڕووی شێوازی ژیان و وردەکارییەکانی ناو مێژووی ژیانی ڕۆژانەیە، ئەمەش وادەکات ڕابردوو بە ئێستا و ئێستاش بە داهاتووەوە ببەستێتەوە.(٣)

هەر لەم ڕوانگەییەوە جان ڤانیسینا (JaN Vancina) لەو بڕوایەدایە کە مێژووی زارەکی میتۆدێکی توێژینەوەیە لە میانەی وشەی گوتراوی پارێزراو لە یادەوەریدا و بەشێوەیەکی زارەکی گواستراوەتەوە و گرنگی بە توێژینەوەی ڕابردوو دەدات، ئەمەش دوو بواری سەرەکی دەگرێتەوە:

یەکەم کەلەپووری زارەکی: واتە توێژینەوەی ڕابردوو دوور لە فەزای ئەو گێڕدراوە زارەکییە باوانەی لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا هەن، کە بەشێوەی زارەکی لە نێوان دوو نەوە یان لانیکەم لەنێو چەند نەوەیەکدا دەگوازرێنەوە.

دووەم مێژووی ژیان: بریتییە لە توێژینەوەی مێژووی نزیک لەمیانەی گێڕانەوەی

زارەکی و گەواهیدەرەکانەوە، واتە گێڕانەوەی خەڵک دەربارەی ڕووداوەکان و شارەزاییەکانیان و تەواوی ئەو شتانەی لە ژیانیاندا بینویانە، بەتایبەت ئەو ڕووداوانەی کە بەشداریان تێدا کردووە، یان هەر هیچ نەبێت گەواهیدەر بوون.(٤)

خواردنە ئامادەکراوەکان وەک کەلەپوور و کەلتووری نەتەوەیەک، یان مێژووی خۆراک، یەکێکە لە کەرەستە گرنگەکان کە دەتوانرێت بەهۆیە کەلێنێکی گەورەی مێژووی ژیانی ڕۆژانە و وردەکارییەکانی شێوازی ژیانی هەر کۆمەڵ و کۆمەڵگایەکی پێ پڕبکرێتەوە و مێژووی کۆمەڵایەتی ئەو قۆناغەی پێ والا بکرێتەوە. بۆ باسکردن لە مێژووی خۆراک لە هەر شوێن و جێگایەکی دیارکراودا، دەبێت پشت بە مێژووی زارەکی ببەستین، چونکە دەبێتە پارێزەری میراتە کەلتوورییە جیاوازەکان، لەهەمانکاتدا دیدێکی ورد سەبارەت ژیانی ڕۆژانە و دابونەریتی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەکە پێشکەش دەکات.(٥)

لێرەوە دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە بۆ تێگەیشتن لە مێژووی هەر کۆمەڵگەیەک پێویستە سەرەتا لە شێوازی ژیانی ڕۆژانەیان تێبگەین، ئەمەش لە ڕێگەی پشکنین و توێژینەوەی زانستییەوە دەبێت بۆ زانینی وردەکارییەکانی مامەڵە و ژیانی ڕۆژانە، لەوانەش جۆری خواردن و شێوازی ئامادەکردنیان، پۆشاک و شێوازی دوورینیان، پێکهاتەی خانووەکانیان، خوێندەواریی و کنەی نێو ئەدەب و ئایین و نەریتە باوەکان و... تاد.

ڕەنگە بەمەبەستیش نەبووبێت، بەڵام مێژووی خۆراک بەشێوەیەکی گشتی لە پەراوێزخستن بەدوور نەبووە، چونکە هەمیشە ئاوڕ لە مێژووی سیاسی دراوەتەوە و سەرباسی هەڤپەڤینەکان بووە، لەکاتێکدا بۆ تێگەیشتن لە شێوازی ژیانی ئابووریی و کۆمەڵایەتی هەر کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو لە قۆناغە جیاوازە مێژووییەکاندا، پێویستە زانیاری ورد و بنەڕەتیمان لەسەر چەندین لایەنی چۆنیەتی ژیانیان هەبێت، لەو لایەنە گرنگانەش شێوازی خواردنەکانیان و چۆنێتی ئامادەکردنیانە، چونکە خۆراک کلیلی تێگەیشتنە لە مێژووی ئەو کۆمەڵگە دیاریکراوە و دەبێتە کۆڵەکەیەکی گرنگ هەتا بەشێوەیەکی بنەڕەتی و دوور لە چەپاندن و پەراوێزخستن مێژووەکەی تۆمار بکرێت،(٦) لەهەمانکاتدا دەتوانین خۆراک بکەینە پێوەرێکی بنەڕەتی بۆ ئاشنابوون بە کەلتوورە جیاوازەکان. ئەگەر سەرنج بدەین هەمیشە ڕۆژهەڵاتناس و کوردناسەکان زۆر بە وردی گرنگیان

به خواردنە کوردییەکان و پێکهاتەیان داوە و یاداشتیان کردووە، لە دونیای هاوچەرخی ئەمڕۆشدا مێژووی خۆراک لە وڵاتانی ڕۆژئاوا گرنگییەکی بەرچاوی پێدراوە، لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە و بە تایبەت لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٨٨٧-١٩٠٢) لە فەڕەنسا بەرهەمێکی بیست و حەوت بەرگی تایبەت بە مێژووی خۆراک لە فەڕەنسا بڵاوکرایەوە.(٧)

دەکرێت ئەم خواردنانەی ئێمە باسی دەکەین لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستاندا هەمان خواردن بوونی هەبووبێت، تەنها ناوی خواردنەکان و شێوازی ئامادەکردنیان لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە دەگۆڕێت، هەربۆیە بەشێک لە زانیارییەکان وەک گێڕانەوەیەکی زارەکی زیاتر پەیوەستە بە ناوچەی پێنجوێنەوە. خواردن لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا بەهەمان شێوەی کۆمەڵگەکانی تر ڕەگەزێکی بنەڕەتی بەردەوامبوونی ژیانە، کە دەتوانێت مێژووی قۆناغە جیاوازەکانی ژیانی تاکەکان، کەلتوورو نەریتە جیاوازەکان، ژیانی ڕۆژانە، کۆمەڵایەتی ، مایکرۆ مێژوومان ... تاد بنووسێتەوە.

قاوت یان بواردوو

وەک لە زانیارییەکاندا هاتووە، بۆ ئامادەکردنی ئەم خواردنە پێویستمان بە گەنمی سوورە، چونکە گەنمی سپی گونجاو نییە، دوای شۆردنەوەی گەنمەکە ئاگرێکیان بە دار بۆ دەکردەوە و لە ساجێکی قوڵدا دەیان برژاند، لەناو ساجەکەدا بەتەواوی گەرم دەبوو هەتا هاوشێوەی گەنمەشامی وردەوردە هەڵدەتۆقی، بۆئەوەی گەنمە برژاوەکە نەشێوێت، بە پارچەیەک قوماشی خام تێکیان دەدا و کەوگیر بەکارنەدەهات، کە هەمووی جوان دەتەقی ئینجا دەیانکردە ناو تەشتێکی فافۆنەوە و بۆ ئەوەی سارد نەبێتەوە پارچەیەک خامیان بەسەردا دەدا، دواتر دەستاڕیان بۆ دادەنا و بە گەرمی دەیانهاڕیی و نەدەبوو ساردببێتەوە، چونکە لە ئەگەری ساردبوونەوەیدا نەدەکرا بە دەستاڕدا و دەبوو دووبارە بکرێتەوە ساج و گەرمبکرێتەوە. لە دوای هاڕینی بەدەستاڕ لە قەبارەدا وەک ساوەری لێدەهات و پێیاندەوت قاوتە، پاشان بۆ ئامادەکردنەکەی ڕۆنی بۆ گەرم دەکرا و قاوتەکەیان تێدەکرد و دوای نزیکەی دوو خولەک ئاوی بۆ زیاد دەکرا، لەکۆتاییدا هاوشێوەی دۆینە ئامادە دەبوو، لەکاتی خواردنیشیدا دەکرایە قاپی قوڵەوە و ناوەڕاستەکەیان بۆ چاڵ دەکرد و ڕۆنی کوردییان تێدەکرد.(٨)

پرپۆڵە

یەکێک بوو لە خواردنە جیاوازەکان و بۆ میوانێکی زۆر تایبەت ئامادە دەکرا و لەگەڵ خواردنی دیکەدا خوانی پێ دەڕازایەوە، بریتی بوو لە لەتکە پیاز و ڕۆن و بەهاراتی هەمەجۆریان تێدەکرد، ئینجا کەمێک هەویریان دەشێلا و بە قەبارەی هەڵماتێک خڕیان دەکردەوە، دوای ئەوەی لەتکە پیازەکە نیوە کوڵاو دەبوو، ئینجا هەویرەکەیان تێدەکرد و پاش ماوەیەک جوان بەیەکەوە دەکوڵا، ئەم خواردنە زۆر ناوازە و چێژی تایبەتی هەبوو، زۆر بە کەمیش ئامادە ،دەکرا چونکە ژەمی سەرەکی نەبوو.(٩)

کایەلوش

یەکێکی دیکە بووە لە خواردنە کوردەوارییەکان و لە ژەمی بەیانیاندا سفرەکانی پێ ڕازێندراوتەوە، کەشک خواردنێکی باوی کوردەوارییە و بەچەندین شێوە ئامادە دەکرا و گرنگی زۆری پێدراوە، چونکە بە خواردنێکی پڕ وزە دەناسرێت، بەتایبەت بۆ زستانان بەرچاییەکی زۆر پەسەند بووە. کایەلوشیش جۆرێکی دیکەی ئامادەکردنی کەشکە، شەو کەشکەکەیان دەکردە ناو ئاوەوە، بۆئەوەی هەتا بەیانی بخوسێتەوە، بەیانی زوو کە کابان هەڵدەستا، کەشکە لەئاوکراوەکەی جوان دەساویەوە، واتە دۆکەی جیا دەکرایەوە، ئەو وردە کەشکەی لێی دەمایەوە لەناو ڕۆن و پیازدا سوور دەکرایەوە و وەک ژەمی بەیانی دەخرایە بەردەست خێزان، بەم خواردنە دەوترا کایەلوش.(١٠)

ترشاو یان مزرۆکە

سەرەتا بڕێک ترشی سماقیان دەکردە ناو ئاوی گەرمەوە و بۆماوەی نزیکەی نیو سەعات لە ئاوە گەرمەکەدا دەهێڵرایەوە، یەک کیلۆ پیازیان لە ڕۆندا سووردەکردەوە، ئینجا چەند هێلکەیەکی کوردیان دەکردە ناو پیاز و ڕۆنەکەوە، دەبوو هێلکەکان بە جوانی لەگەڵ پیازەکەدا سوور ببنەوە و ورد ببن، دواتر خوێیان تێدەکرد و هێلکەکەیان لەناو پیاز و ڕۆنەکەدا ورد دەکرد، پاشان ترشەکەیان دەپالاوت و ئاوی ترشەکەیان تێدەکرد، هەندێک جار بەپێی ناوچە و ئارەزووی کابانەکە بادەمیشی تێدەکرا، لێیدەگەڕان تا جوان بەیەکەوە دەکوڵان، لە دوای ئامادەبوونی دەکرایە قاپی قوڵەوە و نانی تێدەکرا و وەک تشریب دەخورا، لە هەندێک ناوچە دۆشاویشیان تێدەکرد، بەهۆی زۆری ماددە خۆراکییە سوودبەخشەکانەوە، ئەم خواردنە زیاتر لەکاتی سەرما و بڵاوبوونەوەی نەخۆشییە وەرزییەکاندا ئامادە دەکرا، چونکە بە گەرمکەرەوە و چارەسەری پەسیوو دادەنرا.

قاورمە

لە کۆتاییەکانی وەرزی پاییزدا ئاژەڵێکیان سەردەبڕی و کەوڵیان دەکرد، زیاتر بۆ سوود بینین لە پێستەکەی بۆ مەشکە، ئاژەڵەکەیان دەگروو، گۆشتەکە پارچە پارچە دەکرا، بەشی خواردنی ئەو ئێوارەیەیان لێجیادەکردەوە، ئەوەی دەمایەوە تێکرا لە مەنجەڵێکی مسدا هەڵدەکزاند، بۆ ئەم کارە مەنجەڵی فافۆنیان بەکارنەدەهینا، چونکە بەهۆی زۆری گۆشتەکەوە پێیدا دەسووتا، بۆئەوەی دواتر گۆشتەکە تێکنەچێت، لەکاتی هەڵکزاندنیدا خوێیان تێدەکرد، دوای ئەوەی بەجوانی هەڵدەکزا دەیان کردە کیتەڵەیەکی گەورە، بۆ دیاریکردنی ڕێژەی هەڵکزانەکە کارامەیی کابانی دەویست، چونکە نەدەبوو زیاد هەڵبکزێت و وشکبێتەوە. کیتەڵ لە قوڕ دروست دەکرا و لە ئاگردا سوور دەکرایەوە. گۆشتەکەیان بە ڕۆنەکەی خۆیەوە دەکردە کیتەڵەکەوە و بە پارچەیەک خام سەری کیتەڵەکەیان دەبەست، پاشان لە جیاتی سەرقاپ دەرخۆنەیان لە قوڕ بۆ دروست دەکرد، دەرخۆنە هاوشێوەی قاپێک بوو کە بە ئەندازەی سەری کیتەڵەکە دروست دەکرا، هەتا بەجوانی داپۆشێت و هەواکێش نەبێت. خاتوو (ئامینە محەمەد) لەکاتی گێڕانەوەکانیدا لە جیاتی وشەی قاپ دەوری بەکاردەهێنا، دیارە ئەو کاتە وای پێگوتراوە، هەروەها بەسەری کیتەڵەکەی دەوت دەرخۆنە. لەڕاستیدا دەرخۆنە مانای پنە دەگەیەنێت، ئەو سەرقاپەش تاڕادەیەک لە شێوەی پنەدا بووە، بۆیە وای پێگوتراوە. پێشئەوەی دەرخۆنەکە یان سەری کیتەڵەکە بنرێتەوە، پارچە خامەکەی سەری بە پەتێک دەبەسترا و بە دارێکی باریک پەتەکە دەجەڕێنرا هەتا تەواو توند دەبوو و بەخۆشییەوە خامەکەی توندتر دەکرد، هەتا لە هەر مەترسییەکی پیسبوون بیپارێزێت، ئینجا دەرخۆنەکەیان دەکردە سەری و بۆ پاراستنی زیاتر شتێکی قورسی دەخرایە سەری و بۆ کاتی پێویست هەڵدەگیرا.(١١)

کاتێک میوانێکی تایبەت بهاتایە کابانی ماڵ پەڕشە یان (بڕوێش)ی لێدەنا و سەری کیتەڵەکەی هەڵدەدایەوە و دوو چنگ قاورمەی تێدەکرد، دەبوو خێرا سەری کیتەڵەکە وەک خۆی توند بکاتەوە. ئەو ئاژەڵەی کە بەم شێوەیە سەریان دەبڕی و ئامادە دەکرا بۆ هەر سێ مانگەکەی زستان بوو، دەبوو کابانی ماڵ بە جوانی و بە سەلیقەی خۆی دەستی پێوەبگرێت تا بەشی ڕۆژە درێژەکانی زستان بکات، ئەگەر میوان نەبووایە دوو هەفتە جارێک کابانی ماڵ کەمێکی لە کیتەڵەکە دەردەهێنا و ئامادەی دەکرد، ئەو کاتە زیاتر پرشە بەکارهێنراوە، چونکە ئەو دەمە برنج زۆر کەم و گران بووە.

کەڵەشێری کوردی و قەل و برنج

یەکێکی دیکە لەو خواردنە ناوازانەی بۆ میوانی زۆر تایبەت ئامادە دەکرا، برنج و کەڵەشێری کوردی یان قەل بوو، ئەو ڕۆژە کابان سەرەڕای سەرقاڵییە ئاساییەکانی ڕۆژانەی، دەبوو هەر لە زەردەی عەسرەوە دەست بە ئامادەکارییەکان بکات، سەرەتا کەڵەشێرەکەی سەردەبڕیی و ئاوەڕووتی دەکرد و دەبوو هەر زوو بینێتە سەر ئاگر، کەڵەشێری کوردی یان خۆماڵی بڕێکی کەم گۆشتی هەبوو، بەڵام خەڵکی ئەوسا بە پارچەیەکی بچووک ڕازیبوو. برنجی ئەو کاتە وەک ئێستا پاککراو نەبوو، پڕی بوو لە بەردی شین و داڕووجان، کاتێکی زۆری دەویست تا دەیانبژارد و برنجەکە پاکدەبوویەوە، دوای ئەوەی کەڵەشێرەکە نیمچە کوڵاو دەبوو، ئینجا بە ئاوەکەی برنجەکەیان لێدەنا، بۆئەوەی تامی برنجەکە بەلەزەت بێت و کەمی گۆشتەکە قەرەبوو بکاتەوە.

دوای پێگەیشتنی خواردنەکە و لە دوای بانگی ئێوارە خوانەکەیان دەڕازاندەوە، هەر کەسە و قاپێکیان بۆ تێدەکرد، بەهۆی کەمی گۆشتەکەوە هەر قاپێک پارچەیەکی بۆ دادەنرا، بێگومان ڕانێک بۆ میوانەکەبوو، پارچە گۆشتەکەیان دادەنا و برنجیان دەکرد بەسەردا، واتە گۆشتەکە دەکەوتە ژێر برنجەکەوە، زۆرجار میوانەکە تێری دەخوارد و هەر نەدەگەیشتە پارچە گۆشتەکە.

زۆربەی جار هەر بە ئاوی کەڵەشێرەکەوە دەخورا، چونکە هەموو ماڵێک توانای شلەی نەبوو، ئەگەر ماڵێک دەوڵەمەند بووایە لە وەرزی قەیسیدا بڕێکی زۆریان وشک دەکردەوە و لە زستاندا دەیانکرد بە شلە، یان لەجیاتی شلە نۆکیان دەکردە ئاو دەکرا بەدەستاڕدا و دەکرا بە لەتکەنۆک، دواتر پیازی تێدەکرا و دەکرا بە شلە، پێیاندەوت شلەی لەتکە، جگەلەوەش شلەی تەماتەی وشکیش ئامادە دەکرا، هاوینان تەماتەیان لەت دەکرد و لەسەر سەلە وشک دەکرایەوە و هەڵدەگیرا بۆ زستان.(١٢)

بەهارات

هەمیشە بەهارات وەک ڕۆحی خواردن ئاماژەی پێکراوە، لە کۆنیشدا ئەگەرچی ڕێژە و جۆری بەهارات تاڕدەیەکی زۆر سنوردار بووە و بەپێی ناوچە جیاوازەکانیش گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، وەک ئێستا نەبووە دەیان جۆر بەهارات هەبێت، بەڵام دواجار تاموبۆنی خواردنە کوردەوارییەکانیش لە بەهاراتەکان بێبەش نەبوون، یەک لەو بەهاراتانەی کە بەردەوام کەسانی بەتەمەنی ئەو ساڵانە ئاماژەی پێدەکەن

ئاڵەتە، کە ئێستا پێیدەڵێن بیبەری ڕەش، ئەو کاتە ئاڵەت بەهاراتێکی ناسراوبووە و زۆر باوی هەبووە، بەڵام کەم و دانسقە بووە، وەک دەنکە لاولاو وابوو، دەبوو بیهاڕن و دواتر بەکاردەهێنرا، تام وبۆنێکی خۆشی داوە بە خواردنەکە، کاتێک حاجی دەچوو بۆ حەج لەگەڵ خۆیان دەیانهێنا، هەروەها هەجیجییەکانیش کە وردەواڵەیان دەفرۆشت یان بە بەروبوومی کشتوکاڵی دەیانگۆڕییەوە، ئەوانیش لەگەڵ خۆیاندا دەیانهێنا و بەردەوام یەکێک بووە لەو کاڵایانەی لە کۆڵەکانیاندا هەبووە.

(هەزبێ) ڕووەکێکی خۆڕسکە لە کوێستانەکاندا دەڕوێت، زۆرجار پێیاندەوت هەزبێی دەماغ سپی، ئەویش تاموبۆنی خۆی هەبوو، چێژی دەدا بە خواردنەکە و زۆرجار وەک بەهارات بۆ ناو خواردن بەکاردەهێنرا.

کولەکەی تەندور

یەکێک بووە لە خواردنە جیاوازەکان و بە کولەکەی گەورە ئامادە دەکرا، کولەکەی زەردیشی پێدەوترا، ئەو ڕۆژەی کابانی ماڵ نانی بکردایە، دوای تەواوبوون لە نانکردن، کولەکەیەک یان چەند دانەیەکی بەجوانی دەشتەوە و وشکی دەکردەوە، ئینجا هەر بەساغی کونێکی بچووکی دەکردە سەری کولەکە و کەمێک شەکری تێدەکرد و دەیخستەوە ناو تەنوورە پڕ لە پشکۆکەوە، سەری تەنوورەکەی بە باشی دەنایەوە و بە قوڕ سواغی دەدا و هەوابڕی دەکرد، دوای ماوەیەکی زۆر تەنوورەکە سارد دەبووەوە و سەریهەڵدەدرایەوە، کولەکە پێشاوەکەی دەردەهێنا و وەک ژەمێک خواردنی بەتام پێشکەش بە خێزان دەکرا.

شەکر داگرتن یان ئامادەکردنی شەکر

شێوازێکی شەکر کولاندن بۆ دروستکردنی شەکری کوڵاوە و پێیدەوترا (شەکر داگرتن)، ڕۆژی پێشتر شکری وردیان لە دۆڵێکی قوڵدا دەکوتا، بەشێوەیەک وردە دەبوو کە بە ئاسانی بەیەکەوە دەنووسا، داگرتنەکەشی بە دوو شێواز ئەنجامدەدرا، شێوازێکیان ئەو ڕۆژەی کابانی ماڵ نانی دەکرد، لە دوای تەواوبوونی لە نانەکە، تەشتێکی فافۆنی دادەنا و نیوە دەکرد لە شەکر و هەندێک جاریش لە نیوە کەمتر، پاشان بە ڕشینەیەک ئاو کەمێک شەکرەکەی تەڕ دەکرد، لەناو تەشتەکەدا بەجوانی تێکی دەدا، وشەی (هەڵفلیقاندن)یان بۆ ئەو کارە بەکاردەهێنا، دواتر پارچە قوماشێکی خام دەدرا بەسەر تەشتەکەدا و بەجوانی دادەپۆشرا، بۆ ڕۆژی دواتر شەکرەکە شێوەی قاڵبی تەشەتەکەی وەردەگرت و ڕەق دەبوو، لە تەشتەکە

دادەکرا بەبێ ئەوەی بشکێت، پاشان بە شەکرشێکین بەپێی پێویستی کلۆ کلۆ دەکرا و ئامادەبوو بە چای دیژلەمەوە پێشکەش بکرێت.

لە شێوازی دووەمیشدا بە هەمان شێوە شەکرەکە کەمێک تەڕ دەکرا و تێکەڵدەکرا، دواتر دەکرایە پەرداخێک یان سوراحیەکەوە تا دوای ساردبوونەوە شکڵی ئەو دەفرە وەربگرێت کە تێیانکردووە، واتە تەنها بۆ ئەوە دەکرایە پەرداخ یان سوراحیەوە تا وەک جوانکارییەک شێوەی دیاریکراو بێت، پاشان لەسەر پارچە قوماشێک لەسەر بان دادەنرا و دەبوو چەند ڕۆژێک لەبەر هەتاودا بێت.

مێوژ

مێوژکردن یان مێوژ دروستکردن یەکێکە بووە لە و خواردن و کارانەی کە ژن ئامادەی کردووە، لە زۆرێک لە ناوچەکانی کوردستاندا ئەنجامدراوە، ڕەنگە شێوازی ئامادەکردنەکەشی بەپێی ناوچە جیاوازەکان گۆڕانکاری بەسەردا هاتبێت.

ئەو ترێیە کە بۆ مێوژ بەکاردەهات دەبوو ترێیەکی جوان بێت، باشتر وابووە کە ترێی ڕەش بێت، ڕۆژێک بەر لەوە ئامادەکاری بۆ کراوە، خۆڵی سۆپایان بۆ بێژاوەتەوە، دواتر لە مەنجەڵکی گەورەدا کوڵاندوویانە، پێیوتراوە (خۆڵەمێش، خۆڵەکەوە)، ڕۆنە کەرەیان دەکردە ناو خۆڵەکەوە و دەبوو خۆڵ و ڕۆنەکە پێکەوە بکوڵێن هەتا جوان تێکەڵ دەبوون، ڕۆژی دواتر خۆڵەکەیان دەپاڵاوت و جارێکی دیکە دەخرایەوە سەر ئاگر، هێشووە ترێکانیان هەڵدەکێشا لە خۆڵاوەکە و دواتر لەسەربان لەسەر پارچە قوماشێک دادەنرا و دوای نزیکەی هەفتەیەک دەبوو بە مێوژ.

فرۆ

فرۆ یەکێکە لەو خواردنانەی سەر بە کۆمەڵەی سپیاییەکانە، کاتێک ئاژەڵی (بزن، مانگا، مەڕ) دەزێت و بێچووەکەی دێتە دەرەوە، تا سێ ڕۆژ شیرەکەی جیاوازە لە شیری ئاسایی، لە ڕەنگ و تامیشدا جۆرێکی دیکەیە، پێیدەوترێت (فرۆ)، کاتێک دەخرایە سەر ئاگر شێوەیەکی جیاوازی وەردەگرت و بزڕ بزڕ دەبوو، تاڕادەیەک شێوەی لە پەنیری وردکراو یان ڕۆن دەچێت، بەڵام ڕەنگی زەردە و بۆن و تامی تەواو جیاوازە، کاتێکیش ئامادە دەبوو، لەگەڵ نان و چادا دەخورا، ئەم خواردنە ساڵانە تەنیا لە کاتی زایینی مەڕوماڵاتدا هەیە، هەربۆیە بە تاسوقەوە دەخورا.

سیرێژ

یەکێک بووە لە بەرهەمە سەرەکییەکانی سپیایی، ئەو ڕۆژەی دۆیان دەژەنی و لە مەشکەکە دادەکرا، دەکرایە مەنجەڵێکەوە و دەخرایە سەر ئاگر، دەبوو بکوڵێنرێت تا دۆکە ترش نەبێت، چونکە ئەگەر ترش بووایە نەدەبوو بە سیرێژ، بەو دۆیەی کە دەخرایە سەر ئاگرەکە بۆ سیرێژ، دەوترا (دۆ هەڵهاتن بۆ سیرێژ)، دواتر کە سارد دەبووەوە شێوەی قاشی پەنیری وەردەگرت و دەکرایە ناو تورەکەی خامەوە و هەڵدەواسرا هەتا ئاوەکەی بچۆڕێتەوە و لێی جیابێتەوە، دواتر هەر ڕۆژێک بیانویستایە بیکەن بە کەشک، ڕۆژی پێشتر سەنگەوبەردیان دەنا هەتا هیچ ئاوی پێوە نەمێنێت و بۆ ڕۆژی دواتر بە ئاسانی بتوانن کەشکی لێ دروست بکەن، ئینجا کەشکەکە لە نێوان لەپی دەست و پەنجەکاندا دەگوشرا و لەسەر سەلەیەک دادەنرا، بەمجۆرە شێوەی کۆتایی کەشکەکە جێ پەنجەی ئەو کەسەبوو کە دەینایەوە، بەو کارەش دەوترا کەشک نانەوە، پاشان دەکرایە سەبەتەوە هەتا تەواو وشک دەبوویەوە.

دۆخەوا

ئەمەش یەکێکی دیکەیە لە خواردنە کوردەوارییەکان و بە گەنمی سپی ئامادە دەکرێت، ڕۆژی پێشتر گەنمەکەی لە دۆڵدا بۆ دەکوترێت و دواتر دەشۆرێتەوە، ئەو دۆیە کە بەکاردەهێنرێت دەبێت دۆی ئەو ڕۆژە بێت، واتە دۆی تازە بێت، دواتر دۆکە دەخرێتە سەر ئاگر و دوای کوڵانی گەنمەکەی بۆ زیاد دەکرێت و تێکدەدرێت، چەند ڕووەکێکی تێکراوە بەپێ خواستی کەسەکان هەندێکجار ڕووەکی لوشەی تێکراوە، کە ڕووەکێکی کوێستانی بوو، گەڵایەکی پانی لووسی هەبوو، زۆرجار لوشەیان کردووە بە یاپراخ، هەندێکجاریش لوشە بەکارنەهاتووە و ڕووەکی خوژە بەکارهاتووە، ئەمیش بە هەمان شێوە ڕووەکێکی کوێستانییە، کە سەوزی گەڵاکانی ئەم ڕووەکە هاوشێوەی سەوزی نێرگز بوو، هەروەها هەندێک جار ڕووەکی کنگر یاخود ڕووەکی پونگەی تێکراوە.

لەکۆتاییدا و هەر لەو ڕوانگەیەوە کە گێڕانەوەکانی مێژووی نزیک لەلایەن شایەتحاڵەکان و ئەو کەسانەی خۆیان لەو سەردەمانەدا ژیاون، کە لە خودی خۆیاندا مێژووی زارەکین و دەبنە کەرەستەی گرنگ و بنەڕەتی بۆ توێژینەوە لە مێژووی ژیانی ڕۆژانەی قۆناغێکی دیاریکراوی مێژوویەکی شێوێندراو

یان ڕاستر بە سۆز نووسراو، بەتایبەت لە ئێستادا کە ناوەندە ئەکادیمییەکانی کوردی بە تەونێکی مەرامی کەسییەوە بەستراون و هۆکاری هەرە سەرەکی بە شەخسەنەکردنی مێژوون، ئێستا لە هەموو کات گرنگترە ئەو کەسانە بدوێنین کە شایەتحاڵی ڕووداو و بەسەرهاتەکانن، هەتا بتوانین لانیکەم کەرەستە و دۆکیۆمێنتەکان بۆ نەوەی داهاتوو بپارێزین و هیوایەک بۆ دووبارە نووسینەوەی مێژوو بچێنین.

سەرچاوە و پەراوێزەکان

١- تأريخ التأريخ الشفوى.. تطور و تأريخ المفهوم
/https://wathiqat-wattan.org
Oral HistOry: Defined-٢
/https://oralhistory.org/about/do-oral-history
٣- مەلا، حموودی بایەزیدی، عادات و ڕسووماتنامەی اکرادیه (داب و نەریتی کورد)، و: شوکریە ڕەسوڵ ئیبراهیم، چ٢، چاپخانەی پەنجەرە ، تاران ، ٢٠١٥، ل ٧
٤-کامەران محەمەد، مێژووی زارەکی؛ یادەوەری کۆمەڵیی و مێژووی پەراوێزخراوەکان م گ: زانکۆی جیهان، موجەلەدی ٦ ، ژ ٣ حوزەیرانی ، ٢٠٢٢، ل ١١٧
٥-کامەران محەمەد، گرنگی مێژووی زارەکی بۆ بواری مێژوونووسی، بڵاونەکراوە.
٦- کامەران محەمەد، کاتێک خۆراک مێژوو دەنووسێتەوە، https://www. kurdipedia.org/?q=٢٠٢٤٠٧١٢٢٠٠٨٥٧٥٨٠١٩٢&lng=١، ٢٢-٧-٢٠٢٤
٧- کامەران محەمەد، کوردناسی و مێژووی ژیانی ڕۆژانە، چاپخانەی کارۆ، ٢٠٢١، ل ٨١
٨- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ خاتوو ئامینە محەمەد ، ٨-٤-٢٠٢٤، ٢:٣٠-٥:٠٠ ، پێنجوێن.
٩-چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ خاتوو جیهان ئەحمەد، ١٠-٤-٢٠٢٣، ١١:٠٠-١٢:٣٠، سلێمانی.
١٠-چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ خاتوو مریەم ئەحمەد ڕەحیم، ٢٧-٣-٢٠٢٣، ٢:٠٠-٤:٣٠، سلێمانی.
١١- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ خاتوو ئامینە محەمەد ، ٨-٤-٢٠٢٤، ٢:٣٠-٥:٠٠ ، پێنجوێن.
١٢- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ خاتوو ئامینە محەمەد ، ٨-٤-٢٠٢٤، ٢:٣٠-٥:٠٠ ، پێنجوێن.



ئارام مجید شەمێرانی

کورتەیەک دەربارەی مێژووی کتێبخانە و کتێب و پۆلێنکردن

پێشەکی:

سەردەمی ئەمڕۆ بەسەردەمی شۆڕش و تەقینەوەی زانست و زانیارییەکان ناسراوە، لەم سەردەمەدا زانست و زانیارییەکان بەخێراییەکی زۆر گەشە دەکەن و بە هەموو ناوچەکانی دونیادا بڵاودەبنەوە، بەشێکی ئەم تەقینەوە زانستییەش لە چاپەمەنیی و بڵاوکراوەکاندا خۆی دەبینێتەوە، کە بەشێوەی کتێب و گۆڤار و نامەی جۆراوجۆر بڵاودەکرێنەوە.

مرۆڤ هەر لە کۆنەوە گرنگی بە نووسین و تۆمارکردنی ڕووداوەکانی ژیانی خۆی داوە، ئەمەش لەگەڵ پەیدابوونی نووسین و نووسینی سەرەتایی، هەر لەبەرئەوەش مرۆڤ بیری کردەوە لەوەی کە ئەو نووسراو و تۆمارکراوانە لە جێگایەکدا هەڵگرێت و لە لەناوچوون بیانپارێزێت، نووسینیش هەنگاوی زۆری بڕی هەتا گەیشتە ئەوەی لەنێو لاپەڕەکانی کتێبدا بەشێوەی کتێب تۆماربکرێن و چاپ بکرێن، گرنگە جێگایەک هەبێت ئەو کتێب و تۆمارانەی تێدا هەڵبگیرێن، بەمەش کتێبخانە پەیدابوو کە لە مێژوو و شارستانیەت و زمانی گەلاندا بەناوی جیاواز ناوی تۆمارکراوە.

مێژووی کتێب و کتێبخانە لەم سەردەمەدا بەشێکی گرنگە لە زانستی کتێبخانەکان، ئەم بابەتەش مێژوویەکی کۆنی هەیە، چونکە سەرەتاکەی لەگەڵ سەرەتایی دەرکەوتنی شارستانیتی مرۆڤایەتییە و فراوانە، لەبەرئەوەی لەگەڵ بنکەکانی ئەو شارستانییەتە دەڕوات و لە قۆناغێکەوە دەچێتە قۆناغێکی ترەوە، هەربۆیە ئاسان نییە سەرەتایەک یان مێژوویەک بۆ دەستنیشانکردنی مێژوو و شوێنی سەرەتای دەرکەوتنی کتێب و کتێبخانە دیاری بکەین، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی سەرەتای کتێبخانەکان لە میزۆپۆتامیا و دۆڵی نیل دەرکەوتووە، دواتریش چەندین کتێبخانەی جۆراوجۆر پەیدابوون.

لە سەردەمی ئەمڕۆدا ژمارەیەکی زۆر لە کتێب و بڵاوکراوەکان بەشێوەیەکی فراوان چاپ دەکرێن و بەناوەندەکاندا بڵاودەکرێنەوە و کۆدەکرێنەوە. لەڕاستیشدا، کۆکردنەوە و ڕێکخستنی کتێب و بڵاوکراوەکان پێویستی بە یاسا و ڕێسایەک هەیە، بۆئەوەی بتوانرێت ئەو بڵاوکراوانە بەشێوازێکی زانستی ڕێکبخرێن و بخرێنە بەردەست، بۆئەوەی بەئاسانی سوودیان لێوەربگیرێت و بەردەست بخرێن.

لێرەوە گرنگی بنەماکانی کتێبخانە و پۆلێن و پۆلێنکردنی کتێبەکان پەیدابوو، ئەمەش وایکرد ژمارەیەکی باش و بەرچاو کتێب و بڵاوکراوە لە زانستەکانی پێڕست و پۆلێندا پەیداببن، چونکە ژیانی ڕۆژانەی هەمووان پێویستی بە پۆلێنکردنە، هەر لەبەرئەوەش پۆلێنکردن بەشێکی زۆری ژیانی داگیرکردووین بەبێ ئەوەی هەستی پێبکەین، ئەمەش لە ڕێکخستنی ماڵ و جلوبەرگ هەتا تەواوی کایەکانی دیکەی ژیانمان بەتایبەت لە بواری کتێب و کتێبخانەدا، چونکە پۆلێنکردن شوێنێکی بەرچاوی هەیە لە بواری زانستی زانیارییەکان و کتێبخانە و بەڵگەنامەکان، لەبەرئەوە باس لە ڕێکخستنی تەکنیکی دەکات بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان و لەڕێگەیەوە سەرچاوە زانستییە جۆراوجۆرەکان دەخاتە ڕوو، بەمەش پۆلێن لە کارە بنەڕەتییەکان دادەنرێت کە کتێبخانە و بنکە زانیارییەکان بەکاری دێنن بۆ ڕێکخستنی سەرچاوە زۆر و جۆراوجۆرەکانیان و هەتا کار گەیشتە ئەوەی کە مێژووی کتێبخانەکان ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەمێژووی پۆلێنەوە هەبێت، بەمەش کتێبخانە و پۆلێن بوونە دوو ڕووی یەک دراو، هەر لەبەرئەوەشە پۆلێن بەشادەمار و بنچینەی کارە سەرکەوتووەکانی کتێبخانە دادەنرێت، بۆئەوەی کتێبەکان بەشێوازیکی هونەری ڕێکبخرێن و خوێنەران و توێژەران بەئاسانی و خێرایی دەستیان بگات بە سەرچاوەکانی کتێبخانە.

کتێبخانە:

کتێبخانە شوێنی هەڵگرتن و پاراستن و ڕێکخستن و بەکارهێنانی بەرهەمی فیکری مرۆڤە، زاراوەی کتێبخانە لە کتێبەوە وەرگیراوە، لەبەرئەوەی کتێب بەڕێژەیەکی زۆر بەشداری لە پێکهاتەی کتێبخانەدا دەکات.

وشەی کتێبخانە بە عەرەبی (المكتبة)، لە وشەی (الكتاب)ی عەرەبی وەرگیراوە، کە ناوەڕۆکی سەرەکی کتێب دەگرێتەوە، بە ئینگلیزیش (Library) پێ دەوترێت، دامەزراوەیەکی تایبەتە بە کۆکردنەوە و هەڵگرتنی کتێب و گۆڤار و دەستنووس و هەر سەرچاوەیەکی دیکەی زانست و زانیاری بە زمانە جیاوازەکان. کتێبخانە ناوەندێکی گرنگ و پڕبایەخە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، مانا و پێناسی چەمکی کتێبخانەکان بەپێی ناوەڕۆکە زانستیی و تیۆرییەکان، بەدرێژایی سەدەکان گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، چونکە کتێبخانە کۆنەکان وەک ئەو کتێبخانانە نین کە ئەمڕۆ دەیان بینین.

لەباوترین پێناسەشدا دەتوانین بڵێین، کتێبخانە ئەو مەڵبەند و دامەزراوە زانستیی و ڕۆشنبیریی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و فیکرییەیە، کە تێیدا زۆربەی زۆری بەرهەمە فیکرییەکانی مرۆڤایەتی تێدا کۆکراوەتەوە و ڕێکخراوە و پارێزراوە، کە بەپێی یەکێک لە سیستەمە باوەکانی جیهان ڕێکدەخرێت، کە ئەمەش لەگەڵ پێداویستییەکانی سەردەم و ئامانجەکانی زانکۆ و پەیمانگە و کۆمەڵگە و قوتابخانەکان بگونجێت و ڕۆڵێکی کاراو کاریگەری هەیە لە پێشکەوتن و ئاسانکاریی و باشترکردنی ژیان و فێربوون و فێرکردن و پەروەردەکردندا. ئامانج لەمەش کۆکردنەوەی سەرچاوەی زانستییە بە هەموو شێواز و جۆرەکانییەوە (چاپکار و چاپنەکراو)، بەجۆرەها ڕێگا (کڕین، دیاری، ئاڵوگۆڕ) و ڕێکخستنی ئەم سەرچاوانە (پێڕستکردن و پۆلێنکردنیان) و پێشکەشکردنیان بە کۆمەڵگە و سوودمەندەکانی کتێبخانە (خوێنەران، توێژەران، خوێندکاران)، بەئاسانترین شێوە.

لە پێناسەیەکی دیکەشدا دەتوانین بڵێین، کتێبخانە دامودەزگایەکی ڕۆشنبیری، پەورەردەیی، فێربوون، زانستی، کۆمەڵایەتی، ئامانجی کۆکردنەوەی سەرچاوەی زانیارییە، بەشێوە جیاوازەکانییەوە وەکو چاپکراو و چاپنەکراو، بەشێواز و ڕێگای جیاواز سەرچاوەکانی کتێبخانە دابین دەکرێن لەڕێگەی (کڕین، دیاری، ئاڵوگۆڕ، وەرگرتن لەبری بەخشینی ژمارەی سپاردن). ئەنجامدانی کاری هونەری بۆ ئەو سەرچاوانەی کە دێنە کتێبخانە، وەک کاری تۆماری پۆلێن و پێڕست.

هەروەها فەرهەنگی ئۆکسفۆرد بەم جۆرە پێناسەی کتێبخانە دەکات و دەڵێت: کتێبخانە بریتییە لە ژوورێک یان چەند ژوورێک، کە ژمارەیەک کتێب و کەرەستەی دیکەی تێدایە، بەمەبەستی بەکارهێنان لەلایەن هەموو خەڵکەوە یان گرووپێکی دیاریکراو یان کۆمەڵ و دەزگایەک، یان هاوشێوەکانیان. ئەمەش بەئامانجی کۆکردنەوە و پەرەپێدانی سەرچاوەی زانیارییەکان بەشێوازی جۆراوجۆر، بۆ ئەوەی خوێنەر بەئاسانی دەستیبگات بەو سەرچاوانەی کە مەبەستییەتی.

لە مێژووی شارستانییەتەکاندا کتێبخانە خزمەتێکی دیار و بێوێنەی پێشکەشی بە مرۆڤایەتی کردووە. وەک وتراویشە کتێبخانە ئاوێنەی شارستانیەت و پێشکەوتنی گەلانە، لەگەڵ ئەوەشدا، کتێبخانە ماڵەجوان و شارە ڕازاوەکەی خوێنەران و نووسەران و بیرمەندان و شاعیران و مێژوونوسان و زمانزانان و دەروونناسان

و مافناس و سیاسەتمەدار و باخچە ڕازاوە و پرگوڵەکەی توێژەران و هەموو خەڵکی سەر ڕووی زەمینە. لەمبارەیەوە عەبدوڵلا کنون دەڵێت: کتێبخانە کارگەی دروستکردنی عەقڵە. لەبارەی پێویستی و پێگەی کتێبخانەوە، هنری ورد دەڵێت: کتێبخانە جوانکاری ژیان نییە، بەڵکو پێویستی ژیانە. هەروەها زەکی مستەفا علیان دەڵێت: کتێبخانە دامەزراوەیەکە لەلایەن مرۆڤەوە دروستکراوە بۆ خزمەتکردنی مرۆڤایەتی، بەکۆکردنەوەی سامانی ڕۆشنبیریی و ڕێکخستن و گواستنەوەی بۆ نەوەکانی داهاتوو.

مێژووی کتێبخانە:

ئەگەر ئاوڕێک لە مێژووی مرۆڤایەتی بدەینەوە، ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە کە کتێبخانە مێژوویەکی کۆنی هەیە. ئەم مێژووە لە سەرەتای شارستانیەتی مرۆڤایەتییەوە دەستپێدەکات. لەڕاستیدا، دیاریکردنی سەرەتای سەرهەڵدانی کتێبخانە کەی و لەکوێ دەرکەوتووە شتێکی ئاسان نییە، بەڵام بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان، دەرکەوتنی کتێبخانەکان هێندەی نووسین کۆنە، چونکە داهێنانی نووسین لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ڕووداوێکی گرنگ بووە، هەروەها یەکێک بووە لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی شارستانییەتە دێرینەکان. بەشێوەیەکی گشتی مێژووی کتێبخانەکان دەگەڕێتەوە بۆ هەزاران ساڵ بەر لە ئێستا، بەڵام ئەو کتێبخانانەی ئەوکات هەبوون، زۆر جیاوازبوون لە کتێبخانەکانی ئەمڕۆ.

سەبارەت بەمێژووی دەرکەوتنی کتێبخانە، لێکۆڵینەوە مێژووییەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە یەکەمین کتێبخانەکان لە جیهانی کۆندا ئەوانەن کە لە میسۆپۆتامیا و دۆڵی نیل دەرکەوتوون، ئەمەش لەکاتێکی زۆر کۆن بووە لەماوەی هەزارەی سێیەمی پێش زاین، کە دانیشتوانی میسۆپۆتامیا دەستیانکرد بە تۆمارکردنی کارەکانیان و نووسینەوەیان لەسەر تابلۆی قورین و کۆکرنەوەو پاراستنیان لەکتێبخانەکاندا.

بەشێوەیەکی گشتی مێژووی کتێبخانە بەگوێرەی سەرچاوە کۆنەکان دەگەڕێتەوە بۆ پێش ٣٠٠٠ ساڵ پێش زاین، ئەمەش لەدەرئەنجام و تاوتوێکردنی شوێنەوارە دێرینەکان دەرکەوتووە، بەتایبەت لە (میزۆپۆتامیا و دوڵی نیل).

کتێبخانە(المکتبە) لە شارستانییەتە دێرینەکاندا بەچەندین شێوەی جیاواز

ناوی هاتووە. بەپێی سەرچاوەکان، سۆمەرییەکان کتێبخانەیان ناونابوو (ماڵی تابلۆ گەورەکان)، چونکە پڕبووە لە تابلۆی قوڕی گەورە، بەڵام فیرعەونەمان بە (هۆڵی نووسراوە میسرییەکان) یان (خانەی نووسراوە پیرۆزەکان) یان (شوێنی بووژانەوەی ڕۆح) ناویان بردووە.

مێژوونوسەکان کۆکن لەسەر ئەوەی کە سۆمەرییەکان پێشەنگبوون لە کۆکردنەوەی نووسراو و تۆمارەکانیان، بەڵام ناتوانین بڵێین بەمانای کتێبخانەی ئێستا دێت، یەکەمین کتێبخانە لە وڵاتی نێوان دووڕووبار دۆزراوەتەوە ئەو کتێبخانەیە بوو لە پەرستگای لەکش کە ناوی (تللو) بووە، نزیکەی ٣٠٠٠٠ هەزار تابلۆی قوڕی تێدابووە، کە مێژووەکەی بۆ (٣٢٠٠-٢٧٥٠پ.ز) دەگەڕێتەوە، ئەو زانیارییانەی لەسەری تۆمارکرابوون بریتیبوون لە دەنگوباس و هەواڵی خوداوەندەکان و هەندێک ڕووداوی مێژوویی وەک مانگگیران و خۆرگیران و لافاو و گرانی و وشکەساڵی، بەڵگەنامە و گرێبەستی ئابووریی و بازرگانی و داستانە شیعرییەکان و جادوو و ئەفسانە، دوای سۆمەرییەکان لە عێراقدا ئاشوورییەکان هاتوون کە ئەمانیش کتێبخانەیان هەبووە و شارستانییەکی زۆر گەورە و گرنگ بوون لە ناوچەکەدا. ئەم کتێبخانەیە پڕبووە لە تاتە قوڕی زۆر گرنگ و بایەخدار کە بە کتێبخانەی ئاشوور بانیپاڵ ناسرابوو، کتێبخانەکە لە هەزاران تابلۆی قوڕ و پارچە پارچەیی پێکهاتبوو، ئەم کتێبخانەیە لە سەدەی حەوتەمی پێش زایین دامەزراوە، بەتایبەتی لە ٦٦٨-٦٢٧ پ.ز، ئاشوور بانیپاڵ بەباشترین شێوە دەناسرێت بۆ دروستکردنی کتێبخانەی شاهانەی ئاشوربانیپاڵ، کە یەکەمین کتێبخانەی ڕێکخراوە سیستماتیکییەکانی جیهانە، پاشای ئاشووری ئاشوور بانیپاڵ ٦٦٨-٦٢٦پ.ز تابلۆ قوڕەکانی لە هەموو شارەکای عێراق کۆکردووەتەوە و کتێبخانەیەکی لە کۆشکەکەی داناوە، بەشێوەیەک زیاتر لە بیست هەزار تابلۆی بزماری تێدا بووە.

لەگەڵ ئەوانەشدا، میسرییەکانیش بیرۆکەی نووسینیان لە سۆمەرییەکان وەرگرت و دواتر خەتی هێرۆگلیفیان دانا. هاوکات میسرییەکان گرنگی زۆریاندا بەنووسین و نووسراوەکانیان لە جێگایەک داناوە و سەرەتا ناویان نابوو (بيت الكتابات) واتە خانەی نووسراوەکان، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی ٢٢٠٠

پ.ز. کتێبخانە لە میسر لە ناوچەی (جیزە، مەمفیس، تیبە) و چەند شارێکی تری میسری کۆن دۆزراوەتەوە، جگە لەوەش یۆنانییەکان وشەی(bibliotheca) لەبری کتێبخانە بەکارهێناوە، ڕۆمانەکانیش وشەی (libri)یان بەکارهێناوە کە بەمانای خودی کتێب دێت و هەر لەم وشەیەوە وشەی(library) پەیدابووە بەمانای کتێبخانەی توێژینەوە و خوێندنەوە دێت. سەبارەت بە وڵاتانی عەرەبیش وشەی (مکتبە)یان بەکارهێناوە، بەمانا نوێیەکەی وشەیەکی نوێیە لە سەدەی نۆزدەهەمەوە بەکارهاتووە، چونکە عەرەب وشەی (دار، خزانە، بیت)یان بەکارهێناوە.

خۆ ئەگەر ئاوڕێک لە شارستانی ئیسلامی بدەینەوە، گرنگی زۆر دراوە بەکتێب و کتێبخانە، بەدرێژایی شارستانیتی ئیسلامی ژمارەیەکی ئێجگار زۆر کتێبخانە دامەزراون، ئەوانە وەک سەرچاوەیەکی مەعریفیی و فیکر و زانست و خوێندن و توێژینەوە وابوون، هەر لەبەرئەوەشە کتێبخانە لە ژیاری ئیسلامیدا جۆری زۆر بووە، ئەم هەمە جۆرییەش دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی کتێب و زانست و توێژینەوەی مەعریفی لەلای زانایانی مسوڵمان. دەتوانین کتێبخانە لە ژیاری ئیسلامیدا پۆلێن بکەین بۆ (کتێبخانەی تایبەت و نیمچەتایبەت و گشتی)، لە سەردەمی خەلافەتی ئومەویدا بناغەی یەکەمین کتێبخانەی ئیسلامی دانرا، معاویەی کوڕی ئەبوسوفیان کتێبخانەی تایبەتی هەبووە، لەمبارەیەوە (المسعودی) دەڵێت: معاویە یەک لەسەر سێی شەو دەخەوت، پاشان هەڵدەستاو ئەو تیانووسانەی دەهێنا، کە ژیاننامەی پاشاکان و هەواڵی جەنگەکانی تێدابوو، ئامادەی دەکرد و غوڵامەکانی بۆیان دەخوێندەوە، هەروەها معاویە بانگهێشتی (شریە الجرهمی) کردووە، کە یەکەمین کەس بووە کتێبی زمانی عەرەبی نوسیووە، خەلیفە معاویە پرسیاری لێ دەکرد دەربارەی عەرەبە پێشینەکان و پاشاکانیان، ئەویش وەڵامی دەدایەوە، دواتر خەلیفە معاویە فەرمانی دەکرد ئەو شتانەی کە (شریە الجرهمی) دەیڵێت بینووسنەوە، لە ئەنجامدا دوو کتێبیان نووسییەوە بەناونیشانی (الملوک و اخبار الماضیین) و (کتاب الامثال). بەڵام یەکەمین کتێبخانە لە شارستانیەتی ئیسلامیدا لەلایەن(خالید بن یزید بن معاویە)ەوە دامەزرا، کە لە ساڵی (٨٥ک/٧٠٤ز) مردووە، هەربۆیە ناوەندێکی دروستکرد بۆ گواستنەوەی کتێبەکان و بەعەرەبیکردنیان، ئیبن نەدیم دەڵێت: خالید بن یەزید یەکەم کەس بووە کە کتێبی پزیشکیی و

ئەستێرەناسیی و کیمیایی بۆ وەرگێڕدراوە، لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ئەو کتێبانەی وەرگێڕدراون و گرنگیان پێدرا لە سەردەمی (خالید بن یزید)دا بوونە کەرەستە و بابەتی کتێبخانەکەی خالید، کە بە یەکەم گەنجینە و کتێبخانە لە شارستانیەتی ئیسلامیدا دادەنرێت.

دواتر لە سەردەمی عەباسییەکاندا کتێبخانەکان پێشکەوتن و گەشەسەندنی بەرچاویان بەخۆوە بینیوە، چەندین جۆری کتێبخانە دەرکەوتن، لە بوارە جیاوازەکاندا کتێب دەنووسرا، ئەم سەردەمە بە سەردەمی داهێنان و پێگەیشتنی شارستانیەتی ئیسلامی و گەشەکردنی کتێبخانەکان لە مێژووی ئیسلامدا دادەنرێت، هۆکای ئەم پێشکەوتنەش دەگەڕێتەوە بۆ سەرهەڵدانی پیشەسازی کاغەز و بزووتنەوەی وەرگێڕان و پشتگیریی و هاندانی خەلیفە و کاربەدەستانی دەوڵەت.

لەم سەردەمەدا گەورەترین کتێبخانە لە شارستانیەتی ئیسلامیدا (کتێبخانەی بەیتولحیکمە)یە، کە لەسەر دەستی خەلیفەی عەباسییەکان (هارونە ڕەشیدا) دامەزراو و (کتێبخانەی تایبەتی قورتوبە)، کە لەلایەن حەکەم مستنصربالله دامەزراوە. بەوشێوەیە بۆمان دەرکەوت، مێژووی کتێبخانەکان زۆر کۆنە و گەلە کۆنەکانی نێوان دووڕووبار و دۆڵی نیل گرنگی زۆریان پێداوە، بەمەش گرنگیی و پێویستی کتێبخانە لە شارستانییەتە جیاوازەکان بەردەوام بووە هەتا گەیشتووە بەکتێبخانەکانی ئەم سەردەمە.

کتێب:

کتێب کۆکراوەیەکی تابلۆیی داری، یان قوڕی، یان داری عاجییە یان کۆمەڵێکی کاغەز، پێست، یان مادەیەکی لەو شێوازانەیە جا ئەگەر دەستنووس یان چاپکراو یان بەهەر شتێکی دیکە نووسرابێت. هەروەها پەرتووک یاخود کتێب، ناوەندێکی تۆمارکردنی زانیارییە لە شێوەی نووسین، یان وێنە، بەشێوەیەکی تایبەت لە چەند لاپەڕەیەک پێکدێت و پێکەوە بەندکراون و بە بەرگێک پارێزراوە.

کتێب یان پەرتووک بە عەرەبی(كتاب) و بە ئینگلیزی(book) ناوێکە بەکاردێت بۆ یەکێک لە پیرۆزترین بەرهەمەکانی مێژووی بیری مرۆڤایەتی. کتێب زادەی بیر و هۆشی مرۆڤە و لەپێناو لە بیرنەچونەوە و پاراستنیان لە فەوتان دەخرێتە سەر لاپەڕەکان، کتێب جوانترین دیاریی و بەرهەمی عەقڵی مرۆڤە، گەورەیی و پیرۆزی

کتێب لەوەدایە خودای گەورە خاوەنی کتێبە.
کتێب کۆبوونەوەی ئەزموونی مرۆڤەکانە بەشێوەی نووسراوی ئەزموونی کاری تەواوی مرۆڤەکانە، بە سەدان و هەزاران ساڵ بەر لە ئێستا کە نەماون و لەنێوچوون، بەڵام لەنێو کتێبەکاندا تۆمارکراون، هەربۆیە گرنگی کتێب لەوەدایە کە ئەزموونەکان بەزیندووی دەهێڵێتەوە و کتێب وەک ئاوێتەی تێڕوانین، هەست و سۆزەکان و پشکوتنی ئەو سەدەیە پیشان دەدات، لەبەرئەوە کتێب نرخی مێژوویی و فەرهەنگی و شارستانی خۆی هەیە و ڕۆڵی بەنرخی کتێب بەرانبەر بە ژیار و کۆمەڵگە و ژیانی مرۆڤ وەک هۆکارێکی گوازراوەی زانیاریی و بیروبۆچەنەکان خۆی دەردەخات. هەموو مرۆڤایەتی بە جیاوازی بیروباوەڕ و ئایین و ڕەگەزیانەوە کتێب بە پیرۆز دەزانن و هیچ کەسێک نییە لەم جیهانە پان و بەرینەدا دژی کتێب بێت، بەڵام وەکو کاڵا نەک ناوەڕۆک، چونکە ناوەڕۆکی کتێب هەموو جارێک بە دڵی خوێنەر نابێت و جاری واش هەیە وا لە خوێنەر دەکات کە نەک هەر بەدڵی نەبێت، بەڵکو دژیشی بووەستێت. بەڵام وەک کاڵایەک کتێب لەلایەن هەموو کەسێک و هەموو بیروباوەڕێک بە سەرچاوە و بنچینەی زانست و داهێنان و پێشکەوتن دادەنرێت. وتراویشە کتێب یەکێکە لە ئامرازە سەرەکییەکانی نەمری، لە مێژووی شارستانییەتەکاندا، ئەو شارستانییەتانەی لە مێژوودا گرنگیان بەنووسین و کتێب داوە، ناویان بەنەمری لە ڕەوڕەوەی مێژوودا ماوەتەوە. لەمبارەیەوە یوسف زێدان کە ڕۆشنبیرێکی میسرییە دەڵێت: (ئەو گەلەی دەخوێنێتەوە دەمێنێتەوە)، واتە گەلی خوێندەوار و ڕۆشنبیر هەتا هەتایە دەمێنێتەوە و لەناو ناچێت، خۆ ئەگەر گەلێک کتێب نەخوێنێتەوە ڕەنگە وەکو ژمارە و بوونی مرۆڤایەتی بمێنێت، بەڵام وەکو ئامادەیی هێز و خۆسەلماندن لە نێوان کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی ئەو میللەتە بە نەبوو دێتە هەژمار، هەربۆیە کتێب کاریگەری لەسەر هەموو ژیانی مرۆڤەکان هەیە، بەتایبەتی کولتوور و توانای هزری لەناو کۆمەڵگای مرۆڤایەتی.
لەگەڵ هەموو ئەو پێناسانەی بۆ کتێب کراوە، بەڵام لە باوترین پێناسەشیدا، وەک هەژار موکریانی دەڵێت: «دۆستی ڕاست و بێ منەت کتێبە و بەس، مێژووت بۆ دەگێڕێتەوە، چیرۆکی کۆن و تازەت بۆ دەگێڕێنەوە، لێی بپرسە جوابت دەداتەوە و هەرگیز منەتت بەسەردا ناکات».

ڕێکخراوی یونیسکۆ بەم شێوەیە پێناسەی کتێب دەکات: «هەر بەرهەمێکی فیکری کە لە دوو تویی دوو بەرگدا بێت و ناونیشان و نووسەرێکی هەبێت و کۆی گشتی لاپەڕەکانی بگاتە (پەنجا) لاپەڕە، ئەوا بە کتێب دادەنرێت».

پۆلێنکردن:

وشەی پۆلێن (التصنيف) لە وشەی(classification) ئینگلیزییەوە وەرگیراوە، لە بنەمادا وشەیەکی لاتینییە و داڕێژراوە، مانا و دەربڕینەکەی یان هێماکەی بۆ گرووپ و دەستە و چین و توێژێکە، واتە (class) کە کۆمەڵگەی لێ پێکدێت، چونکە کۆمەڵگە بەپێی هەندێ بنەما دەکرێت بە چین و توێژی جیاوازەوە، هەروەها (class) بەمانای پۆل و گرووپ دێت و کۆمەڵە شتێک دەگرێتەوە کە یەک سیفەتی هاوبەش و چوونیەکیان لەناو خۆیاندا هەڵگرتووە، واتە سیفەتە سەرەکییەکە لە هەموو بەش و پێکهاتەکانی بەشدارە، کەواتە لە کاری پۆلێنکردندا بابەتە لێکچووەکان لە شوێنێکدا کۆدەکرێتەوە و بابەتە جیاوازەکانی تر لە خۆی دوور دەخاتەوە. بەدڵنیاییەوە وشەی پۆلێن وشەیەکە بەسەر پرۆسەی ڕێکخستنی بابەتەکان (بیروبۆچوونەکان، سەرچاوە، کەلوپەل) دەگونجێت، کەواتە پۆلێنکردنی کتێب و سەرچاوەکان بریتییە لە هونەری دۆزینەوەی بابەتی سەرەکی هەموو چاپکراوەکان و دانانی هێمایەک لە خشتەکانی پۆلێن، ئەو هێمایەی لە پۆلێنی دیوی بەکاردەهێنرێت لە ژمارەدا خۆی دەبینێتەوە و ئاماژە بە بابەتی کتێب و سەرچاوەکان دەکات.

پۆلێنکردن لە زمانەوانیدا بریتییە لە، جیاکردنەوەی بابەتەکان لە یەکتر، لەڕووی زاراوەییەوە پۆلێن واتە ڕێکخستنی زانیارییە لەیەکچووەکان، لەڕووی بابەتەوە لە شوێنێکی دیاریکراو و بە هێمایەکی تایبەت.

پۆلێن گرنگترین پرۆسەی هونەرییە کە لەگەڵ کتێبدا ئەنجام دەدرێت و بە بنچینەی کارە سەرکەوتووەکانی کتێبخانە دادەنرێت، جێگایەکی دیار و گرنگی لە زانستەکانی کتێبخانە و زانیاریدا هەیە، لەبەرئەوەی کاری ڕێکخستنی سەرچاوەی زانیاریی و زانستی مرۆڤایەتییە، لەبەرئەوەش پۆلێنکردن بەکارێکی گرنگ و کۆڵەکەی کتێبخانە و بنکەی زانیارییەکان دادەنرێت. لەهەمانکاتدا پۆلینکردن هونەری دۆزینەوەی بابەتی کتێبە و بە هێما ئاماژەی بۆ دەکرێت، ئەو هێمایە

یان ژمارەیە یان پیت و ژمارەیە بەیەکەوە، واتە هەر بابەتێک لە سیستەمی دیاریکراوی پۆلێنکردندا هێمای تایبەتی خۆی هەیە. ئەمەش وادەکات بابەتە لەیەکچووەکان لە شوێنێکدا کۆببنەوە، بەشێوەیەک هەر بابەتێک لە کتێبخانەدا یەک شوێنی دیاریکراوی هەبێت، کەواتە پۆلێنکردن بایەخدانە بە ناوەڕۆکی بابەتە ڕۆشنبیرییەکە و بەپێی سیستەمێکی تایبەتی زانستەکان ڕێکدەخات و هەر بابەتەی هێمای خۆی پێ دەبەخشێت.

لە دیارترین پێناسەشدا، پۆلێن بریتییە لە جیاکردنەوەی سەرچاوەکانی کتێبخانە، بەپێی بابەتەکانی و سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی ئەم بابەتانە بەپێی لێکچوون و لێکنزیکیان لە بابەتەکاندا، بەمەرجێک لەبابەتی گشتییەوە بۆ بابەتی تایبەتی و لە هەمان پۆلدا، بەواتایەکی تر پۆلێن کۆکردنەوەی شتە لەیەکچووەکانە بەدانانی شتە لەیەکچووەکان لەگەڵ یەکتردا، بەپێی مەرجەکانی لەیەکترچوونیان، هەروەها جیاکردنەوەی لەیەک نەچووەکانە بەپێی لەیەکتر نەچوون و نەگونجانیان. لە پێناسەیەکی دیکەشدا، پۆلێن بریتییە لە کۆکردنەوە و ڕێکخستنی کەرەستە لەیەکچووەکان لە بەشی دیاریکراودا بەگوێرەی خەسڵەتی لە یەکچوونیان و جیاکردنەوەیان لەیەکتر بەپێی بابەتەکانیان، ئەمەش لەژێر ڕۆشنایی ڕێبازی دیاریکراوی پۆلێن دادەنرێن، کە بۆ دەرخستن و دۆزینەوەی بابەتی کتێب و سەرچاوەی زانیاریی و دەستنیشانکردنی بەهێمایەک لە هێماکانی سیستەمی پۆلێن بەکارهاتوو لە کتێبخانەدا، کە بەهۆیەوە خوێنەر لە هەر شوێن و ئاستێکی خوێندندا بێت بتوانێت بگات بەو سەرچاوانە، لەهەمانکاتدا پۆلێن بەکار و چالاکییە فراوانەکەی واتە کۆکردنەوەی بابەتە لێکچوو هاوشێوەکان، یان دانانی بابەتە هاوشێوە و نزیکەکان لەیەکەوە و پێکەوە، ئەمەش بۆئەوەی سەرچاوەی کتێبخانە بە ئاسانترین شێوە و بەکەمترین کات بگاتە دەستیان، بەمەش ئاسانکاری ئەنجامدەدرێت بۆ دۆزینەوەی کتێبی دیاریکراو و زانینی شوێنەکانیان بەخێرایی و کەمترین کۆشش. هەر لەبارەی پێناسەی پۆلێنەوە ماری جەمیل دەڵێت:» پۆلێن لە زانستی کتێبخانەدا بەواتای ڕێکخستنی کتێبەکانی ناو کتێبخانە بەپێی بابەتەکانیان دێت، بەجۆرێک هەموو کتێبەکانی یەک بابەت لە یەک شوێن لەنێو ڕەفەکان کۆبکرێتەوە».

بەشێوەیەکی گشتی پۆلێنکردن ڕێکخستنە بۆ گەیشتن بە هەربابەتێک لە

بابەتەکانی ڕۆشنبیری بەشێوازیکی ئاسان و خێرا و بەواتایەکی تایبەتیش بریتییە لە دۆزینەوەی شوێنی هەر پەرتوکێک، دیاریکردنی ئەم شوێنەش بە هێمایەک لە هێماکانی پۆلێنکردن دەبێت کە لە پەرتووکخانەکاندا بەکاریدەهێنن، کەواتە پۆلێنکردن بەواتا گشتییەکەی بریتییە لە ڕێکخستنی بابەتەکان بەپێی لێکچوون و جیاوازیان.

هەر لەبەر ئەمەشە پۆلێن پێناسە کراوە بەدابەشکردنی لۆژیکییانەی زانیاری مرۆیی، لە گشتی تەواوەوە بۆ گشتی و بۆ تایبەتی و زۆر تایبەتی بۆ ئەوپەڕی تایبەتمەند، هەتا دەگات بە بچووکترین بەشی ئەو زانیارییە مرۆییە. لەهەمانکاتدا پۆلێن هونەری دۆزینەوەی بابەتی هەموو مەتریاڵێکی کتێبخانەیە، بەهێمایەک دەردەبڕێت بەمەبەستی ڕێکخستنی کتێب و کۆکردنەوەی کتێبە لەیەکچووەکان بەشێوەیەک پەیوەندی بابەتیان بەیەکەوە دەرکەوێت و دانانی ئەو کتێبانەی کە بابەتەکانیان بەڕێژەیەک لەیەک دەچن.

مێژووی پۆلێنکردن:

مرۆڤ لە کۆنەوە دەرکی بەکرداری پۆلێنکردنی بەرهەمە نووسراوەکانی کردووە لەهەر شوێنێک بووبێت. مێژووی پۆلێنکردن زۆر کۆنە، دیاریکردنی سەرەتایەک بۆ مێژووی پۆلێن کارێکی ئاسان نییە، مرۆڤ هەر لە کۆنەوە گرنگی زۆریداوە بە پۆلێنکردن، بەپێی ئەو سەرچاوانەی کە بەدەستمان گەیشتوون، مێژووی پۆلێنکردن دەگەڕێتەوە بۆ ٢٧٠٠ پ.ز، کە لەسەر تاتە قوڕ ئەنجامیان دابوو، ئەمەش لە کتێبخانەی نیبوور لە میزۆپۆتامیا.

نووسین لەسەر ئەم تاتە قوڕانە بە پێنوسێکی نووک کانزایی بووە، یان تەختەدارێکی نووک تیژ، چونکە نووسینەکان لەسەر قوڕەکە دەبوایە شوێنەکە چاڵ بکەن، ئەم تاتە قوڕینانە پاش وشکبوونەوەیان دەبرانە نێو هۆڵێکی گەورە و بەپێی نووسینەکان جیا دەکرانەوە، دەتوانرێت بوترێت ئەم تاتە قوڕینانە ڕۆڵی کتێبیان بینیوە، چونکە بەسەدان وشە لەسەر یەک تاتە قوڕ نوسراوە.

وەک وترا پۆلێن گرنگیی و بایەخی خۆی هەیە، ژیانی ئێمە پڕە لە نموونەکانی پیادەکردنی پۆلێن، بەبێ ئەوەی پێیان بزانین یان هەستی پێ بکەین، ئەوەتا ئێمە لە ماڵەکانماندا ژووری میوان و نانخواردن و نووستن دیاری دەکەین، دەرمانسازیش

دەرمانخانەکەی ڕێکدەخات و جێگەی تایبەت بۆ هەرجۆرە دەرمانێک دیاری دەکات، بۆئەوەی بەزووترین کات بیاندۆزێتەوە، تەنانەت بینای قوتابخانەیەک بەپێی بەکارهێنان دابەشدەکرێت، ژوورێک بۆ بەڕێوەبەر و ژوورێک بۆ مامۆستایان و بۆ تاقیگە و بۆ قوتابخانە و وانەوتنەوە. ئەم ڕێکخستنە یارمەتیدەرە بۆ پاراستنی ڕێکوپێکی و چالاکییەکانی قوتابخانە، لە قوتابخانەکاندا، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی، پۆلێنکردن بەچەمکی نوێوە لەم سەدانەی دوایی داو لە سەدەی پازدە بەدواوە داهێنرا و گەشەی سەند و بەردەوام بەهۆی زیادبوونی کتێبەکان و زۆر بوونی پێداویستییەکان بەرەو پێشکەوتن ڕۆیشتووە.

مێژووی پۆلێنکردن مێژووی هەوڵدانی ڕێکخستنی بیری مرۆڤە، هەر لەوکاتەوەی هەستی بە دەوروبەری کردووە و بەشەکانی سروشتی لە یەک جیاکردەوە سەرەتا و بنەمای پۆلێنکردنی هێناوەتە کایەوە، کەواتە هەر لە سەرەتاوە مرۆڤ هەوڵیداوە سیستەمێکی تایبەتی بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی شتەکانی سروشت بەیەکەوە ببەستێتەوە و هەوڵی تێگەشتنیان بدات و پەیوەندی لە نێوانیاندا بدۆزێتەوە.

سوود و ئامانجەکانی پۆلێنکردن:

مرۆڤ هەر لە کۆنەوە گرنگی زۆریداوە بە پۆلێنکردن و لە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤەکانەوە بۆ نێو ڕەفەی کتێبخانەکان، پۆلێنکردن سوود و ئامانج و گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، پێویستە گرنگی و بایەخی تایبەتی بەپۆلێنکردن بدرێت و ئەو گرنگییەش لەبەرچاو بگیرێت.

چونکە پۆلێن تەنها کتێب و زانستەکانی ناوی ناگرێتەوە، بەڵکو زۆر بەکارهێنانی دیکەی هەیە لە ژیانی ڕۆژانەماندا، ماڵ پێویستی بە پۆلێن هەیە، هەروەها پێشانگا و بازاڕەکان، سوپەرمارکێتەکان بابەتەکانیان پۆل پۆل کردووە بەجۆرێک بابەتی لەیەکچوو بەتەنیشتی یەکەوەن، بەبێ پۆلێنکردن سەردانی بازاڕەکان ئاسان نابێت و چێژی لێوەرناگیرێت. لە بواری پەروەردە و فێرکردنیشدا خوێندنگەکان و مامۆستاکان و خوێندکارەکان پۆلێنکراون بەپێی تایبەتمەندی خۆیان، هەروەها دەرمانسازەکانیش لە دەرمانخانەکاندا بەپیی ئەو نەخۆشییانەی دەرمانیان بۆ دەنووسن یان بەپێی شەریکەی دەرمانەکە تەواوی دەرمانەکانیان لەسەر ڕەفەکانیان

ڕێکدەخەن. ئەمانەش چەند نموونەیەکی گرنگی پۆلێنکردنن لە ژیانی ڕۆژانەماندا.

پۆلێنکردن نەک تەنها لە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤەکان پێویست و گرنگە، بەڵکو گرنگی و بایەخ و پێویستی و پۆلێن زیاتر لە کتێبخانەکاندا دەردەکەوێت، چونکە بەهۆی کاری پۆلێنەوە سەرچاوەکانی کتێبخانە لەڕووی بابەت و نزیکی و دووریان لە هەمان پۆل و بابەت ڕێکدەخرێن لەنێو ڕەفەکانی کتێبخانە، سوود و ئامانج و گرنگی پۆلێن لێرەدا دەردەکەوێت کەدەبێتە کارئاسانییەکی باش و یارمەتیدەر بۆ فەرمانبەرانی کتێبخانە و هاوکاریەکی باشیشە بۆ خوێنەران و توێژەران کە بە ئاسانی دەستیان بە بابەت و سەرچاوەی گرنگ و پێویست لەنێو کتێبخانەکاندا دەگات.

پۆلێنکردن سوودی گەورەی هەیە بۆ هەریەک لە (خوێنەر، توێژەر، خوێندکار، مامۆستا) و دەبێتە ئاسانکارییەک لە دۆزینەوەی هەر کتێبێکدا کە بیەوێت، ئەمەش لەڕێگەی ئەو هێمایەی سەر کتێبەکە ئاماژەی پێکراوە کە شوێنی کتێبەکە لەسەر ڕەفەکان دیاری دەکات. پۆلێن بە بنچینەی کارە سەرکەوتووەکانی کتێبخانە دادەنرێت، کتێبخانە پێویستییەکی زۆری هەیە بە پۆلێنکردن سەرچاوەکانی، پۆلێنێکی هونەرییانە تاوەکو خوێنەران و توێژەران بە ئاسانی و خێرایی بگەنە سەرچاوەکای کتێبخانە.

ئامانجی سەرەکی پۆلێنیش گەیشتنی خوێنەرانە بەو سەرچاوانەی لە کتێبخانەدا هەیە بەئاسانترین شێوە و کەمترین ماوە، لەمبارەیەوە مارگارت مانی شارەزای کتێبخانەکان دەڵێت: (ئامانجی پۆلێنکردن ئەوەیە، کە کۆمەڵە کتێبەکان بە چەشنێک سیستەم بکرێت کە هەر کتێبێک بە ئاسانی بدۆزرێتەوە).

پۆلێن زۆر کار لەکتێبخانە ئەنجام دەدات، کەدەبێتە بنەمای کاری ڕێکخستنی سەرچاوەکانی کتێبخانە بەمەبەستی بەکارهێنانیان، لەهەمان کاتدا کارئاسانی بۆ توێژەران دەکات بەپێدانی زانیاری بۆ گەیشتن بەو بابەتانەی کەمەبەستیانە بەئاسانترین شێوە لەکاری خواستندا، لەهەمان کاتدا پۆلێن کاردەکات بۆ کۆکردنەوەی کتێب لە بابەتێکی دیاریکراو لە شوێنێکی دیاریکراو، ئەو بابەتانەی لێکدەچن لەیەکیان نزیک دەکاتەوە. بەمەش سنوورێکی ڕوون بۆ سەرچاوە و لقە جۆراوجۆرەکانی زانین دادەنێت و ڕێگری دەکات لە تێکەڵبوونی کتێبەکانی کتێبخانە لەگەڵ یەکتردا.

ئامانجی سەرەکی و بنەڕەتی پۆلێنکردن، ڕێکخستنی بەرهەمەکان و کەرەستەکان و سەرچاوەکانی کتێبخانەیە هەتا لەو ڕێگەیەوە بتوانرێت ئەو کتێبانەی کە پێویستە لەنێو کۆمەڵە کتێبەکاندا بەخێرایی و بەئاسانی بدۆزرێتەوە، بەواتایەکی دیکە ئامانجی پۆلێنکردن ئامادەکردن و ڕێکخستنی کۆمەڵە کتێب و کەرەستەکانی کتێبخانەیە بۆ کەڵکوەرگرتن بەچەشنێک کە بەبوونی کەمترین زانیاری سەبارەت بەکتێب یان بەرهەمێک بتوانرێت بەئاسانی و بەخێرایی بدۆزرێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا پۆلێن سوودێکی گرنگی بۆ پسپۆڕی کتێبخانە هەیە، چونکە پرۆسەی پۆلێن زەمینەی بۆ دەڕەخسێنێ کەوا خزمەتی خوێنەران بکات بە وەڵامدانەوەی داخوازیان لە کەمترین ماوەدا، بێ ئەوەی بەهیچ جۆرێک کاتیان بەفیڕۆ بدات، لەهەمانکاتدا تێگەشتن لە سیستمی پۆلێنی بەکارهێنراو لە کتێبخانەدا و چۆنیەتی پراکتیزەکردنی کارێکی یەکجار پێویستە بۆ سەرجەم کارمەندانی کتێبخانە هەتا بتوانن کتێبەکان بگەیەننە شوێنی خۆیان و بەئاسانییش بگەڕێنەوە سەریان لەنێو ڕەفەکاندا. واتە ڕێگەیەکە بۆ گەڕانەوەی کات لەکاتی دەرهێنانی کتێب و گەڕانەوەی بۆ جێگای خۆی بەوردی و بەپێی بابەتەکان. کەواتە ئامانج لەپۆلێنکردن ڕێکخستنی کتێبەکانە بەشێوەیەک کە بتوانرێت بەئاسانی بەدەست بهێنرێت، بەمەش کات و هەوڵی پێویستیان بۆ دەگەڕێنێتەوە.

لەگەڵ هەموو ئەوانەی باسکران، یەکێکی دیکە لە سوود و ئاماجەکانی پۆلێن ئەوەیە هاوکار و دەستبارێکی باشە بۆ فەرمانبەرانی کتێبخانە، کە دوای گەڕانەوەی کتێبەکان لەلایەن خوێنەران و توێژەرانەوە، بەئاسانترین شێوە و لە کەمترین کاتدا کتێبەکان دەخرێنەوە شوێنی خۆیان لەنێو ڕەفەکان، چونکە پۆلێن دەستبارێکی باش بووە بۆ جیاکردنەوە بابەتەکانی کتێبەکان و جیاکردنەوەی سەرچاوەو بەشەکان لەنێو ڕەفەکان.

بەشێوەیەکی گشتی پۆلێن سوود و ئامانجی گرنگی هەیە بۆ کتێبخانە، وەک وتراوە پۆلێن و کتێبخانە دوو ڕووی یەک دراون و پۆلێن دەبێتە هۆی ڕێکخستنی سەرچاوەکانی نێوە ڕەفەی کتێبخانەکان و بەرچاو ڕۆشنی زیاتر دەدات بە ئارەزوومەندانی کتێب و توێژەران و گەڕانەوەی کاتی گونجاو بۆ ئەو کەسانەی بەدوای سەرچاوەکاندا لەنێو کتێبخانەدا دەگەڕێن.

سەرچاوەکان

کوردی:

١.ئەحمەد میرزا ڕۆستەمی، شاهۆ عوسمان: زانستی پێڕست و پێرستکاری کتێب، چاپخانەی سارا، چ١، ٢٠١٧.

٢.جەزا ئەحمەد قەرەداغی: کتێبخانە لەنێوان سەرهەڵدان و ناسیندا، چاپخانەی شڤان، چ٢، سلێمانی، ٢٠١٣.

٣.د.ڕەحمەتوڵڵا فەتاحی: پۆلێنکردن بنەما و شێوازەکان، و: بورهان شاهمورادی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چ١، هەولێر، ٢٠١٠

٤.د.ربحی مصطفی علیان، د.أمین النجداوی: دەستپێک لە زانستی کتێبخانەکان و زانیارییەکان، و:شێرزاد سەعید محەمەد، چاپخانەی ڕوون، چ١، سلێمانی، ٢٠١٢.

٥.سوند دال: مێژووی کتێب، و: ئەدهەم ئەمین، چاپخانەی خانی، چ١، دهۆک، ٢٠٠٨.

٦.شاهۆ عوسمان: دەروازەیەک بۆ زانستی کتێبخانەکانو سەنتەری زانیاری، چاپخانەی شەهاب، چ١، هەولێر، ٢٠٠٩.

٧.شاهۆ عوسمان سەید قادر: کتێبخانەی قوتابخانە و خوێندنگاکان، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠١٧.

٨.شێرزاد سەعید محەمەد: بنەماکانی پێڕست و پۆلێن لەکتێبخانە و بنکە زانیارییەکاندا، چاپخانەی کەمال، سلێمانی، ٢٠١٠.

٩.شێرزاد سەعید محەمەد: لەبازنەی زانستی کتێبخانە و زانیارییەکاندا، چاپخانەی کارۆ، بێ چاپ، سلێمای، ٢٠١١.

١٠.فائزە ئەحمەد: مێژووی کتێبخانەکانی هەولێر، چاپخانەی هونەر ولات، چ١، هەولێر، ٢٠٢٢.

١١.فەهیم مستەفا: پۆلێنی کتێب، و: یاسین قادر بەرزنجی، چاپخانەی شەهاب، چ٢، هەولێر، ٢٠١٢.

١٢.کۆمەڵەی کتێبخانە و زانیارییەکان: کۆنفرانسی یەکەمی کتێبخانە و زانیارییەکان، چاپخانەی شەهاب، چ١،

هەولێر، ٢٠٠٦
١٣.کۆمەڵێک نووسەر: چەند تیشکێک لە خۆری شارستانێتی ئیسلامی، بڵاوکراوەی توێشووی قەڵەم، چاپخانەی ڕێنوێن، چ١، سلێمانی، ٢٠٢١.
١٤.هەژار موکریانی: چێشتی مجێور، بێ چاپخانە، چ١، پاریس، ١٩٩٧.
١٥.یاسین قادر بەرزنجی: زانستی کتێبخانە و زانیارییەکان، چاپخانەی ئاوێنە، سلێمانی، ٢٠١٠.
نامە و تێزە ئەکادیمییە بڵاونەکراوەکان:
١.ئاسۆ محمد محمود: کتێبخانەکانی عێراق و ڕۆڵیان لە پێشخستنی شارستانییەتی ئیسلامیدا (١٣٢-٤٤٧ک / ٧٥٠-١٠٥٥ز)، (نامەی ماستەر)، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی هەڵەبجە، ٢٠٢٣
عەرەبی:
١.زکی مصطفى عليان: دور الكتب والمكتبات فی الحضارة العربية الاسلامية، ج٢، مركز الدراسات الفكرية للنشر، القاهيره. د.س.
٢.عبدالله مشعل عبيدات واخرون: أسس الفهرسه والتصنيف، دار الميسر للنشر والتوزيع، طبعة الاولى، الاردن، ٢٠٠٢.
٣.د.فريده محمد عبدالعال على: آليات تصنيف المكتبات، دارالمعتز، الطبعة الاولى، الاردن، ٢٠١٥.
٤.ماری جميل فاشه: دليل المدرس فی إنشاء مكتبة، دار الشروق للنشر والتوزيع، الطبعة الاولى، الاردن، ١٩٨٣.
٥.وزاره الثقافة: مختصر التصنيف فی المكتبات ونظام ديوی العشری، منشورات وزاره الثقافة-مديرية المراكز الثقافية، سوريه، ٢٠١١.
گۆڤار:
١.جوان عەبدولعەزیز: گرنگی و چۆنیەتی بەکارهێنانی پەرتوکخانە، گۆڤاری پەروەردە و فێرکردن، ژمارە(٤)، ٢٠٠٩.

مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی

بیبلیۆگرافیا و پێڕستی لە پڕۆژەی

(کورد و کوردستان- بیبلیۆگرافیا و پێڕستیان لە کتێبی کوردیدا ١٩٢٠- ٢٠١٠)

ئامادەکردن: بوار نوورەدین

تێبینی:

تێبینی: بەکاربەری ئەم بیبلیۆگرافیایە، بۆ هەر سەرنج و ڕوونکردنەوەیەك، پێویستە کەڵك لە ژمارەکانی پێشتری گۆڤاری خاڵ وەربگرێت.

کورتکراوەکان:

پ.: پێوانە (بە سانتیمەترە و پانی پێش درێژی نووسراوە)

پ.د.ک.: پارتی دیموکراتی کوردستان

چ.: چاپخانە

چاپ.: نۆرەی چاپ

ژ.: ژمارە

ژ.س.: ژمارەی سپاردن

ژمارەی جێگیری نێودەوڵەتیی کتێب: ISBN: International Standard Book Number

س.: ساڵ

ش.: شوێن

ل.: لاپەڕە

ی.ن.ک.: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

و.: وەزارەت.

؟: هەر زانیارییەکی نادیار و نەزانراو

یەکەم: بیبلیۆگرافیای کتێب «نووسین و وەرگێران» لە کتێبی کوردیدا ١٩٨١- ٢٠١٠

١- وڵاتگیری ڕەشە خاکی عیراق- فتوح سواد العراق

نووسین: ؟ گوایە (واقدی) نووسیویەتی

وەرگێڕانی لە زمانی عەرەبی و پەراوێزکردن: مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی

چاپ.: یەکەم، چ.: ؟، ش.: ؟، ژ.س.: ؟، س.: ١٩٨١، ل.:٤٣، پ.:١٥×٢١

ناوەرۆک: گلەیی و گازندە و بەرانگاری: وەرگێڕ/ دیباچەی فارسی مەلا عەبدولعەزیزی واعزی بە کوردی/ داگیرکاری ڕەشەخاکی عێراق/ باسی فەروخ خان/ باسی مەلک ئەژدەر (ئەشتەر- هەشتەر)/ باسی داگیرکرانی دوگومانە (دوقومان) و چیاکان/ باسی داگیرکرانی شیدەرە و ناوچەکان/ باسی شارەزوور/ باسی داگیرکردنی ئازەربایجان/ باسی داگیرکردنی ئورمیە/ باسی بانیج/ سەرچاوەی پەراوێزەکان.

تێبینی: ساڵی لەسەر نەنووسراوە و بە پێی «پێشەکی»یەکەی «مەلا جەمیل» ساڵی بۆ دانراوە.

٢- فەرمانڕەوایی موکریان

نووسین: محەمەد جەمیل ڕۆژبەیانی

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی

چاپ.: چ.: دار الحریة، ش.: بەغدا، ژ.س.: ٦٤٦، س.: ١٩٩٢، ل.:١١٧، پ.:١٧×٢٤

ناوەرۆک: فەرمانڕەوایی موکریان- سەرەتا/ موکریان کوێ بووە و بە کوێ وتراوە؟/ پێشینەی مێژوویی موکریان/ ماننا/ ماد و پارس/ موکریان لە سەردەمەی ئیسلاما/ میر سەیفەددین خانی موکری/ میر سارم کوڕی سەیفەددین خان موکری/ بابا عەمری کوڕی ئەمیر سەیفەددین/ ئەمیر بەگی کوڕی حاج عومەری کوڕی سارم/ ئەمیرە بەگی کوڕی شێخ حەیدەر کوڕی ڕوستەم/ حەسەن کوڕی خدر کوڕی ڕوستەم/ بابا عومەر کوڕی سەیفەددین/ ئولوغ بەگ کوڕی میر خدر کوڕی ڕوستەم/حسێن کوڕی شێخ حەیدەر

کوڕی ڕوستەم/ شێخ حەیدەر کوڕی ئەمیرە پاشای موکری/ ڕۆستەم بەگ موکریانی/ قوباد خانی کوڕی شێخ حەیدەر کوڕی ئەمیرە پاشای موکری/ جەلالی کێ بوون؟/ جەلالییەکان لە ئێرانا/ شەڕی قەڵای دمدم چۆن ڕووی دا؟ و ئەم قەڵا سەختە چۆن گیرا؟/ ئولوغ بیگ/ شیرخان بەگ و مەقسوود بەگ/ بڵباس/ بوداق سوڵتانی کوڕی شیربەگ خان/ عەلی نەقی خانی موکری/ ئاقاجانی خانی کوڕی ئیبراهیم ئاغای موکری/ سەرچاوەکانی ئەم سیپارەیە/ درەختی بنەماڵەی میری لەپ زێڕین و میر سەیفەددین و فەرمانڕەوایانی موکری.

٣- شۆڕشی نەتەوەیی کورد لە تورکیا- هۆی- بایەخی سوپایی- چۆنێتیی لەشکرکێشی و بەڕێوەبردن

نووسین: ئیحسان نووری پاشا (بتلیسی ١٩٢٥)

وەرگێڕانی لە زمانی تورکی عوسمانییەوە: جەمیل ڕۆژبەیانی

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی

چاپ: یەکەم، چ: دارالحریة، ش: بەغدا، ژ.س: ٢٥٠، س: ١٩٩٣، ل:٣٧، پ:١٤×٢١

ناوەرۆک: پێشەکییەکی کورت: وەرگێڕ/ پێشەکیی نووسەر/ هۆی ڕاپەڕین و شۆڕش/ دادگا و زبان/ زانیاری/ بەدکاری و بەدکرداری/ زۆرەملێتی سوپایی/ دووبەرەکی و ناکۆکی/ باج و پیتاکدانی کورد/ ڕەگەزی بنەڕەتی/ کردنە تورک و ڕەهەنەکردن/ هەڵبژاردن/ چۆنێتیی ڕاپەڕین و شۆڕشەکە/ بایەخی سپایی ڕاپەڕینەکە/ جۆری لەشکرکێشی و بەڕێوەبەرایەتیی شۆڕشەکە/ لە خۆرهەڵاتدا ئاشتی و ئاسایش دانامەزرێ تا کورد نەگاتە خواست و ئارەزووی نەتەوەیی خۆی...

٤- مێژووی حەسەنوەیهی و عەییاری

نووسین: محەمەد جەمیل ڕۆژبەیانی

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی

چاپ: یەکەم، چ: دار الحریة، ش: بەغدا، ژ.س: ٧٢، س: ١٩٩٦، ل:٢٧٩، پ:١٥×٢١

ناوەرۆک: سۆزی دەروون: محەمەد جەمیل ڕۆژبەیانی/ پێشەکی/ ناوی دینەوەر لەچییەوە هاتووە؟/ دینەوەر کوێ بووە؟ و کەوتوتە کوێوە؟/ دینەوەر چۆن بووە و وە چی بەسەرهاتووە؟/ دینەوەر لە کەیەوە هەیە؟/ دینەوەر لە مێژووی سەردەمی ئیسلامیدا/ سەرداران و فەرمانڕەوایانی کورد لە دینەوەر/ عەیشانییە/ بنەماڵەی حەسەنوەیهیی کورد/ حەسەنوەیهی کوڕی حسەینی بەرزیکانی/ ئەبو نەجم بەدر کوڕی حەسەنوەیهی کوڕی حسەین بەرزیکانی/ ڕەوشتی بەدر/ دەورانی نسکۆ/ وێنەی پردی ئالیشتەر (لوڕستان) کە بە فەرمانی بەدری حەسەنوەیهی دروست کراوە/ وێنەی کورسییە بەردینەکەی میر بەدری حەسەنوەیهی/ وێنەی قەڵای سەرماژ/ وێنەی دەقی ئەو نووسینە کوفییەی لە چواردەوری کورسییەکەدا

هەڵکۆڵدراوە/ هیلال (هلیل) کوڕی بەدر/ تاهیری کوڕی هیلال/ بەدر کوڕی تاهیر/ زانایان و ئەدیبان و شێخان و دەروێشانی بەناوبانگی دینەوەر/ سیپارەی دینەوەر و فەرمانڕەوایی حەسەنوەیهی/ سەرەتا/ ناوی حەلەوان/ ڕیشەی ناوی حەلەوان/ حەلەوان و مێژوو/ فەرمانڕەوایی عەییاری (عنازی)/ ناوەکە عیارە یان عنازە؟/ حەلەوان وێران بوو بەڵام ناوی و خەڵکەکەی زیندوو مانەوە/ دێرینەی کۆن لە هەرێمی حەلەواندا/ زانا و ئەدیبانی حەلەوان و دەوروبەری/ سەرچاوەکان/ کورتەیەک لەبارەی کتێبەکە بە زمانی عەرەبی.

٥- وڵاتگیری ڕەشە خاکی عیراق- فتوح سواد العراق

نووسین: ؟ گوایە (واقدی) نووسیویەتی
وەرگێڕانی لە زمانی عەرەبی و پەراوێزکردن: مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی
لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری
چاپ: دووەم، چ: ش: سلێمانی، ژ.س: ١٣، س: ١٩٩٧، ل: ٤٣، پ: ١٥×٢١
ناوەرۆک: بۆ ئاگاداری: وەزارەتی ڕۆشنبیری/ هەمان ناوەرۆکی چاپی یەکەمی هەیە، بڕوانە کتێبی ژمارە یەکەم.
تێبینی: بۆ نۆبەتی چاپ، نووسراوە «یەکەم» و چاپی دووەمە.

٦-چوار دەوڵەتی کورد- چوار دەوڵەتی فەرامۆشکراوی نەناسراو دونبولی، شاهێنی، شوانکارە، میننەتشاهی

نووسین: مەلا محەمەد جەمیل ڕۆژبەیانی
لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری
چاپ: یەکەم، چ: و- ڕۆشنبیری، ش: هەولێر، ژ.س: ١٠٣، س: ٢٠٠٠، ل: ١٥١، پ: ١٦×٢٢
ناوەرۆک: بە ناوی ئێزەدی میهرەبان/ فەرمانڕەوایی دونبولی لە تەورێز و دەوروبەریدا/ دەوڵەتی شاهینیی کورد فەرمانڕەوایی (شاهێنی) لە هەوراوەکاندا/ فەرمانڕەوایی شوانکارەی کورد لە هەرێمی فارس و کرمان و ئەسفەهاندا/ فەرمانڕەوایی میننەتشاهی (مەنتەشا)ی کورد لە بەشی کوردستانی ژێر دەستی ڕۆمدا/ پاشکۆ لە نووسینی: شوکر مستەفا/ زازایی دملی/ پەراوێزەکان.

٧- عێلی جاوان- عێلی لەبیربراووە ناودارانی لەبیر نەماو

نووسین: د.مستەفا جەواد
وەرگێڕانی: م.جەمیل ڕۆژبەیانی
لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
چاپ: ؟، چ: سەردەم، ش: سلێمانی، ژ.س: ٤٦٦، س: ٢٠٠٠، ل: ٩٨، پ: ١٤×٢٠
ناوەرۆک: کورتەی سەرگوزشتەی د.مستەفا جەواد (خ. خ.)/ بەرکوڵ/ ناوی جاوان چۆن بۆتە جاف/ جاوان/ پێرستی ناوەکان.
تێبینی: ئەم کتێبە، ساڵی ٢٠٠٠ ژمارەی سپاردنی بۆ وەرگیراوە و ساڵی ٢٠٠١ چاپکراوە.

٨- یاداشتەکانی مەئمون بەگ کوڕی بێگە بەگ فەرمانڕەوای شارەزور- ڕووداو و بەسەرهاتەکانی ناوچەی شارەزور پێنج سەد ساڵ بەر لە ئەمڕۆ

نووسین: مەئموون بەگ کوڕی بێگە بەگ

وەرگێڕانی لە زمانی تورکییەوە بۆ زمانی عەرەبی: محەمەد جەمیل ڕۆژبەیانی- شکور مستەفا

وەرگێڕانی لە زمانی عەرەبییەوە: سەلاح نەقشبەندی

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

چاپ: یەکەم، چ: سەردەم، ش: سلێمانی، ژ.س: ٢٧١، س: ٢٠٠١، ل:١١٣، پ:١٤×٢٠

ناوەرۆک: پێشەکی: وەرگێڕ/ وشەیەک: شکور مستەفا عەبدوڵڵا/ پێشەکی: نووسەر/ دەستنووسەکە: عیسمەت پاراماقز ئۆغڵ/ دەستکردن بە بناغەی مەبەست/ ڕوونکردنەوەی چۆنێتیی دەست بەسەراگرتنی شارەزور و کردنەوەی/ پەراوێزەکان.

٩- وڵاتەکەت باشتر بناسە

نووسین: مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی

لە بڵاوکراوەی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

چاپ: یەکەم، چ: و- پەروەردە، ش: هەولێر، ژ.س: ٤٣٨، س: ٢٠٠٤، ل:٧١٨، پ:١٦×٢٣

ناوەرۆک: ئەم کتێبە بریتییە لە ٢٤٩ وتار، ئەمە لە ساڵانی شێست و حەفتاکاندا لە ڕادیۆی تارانەوە بەشی کوردی پەخش کراوە/ پێشەکی: شێرزاد محەمەد ئەمین ئەحمەد ڕۆژبەیانی/ وتارەکان باس لە مێژووی گەلی کورد دەکەن، وەک: ئاڵان/ ئەردەڵان/ ئەردەبیل/ ئەسەد ئاباد/ ئالیشتەر/ ئیزە/ ئیلام/ ئیوان/ بابان/ بانە/ بەختیاری/ برادۆست/ بروجورد/ بەهار/ بۆکان/ بێتوش/ بێجار/ بێساران/ بێستوون/ بیلو/ بیوبانی/ پاتاق/ پاڵنگان/ پاوە/ پایگلان/ پشتکوە و پێشکوە/ پشتکۆ / تورجان/ توی سەرکان/ تیلەکۆ/ جاوان/ جەوان ڕۆ/ جورقان/ چاڵدێران/ چهار مەحاڵی بەختیاری/ چنگنی/ چنگۆڵە/ چقڵ وەندی/ حەلەوان/ قەڵای حەسەن ئاوا/ خورەم ئاوا/ خۆی/ دەرتەنگ/ دەرەیاس/ قەڵادی دمدم/ دینوەر/ دزفول/ دیواندەرە/ ڕام هورموز/ ڕەوان/ ڕەزائیە/ زاغ/ زاگرۆس/ زەڕین کەمەر/ زەنجانتان/ زیویە/ ژاوەڕرۆ/ ساوبلاغ/ ساراڵ/ سامن/ ساوە/ سپاهان/ سپاهان (ئەسفەهان)/ سەراب/ سەبیڵ/ سەردەشت/ سەقز/ سەگمەن ئاوا/ سەلدوس/ سلسیلە/ سوڵتانییە/ سوڵتان ئاباد/ سەڵماس/ سنە/ سونقور/ سۆمار/ سورەوەرد/ سیامەنسوور/ سیروان/ سەیمەرە/ شائاباد/ شاهپزر/ شاهین دژ/ شوانکارە/ شووش/ شنۆ/ شووشتەر/ شولستان/ شەراو/ شارەزوور/ شەهر کورد/ شیراز/ ساڵح ئاوا/ سەحنە/ سومای/ تاق بوستان/ تەرهان/ تارم/ تالش/ تالەقان/ تاق گەرا/ تاران/ ڕەی/ ساوە/ قەزوینە/ قەزوین/ قوم/ کاشان/ کەرەج/ گەرمەسار/ شەمران/ تەبەس/

گەبەرستان/ مازیار/ تەبەرگ/ توس/ تەرهان/ توغان/ فارس/ فارسینج/ فاراب/ فەیروز ئاباد/ فریدن/ فەلاوەرجان/ فەهلی/ فومەن/ فەراهانە/ فیردەوس/ فوشەنج/ قەرانەوەر/ قروە/ قەیدار/ قوبونلو/ قزڵباشە/ قەسری شیرین/ قوتورە/ قوڵقوڵ ڕود/ قوم/ قوچان/ قایین/ قشمە/ قیرو کارزین/ قەلعە دەرەسی/ قوهستان/ کازرون/ کامیاران/ کاشان/ کاشمەر/ کارون/ هەڵ هێن/ پێرست.

تێبینی: ساڵی ٢٠٠٤ ژمارەی سپاردنی وەرگرتووە و ساڵی ٢٠٠٥ چاپکراوە.

١٠- چەپکێ ڕەخنە لە کتێبی ئوستاد

نووسین: مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای هەواڵ بۆ ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەوانی

چاپ: یەکەم، چ: تیشک، ش: سلێمانی؟، ژ.س: ؟، س: ٢٠٠٥، ل:٤٣، پ:١٥×٢٠

ناوەرۆک: پێشەکی: شوان داودی (لێرەدا نووسراوە: «ئوستاد» کتێبێکی «د.عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ»ـە لە ساڵی ١٩٩٧ لە سلێمانی لە چاپخانەی سەفوەت لەسەر ئەرکی «مام جەلال» چاپکراوە. بۆ وەڵامی «ئوستاد»، نەمر مامۆستا مەلا جەمیل لە ١٩٩٨/١/١٩ لە بەغداوە، بابەتێکی بەناوی «چەپکێ ڕەخنە لە کتێبی ئوستاد»، ناردە سلێمانی و بەتایبەت بۆ گۆڤاری «ئێستا»، کە د.عیزەدین خاوەنی ئیمتیازی بوو، لەبەر دۆخی خۆی لە بەغدا نازناوی «هەڵگورد»ی خستبووە سەر بابەتەکە، بەداخەوە هەم ئەو بابەتە بەنرخە ڕووناکی نەبینی، هەم «ئوستاد» بە ناتەواوی مایەوە. لە ڕوانگەی خزمەتکردن بە مێژووی ئەدەبی کوردی و وەک وەفایەک بۆ گیانی بێگەردی مامۆستا مەلا جەمیل، لە دەزگای «هەواڵ» بڕیارماندا ئەو بابەتە بەنرخە بە چاپ بگەیەنین...)/ چەپکێ ڕەخنە لە کتێبی ئوستاد...

١١- کورد و ڕەگەزی ئاری- لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی- زمانەوانی- فۆلکلۆرییە

نووسین: مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی

ئامادەکردن: شێرزاد محەمەد ئەمین ڕۆژبەیانی

لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد– لقی کەرکووک

چاپ: یەکەم، چ: ئارابخا، ش: کەرکووک، ژ.س: ؟، س: ٢٠٠٥، ل:٨٥، پ:١٥×٢٠

ناوەرۆک: پێشەکی: شێرزاد محەمەد ئەمین ڕۆژبەیانی/ کورد و ڕەگەزی ئاری (چواردە وتار)/ شێوەکانی زمانی کوردی وە لێکۆڵینەوە دەربارەی ڕیشەی ناوەکانیان (سێ وتار)/ ئاهەنگ و گۆرانییەکانی کوردی.

١٢- وڵاتگیری ڕەشە خاکی عیراق (فتوح سواد العراق)

نووسین: ؟ گوایە (واقدی) نووسیویەتی

وەرگێڕان و پەراوێزکردن: مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی

لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری

چاپ: دووەم، چ: ڕۆشنبیری، ش:

هەولێر، ژ.س.: ٢٣١، س.: ٢٠٠٥، ل.:٨٨، پ.:١٥×٢١

ناوەرۆک: خوێندەواری بەڕێز: شاکر ڕۆژبەیانی/ سڵاو بۆ یادی خاوەنی ئەم کتێبە: د.مارف خەزنەدار/ هەمان ناوەرۆکی چاپەکانی پێشتری هەیە، بڕوانە کتێبی ژمارە یەکەم/ سوپاس و پێزانین.

تێبینی: بۆ نۆبەتی چاپ، نووسراوە «دووەم» و چاپی سێیەمە.

١٣- کەرکووک- ناوی- مێژووی کۆنی- دانیشتوانی- دەسەڵاتەکانی

نووسین: مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی

ئامادەکردن: شێرزاد محەمەد ئەمین ڕۆژبەیانی

لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی کەرکووک

چاپ: یەکەم، چ.: ئارابخا، ش.: کەرکووک، ژ.س.: ؟، س.: ٢٠٠٦، ل.:١٣٢، پ.:١٥×٢٠

ناوەرۆک: پێشەکی: شێرزاد محەمەد ئەمین ڕۆژبەیانی/ مێژووی کەرکووک/ کەرکووک- ناوی، مێژووی کۆنی، دانیشتوانی، دەسەڵاتی، کەرکووک لە سەردەمی پەیدابوونی عوسمانیدا/ کەرکووک لە دەورانی داگیرکاری ئینگلیز و لەوەودوا/ کورتە مێژووی بابان- شەڕ و نەبەرد و لەسەر کەرکووک/ مێژووی تورکمان و تورک لە کوردستانی خواروودا و سەرژمێرییان/ سەرچاوەکان/ پێرست.

دووەم: پێڕستی نووسینی مەلا جەمیل لە کتێبی کوردیدا ٢٠٠٠- ٢٠١٠

١- ناودارانی کورد لە «قاموس الأعلام»دا

نووسین: شەمسەددین سامی

وەرگێڕانی لە زمانی تورکی و ئامادەکردن: جەلیل محەمەد شەریف

پێداچوونەوە: جەمیل ڕۆژبەیانی

چاپ: یەکەم، چ.: عەبدولوەهاب، ش.: کەرکووک، ژ.س.: ٤٩١، س.: ٢٠٠٠، ل.:١٠٩، پ.:١٥×٢١

٢- یادگاری خانەقاه- یاداشت و شیعر

نووسین: شێخ ڕەئووف شێخ سەعید خانەقا

کۆکردنەوە و دارشتن: کەمال ڕەئووف محەمەد

ئامادەکردنی بۆ چاپ: بنەماڵەی شێخ مەلیکی شێخ ڕەئووفی خانەقا

لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیریی گەلاوێژ

چاپ: یەکەم، چ.: داناز، ش.: سلێمانی، ژ.س.: ٤١٤، س.: ٢٠٠٠؟، ل.:٢٠٤، پ.:١٥×٢٠

ناوەرۆک: لە بری پێشەکی: محەمەد جەمیل ڕۆژبەیانی/ شێخ ڕەئووفی خانەقا: محەمەد جەمیل ڕۆژبەیانی.

٣- مێژووی هۆزی جاف و ژیانی تیرەکانی

نووسین: مەحموود عەزیز حەسەن

لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی خاک

چاپ: یەکەم، چ.: خاک، ش.: سلێمانی،

ژ.س.: ٥٦٢، س.: ٢٠٠٤، ل.:٢٥٢، پ.:١٦×٢٢
ناوەرۆک: هەندێ تێبینی مامۆستا (جەمیل ڕۆژبەیانی).

٤- خولاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان لە زۆر قەدیمەوە تا ئیمڕۆ- سەرجەمی بەرهەمی محەممەد ئەمین زەکی بەگ- چوارەم بەرگ
نووسین: محەمەد ئەمین زەکی بەگ
ئامادەکردن: ڕەفیق ساڵح
لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین
چاپ.: دووەم، چ.: و- پەروەردە، ش.: هەولێر، ژ.س.: ٢٤٩، س.: ٢٠٠٦، ل.:٣٠+٢٩١+٣٠+٣٠٢، پ.:١٧×٢٣
ناوەرۆک: ڕاستکردنەوەی چەند هەڵەیەکی مێژوویی لەلایەن لێژنەی مێژووی کۆڕی زانیاریی عێراق- دەستەی کوردەوە: محەمەد مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی.

٥- چی لەبارەی «محەممەدئەمین زەکی بەگ»ەوە نووسراوە
ئامادەکردن: ڕەفیق ساڵح
لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین
چاپ.: یەکەم، چ.: شڤان، ش.: سلێمانی، ژ.س.: ١٩٩٠، س.: ٢٠٠٩، ل.:٤٥٠، پ.:١٧×٢٤
ناوەرۆک: جەمیل ڕۆژبەیانی: هەڵەی مێژوویی لە (تاريخ الدول والإمارات الكرديه) و (شەرەفنامە)دا/ م.جەمیل ڕۆژبەیانی: دودمانی ئاریانی و مێژووی کورد و کوردستانی ئەمین زەکی بەگ/ مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی: لە یادی مێژوونووسێکی مەزن و نەمری کورددا.
٦- بەدیع باباجان
ئامادەکردن: بەختیار سەعید
لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری- بەڕێوەبەرێتیی هونەریی شێوەکاریی سلێمانی
چاپ.: ؟، چ.: ؟، ش.: ؟، ژ.س.: ١٦٩٣، س.: ٢٠١٠، ل.:١٣٤، پ.:٢٠×٢١
ناوەرۆک: پێشەکی: جەمیل ڕۆژبەیانی.
تێبینی: ناوی چاپخانە و شوێن نادیارە، لەوەدەچێت لە وڵاتی ئێران چاپ کرابێت.

٧- ڕۆژنامەوانیی کوردی- گۆڤاری هیوا ١٩٥٧-١٩٦٣ بەرگی یەکەم
لێکۆڵینەوە و ئامادەکردن: د.هیمداد حسێن
لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
چاپ.: یەکەم، چ.: ئاراس، ش.: هەولێر، ژ.س.: ٧٥٣، س.: ٢٠١٠، ل.:٦٧٩، پ.:١٧×٢٣
ناوەرۆک: ژ٢ی س١ ١٩٥٧: دینەوەرەکان: جەمیل ڕۆژبەیانی (بۆ چەند ژمارەیەک درێژەی هەیە).

٨- ڕۆژنامەوانیی کوردی- گۆڤاری هیوا ١٩٥٧-١٩٦٣ بەرگی دووەم
لێکۆڵینەوە و ئامادەکردن: د.هیمداد حسێن
لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
چاپ.: یەکەم، چ.: ئاراس، ش.: هەولێر، ژ.س.: ٧٥٤، س.: ٢٠١٠، ل.:٧١٧، پ.:١٧×٢٣
ناوەرۆک: ژ١٠ی س١ ١٩٥٨: چۆن زمانەکەمان بنووسین: جەمیل ڕۆژبەیانی.

٩- کۆواری دەنگی گێتیی تازە خولی دووەم بەرگی یەکەم (ژمارە ١- ٢٠) ١٢ی تشرینی دووەمی ١٩٤٥- ١٨ی مارتی ١٩٤٦

ئامادەکردن: سدیق ساڵح، ڕەفیق ساڵح، عەبدوڵلا زەنگەنە
پڕۆژەی هاوبەشی بنکەی ژین و دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
چاپ: یەکەم، چ: ئاراس، ش: هەولێر، ژ.س: ٨٤٤، س: ٢٠١٠، ل:٥٦٦، پ:١٧×٢٤
ناوەرۆک: ناوەرۆکی ژ٨: بویژەکانی دەلۆ: ج.ب.ڕۆژبەیانی- مەنارە (بۆ چەند ژمارەیەک دریژەی هەیە)/ ناوەرۆکی ژ١١: بویژەکانی داوودە: ج.ب.ڕۆژبەیانی- مەنارە (بۆ چەند ژمارەیەک دریژەی هەیە).

١٠- شێخ ڕەزای تاڵەبانی بە پێنووسی چەند بنووسێک
نووسین: شێخ محەممەدی خاڵ، مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی- د.نووری تاڵەبانی - محەمەد عەلی قەرەداغی-
کۆکردنەوە و ڕێکخستن: بەدران ئەحمەد حەبیب
لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
چاپ: یەکەم، چ: ئاراس، ش: هەولێر، ژ.س: ٥٩٧، س: ٢٠١٠، ل:٢٥١، پ:١٣×١٩
ناوەرۆک: چاوخشاندنێ بە چاپی تازەی دیوانی شێخ ڕەزا: محەمەد جەمیل ڕۆژبەیانی.

١١- کۆواری دەنگی گێتیی تازە خولی دووەم بەرگی دووەم (**ژمارە ٢١- ٣٦**) **٢٥ی مارتی ١٩٤٦- ٢٨ی تشرینی یەکەمی ١٩٤٦**
ئامادەکردن: سدیق ساڵح، ڕەفیق ساڵح، عەبدوڵلا زەنگەنە
پڕۆژەی هاوبەشی بنکەی ژین و دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
چاپ: یەکەم، چ: ئاراس، ش: هەولێر، ژ.س: ٨٤٥، س: ٢٠١٠، ل:٥٧١-٩٢٦+٣٤، پ:١٧×٢٤
ناوەرۆک: ناوەرۆکی ژ٢١: بویژەکانی قەرە حەسەن: ج.ب.ڕۆژبەیانی (بۆ چەند ژمارەیەک دریژەی هەیە)/ ناوەرۆکی ژ٣١: شەرەفنامە بە کورتی: ج.ب.ڕۆژبەیانی.

١٢- گۆڤاری ڕۆژی نوێ- ساڵی یەکەم (**ژمارە ١-٦**) (**نیسان- ئەیلوولی ١٩٦٠**)
ئامادەکردن: سدیق ساڵح- ڕەفیق ساڵح
لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین
چاپ: یەکەم، چ: شڤان، ش: سلێمانی، ژ.س: ١٩٠٥، س: ٢٠١٠، ل:٢٠+٦٨٦، پ:١٦×٢٣
ناوەرۆک: ژمارە٣ ساڵی ١: وەڵام دەربارەی یەکێتیی نووسەرانی کورد...: جەمیل بەندی ڕۆژبەیانی.

١٣- گۆڤاری هەتاو ١٩٥٤- ١٩٦٠ بەرگی سێیەم- بەشی یەکەم (**ژمارە ٦٢- ٧٩**)
ئامادەکردن: سدیق ساڵح، ڕەفیق ساڵح، عەبدوڵلا زەنگەنە
پێشەکی و لێکۆڵینەوە: د.کوردستان موکریانی
پڕۆژەی هاوبەشی بنکەی ژین و دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی
چاپ: یەکەم، چ: باز، ش: هەولێر، ژ.س: ٥٧٧، س: ٢٠١٠، ل:١٥٢٩- ٢٠٢٤، پ:١٧×٢٣
ناوەرۆک: ژ٦٣: چاوبڕینە کوڕ- هەتیوبازی: جەمیل بەندی ڕۆژبەیانی/ ژ٦٨: گەشتێک لە کوردستانا: جەمیل بەندی ڕۆژبەیانی.

سێیەم: پێڕستی مەلا جەمیل لە کتێبی کوردیدا ١٩٨٨- ٢٠١٠

١- کەشکۆڵی گیو- بەرگی دووەم
کۆکردنەوە: گیو موکریانی
پێداچوونەوە و ئامادەکردن: د. کوردستان گیوی موکریانی
چاپ: یەکەم، چ: ڕۆشنبیری و لاوان، ش: هەولێر، ژ.س: ١٤٧٦، س: ١٩٨٨، ل:١٩٢، پ:١٥×٢٢
ناوەرۆک: بەندی ڕۆژبەیانی.

٢- جنێوبژێرێک لە چێشتی مجێوری هەژار موکریانی دا
نووسین: باوکی سیناهی
چاپ: یەکەم، چ: ژیار، ش: سلێمانی، ژ.س: ٣٥٠، س: ١٩٩٩، ل:٥٣، پ:١٥×٢٠
ناوەرۆک: مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی.

٣- ژیاننامەی مێژوونووسانی کورد- بەرگی یەکەم
نووسین: عوسمان سەید قادر
لەسەر ئەرکی ڕێکخراوی (Helpage International) چاپکراوە
چاپ: یەکەم، چ: بەدرخان، ش: سلێمانی، ژ.س: ٨٨، س: ٢٠٠١، ل:٢٧٦، پ:١٦×٢٢
ناوەرۆک: جەمیل ڕۆژبەیانی.

٤- ناودارانی کورد
نووسین: میر بەسری
و. عەرەبییەوە: عەبدولخالق عەلائەددین
بڵاوکراوەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
چاپ: دووەم، چ: سەردەم، ش: سلێمانی، ژ.س: ٥٩، س: ٢٠٠٢، ل:٢٥٢، پ:١٦×٢٤
ناوەرۆک: مێژوونووسان: مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی.

٥- وشە ڕەنگاڵەییەکان- کۆمەڵە وتار
نووسین: ڕەئووف محەمەد ئالانی
لە بڵاوکراوەکانی ڕۆژنامەی نێوەند
چاپ: یەکەم، چ: گەنج، ش: ؟، ژ.س: ٣٣٤، س: ٢٠٠٥، ل:١٤٠، پ:١٥×٢٠
ناوەرۆک: مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی خاوەن قەڵەم و هەڵوێست.

٦- دیداری ڕۆشنبیری- بەرگی یەکەم
ئامادەکردن: ئازاد هیدایەت دەلۆ
چاپ: یەکەم، چ: ؟، ش: یەکەم، ژ.س: ١٧٥، س: ٢٠٠٥، ل:٣٧٦، پ:١٥×٢٠
ناوەرۆک: کۆمەڵێک دیدار و چاوپێکەوتنی ڕادیۆی کوردیی بەغدا، کە لە ساڵی ١٩٩٧ـەوە لە بەرنامەی (دیداری ڕۆشنبیری) پێشکەش کراون: م.جەمیل ڕۆژبەیانی.

٧- گۆڤاری هەتاو ١٩٥٤- ١٩٦٠ بەرگی دووەم- بەشی یەکەم (**ژمارە ٣١- ٤٧**)
ئامادەکردن: سدیق ساڵح، ڕەفیق ساڵح، عەبدوڵڵا زەنگەنە
پێشەکی و لێکۆڵینەوە: د.کوردستان موکریانی
پرۆژەی هاوبەشی بنکەی ژین و دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی
چاپ: یەکەم، چ: باز، ش: هەولێر، ژ.س: ٥٧٧، س: ٢٠١٠، ل:٧٣٥- ١١٤٦، پ:١٧×٢٣
ناوەرۆک: ژ٤٤: وەڵام بۆ مامۆستا مەلا جەمیل بەندیی ڕۆژبەیانی.